حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

زمان و ئەدەبی کوردی

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

زمان و ئەدەبی کوردی

بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی

دانانی
لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

بژارکردن و پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی

شێرکۆ احمد حوێز　　محمد احمد محمد　　محسن احمد کریم
فیصل مصطفی حاجی　　المان احمد سلیم　　وارتکیس موسیس
سگڤان جمیل محمد

چاپی سێیەم　　٢٧٠٩کوردی　　٢٠٠٩ز

چاپخانەی ئەگاسیا - هەولێر

پێشدەستی

لێژنەکەمان، کە بە فەرمانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، بەردەوامە لە بژارکردن و پێداچوونەوەو دووبارە داڕشتنەوەی پەرتوکەکانی زمان و ئەدەبی کوردی، هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی.

قورسایی کارەکەمان لەم پەرتووکەش دا خستە سەر هەردووبەشی ڕێزمان وئەدەب و ئەوەی بەپەسند زانرا بۆڕێکخستنەوەی پەرتووکەکە کرا، دیارە لەم پەرتووکەش دا ئەو ڕێبازەمان گرتەبەر کەلەمەو بەریش لەسەری دەڕۆیشتین، ئەویش هێنانەوەی نموونەیە لە هەردوو زاری سەرەکی زمانی کوردی (کرمانجی ژووری و ژێری)، هەروەها زارەکانی تری کوردیشمان لەیاد نەکردووە.

پەرتووکی پۆلی چوارەمی ئامادەیی کراوە بەچەند تەوەرەیێك، یەکەمیان ڕێزمانە، کەبابەتەکان بەنموونەی تێکەڵ خراونەتە ڕوو، دەستووریان بۆ نووسراوەو ڕاهێنانیشیان بۆدانراوە، بۆیێ تکا لەسەر جەم مامۆستایانی بەڕێز دەکەین کە بە بایەخ و گرنکییەکی تەواو بابەتەکان بخوێنن و بەقوتابیانی بڵێن.

تەوەرەی دووەمی پەرتووکەکە، بەشی ئەدەبە، کەباسی ڕێبازی کلاسیزمە لەئەدەبیاتی کوردی، بەهەموو زارە سەرەکییەکانی، نموونەی زۆرمان هێناوەتەوە، هەرنموونەیەکیش ئەوبەشەی دەست نیشان کردووە کەبۆلەبەر کردنە، تکایە مامۆستایانی بەڕێز پابەند بن پێی. بەشی نموونەی ئەدەبیش، کەلەباسی چەند شاعیرێك پێکهاتووە، لەئەویش دا، هەوڵ دراوە هەموو لایەنێکی ژیان وبەرهەمی شاعیران ڕوون بکەینەوە، لەمیشدا دیسان دەست نیشانی ئەو بڕەکراوە کەبۆلەبەر کردن تەرخان کراوە، تکایە پابەندی بن.

دوا تەوەرەش، بەشی خوێندنەوەیە، کەپێویستە ئەم بەشەش گرنگی پێ بدرێت ونەخرێتە پشت گوێ و مامۆستایانی بەڕێز تادەتوانن بایەخی پێ بدەن.

دوا جاریش، داوا لەمامۆستایانی بەڕێز و بەئەمەکی زمان و ئەدەبی کوردی دەکەین کەبەهۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکانیانەوە ئاگادارمان بکەنەوە لەهەر کەم وکورتیو ناتەواوێك کەلەکاتی گوتنەوەدا هەستی پێدەکەن بۆئەوەی لەچاپەکانی داهاتوودا چاك بکرێنەوە، دیارە هیچ بەرهەمێکیش بێ کەم و کورتی نابێ.

خوای گەورەش پشت و پەنای هەمووان بێ
لیژنەی بژارکردن و پێداچوونەوەو
داڕشتنەوە

ڕوونکردنەوە

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی وەزاری ژمارە ١٤٥٧ لە ٨ / ٢ / ٢٠٠٧ لێژنەیەکی پێکهێنا بۆ یەکخستنەوەی پەرتووکەکانی زمان و ئەدەبی کوردی هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە سەرتاسەری قوتابخانە و خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان. لێژنەکە دەست بەکار بوو، هەردوو پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی (ئیدارەی جارانی هەولێر و سلێمانی) کردە بنەمای ئەم یەکخستنە، بە لەبەرچاوگرتنی بە پێزیی و بەهێزیی بابەتەکانی ناو ئەم دوو پەرتووکە و لەئەنجامدا ئەم پەرتووکەی لێ کەوتەوە، کە بەشی هەرە زۆری هەردوو بەشی ڕێزمان و ئەدەبەکەی لەلایەن لێژنەیەکی پێشووتری داڕشتنەوە و بژارکردنی ئەم دوو بەشە ئامادەکرابوو، لەبەرئەوە وا بە پەسند زانرا کە مافی ئەوانیشی بەسەرەوە بێت، هەروەرها ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو بابەتە گۆڕاوانەش کراوە کە هاتوونەتە ناو پەرتووکەکەوە، بۆیە داوا لە مامۆستایانی خۆشەویستی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی دەکەین کە دڵسۆزانە پابەندی ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە بن و هەر کەم و کورپییەکی هەبێت بەهۆی پەروەردەکانی خۆیانەوە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان بکەن لە وەزارەتی پەروەردە.

هیوادارین خوای گەورە هەموو لایەك سەربخات.

لێژنە

١٥ / ٤ / ٢٠٠٧

بابەتەکانی بەشی ڕێزمان

١- ئامرازی بانگکردن

٢- ئامرازی لێکدەر

٣- جێناوی لێکدەری (کە، کو)

٤- ڕستەی ئاوێتە

٦- دروست کردنی ناوی واتایی

٨- هاوەڵناوی ژمارەیی. هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی

٧- هاوەڵناوی ژمارەیی. هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن

٨- هاوەڵناوی ژمارەیی. هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی

٩- هاوەڵناوی نادیار

١٠- جێناوی نادیار

١١- ئەرکی جێناوی نادیار لە ڕستەدا

١٢- کاری داڕژاو

١٣- کاری لێکدراو

١٤- کاری تێنەپەڕ وکاری تێپەڕ

١٥- گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ

١٦- هاوڵکاری چۆنیەتی

١٧- کاری یاریدەدەر

١٨- خاڵبەندی

(ئامرازی بانگکردن)

١- ئەی شەهیدان، نامریٚ ناو و نیشانتان

٢- باپیرە، دەستێك جلی کوردیم کڕی.

٣- خوشکینە، فێری زانست بن.

٤- هۆ برای کوردم، بەیەکگرتن سەردەکەوین.

٥- ئادەی هەڤالانی پێشمەرگە، هێرش ببەن.

خستنەڕوو:

ئەگەر تەماشای ڕستەکانی لای سەرەوە بکەین دەبینین:

١- لە ڕستەی یەکەمدا

ئـ- بێژەی (ئەی) پەیڤێکە دوێنراوی پیٚ وریا کراوەتەوە کە (شەهیدان) ە لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت (ئامرازی بانگکردن).

ب- وشەی (شەهیدان) بانگکراوە، چونکە ئەو ناوەیە کە وریا کراوەتەوە.

٢- لە ڕستەی دووەمدا

ئـ- بێژەی (ە) دوێنراوی پیٚ وریا کراوەتەوە کە ناوی (باپیر)ە، لەبەرئەوە پێی دەگوترێت (ئامرازی بانگکردن).

ب- وشەی (باپیر) بانگکراوە، چونکە ئەو ناوەیە کە وریا کراوەتەوە.

٣- لە ڕستەی سێیەم دا، (خوشکینە، فێری زانست بن) کە بە واتای (ئەی خوشکان، فێری زانست بن) ە:-

ئـ- بێـژەی (ە) دوێنـراوی پـێ ورپاکراوەتـەوە، لەبەرئـەوە پێـی دەگوترێـت ئامرازی بانگکردن وشەی (خوشکین - خوشکان [1] بانگکراوە، چونکە ئەو ناوەیە کە وریا کراوەتەوە.

٤- لە ڕستەی چوارەمدا بێژەی (هۆ) وشەیەکە دوێنراوی پێ وریا کراوەتـەوە کە (برای کورد)ە لەبەرئەوە پێی دەگوترێت ئامرازی بانگکردن.

٥- لە ڕستەی پێنجەمدا

ئـ- بێـژەی (ئـادەی) پەیڤێکـە دوێنـراوی پـێ ورپاکراوەتـەوە کـە (هـەڤالانی پێشمەرگە)یە، لەبەرئەوە پێی دەگوترێت ئامرازی بانگکردن.

ب- گرێـی (هـەڤالانی پێـشمەرگە) بـانگکراوە، چـونکە ئـەو ناوەیـە کـە وریـا کراوەتەوە.

٦- ئەگەر جارێکیدیکە سەیری ڕستەکانی سەرەوە بکەین و بەوردی سەرنجی ناوە بانگکراوەکان بدەین، دەبینین کە دەشێن ناوی بانگکراو: -

ئـ- تـەنها پـەیڤێك بێـت وەك لـە ڕسـتەی (یەکـەم و دووەم و سـێیەم)دا دەبینرێت.

ب- یان گرێیەك بێت وەك لە ڕستەی (چوارەم و پێنجەم) دا دەبینرێت.

دەستوور:

١- ئـامرازی بـانگکردن:- ئـەو ئامرازەیـە کـە بـۆ بـانگکردن و وریاکردنەوەی کەسی دوێنراو بەکاردەهێنرێت.

٢- گرنگترین ئامرازی بانگکردن ئەمانەی خوارەوەن:

(ئەی ، هۆ، هەی، یێ، ە، ئادەی، ئا، ئۆ، هێ، ئەرێ)[1]

---

[1] ناوێکی کۆ کە بەهۆی ئامرازی (ە) ی بانگکردنەوە وریا دەکرێتەوە، نیشانەی کۆی (ان) دەبێتە (ین).

ڕاهێنان (١)

ئامرازی بانگکردن لەم ڕستانەی خوارەوە دەربهێنە.

١- ئەژدەهاك: ئەی دێوی لە (بیر) زراوچوو

ئەی ناشتای مارانت بەمێشك کردووە

٢- هەی سوار سواری، هەر تفەنگچی، دەست باتە تفەنگ

هەی ژنی جوان، ئارایشتی خۆی کا، بۆ ئاهەنگ

٣- نەسرین، ئەی ئەستێرەی بەیان،

ئەی جوان، ئەی شادەستەی جوانان

٤- هۆ مام بایز، وەرە بۆ ئێرە.

ڕاهێنان (٢)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەم ئامرازانەی بانگکردن پڕبکەوە:-

(ئا ، ئادەی, ئەی، ئەها، ێ، ە)

١- .... مانگ، من و تۆ هەردوو هاودەردین.

٢- .... با بچین بۆ سەیری یارییەکە.

٣- پوور ....، نانەکەت بخۆ.

٤- .... کەپرەکە ڕووخا.

٥- کوڕ .... بەسەر شۆستەکەدا بڕۆ.

---

[1] لە کرمانجی ژووروودا ئەم ئامرازانە بۆ بانگکردن بەکاردێن جگە لەو ئامرازە هاوبەشانەی سەرەوە:

ئۆ: بۆ نێر و مێ وەکو: ئۆ ئازاد ، بابێ تە هات.

ێ، هێ: هەردووکی بۆ مێ بەکاردێت وەکو – کچێ فێری زانست ببە.

ئۆ، هۆ: هەردووکی بۆ نێر بەکاردێت وەکو – هۆ شڤان پەزێ خۆ باش بچەرینە.

ڕاهێنان (٣)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا بانگکراوەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان دیاری بکە:

١- ئەی نەوجەوانانی وەتەن، سا پێشکەون ئازا بڕۆن.

٢- خەڵکە من بۆ خوا، وا پێتان ئەڵێم

ئەمە وەسیەتە، وا من لەسەر ڕێم

٣- ئادەی ئاری ئەو گۆڤارەم بۆ بهێنە.

٤- خوشکێ ژ ئاخافتنا دایکا خۆ، دەرنەکەڤە.

٥- ئا کوڕی باش، ئەو پیاوەم بۆ بانگ بکە.

(ئامرازی لێکدەر)

١- ئاشتی و دۆستایەتی، ئامانج و هیوای گەلانە.

٢- نە لە شار و نە لە دێ   نەمدی کەس وەك تۆ جوان بێ

٣- چەن بە ئاهەنگ، چەن سیحراوی!

ئەگەڕێ قاز یان مراوی

یان کۆتری حەوشی مزگەوت!

چەن خنجیلانەی لێ دێ ڕەوت!

٤- بەعسیە فاشستەکان، شار و شارۆچکە و گوند و مزگەوت و خوێندنگە و نەخۆشخانەکانی کوردستانیان کاولکرد.

٥- ئامانج نەهات بۆ کۆڕەکە، چونکە نەخۆشبوو.

خستنەروو:

زۆر جار لە ئاخافتن و نووسیندا، لەبەر ڕەوانبێژی، یان لەبەر ئاسانی، یان بۆئەوەی ڕستە دووبارە نەکرێتەوە، دوو وشە یان دوو گرێ، یان دوو ڕستە، بەهۆی ئامرازێکەوە دەدەینە دەم یەك، بەو ئامرازانەی کە ئەم ئەرکە دەبینن دەڵێین: (ئامرازی لێکدەر).

لە ڕستەی یەکەمدا، لەجیاتی ئەوەی بە چەند ڕستەیەکی جیاواز بڵێین:

ئاشتی و دۆستایەتی هیوای گەلانە.

دۆستایەتی، هیوای گەلانە.

ئاشتی، ئامانج و هیوای گەلانە.

له لایەکەوە، وشەی (ئاشتی) و (دۆستایەتی)، لە لایەکی دیکەوە، وشەی (ئامانج) و (هیوا)مان، بەیاریدەی ئامرازی لێکدەرەوە کە بریتییە لە (و) داوەتە دەم یەك.

له هۆنراەکانی (گۆران) دا، لە لایەکەوە گرێی (نە لە شار)، لەگەڵ گرێی (نە لە دێ) دا، بەهۆی ئامرازی لێکدەری (و)ەوە دراونەتە دەم یەك، لە لایەکی دیکەوە، وشەی (قاز) و (مراوی) بەهۆی ئامرازی لێکدەری (یان)ەوە دراونەتە دەم یەك و لە لایەکی دیکەشەوە دێرە هۆنراوەی (یا کۆتری حەوش و مزگەوت ..... هتد) کە ڕستەیەکی وتاداری سەربەخۆیە، بەهۆی ئامرازی لێکدەری (یا)وە دراونەتە دەم دێرە هۆنراوەکانی پێشووی.

ئەرکی ئەو وشە، یان ئەو گرێیانەی کە بەم شێوەیە دەدرێنە دەم وشە یان گرێکانی پێشوویان، پێکەوە ئەرکێکیان هەیە، یان وەکو ئەرکی وشە یان گرێکانی پێشوویانن بۆنموونە:

لە ڕستەی یەکەمدا (ئاشتی و دۆستایەتی) گرێیەکی ناوییە و نیهادی ڕستەکەن.

لە ڕستەی دووەمدا (نە لە شار) و (نە لە دێ) هەردووکیان گرێی هاوڵکارین و هەردووکیان تەواوکەری کارن.

لە ڕستەی سێیەمدا دەستەواژەی (قاز یان مراوی) گرێیەکی ناویە و بکەری ڕستەکەیە.

لە ڕستەکەیە چوارەمدا دەستەواژەی (شار و شارۆچکە و گوند و مزگەوت و خوێندنگە و نەخۆشخانە) گرێیەکی ناویە و بەرکارە.

ڕستەی پێنجەم لە دوو ڕستەی سادە پێکهاتووە و بەهۆی ئامرازی لێکدەری (چونکە) دراونەتە دەم یەك.

دەستوور:

ئامرازی لێکدەرئەو بێژەیەیە کە دوو وشە یان گرێ یان دوو ڕستە، بەیەکەوە دەبەستێت، هەریەکەیان بۆ گەلێك مەبەستی جیاواز بەکاردێن.

ئامرازی لێکدەر لە زمانی کوردیدا زۆرن، لەوانە:-

(کە، و ، تا، یان، بەڵام، یاخود، کەچی، جگە، بێجگە، لەگەڵ، نەك ، نەوەك، مەگەر، لەدواییدا، لەپاشدا، ....هتد).

ڕاهێنان (١)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ئامرازی لێکدەری گونجاو پڕبکەوە.

١- خوشك .... براکە، مەڕەکانیان لە داوێنی چیاکەدا دەلەوەڕاند.

٢- سەهۆڵ .... گەرم بکرێت، جارێکی دیکە دەبێتە بە ئاو.

٣- من لێرە، ناجووڵێم .... ئەوان نەیێنەوە.

٤- ئەوان لە ئیشەکەی خۆیان بوونەوە .... ئێوە هێشتا هەر لە ماڵەوەن.

٥- سێوەکەم بۆ هەڵبگرە .... هەنارەکە.

٦- .... منداڵەکە دەگریا دایکی شیری بۆ ئامادە دەکرد.

٧- بڕۆن .... ئێوارێ، زوو بێنەوە.

ڕاهێنان (٢)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئامرازی لێکدەر دەربهێنە.

١- پیرەمێرد دەڵێت:

لە دەربەندیخان هەتا کەلیخان

ئەو ناوە یەکسەر شێواوە و وێران

شیوو هەردو بەر تا لووتکەی بەرزان

پڕ لە وەیشوومە، بە گەڵا ڕێزان

٢- ئەگەر لە زستاندا بەفر و باران نەبارێت بەنداوەکان ئاویان کەم دەبێت.

٣- کارزان لەگەڵ هاوڕێکانیدا زۆر کۆشش دەکات، چونکە دەترسێت، کە لە تاقیکردنەوەکاندا دەرنەچێت.

٤- بێکەس دەڵێت:

ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانـــــە

عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فرمانـــــە

فەرقی نێر و مێ نییە بیــــــزانە

هەستە، تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمـە

ڕاهێنان (٣)

بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە سێ گرێ دروست بکە لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە، بەمەرجێك ببنە:-

١- بکەر ٢- بەرکار ٣- تەواوکەری بەیاریدەی کار

ڕاهێنان (٤)

لەم ڕستانەی خوارەوە ئامرازی پەیوەندی، لێکدەر، بانگکردن جیابکەوە:

١- کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە.

٢- کوردینە، یەکبگرن.

٣- ئاسۆو نەبەز، لەدوای ئێمەوە گەیشتنە هەولێر.

٤- ئەی خوێندکاری ژیر، لە وانەکانتدا کۆشش بکە.

٥- حەمدی دەڵێت:

کە ڕۆیشتی بەجارێ دڵ و جەرگ و هەناوم کەوت

کەچوویتە (تانە) تانە سەر گلێنەی هەردوو چاوم کەوت

ئەڵێن هاتوویتە (کوێت) بڵێ قوربانی کوێتی کەم

کە نۆبەت بەر سەری نەحسی شکاوی بێ کڵاوم کەوت

ڕاهێنان (٥)

ئەم ڕستانە شی بکەوە:

١- تا ئارەق نەڕێژیت، شیرینی ناچێژیت.

٢- بە پەلە هاتم، کەچی ئاری ڕۆیشتبوو.

(جێناوی لێکدەری (کە ، کو))

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١- ئەم شارە کەشەقامی زۆرە، جوانە.

٢- کوردایەتی کەئەڤینێکی گەورەو بەهێزە، مانای بەرگرییە لەخاك ونەتەوەی کورد.

٣- ڕەواندز کەپایتەختی میرنشینی سۆران بوو، شارێکی خۆش ودڵگیرە.

٤- ئەو مامۆستایەی کەپێشمەرگەبوو، شەهیدکرا.

٥- ئەو خورتێن کوژبۆ میللەتی دخەبتن، سەرفرازن.

٦- ئەو کچا کو دچیتە دهۆکێ، دۆستا وەیە.

٧- ئەڤـ کتێبا کو لسەر مێزێیە، یامنە.

خستنە ڕوو:

ڕستەکانی سەرەوە، هەر یەکەیان لە دوو ڕستەی سادە یا زیاتر پێکهاتوون، بەلاّم ڕستەکان لێکدراون و بوونەتە یەك ڕستە، ئەو لێکدانەش بە یارمەتی پەیڤێك بوو کە پێی دەڵێن جێناوی لێکدەر . جێناوی لێکدەریش یان(کە) یان(کو) بۆیەش پێی دەگوترێت جێناوی لێکدەر، چونکە لە هەر ڕستەیەك لەم ڕستانە لەجیاتی ناوی کەسێك یان شتێك بەکارهاتووە کە لە پێشدا گوترابێت، دوو ڕستەش پێکەوە گرێدەدات بەزۆریش دەکەوێتە دوای ئەو ناوەی کە لە ڕستەی دووەم دا جێی دەگرێتەوە، لە ڕستەکەشد جێناوی لێکدەر هیچ ئەرکێکی تر نابینێت.

١- له ڕستەی یەکەم دا، کە ڕستەیەکی ئاوێتەیە و پێشتر دوو ڕستە بووە کە هەر یەکەیان ڕستەیەکی سادە بووە :

ئـ - ئەم شارە جوانە.

ب - ئەم شارە شەقامی زۆرە.

کە هەر یەك لەم ڕستە سادانە، لە نیهادو کارێکی ناتەواوو تەواوکەر پێکهاتووە، بەڵام کە دراونەتە پاڵ یەك بۆئەوەی ڕستەیەکی ئاوێتەیان لێ پێك بهێنین، ئەوا هاتوین لە جیاتی پەیڤەکانی"ئەم شارە"، کە ناوێکی گشتی دەست نیشان کراوە بە یارمەتی هاوەڵناوی نیشانەی (ئەم-ە)، بەڵام چونکە دوو ڕستەکەشی لە یەکتر داوە ئەوا ناومان لێناوە "جێناوی لێکدەر".

٢- لە ڕستەی دووەمیش دا، کە پێشتر لە دوو ڕستەی سادە پێکهاتبوو :

ئـ- کوردایەتی مانای بەرگری یە لە خاك و نەتەوەی کورد.

ب- کوردایەتی ئەڤینێکی گەورەو بەهێزە.

هەریەك لەم ڕستانەش لە نیهادو کارێکی ناتەواوو تەواوکەر پێکهاتووە. بەڵام ئێمە هاتووین لە جیاتی دووبارە کردنەوەی پەیڤی "کوردایەتی" کە ناوێکی واتاییە پەیڤی"کە" مان بەکارهێناوە، کە جێناوی لێکدەرە، چونکە دوو ڕستە سادەکەی لێکداوە.

٣- هەر بەم جۆرە، لە ڕستەی سێیەمیش دا کەلە دوو ڕستەی سادەی

ئـ- ڕەواندز پایتەختی میرنشینی سۆران بوو.

ب- ڕەواندز شارێکی خۆش و دڵگیرە "ڕەواندز" مان لابردووە لە جیاتی ئەو پەیڤە "کە" مان بەکارهێناوە کە جێناوی لێکدەرە.

٤- ڕستەی چوارەمیش هەر بەو جۆرە.

٥- له ڕستەی پێنجەمیش دا، کە ڕستەیەکی ئاوێتەیەو پێشتر لە دوو ڕستەی ساد پیکهاتووە:

١- ئەو خورت سەرفرازن

٢- ئەو خورت ژبۆ میللەتی دخەبتن.

هەردوو ڕستەکە دراونەتە پاڵ یەك بۆئەوەی ڕستەیەکی ئاوێتەیان لێ پێك بێت، لەجیاتی وشەی(ئەو خورتێن)ی رستەی دووەم، کەناوێکی دەست نیشانکراوە، پەیڤی"کو"مان بەکار هێنایەو جێی گرتووەتەوە،هەروەسا دووڕستەکەشی لێکداوە. ژبەر هەندێ دبێژینێ"جێناوی لێکدەر".

٦- لەرستەی شەشەم دا، کەرستەیەکی ئاوێتەیەو پێشتر لەم دووڕستە سادەیە پێکهاتبوو

١- ئەو کچ دۆستا وەیە.

٢- ئەو کچ دچیتە دهۆکێ.

لەجیاتی پەیڤی(ئەو کچ) لەڕستەی دووەم دا،وشەی (کو) بەکار هاتووەو جێی گرتووەتەوە ودوو رستەکەشی لێکداوە،ژبەر هندێ دبێژینێ (جێناوی لێکدەر).

٧- ڕستەی حەفتەمیش، کەرستەیەکی ئاوێتەیە لەدووڕستەی سادە پێك دێت.

١- ئەڤ کتێب یامنە.

٢- ئەڤ کتێب ل سەر مێزێ یە.

لەجیاتی پەیڤی "ئەڤ کتێب" لەرستەی دووەم دا، وشەی "کو" بەکارهاتووەو جێی گرتووتەوە، هەروەها دوو رستەکەی لێکدایە، بۆیێ پێی دەگوترێت جێناوی لێکدەر.

دەستوور:

١- جێناوی لێکدەر ئەو پەیڤەیە کە لە جیاتی ناوی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت کە پێشتر گوترابێت، هەروەها دوو ڕستەش پێکەوە گرێ دەدات و لە ڕستەیەکدا ڕێکیان دەخات.

٢- جێناوە لێکدەرەکان ئەمانەن : کە، کو

٣- بە زۆری جێناوی لێکدەر دەکەوێتە دوای ئەو ناوەوە کە لە ڕستەی دووەم جێی دەگرێتەوە:

ڕاهێنان (١)

ئەو ڕستانە دیاری بکە کە جێناوە لێکدەرەکان پێکەوەی بەستوون:

١- ئەو کەسەی کە منداڵی خۆی باش پەروەردە دەکات نیشتمان پەروەرە.

٢- ئەو ڕەزێ کو تە کێلای، یێ بابێ منە.

٣- مامۆستایان کە ڕەنجی فێرکردن پێشکەش بە هاونیشتمانیان دەکەن پێشەوای گەلن.

١- ئەڤ پارێ کو تو بەلاڤ دکەی، سامانێ میللەتیە.

٢- ئەو مامۆستایێ کو وەدیتی، پسپۆڕێ ئەندازێیە.

٣- کوردستانی عیراق کە بە خوێنی شەهیدان ئازاد کرا، پێشکەوتووە.

ڕاهێنان(٢)

ڤان ڕستان شلۆڤە بکە :

١- ئەو خوێندکارێ کو مە دوهی دیتی، خارزایێ تەیە.

٢- ئەو گەلەی کە بە ئازادی بژیت، سەرفرازە.

(ڕستەی ئاوێتە)

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١- کەرکوك کە لە مێژوودا بە "ئارابخا"ناوبراوە، شارێکی کوردستانە

٢- نەت زانیوە کە چیرۆکی مەم و زین بە شاکاری خانی دادەنرێت؟

٣- ئەو هۆزانێن کو تە ژبەرکرین، گەلەك خۆشن.

٤- نەت بیستووە کە هێز لە یەکگرتن دایە؟

٥- تە نەبیستییە، کو دلۆڤانیێ خوێندنا خۆ تەواو کریە.

خستنە ڕوو:

هەریەك لەم ڕستانەی سەرەوە لە بنچینەدا لە دوو ڕستەی سادەی سەربەخۆ پێکهاتووە کە پاشان بە یارمەتی جێناوی لێکدەر، یان ئامرازی لێکدەری "کە"و"کو" لێکدراون و بوونەتە ڕستەیەکی ئاوێتە، ڕستەکانیش کە لێکدراون، یەکێکیان ڕستەی سەرەکییە کە پێی دەگوترێت "شارستە"کە ڕستەیەکی بنجی و سەربەخۆیە لە ڕووی واتاوە، وشەی لێکدەریشی پێش نەکەوتووە، بەڵام ڕستەیەکی تریشی تێدایە کە پارستەیە کە ڕستەیەکە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆ نییە، ئەو بەشەیە کە جێناوی لێکدەر یا ئامرازی لێکدەری پێش دەکەوێت، سەر بە شارستەکەیە، بۆ نموونە لە ڕستەی یەکەم دا کە ڕستەیەکی ئاوێتەیە "کەرکوك شارێکی کوردستانە " شارستەیە بەڵام "کە لە مێژوودا بە ئارابخا ناوبراوە" پارچە ڕستەیەکی سەربەخۆو سەرەکی نییە، بەڵکو سەر بە شارستەکەیە، دیارە جێناوی لێکدەری (کە)ی کەوتۆتە پێشییێ بۆیە دەتوانین بە ئاسانی (پارستە)لە (شارستە) جیا بکەینەوە، دیارە چ پارستەکە یان شارستەکە هەر یەکەو(کاری) خۆی هەیە، بەم پێیە ڕستەی ئاوێتەچەند کاری تێدا بێت ئەوەندە پارستەو شارستەی تێدا دەبێت.

دەستوور:

١- ڕستەی ئاوێتە لە دوو ڕستەی سادە یان پتر پێکدێت، بە یاریدەی وشەی لێکدەر (جێناوی لێکدەر، ئامرازی لێکدەر)ی (کە،کو)دەدرێنە پاڵ یەکتر.

٢- لە ڕستەی ئاوێتە دا ئەو بەشەی کە بنجی و سەربەخۆیە پێی دەگوترێت "شارستە "بەڵام ئەو بەشەی کە بنجی نییە و واتای بەستراوە بە واتای شارستەکەوە پێی دەگوترێت "پارستە"

٣- وشەی لێکدەر لە ڕستەی ئاوێتەدا هەمیشە دەکەوێتە پێش "پارستە"وە، لەبەرئەوە بە سانایی دەتوانین لە ڕستەی ئاوێتەدا، شارستە لە پارستە جیا بکەینەوە.

٤- ژمارەی کارێن ڕستەی ئاوێتە، ژمارەی بەشێن وێ دەردخەن، واتە لە ڕستەی ئاوێتەدا، چەند (کار) هەبن ئەوەندە بەشە ڕستە ژی دەبن.

٥- وشەی لێکدەر یان دەبێتە "جێناوی لێکدەر"یان "ئامرازی لێکدەر" ئەگەر لە بڕی ناوێك یان جێناوێك بەکارهات ئەوا جێناوی لێکدەرە، وەك ئەڤ کتێبا کو لسەر مێزێ یە یا هەڤاڵێ منە.

بەڵام ئەگەر دوو ڕستان لێك بدات ئەوا دەبێتە ئامرازی لێکدەرو جێی هیچ ناوێك ناگرێتەوە وەك :

نەت بیستووە کە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانی عیراقە.

ڕاهێنان (١)

ئەمانە لە ڕستەی ئاوێتە بەکار بێنە:

١- کە شاعیرێکی مەزن بوو.

٢- کە کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە.

٣- کو تە فرۆشتی.

٤- کە تۆ دیوتە.

٥- کو سالار ب دویڤ زانستیێ دگەڕێت.

٦- کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ پرۆژێن مەزن ڤەدکەت.

٧- کە گوندێکی خۆش بوو.

ڕاهێنان (٢)

وشەی "کە" و"کو" هەریەکەیان لەدوو ڕستەدا بەکاربهێنە بەمەرجێك جارێك جێناوی لێکدەرو جارێکیش ئامرازی لێکدەر بن.

ڕاهێنان (٣)

ئەم بۆشاییانە بەجۆرێك پڕیکەوە کەڕستەی ئاوێتەیان لێ پێك بێت.

١- من بیستییە،..................

٢- ئەم دزانین.....................

٣- گۆران..............لەهەڵەبجە لەدایك بووە.

٤- هەڵەبجە کە.............شارێکی گەورەی کوردستان بوو.

٥- ئەوەی کە نیشتمان پەروەر بێت.................. .

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە (شی بکەوە):

١- ئەو کوردەی کەخەباتی کردووە، شایانی ڕێزلێنانە.

٢- ئەو تۆلآزێ کو دوهی هاتی, پسمامێ تە بوو.

(دروستكردنی ناوی واتایی)

١- كاكی برا هۆ كاكی كورد
له هەركویێ هەی شەنی یاگرد
وەرە تۆزیێ گوێی پیاوەتی
شل كه بۆ لای كوردایەتـــی

(كامل ژیر)

٢-

ئ- جاران پەناگـەی شەوانـــم
ئامێزی ئاوەڵای ژن بـــوو
گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە
مایەی حەسانەوەی من بوو

(هێمن)

ب-كوشتم تەب داخا دوو چاڤا
تیـــركو بـــەردا بـــوو هنـــاڤا
نەشـــیام ئـــەز باڤێـم دوو گـاڤا
ژ كـــویـــری و ســـارییـــا بـــرینیێ

(تاهریێ روشدی)

٣- هەر له زاخۆ هەتا كرماشان
پرسەیه ،ماتەمه ، بەخۆدادان
له مەهاباد هەتا سلێمانـــی
ناڵه ناڵه لەباتی گۆرانـــــی

(گۆران)

٤- ڕەفتارت زۆر شیرینه
كردارت زۆر ڕەنگینه
دیدارت مایەی ژینـــه
دووریت كول و برینـــه

(شێركۆ ئەحمەد)

٥- مخابن بۆجهیٚ کوردا

نهۆلیٚ بویه ئیٚڤاریٚ

هەتائەڤرۆ دخەو دامان

بسەر داهات شەڤا تاری

خستنه ڕوو:

له بەرنامەكانی سالآنی پێشوودا و له بابەتی دابەشكردنی ناو لـه ڕووی هەبونەوه، زانیمان كه ناوی واتایی دوو جۆره، جۆری یەكەم ئەو ناوانـەن كـه له بنجدا نـاوی واتـایین، دەستكردو دروستكراونین وەك ناوەكـانی، شـەرم، هۆش، هێز. جۆری دووەم ئەو ناوه واتاییانەن كه دەستكردو دروستكراون و ئەم دروست كردنەش به پێی دەستووری بنەمای تایبەتیـەوه بەڕێوەدەچێت. جا بۆ ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی دروستكردنی ناوی واتـایی، ئەگـەر سـەیرێكی نموونەكان بكەین دەبینین:

١- لـه دوو دێـره هـۆنراوەی یەكـەم دا، دوو نـاوی واتـایی دروستكراوهەن، (پیاوەتی)و(كوردایەتی) ئەم دوو نـاوه بـوونی سـەربەخۆیان نییـه، تـەنیا لـه بیرو هـزردا هەستیان پـێ دەكرێـت، یەكـەمیان لـه نـاوی (پیـاو)و پاشـگری (ەتی) دووەمیشیان له ناوی (كورد) و پاشگری(ایەتی) دروستكراوه.

٢- لەدوو دێره هـۆنراوەی ژمـاره (٢)ی لقـی(ب)دا، دیـسان دوونـاوی واتـایی (گەرمی)و(نەرمی)بەرچاو دەكەون، ئەڤ دووناوەژی ژ(هاوەڵناو)وپاشگری (ی) هاتینه دروستكردن.

لەپارچـه هـۆنراوەی لقـی (ب)ش دا، دوونـاوی (كـویری-قـوولی)و(سـاری-ساردی)هەن،كەهەردووكیان ناوی واتایین وله(هاوەڵناو)و پاشـگری(ی)هاتینـه دروستكردن.

٣- ئەگەر دێڕە هۆنراوەکانی ژمارە (٣) بخوێنینەوە، دەبینین هەردووناوی واتایی (پرسە) و(ناڵە)، بەپێی یەك دەستوور دروستکراون، کەئەو ژی بریتییە لەڕەگی کار لەگەڵ پاشگری (ە)، چونکە (پرسە) لەڕەگی کاری چاوگی (پرسین)و(ناڵە)ش لەڕەگی کاری چاوگی (ناڵین)، لەگەڵ پاشگری (ە) هاتینە دروستکردن.

٤- هەروەها لەدێڕە هۆنراوەکانی ژمارە چواریش دا، ناوە واتاییە دروستکراوەکانی (ڕەفتار، کردار، دیدار) لە قەدی چاوگ وپاشگری (ار) دروست کراون.

٥- هەروەها لەدێڕە هۆنراوەکانی ژمارە(٥)یش دا، ناوی واتایی(خەو) بەرچاو دەکەوێت، کەڕەگی کاری چاوگی (خەوتن)ەو هەرخۆشی بووە بە ناوی واتایی.

دەستوور:

ناوی واتایی، ناوێکە خۆی لەخۆیدا بوونی سەربەخۆیی نییە، بەڵکو لە هزرو خەیاڵدا پەیدا دەبێت، ئەم جۆرە ناوەش دەکرێت بە:

ئ- ناوی واتایی بنجی: کەهەر خۆی لەبنەڕەتدا ناوێکی واتاییە.

ب- ناوی واتایی دەستکرد(دروستکراو): بەم جۆرە دهێتە دروستکردن.

١- ناو لەگەڵ پاشگرێك، بەزۆریش پاشگرە بەکار هاتووەکان ئەمانەن،

(ی ، ەتی ، یەتی ، ایەتی ، ێتی ، ینی ، اتی ، یی).

٢- هاوەڵناو لەگەڵ پاشگرێك: پاشگرەکانیش بەزۆری ئەمانەن،

(ی ، یەتی، (ێتی)،(ایی، ە، اتی، ا)

ئەم پاشگرانەش دەخرێنە سەر:

ئـ- هاوەڵناوی چۆنی وەك: ڕەشی، باشی، بڵندی.

ب- هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو وەك:نووسەری، سەرپەرشتیاری، دانایی، زانایی.

پ- هاوەڵناوی بکەری لێکدراو وەك: گەشبینی، گیانبازی.

٣- ڕەگی کار لەگەڵ پاشگری (ە) وەك: پرسە.

٤- جاری وا هەیە ڕەگی کار خۆی دەبێتە ناوی واتایی وەك:خەو،جەنگ،ڕەنج.

٥- قەدی چاوگ لەگەڵ پاشگری (ار) وەك: کردار- مردار (مرار).

٦- هەموو چاوگەکان وەکو ناوی واتایی بەکار دێن.

٧- ناوی واتایی، وەکو هەرناوێکی تر، دەبێتە(نیهاد، بکەر، بەرکار، تەواو کەری یان (دیارخەری) ناو، تەواوکەری بەیاریدە، تەواو کەری کاری ناتەواو).

ڕاهێنان (١)

لەم دێڕە هۆنراوانەدا، ناوە واتاییە دروستکراوەکان دەست نیشان بکەو جۆری دروستکردنەکەشیان دیاری بکە :

١-بە منداڵیی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندوە ماچێ

بە پیریش لەززەتی ئەوماچە شیرینەم لە بیر ناچێ

٢- لێ هیڤی دکەم ژ موستە عیدان

حەرفان نەگرن ژ موستە فیدان

ئەڤ نامە ئەگەر خراپە گەر قەنج

کێشایە مە دگەل وی دووسەد ڕەنج

٣- جوامێر و هیمەت و سەخاوەت

مێرینی و غیرەت و جەلادەت

ئەو خەتمە ژبۆ قەبیل ئەکراد

وان دانە بە شیرو هیمەت و داد

ڕاهێنان (٢)

ئـــەم نـــاوە واتاییـــە دروســـتکراوانە، چـــۆن دروســـتکراون ، دەســـتووری دروستکردنیان بنووسە:

خۆشەویـستی،کرێتیی، کۆخـــە، برســـییەتی، تەقـــە، دۆســـتاتی، مرۆڤینـــی کوڕێنی، گەرما.

ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١- جیاوازی لە نێوان ناوی بەرجەستەو ناوی واتایی چییە؟

٢- پێنج چاوگی دەنگی بهێنەوەو ناوی واتاییان لێ دروست بکە.

ڕاهێنان (٤)

لەم ڕستانەدا، ئەو پەیڤەی هێڵی بەژێردا کێشراوە شلۆڤەی بکە:

١- زانایی سەرچاوەی کامەرانییە.

٢- کار بە ناڵەو گریە چارەسەرناکرێت.

٣- ئەم کێشەیە ئارامی دەوێت.

٤- ئاخافتنا زۆر بۆ مرۆڤی کرێتییە.

(هاوەڵناوی ژمارەیی)

١- هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی

١- ئەم نموونانە بخوێنەوە

خاڵۆ خاڵۆتەن کەم واچە خاڵـــۆ
خاڵۆ دەم وەبان خاڵانت مــــاڵۆ
شەرت بۆمن جەداخ خاڵۆ خاڵۆی تۆ
خۆم کەرۆ وەکوڕ چواردە ساڵەی نۆ (مەولەوی)

٢- بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بە نان و ئاوو جل و بەرگی خــــۆم
خزمەتم کردی لە ئێـــــــران و ڕۆم (بێکەس)

٣- دلبەرێ ئیرۆ سەحەر ئاڤێتە جەرگێ من دوو دۆخ
یەك لسینە یەك لدلدا لەو ژمن تێن ئاخ و ئۆخ (مەلای جزیری)

٤- تا فەلەك دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبی ماهی موبارەك تالعی پەیدا نەبـــوو (نالی)

٥- هەزار ئەفسوون و جادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ڕیشە
عیلاجی گەر ببێ یا گوزە یا گوێزانەئەم ڕیشە (شێخ ڕەزا)

٦- سێ چوار قوتابی لە پۆلەکەمان دا زیرەکن.

خستنه ڕوو:

ئەگەر ئەم نموونانە بخوێنینەوە دەبینین لە:

١- لە نموونەی یەکەم دا هاوەڵناوێکی ژمارەیی بەکارهاتووە کەوتۆتە پێش ناوی (ساڵ)ەوە، بەم جۆرە هاوەڵناوەکە وەسفی ناوی ساڵ دەکات و سنوورێك بۆ ژمارەی ئەو ساڵانە دادەنێت کە چواردە ساڵن . هەروەها ئەگەر وردتر تەماشای نیو دێڕە هۆنراوەکە بکەین دەبینین هاوەڵناوی (چواردە) بەبێ یاریدە لە پێش ناوەکە دانراوە.

٢- لە نموونەی دووەمیش دا هاوەڵناوی ژمارەیی (بیست و حەوت) کە هاوەڵناوێکی ژمارەیی لێکدراوە لە دوو هاوەڵناوی ژمارەیی سادە دروست بووە. یەکەمیان بیست و، دووەمیشیان حەوت ، ئەم دوو هاوەڵناوە ژی بە ئامرازی (و) هاتینە لێکدان، دیسان ژی لەپێش ناوی (ساڵ) دانراوە بۆئەوەی وەسفی ناوەکەی پێبکەین وسنوورێك بۆ ژمارەی ساڵەکان دابنرێت، ئەم هاوەڵناوەش هەر بەبێ یارمەتی لەپێش ناوەکە دانراوە.

٣- لە نموونەی سێیەمیش دا هاوەڵناوە ژمارەییەکانی (دوو) و (یەك) کەهەر یەکەیان خراونەتە بەر دەمی ناوێکەوە بۆ ئەوەی وەسفی ناوەکەیان پێ بکرێت و دەست نیشانی ژمارەی ئەو (دۆخ) انەی پێ بکرێت کەلەسینەو دڵییان داوە، واتە سنوورێك بۆ ژمارەی ناوەکە دانراوە، ئەم کارەش بەبێ یارمەتی کراوە.

٤- لە نموونەی ژمارە چواریش دا دیسان دەبینین هاوەڵناوی (سەد) بەبێ یاریدە لەبەر دەم ناوی (کەوکەب) دانراوە بۆئەوەی دەست نیشانی ژمارەی کەو کەبەکان بکات و وەسفی ناوەکەشی پێ بکرێت.

٥- هەروەها لەنموونەی پێنجەمیش دا هاوەڵناوی ژمارەیی (هەزار) بەبێ یاریدە لەبەر دەم ناوی لێکدراوی (ئەفسوون وجادوو) دانراوە.

بۆئەوەی دەست نیشانی ژمارەیان بکات و وەسفیشیان بکات.

٦- لەرستەی شەشەم دا هاوەڵناوی (سێ چوار)لەپێش ناوی قوتابی دانراوەو بەبێ یاریدە وەسفی ناوەکەی پێکراوەو سنوورێکی داناوە بۆ ژمارەی قوتابییەکان، بەڵام چونکە گومان لەژمارەکە هەیە بۆیی لەنیوانیان دا هیچ ئامرازێکمان دانەناوە.

دەستوور:

هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی، هاوەڵناوێکە ناوەکەی دوای خۆی واتە ناوە تەواو کراوەکەی بەژمارە دەست نیشان دەکات وسنورێك بۆ ژمارەکەی دادەنێت.

١- ئەو ناوەی لە دوای هاوەڵناوە ژمارەییە بنجییەکەوە دێت، سادە بێت یان ناسادە، دەبێت تاك بێت. بەڵام کە دەگوترێت منداڵە چواردە ساڵانەکە. ئەوا (چواردە ساڵان) دەبێتە گرێی هاوەڵناویی . یان (بە شەش ڕۆژان کارەکەم تەواوکرد) ئەوا (شەش ڕۆژان) گرێی هاوەڵکارییە.

٢- هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی بەبێ یاریدە دەخرێتە پێش ناوە تەواوکراوەکەوە، بەڵام ئەگەر (ی) ئامرازی دانەپاڵ خرایە نێوانیان ئەو کاتە هەردووکیان پێکەوەدەبنە گرێی هاوەڵکاری کاتی وەك:

شۆڕشی کورد لە یازدەی ئەیلوول دا بەرپابوو.

که لێرەدا (لە یازدەی ئەیلوول) گرێیەکی هاوەڵکاریە ، یان دەتوانین بڵێین وەك ژمارەی ڕێکخستنی لێ دێت و ئەم شێوەیەش بەزۆری لەگەڵ مانگەکان دا بەکاردێت.

٣- ئەگەر دوو ژمارە بەدوای یەکەوە هاتن و گومان لە ژمارەکە هەبوو ئەوا لە نێوانیاندا ئامرازی (و)ناهێتە دانان وەك:

پێنج شەش سێوم خواردن . کەلێرەدا ژمارەکە گومانی لێ دەکرێت چونکە لەوانەیە زیاتر یان کەمتر بێت لە(پێنج شەش)

٤- هەرسێ هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی (هەشت، نۆ، دە) پێکەوە دێن بەبێ ئامراز بۆ نموونە دەگوترێت (هەشت نۆ دەپیاوهاتن)

٥- لەژمارە بیست بەولاوە کەگومان لەژمارەکە بکرێت سەرەگرێیەکان دەگوترێن وەك:

بیست سی کەس هاتن.

چل پەنجا قوتابی دەرچوون.

٦- ژمارە (دە) و دەجارەکانی (سەد، هەزار،.......هتد) دەکرێت نیشانەی کۆیان بخرێتە سەر و بگوترێت:

دەیان پێشمەرگە شەهید کران.

سەدان ئوتومبێل لەوێستگەدا وەستاون.

ب هەزاران کورد هاتنە کیمیا باران کرن.

٧- هەر کاتێك بمانەوێت بڕی شتێك دەست نیشان بکەین وشەیەك دەهێنین کەئەو بڕە دەست نیشان بکات ولەدوای ژمارەکەوە بەکاری دەهێنین وناوە ژمێراوەکەی پێ دەکەین بەناوێکی لێکدراو، وەك:

سێ کیلۆ شەکرم کـــــڕی.

پێنج جەواڵ گەنمی بۆناردم.

هەندێك لەم پەیڤانەش بریتین لە:

ئـ- نەفەر ← بۆمرۆڤ پێنج نەفەر کەبابمان کڕی.

ب- سەر ← بۆئاژەڵ هەشت سەر بزنم هەیـــە.

پ- دەست ← بۆجلك ونوێن دوودەستە نوێن وچوار دەستە جلکم بۆ نارد

ت- بەرگ ← بۆ پەرتووك سێ بەرگ پەرتووکی ڕێزمانم کڕی.

ج- چاوە ← بۆژوور خانووەکەمان سێ چاوەی هەیە.

چ- پارچە ← بۆزەوی سەد پارچە زەوی بەسەر مامۆستایان دا دابەشکران.

ح- بن، بنە ← بۆدار و درەخت شەش بنەدارم بڕی.من شەش بنێن دارا بڕین.

خ- دانە ← بۆشتی ژمێراو دوودانە قەڵەمم لەم جۆرە هەیە

د- جووت ← بۆپێڵاو وگۆرەوی سێ جووت پێڵاوم هەیە.

٨- پەیڤی(ئەوەندە- هەندە) هاوەڵناوی ژمارەیی نادیارەو لەسێ تا نۆ دەگەیەنێت وەك:

بیست وئەوەندە ساڵە تۆم نەدیوە.

پەنجاو ئەوەندە ساڵە بەرلەئێستا بێکەسی شاعیر کۆچی دوایی کرد

٩- ژمارەی بنجی سادەلە (یەك)ەوە دەست پێدەکات تا (نۆ).بەژمارەکانی (دە، بیست، سی، وچل و.........هتد) دەگوترێت (سەرەگرێ) .

١٠- ژمارەی بنجی لێکدراویش بەم جۆرە پێك دێت :

ئـ- لەدوو ژمارەی بنجی تێکەڵ وەك : یازدە، دوازدە، هەژدە

ب– لەدووژمارەی بنجی سادە، یان زیاتر کەبەهۆی ئـامرازی (و) درابنـە دەم یەکتر وەك :

بیست ودوو، چل وشەش، سەد وچل و پێنج .

پ– لە دوو ژمارەی بنجی سادە بەبێ یارمەتی ئامرازی (و) درابنە دەم یەکتری وەك:

چوار پێنج ، شەش حەفت.

ت– بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤی دەست نیشان کردنی بڕی ناوەکە کە دەخرێتە پێش ناوەکەوە وەك:

دووسەر مەڕم هەیە .

کەلێرەدا (دووسەر) دەبێتە ژمارەیەکی بنجی لێکدراو.

١١– ئەگـەر دووژمـارەی بنجـی لەیـەك خانـەدابن (یـەکان، دەیـان، بیـستان، سـییان........هتـد)، نـاوە ژمێراوەکـە دەکەوێتـە دوای هەردووکیانـەوە وەك چار پێنج مرۆڤ هاتن (چار، پێنج، لەخانەی یەکانن)

چل ودوو چل وسێ کچ لەم قوتابخانەدا دەخوێنن. (هەردووکیان خانەی چلانن)

بـەلاّم ئەگــەر دووژمــارە بنجییەکــە لەیــەك خانــەدا نــەبن وهەریەکــەیان سەربەخانەیەکی جیاواز بێت ئەواپێویستە لەدوای هەریەکەیان ناوەژمێراوەکـە باس بکرێت وەك:

نۆزدەپیاو بیست پیاودەبوون :ڕەوانیە بگوترێت :نۆزدە بیست پیـاو دەبـوون .سی ونۆ کەس چـل کـەس کـوژران. ڕەوانیـە بگـوترێـت سـی ونـۆ چـل کـەس کوژران.[١]

---

[١] گەلێك جاریش لەتوانا دا هەیە بگوترێت نەه دەه زەلام هاتن یان نۆدەپیـاو هـاتن بـەلاّم ئـەم جۆرە دەربڕینە زۆر دروست وڕاست نیە، ڕاستییەکەی ئەوەیە بگوترێت نەه زەلام دەه زەلام هاتن.

تێبینی:

ژمارەی بنجی لەگەڵ وشەی تردا بەکاردێن وئەوکاتە هاوەڵناوی لێکدراو دروست دەکەن وەك:

مانگی چواردەشەوە	(چواردەشەوە)
گندۆرەی سێ مانگی	(سێ مانگ)
منداڵی یەك ساڵە	(یەك ساڵە)
ئاوی دووشەوە	(دووشەوە)

ڕاهێنان (١)

ئەم بۆشاییانە بەپەیڤێکی گونجاو پڕبکەوە:

١- حەفت.......... جلکم بۆخوشکەکانم کڕی.

٢- هەزار.......... پەرتووك بۆپەرتووکخانەی قوتابخانەکەمان بەدیاری هات.

٣- ئەڤرۆ من سێ.......... بزن بازاڕی کرین.

٤- باخچەوانەکە شەش.......... درەختی سێوی چاند.

٥- مام پیرۆتی دوو.......... زەڤی لەگوندێ مەهەنە.

ڕاهێنان (٢)

لەم رستانەدا هەر پەیڤێك کەهێڵی بەژێردا هاتووە شلۆڤەی بکە:

١- دوهی ئازادی سێ دانە قەڵەم کڕین.

٢- من بیست برادەرو تۆ یازدە برادەرت هەن.

٣- وێ چارپێنج خانی ل دهۆکێ فرۆتن.

٤- هەزاران سەرباز لەجەنگ دا بەشدار بوون.

٥- وان دوو کاڤرێن قەلەو ڤەکوشتن.

ڕاهێنان (٣)

١- جیاوازی لەنێوان ژمارەی بنجی لێکدراو بەهۆی ئامرازێکی لێکدەر و ژمارەی لێکدراو بەبێ ئامرازی لێکدەر چییە؟ بەنموونەوە ڕوونی بکەوە.

٢- جیاوازی لەنێوان پەیڤە هێڵ بەژێر داهاتووەکانی ئەم دوو ڕستەیە چییە؟

ئ- لەڕۆژی پێنجی ئاداردا گەلی کورد ڕاپەڕی.

ب- تەمەنی لەزگینی برام پێنج ساڵە.

(هاوەڵناوی ژمارەیی)

٢- هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن

ئەم نموونانە بخوێنەوە:

ئ- قوتابی یەکەم هەموو ساڵێك لە لایەن وەزارەتی پەروەردە خەلات دەکرێت.

ب- یەکەم قوتابی هەموو ساڵێك لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە خەلات دەکرێت .

پ- قوتابییا ئێکێ(یەکێ) هەمی سالاْن ژ لایێ وەزارەتا پەروەردێ ڤە دهێتە خەلاْت کرن.

٢-

ئ- ئەندازیاری سێیەم دەرچووی زانکۆی دهۆکە.

ب-سێیەم ئەندازیار دەرچووی زانکۆی دهۆکە.

پ- ئەندازیارێ (ئەندازیارا) سێیێ ژ زانکۆیا دهۆکێ دەرچوویە.

٣-

ئ- دووەمین (دووهەمین) کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە ساڵی ١٩٦٠ز لە شەقلاوە گرێدرا.

ب- کۆنگرێ دوویێ یێ مامۆستاییێن کورد ل سالاْ ١٩٦٠ز ل شەقلاوە هاتە گرێدان.

٤-

ئ- لە دەیەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی گەلی کوردستانا هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان.

ب- ل ساڵیادا دەیێ (دەهێ) ڕاپەڕینا گەلێ کوردستانێ هەزاران سلاڤ بۆ گیانێ شەهیدان.

٥-

ئ- سەدو بیست و دووەم (دووەمین) کەس لە دانیشتوان برای منە.

ب- کە سێ سەدوبیست و دوویێ ژ ڕونیشتییان برایێ منە.

خستنە ڕوو:

ئەگەر سەرنجێك لە ڕستەکانی سەرەوە بدەین دەبینین :

١- لە ڕستەی ژمارە(١) ی (ئـ) دا، ژمارەی بنجی (یەك) مان لە شێوەی هاوەڵناوێکی ژمارەیی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی پلەو خانەی ئەو قوتابییەی پێ دەست نیشان بکەین کە هەموو ساڵێك لە لایەن وەزارەتی پەروەردە خەڵات دەکرێت، هاوەڵناوەکەمان خستۆتە دوای ناوی(قوتابی)یەوە لە نێوانیاندا (ی) ئامرازی دانە پاڵمان بەکارهێناوە ، بەلاّم لە ڕستەی (ب)دا ئەم ئامرازە بەکارنەهاتووە چونکە ناوە ژمێراوەکە کەوتووەتە دووای هاوەڵناوە ژمارەییەکەوە. هەر لە هەمان ڕستەی ژمارە (١) ی (پ) داو بۆ هەمان مەبەست، لەگەڵ ژمارە (ئێك - یەك) کە هاوەڵناوێکی ژمارەیی بنجییە ، پاشگری (ێ) مان بەکارهێناوە هەر بۆ مەبەستی دەرخستنی پلەو خانەی قوتابییەکە و لە نێوان قوتابی و هاوەڵناوە ژمارەییەکەش دا پیتی (ا،ێ)وەکو ئامرازی دانەپاڵ بەکارهاتوون (ا) بۆ ڕەگەزی مێ و (ێ) بۆ نێر پیتی (ی) کە کەوتۆتە نێوان دوا پیتی پەیڤی (قوتابی) و (ا،ێ)ی ئامرازی دانە پاڵ بووە بە (یا، یێ) کە ئەگەر ڕستەکە جارێکی تر ناوی قوتابی تیادا دووبارە بکرێتەوە ئەوا ئەم (یا، یێ)یە جێی ناوی قوتابی دەگرێتەوە ، بۆ نموونە دەتوانین بلێین :

١- قوتابییا ئێکێ هاته خەلات کرن ویا (ئا) دوویێ نەهاته خەلات کرن.
٢- خوێندکارێ ئێکێ هاته خەلات کرن ویێ (ئێ) دوویێ نەهاته خەلات کرن.
کە دیارە لێرەدا نەمان ویستووە ناوی قوتابی دووبارە بکەینەوە بۆیێ (یا - ئا) (یێ - ئێ) لە شوێنی دا بەکارهاتووە, لەم جۆرە ڕستانەشدا هەمیشە ناوەکە لەپێشەوە دێت و هاوەڵناوەکە لە دوایەوە, ناکرێت شوێنەکانیان بگۆڕین.

٢- لە ڕستەی ژمارە(٢) ی (ئـ) دا، هەربەشێوەی پێشووهاوەڵناوی ژمارەیی بنجی (سێ) مان کرد بەسێیەم کەهاوەڵناوەکی ژمارەیی ڕێکخستنە بۆئەوەی پلەی ئەندازیارەکەی پێ دەست نیشان بکەین، لەدوای ناوی ئەندازیارەوە بەکارهاتووە، بۆیی (ی) وەکو ئامرازی دانەپاڵ خراوەتە نێوانیان وچونکە هاوەڵناوی(سێ) کۆتایی بەبزوێن دێت بۆیی کەپاشگری (ە م) دەخەینە سەری پێویستمان بەناوبەندێك دەبێت لەنێوان هەردوو بزوێنی (ێ)ی دوای (سێ) و (ە)ی پاشگری (ەم) ودەبێتە سێیەم (سێ یەم) لەرستەی (ب) ئامرازی دانەپاڵ لەنێوان ناوەکەو هاوەڵناوە ژمارەییەکە بەکارنەهاتووە چونکە ئەمجارەیان هاوەڵناوەکە پێشکەوتووە.

ئنجا لەرستەی ژمارە دووی (پ)دا، دەبینین ناوی ئەندازیار لەپێشەوە هاتووە وهاوەڵناوە ژمارەییەکەش لەهاوەڵناوی ژمارەیی بنجی (سێ) وپاشگری (ێ- ا) دروست بووەو، بووە بە (ئەندازیارێ(ئەندازیارا)سێیێ) کەپلەی ئەندازیارەکە دەست نیشان دەکات- جائەگەر رستەکە دووبارە کردنەوەی ناوی ئەندازیاری تێدابوو،ئەوا لەجیاتی ناو هێنانەکە یان(یێ- ئێ) یان (یا - ئا) بەکار دەهێنین ودەڵێین: ئەندازیارێ سێیێ ل زانکۆیا دهۆکێ دەرچوویە و یێ (ئێ) چارێ ل

زانكۆیا سلێمانییێ (بۆنێر).

ئەندازیارا سێییێ ل زانكۆیا دهۆكێ دەرچوویەو یا (ئا) چارێ ل زانكۆیا سلێمانییێ (بۆمێ).

٣- لەرستەی ژمارە (٣)ی (ئـ) دا هاوەڵناوی ژمارەییڕێكخستنی(دووەمین-دووهەمین) لەپێش ناوی (كۆنگرە)ەوە بەكارهاتووە بۆدەست نیشانكردنی پلەی كۆنگرەكە، ئەم هاوەڵناوە، بەم شێوەیەی كەدروست بووە، پەسند وایە هەردەم لەپێش ژمێراوەكەوە بێت،

واتە ، بۆنموونە، ئەگەر بگوترێت :

((پێنجەمین خانووماڵی ئێمەیە)) پەسند ترە لەوەی بگوترێت:

((خانووی پێنجەمین ماڵی ئێمەیە))

چونكە ئەگەر ناوە ژمێراوەكە بكەوێتە پێش، پەسند وایە ئەو كاتە هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێكخستنەكە بەهۆی پاشگری (ەم- هەم) دروست بكرێت وبگوترێت:

خانووی پێنجەم ماڵی ئێمەیە.

لەڕستەی (ب) دا، هەربەهۆی پاشگری (ی)وە، هاوەڵناوی بنجی (دوو) كراوە بەهاوەڵناوی ڕێكخستن . دیسان ئەگەر لەرستەكەدا ناوەژمێراوەكە دووبارە كرایەوە، پێویست ناكات ناوی بهێنین بەڵكو بەهۆی (یا- ئا) دەست نیشانی دەكەین ودەڵێین:

كۆنگرێ دوویێ مامۆستایێن كورد ل سالا ١٩٦٠ ز و (یێ) ئێكێ ل سالا ١٩٥٩ ز ل شەقلاوە هاتە گرێدان .كەدیارە لێرەدا (یێ-ئێ)شوێنی ناوی كۆنگرەیان گرتووەتەوە.

٤- لەرستەکانی (ئـ) و(ب)ی ژمارە (٤) یش دا، هەردوو هاوەڵنـاوی ژمـارەیی ڕێکخـستنی (دەیـەمین) و دەیـیٚ(دەهـیٚ) بـۆ هـەمان مەبەسـتی دەسـت نیشانکردنی پلەی ساڵیادی ڕاپەرینی گەلی کوردستان بەکار هاتوون.
یەکەمیان بەهۆی پاشگری (ەمین) کراوە بەو جۆرە هاوەڵناوەو لەپێش نـاوی (سـاڵیاد)دا دانـراوە کەئـەویٚ شـوێنی سروشـتی خۆیـەتی و، چـونکە ژمـارە بنجییەکە (دە) کۆتایی بەبزوێنی (ە) هـاتووە، بۆیـە کـە پاشـگری (ەمـین)ی دەخرێتـە سـەر ،کەئـەویش بـەبزوێنی (ە) دەسـت پێـدەکات ، ناچـار دەبـین ناوبڕێك لەنێوان ئەو دوو بزوێنەدا دابنـێین کـە(ی) یـەو پاشـگرەکە ئـەو کاتـە لەشێوەی (یەمین) دەردەکەوێت (دەیەمین).
٥- لەرستەی ژمـارە (٥)دا، هاوەڵنـاوی ژمـارەیی ڕێکخـستنی (سـەدو بیـست ودووەم ((دووەمـــین)) لێکـــدراوەو ژمارەکـــان بـــەهۆی ئـــامرازی (و)ی پەیوەندییەوە لێکدراون ونیشانەی (ەم) یان (ەمین) دەچێتە سەر دواژمـارە، واتە دوا ژمارە نیشانەی ڕێکخستن وەردەگرێت.

دەستوور:

١- هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن ،بەوهاوەڵناوە دەگوترێت کەپلەی ژمێراوەکانی خۆی (واتە ئەو شتە هاو ڕەگەزانەی کەدەیان ژمێرێت) بەشێوەی ڕێکخستن یان ڕیز بەندی ڕادەگەیەنێت.
ئەگەر هاوەڵنـاوە ژمارەییەکەی ڕێکخستن لـەدوای نـاوەوە هـات ئـەوا پێویـستی بـە(ی) ئـامرازی دانـە پـاڵ دەبێـت وئەگیناپێویـستی پێـی نابێت.
٢- ئـەو هاوەڵنـاوە بنجییانـەی کـەکۆتاییان بـەپیتی نـەبزوێن دێـت هەریەکـسەر بـەهۆی پاشـگری (ەم- هـەم) و (ەمـین)- (هـەمین) ەوە دەکرێن بەهاوەڵناوی ڕێکخستن ، بەڵام ئەگەر ژمارە بنجییەکە کۆتـایی

بەبزوێنـەکانی (یٚ، ا، ۆ، ە، ی) بێـت، ناچـار دەبـین لـەنێوان ژمارەکـەو نیـشانەکەدا (ی) ناوبەنـد دابنـێین لـەو ژمـارە بنجییانـەی کـەکۆتاییان دێت بەبزوێنی (وو) ناوبەندە کە دەبێتـە (و)، بزوێنـی (وو) ی کۆتـایی وشەکە لەباری ئاسایی خۆی کەمێك کورت تر دەگوترێت.

٣- لەشێوەی زاری کرمانجی ژوورو دا هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن بە هۆی پاشگری (یٚ،ا) دروست دەکرێت، کە دەخرێتـە کۆتـایی ژمـارە بنجییەکـەوە، ئەگـەر ژمارەکـە کۆتـایی بـە بزوێنـەکانی (أ،یٚ،ۆ،ە،ی) هاتبوو ، ناوبڕی (ی)لە نێوان ژمارەکەو نیشانەکەدا دادەنێن وئەگەر ژمارە بنجییەکەش کۆتایی بەبزوێنی (وو) هاتبوو ناوبەندەکە دەبێتـە (و)، بزوێنی (وو)ی کۆتایی وشەکە لـەباری ئاسـایی کـەمێك کـورت تـر دەگوترێت.

٤- لەشێوەی زاری کرمانجی ژوورودا هاوەڵنـاوی ژمـارەیی ڕێکخستن هەمیـشە دەکەوێتـە دوای ناوەکـەوە، بۆدانـە پـالیش یائـامرازی (أ) بۆرەگەزی (مێ) و یان ئامرازی(یٚ) بۆرەگەزی نێر بـەکاردێت و، ئەگـەر ناوە ژمێراوەکە لەڕستەیەك دا دووبارە بکرێتەوە بەڵام بەئاشکرا ناوی نەهێنین ئەوا بۆ ڕەگەزی مێ (یا- ئا) و بۆ ڕەگەزی نێریش (یـێ- ئـێ) بەکاردێت، ناوە ژمێراوەکەش هەمیشە تاکە .

٥- نـابێ لـەجیاتی هاوەڵنـاوی ژمـارەیی ڕێکخـستن ،هاوەڵنـاوی ژمـارەیی بنجـی بـەکاربهێنین بەمەبەسـتی دەربڕینـی واتـای یەکـەمیان، واتە ناکرێ بڵێین : سەدەی دوو لەجیاتی سەدەی دووەم

٦- ئەگـەر هاوەڵنـاوی ژمـارەیی ڕێکخـستن بـەهۆی پاشـگری (ەمـین- هـەمین)ەوە دروسـت بـوو، واپەسـند تـرە کەهەمیـشە لـەپێش نـاوە ژمێراوەکـە بێـت، ئەگـەر بەدواشییەوە بێـت هەردورستـە، بـەڵام ئەگـەر بەهۆی پاشگری (ەم- هەم)ەوە دروست کرابوو، پەسند وایـە بکەوێتـە دوای ناوەکەوە، خۆئەگەر ل پێشییاوی ژی بێت هەردروستە.

(هاوەڵناوی ژمارەیی)

٣- هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی

-١

ئ- سێیەکی مەڕەکانی خۆمم فرۆشت.

ب- سێیەکا(سیٚ ئێکا)پەزێن خۆمن فرۆتن.

٢- ئ- $\frac{٢}{٨}$ دوو هەشت یەکی بەرهەمی ئەم کارگەیە بۆ هەژارانە.

ب- دوو هەشت یەکا بەرهەمیٚ ڤیٚ کارگەهیٚ بۆ هەژارانە

٣- ئـ- $\frac{٣}{٢٠}$ سیٚ بیست یەکی خوێنکاران لە تاقیکردنەوەی ڕێزمانی کوردی دا دەرنەچوون.

ب- سیٚ بیستیەکا خوێندکاران ل تاقیکردنەوا ڕێزمانیٚ کوردی دەرنەچوون.

---

(١) سێکا ژی دهێتە گۆتن.

(٢) دوو هەشتێکا ژی دهێتە گۆتن.

(٣) سیٚ بیستێکا ژی دهێتە گۆتن.

٤-

ئـ- ٣٥٪ لـه سـەدا (ن) سـی و پێنجـی کرێکـارانی ئـەم کارگەیـە نەخوێندەوارن.

ب- ژ سەدا (ن) سە وپێنج کرێکارێن ڤێ کارگەهێ نەخویندەڤانن.

٥-

ئـ- ٧,٠ لە دەیا (ن) حەفتی کچانی قوتابخانەکەمان خەڵکی دهۆکن.

ب- ژ دەیا حەفتێ کچێن قوتابخانە مە خەلکی دهۆکێنە.

٦-

ئـ- ١٤,٠ لە سەدا چواردەی مامۆستایان ئوتومبێلی خۆیان هەیە.

ب- ژ سەدا (ن) چاردە مامۆستا خودانێ ئوتومبێلا خۆنە.

٧-

ئـ- ٢٤٧,٠ لە هەزاران دووسەدو چل وحەفتی سەربازان لە جەنگ کوژران.

ب- ژ هەزاران دووسەدو چل و حەفت سەرباز ل جەنگێ هاتنە کوشتن.

٨-

ئـ- $\frac{١}{٢}$ نیوەی پارەکەم لێ بزر بوو.

ب- نیڤەکا پارێ من بەزر بوو.[٤]

---

[٤](نیڤا) ژی دروستە

خستنەڕوو:

لە خوێندنەوەی ڕستەکانی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەر ڕستەیەکیاندا هاوەڵناوێکی ژمارەیی هەیە کە وردەی ناوە ژمێراوەکەی دوای خۆی نیشان دەدات وئەندازەی کەرتەکە ڕادەگەیەنێت.

١- لە ڕستەی ژمارە یەکی (ئـ)دا هاوەڵناوی ژمارەیی (سێیەك) ئەندازەی مەڕە فرۆشراوەکان پیشان دەدات و لە دوو ژمارەی بنجی(سێ) و (یەك) پێکهاتووە کە بە یاریدەی (ی) ئامرازی دانەپاڵەوە کاری خۆی کردووە. ئەم جۆرە پێکهاتنەش تەنیا لەو جۆرە ژمارانەدا دەبێت کە ژمارەی دووەمیان (یەك)بێت، وەك چواریەك ،شەشیەك ، هەشتیەك.

لە هەمان ڕستەی ژمارە یەك و لە بەشی (ب)دا ، هاوەڵناوی ژمارەیی (سێیەکا) یان (سێ ئێکیا) ئەندازا ڤان پەزان دەردێخیت کۆ ژلایێ مـن ڤە هاتینە فرۆتن، ئەڤ هـژمارا کەرتییە ژی پێکهاتیە ژ هـژمار بنجییا (سێ) و(ئێك- یێك) دیساژی ئەڤ جۆرە پێکهاتنە هەر دڤان هژمارا دبیتن کو هـژمارا دوویێ ژوان (ئێك- یێك) بیتن وەکی (چارئێك- چارییێك) (شەش ئێك- شەشییێك) (حەفت ئێك- حەفتییێك) و ب هاریکارییا (ا) یان (ێ) ی ئامرازێ دانەپالێ کارێ خۆ دکەتن.

٢- لە ڕستەی دووەمیش دا ئەو هاوەڵناوە ژمارەییە کەرتییەی کە ئەندازەی ئەو بەرهەمە دەردەخات کە بۆ هەژاران تەرخان کراوە هاوەڵناوی (دوو هەشت یەك)ە کەلە ژمارە بنجییەکانی(دوو, هەشت, یەك) پێکهاتووە و بە هۆی ئامرازی (ی) دانەپاڵەوە کاری پیشاندانی ئەندازەی تەرخانکراوی بەرهەمەکە دەست نیشان دەکات ، لێرەش دا هەر بە یارمەتی ژمارەی (یەك) درووست دەبێت کە دەخرێتە دوای ژمارەی دووەمەوە کە ژمارەی ژێرەوەیە،

واته لە دەستپێك دا ژمارەی سەرەوە، ئینجاهی ژێرەوە دەخوێنینەوەو لە پاشان ژمارەی(یەك) ی دەخەینە سەر، ئەم جۆرە خوێندنەوەیەش لەو ژمارە کەرتییانەدا دەردەکەوێت کە سەرەیان لە یەك زیاترە، (سیٚ, پێنج, یەك) (شەش حەفت یەك) (بیست شەست یەك)......هتد.

لە ڕستەی (ب)ش دا، هەر بە هەمان شێوە ژمارەی کەرتی (دوو, هەشت, یەکا) لە سیٚ ژمارەی بنجی (دوو، هەشت، یەك) دروست بووە، ئەوەندە هەیە لێرەدا ئامرازی دانەپاڵ (ا)ە نەك (ی).

٣- لە هەردوو ڕستەی ژمارە (٣)ش دا دیسان ژمارەی کەرتی (سیٚ, بیست, یەك) ئەندازەی ئەو کەرتە ڕادەگەیەنێت کە ژمارەی خوێندکارەکانی پیٚ دەست نیشان دەکەین کە لە تاقیکردنەوەی ڕێزمانی کوردی دا دەرنەچوون، ئەو ژی ل سیٚ هژماران پێکدێت (سیٚ، بیست، یەك) و بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی) لە رستەی یەکەم و (ئـ) لە ڕستەی دووەم دا کاری دەست نیشانکردن و وەسفکردنی خوێنکارانی دەرنەچوو پیشان داوە.

٤- لە ڕستەی (ئـ) و (ب)ی ژمارە چواریش دا، ئەو جۆرە کەرتانە بەم شێوەیە دهێنە خاندن : (لە) یان (ژ) ئینجا ڕێژەکە ، کەسەدە ، لە پاشان خودی ژمارە، واتە دەڵێین : لە سەدا (ن) یان ژ سەدا (ن)......هتد ژمارەکە دەخوێنینەوە . ئەم جۆرە ژمارە کەرتییەش پێی دەگوترێت کەرتی سادە.

٥- لە ڕستەکانی ژمارە (٥) و (٦) و (٧) یش دا, ژمارە کەرتیەکان, کەرتی یین و خوێندنەوەیان بەم جۆرە دەبێت:

ئـ- (لە) , (ژ) دەیا (ن) , دەها (ن) .... ئینجا ژمارەکە

ب- (لە) , (ژ) سەدا (ن) .... ئینجا ژمارەکە

پ- (له) , (ژ) هەزارا (ن) .... ئینجا ژمارەکە

٦- ژمارە (یەك) و (دوو) ناکەونە بەر دەستووری خوێندنەوەی کەرتەکانی تر کە سەرەیان یەك بێت، لێرەدا دەڵێیت یەك سێو بۆ من، ئەگەر کەرتەك $\frac{١}{٢}$ بوو، دەگوترێت نیو سێو ئانکو (نیڤ سێڤ) بۆ من.

دەستوور:

١- هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی بەشێك لە ژمارە تەواوەکە پیشان دەدات واتە ئەندازەی کەرتەکە ڕادەگەیەنێت، ئەو ئەندازەیەش بریتیە لە چەندییەتی هەردوو بەشی کەرتەکە، ئەو پیشاندانەش بەهۆی ئامرازەکانی دانەپاڵی (ی) و (أ) و (ێ) جێ بەجێ دەکرێت . ناوە وەسفکراوەکەش هەمیشە لە دووای ژمارە کەرتییەکەوە دێت. ئەم جۆرە هاوەڵناوە ژمارەییە هەمیشە لێکدراون .

٢- ئەگەر سەرەی هاوەڵناوە کەرتییەکە یەك بوو، بەڵام ژێرەی ژمارە سێ و بەولاوە بوو ئەوا لە گوتن دا،ژێرە دەگوترێت و(یەك) یان (ئێك)ی بەدوا دا دێت وەك چوار یەك (چارییێك- چارئێك)، هەشت یەك (هەشت ئێك).

٣- ئەگەر سەرە دوو یان زیاتر بوو، ئەوا لە گوتن دا، سەرە دەگوترێت، ئینجا ژێرەو لەپاشان ژمارە (یەك- ئێك) ی دەخرێتە دوا وەك سێ هەشت یەك، دوو پێنج یەك جاری وا هەیە بە (سێ لەسەر هەشت) یان (دوو لەسەر پێنج) دەخوێندرێت.[1]

---

[1] ئەم جۆرە خوێندنەوەیە تازە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە.

ڕاهێنان (١)

١- جیاوازی هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن لەگەڵ هاوەڵناوی ژمارەیی بنجیی دا چییە ؟

ئـ- لە پێکهاتن دا
ب- لە بەکارهێنان دا

٢- ئەو ژمارە بنجییانەی کە کۆتاییان دێت بە بزوێنی (ە ، ا ، ۆ ، ێ) چۆن دەکرێن بە هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن.

ڕاهێنان (٢)

چەوتی ئەم ڕستانەی خوارەوە پیشان بدەو ئینجا بەڕاستی بیاننوسەوە.

١- ساڵی دووەمین ڕاپەڕینی گەلی کوردستان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزران.

٢- کرێکاری دوو لە لایەن بەڕێوەبەری کارگەکەمان پاداشت کرا.

٣- قوتابیا پێنج ل وانێن زانستی یا باش نینە.

٤- مەولەوی یەك شاعیر بوو کە کێشی خۆماڵی زیندوو کردەوە.

ڕاهێنان (٣)

وشە هێڵ بەژێر داهاتووەکانی ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:

١- خانیا چارێ مالا هەڤالێ منە.

٢- نیڤەکا قوتابیێن ڤێ پۆلێ ل دوو وانان کەڤتینە.

٣- ئازاد لە هەشتەمین پێپیلکە کەوتە خوارەوە.

٤- سێیەکی دانیشتوانی ئەم گوندە هەژارن.

(هاوەڵناوی نادیار)

ئەم دێڕە هۆنراوانە بخوێنەوە:

١- هەر ماهیَ نەوبۆ حالم پەشێون
چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن. (مەولەوی)

٢- هەموو عومرم بە زایەع چوو لە ڕێگەی عیشق دا چونکە
گرفتارو ئەسیری داوی عیشقی تفلْ فامێکم (کوردی)

٣- نەقدیَ مە دبوو ب سکە مەسکووك
نەدما وەهە بیَ ڕەواج و مەشکووك (ئەحمەدی خانی)

٤- هەندیَ کەس ڕاستی بە خوار تێئەگەن
ئەغیاری میللەت بەیار تێئەگەن
کتێبی عیلمی و ئازادی ئەفکار
بە ئینسان خۆرکەو خونخوار تێئەگەن (دلزار)

٥- کەکیَ منۆ
چ دارەکا رەهدرێژم
دڤی واریدا
باوو باهۆزید پاییزیَ
پەلك وەراندن
تا قڕاندن (عەبدولڕەحمان مزوری)

خستنەڕوو:

سەرنج لە دێرە هۆنراوەکانی سەرەوە بدە. دەبینیت:

١- لەدێڕی یەکەم دا، پەیڤی(هەر) وەکو هاوەڵناو بەکارهاتووە و لەپێش پەیڤی (ماهێ, مانگ، هەیف)دانراوە و بەشێوەیەکی نادیار وەسفی ناوی (ماه) دەکات و، واتە بۆمانی دەست نیشان ناکات کەلە کام کاتی مانگ دا، حاڵی دەشێوێت وتووشی پەشێوی دەبێت، لەبەر هەندێ پەیڤەکە دەبێتە (هاوەڵناوی نادیار).

٢- لەدێڕەهۆنراوەی دووەمیش دا، هەربەو جۆرە، پەیڤی (هەموو)هاوەڵناوە ولەپێش ناوی (عومر= تەمەن = ژی) هاتووە، بەئاوایێکی نادیار ودەست نیشان نەکری، وەسفی ناوەکەدەکات بەجۆرێکی وا کەنازانین ماوەی ئەو عومرەی بەفیڕۆ چووە لەڕێی عیشق دا چەندە، بۆیە ئەویش هەرپێی دەگوترێ، (هاوەڵناوی نادیار).

٣- لەدێرە هۆنراوەی سێیەمیش دا،پەیڤی(وەهە=وەها=وا) هاوەڵناوەو لەپێش ناوی (ڕەواج) هاتووەو بەشێوەیەکی نادیار وەسفی بێ ڕەواجییەکەی کردووە، بەجۆرێك کەناتوانین دەست نیشانی ڕادەی یان بڕی ئەو بێ ڕەواجییەبکەین، هەرژبەر هەندێیە دبێژنێ (هاوەڵناوی نادیار).

هەر بەوجۆرە پەیڤەکانی (هەندێ، چ، گەلێك)کەبەڕیزە لەدێرە هۆنراوەکانی ژمارە(٤) و (٥) و (٦) دا هاتوون هەریەکەیان لەگەڵ ناوێك داهاتوون و وەسفی ناوەکە دەکەن بەڵام بەئاواو شێوەیەکی پەنهان ونادیار، بۆیە بە هەر یەك لەوانەش دەگوترێت (هاوەڵناوی نادیار).

دەستوور:

١- هاوەڵناوی نادیار، هاوەڵناوێکە کەجۆر و چۆنیەتی ،یاژمارەو بڕی ناوەکە بەشێوەیەکی نادیار دەست نیشان دەکات ویا دەخرێتە پێش ناوەکە یان جێناوەکە ،ئەو کاتە پێویستی بەئامرازی پەیوەندی نابێت ،یان دەخرێتە دوای (پشتی) ناوەکە ،یان جێناوەکە وئەوکاتە پێویستی بەئامرازی پەیوەندی دەبێت.

٢- هەندێ لەوهاوەڵناوە نادیارانە ئەمانەن:

(چەند= هەندێ(هەندك)، هەر،هەموو (تەڤ) دیکە (دی) تر (دن) فلان ،فیسار، چەندین، ئەوەندە، (هند،هندە) وەها(وەهە ،وا (وەسا ،وەتوف، چ، هین، گەلێك، گەلەك، زۆر، کەم (کێم)، بڕێ ، پیچەك, هەمی.

٣- ئەو پەیڤانەی کەبە (هاوەڵناوی نادیار) ناومان بردن ،لەناویان دا پەیڤی (هەر) هەمیشە هەر بەهاوەڵناوی دەمێنێتەوە وپەیڤی(زۆر، گەلێك، هەندێك، کەمێك..)یش هەندێ جار هاوەڵناوەو هەندێجاریش دەبیتەهاوەڵکار ئەوانی دی، دەکرێ بەبێ ناو بەکاربهێن و ببنە (جێناوی نادیار) وەك:

ئەم ڕووبارە ئاوی کەمە . برنجەکە زۆربوو، پێمان نەخورا.

ڕاهێنان (١)

ئەم دێڕە هۆنراوانە بخوێنەوەو هەر هاوەڵناوێکی نادیاریان تێدا بێت دەریان بهێنە:

عالەم هەموو وەك تەیرە ، تەمەع دانە، ئەمەل داو

سەییادی ئەجەل، ساحەتی دونیا قەفەسێکە (تاهیر بەگی جاف)

٢- ئەڤ رۆم و عەجەم بووان حەسارن
کرمانج هەمی لە چار کەنـــــارن (خانی)

٣- نە نەسرین بەسە باسی ئێستەمان
هیچ دادی نییە فرمێســـــــــک ڕژان
ڕۆییو ، ڕۆییوە ، ئێستاش ئاوایـــە
دوا ڕۆژیش لە دەست من و تۆ دایە (ع . ق)

٤- ئەوەی مێژووی کورد بخوێنێتەوە
ئەڵقەی زێڕینی بهۆنێتـــــــــــەوە
تێئەگا هەرگیز سەر نانێـــــتەوە
هیچ هێزێ نییە بیتوێنێـــــتەوە (موکری)

ڕاهێنان (٢)

ئەم هاوەڵناوە نادیارانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە
(پیچەك = هیچ = هەندێ = هەمی= هەر= دن)

ڕاهێنان (٣)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەوە
١- چەند کتێبێکم کڕی
٢- دیمەنی وەهام نەدیتووە

(جێناوی نادیار)

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١- هەموو لە تاقیکردنەوەکە دەرچوون.

٢- گشت ئامادە بوون.

٣- ئەز فلان ناس دکەم.

٤- کابرا لە کارەکەیدا سەرنەکەوت.

٥- هیچم لە یاد نەکردووە.

٦- من تشتەك ژبیر نەکریە.

٧- کەس دڤێرێ ڕا نەچوویە بازێڕی.

٨- ئازادی چ نەخاریە.

٩- وانەکم لێ کەوتووە.

خستنەڕوو:

لەمەوپێش زانیومانە کە جێناو لە جیاتی ناوێك بەکاردێت لە ڕستەدا، ئینجا ئەگەر سەیری ڕستەکانی سەرەوە بکەین، دەبینین لە هەر ڕستەیەك دا جێناوێکی نادیار هەیە، کە لە جیاتی ناوی مرۆڤێك, گیانلەبەرێك یان شتێکی تر بەکارهێنراوەو بەشێوەیەکی ئاشکرایی ئەو ناوە دیاری نەکراوە کە بەم شێوەی خوارەوەیە .

١- لە ڕستەی یەکەم دا پەیڤی (هەموو) جێناوی نادیارە چونکە لە بڕی چەند ناوێك بەکارهاتووە و بە ئاشکرایی ئەو ناوانە دیاری نەکراون لە ڕووی پێکهێنانییەوە سادەیە، چونکە لە یەك وشەی واتادار پێکهاتووە .

٢- لە ڕستەی دووەم دا وشەی (گشت) جێناوی نادیارە چونکە لە بڕی کۆمەڵە ناوێك بەکارهاتووە ، کە بە ئاشکرایی ئەم ناوانە دیاری نەکراون.

٣- له ڕستەی سێیەم دا پەیڤی (فلان) جێناوی نادیارە چونکە لە بڕی ناوی مرۆڤێك بەکارهاتووە، کە بە ئاشکرایی ئەو ناوە دیاری نەکراوە.

٤- له ڕستەی چوارەم دا وشەی (کابرا) جێناوی نادیارە چونکە لە بڕی ناوی ئادەمیزادێك بەکارهاتووە ، کە بە ئاشکرایی ئەو ناوە دیاری نەکراوە ،

٥- له ڕستەی پێنجەم دا وشەی (هیچ)جێناوی نادیارە چونکە لە بڕی ناوی شتێك بەکارهاتووە، کە بە ئاشکرایی ئەو ناوە دیاری نەکراوە ،

٦- له ڕستەی شەشەم دا وشەی (تشتەك) جێناوی نادیارە چونکە لە بڕی ناوی شتێك بەکارهاتووە، کە بە ئاشکرایی ئەو ناوە دیاری نەکراوە.

٧- له ڕستەی حەوتەم دا وشەی (کەس) جێناوی نادیارە چونکە لە بڕی ناوی مرۆڤێك بەکارهاتووە، کە بە ئاشکرایی ئەو ناوە دیاری نەکراوە.

٨- له ڕستەی هەشتەم دا پەیڤی (چ) جێناوی نادیارە چونگە لە بڕی ناوی شتێك بەکارهاتووە ، کە بە ئاشکرایی ئەو ناوە دیاری نەکراوە.

٩- له ڕستەی نۆیەم دا پەیڤی (وانەك)جێناوی نادیارە چونکە لە بڕی ناوی شتێك بەکارهاتووە ، کە بە ئاشکرایی ئەو ناوە دیاری نەکراوە.

دەستوور:

جێناوی نادیار ئەو وشەیە کە لە بڕی ناوی مرۆڤێك یان گیانلەبەرێك یان هەر شتێکی تر بەکاردەهێنرێت، کە ئەو ناوە بە ئاشکرایی دیار نییە کە کێیە یان چییە؟ وەکو(هەموو، گشت، فلان، فیسار، کابرا، هین، هیچ، چ، تو، وانەك، هەرامە، کەس، تشت، هەندێك، هەندەك، خڕ، زۆر، گەلێك، هەمییا، هەمێی، یەکێك، هەمی، تەڤ، گەلەك، هند، هندە، ئەودی).

(ئەركی جێناوی نادیار لە ڕستەدا)

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١- فلأن زۆرزانە.

٢- کەس لە ئاهەنگی نەورۆز دوانەکەوت.

٣- هوین هەمێی دزانن.

٤- ئەوان هەواڵەکەیان بە فلأن گوتووە.

٥- هەسپیٚ کابرای هاتە دزین.

٦- هین بۆ دەرەوەی ولأت نێرراوە.

٧- کەم و کورتیەکە لە کابرا بوو.

خستنە ڕوو:

پێشتر زانیمان کە جێناوی نادیار لە بڕی ناوێك بەکاردێت لە ڕستەدا، لەبەر ئەمە هەموو ئەرکەکانی ناو لە ڕستەدا دەبینێت وەکو :

١- لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (فلأن) جێناوی نادیارە ئەرکی نیهادی بینیوە.

٢- لە ڕستەی دووەمدا پەیڤی (کەس) جێناوی نادیارە ، ئەرکی بکەری بینیوە.

٣- لە ڕستەی سێیەمدا پەیڤی (هەمیێ) جێناوی نادیارە ئەرکی بەرکارە لە ڕستەدا.

٤- لە ڕستەی چوارەمدا ووشەی (فلأن) جێناوی نادیارە ئەرکی تەواوکەری بە یاریدەیە لە ڕستەدا.

٥- لە ڕستەی پێنجەمدا پەیڤی (کابرا) جێناوی نادیارە ئەرکی تەواوکەری ناوە لە ڕستەدا ،ناوی (هەسپی)پیٚ تەواوکراوە واتە دیارخەری ناوە.

٦- لە ڕستەی شەشەمدا وشەی (هین) جێناوی نادیارە، ئەرکی جێگری بکەری بینیوە.

٧- لە ڕستەی حەوتەمدا وشەی (کابرا) جێناوی نادیارە ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوەلە ڕستەدا.

دەستوور:

جێناوی نادیار کە لە بڕی ناوێك بەکاردێت ، ئەرکی ناو لە ڕستەدا دەبینێت. وەکو (بکەر، نیهاد، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە،تەواوکەری ناو (دیارخەری ناو)، تەواوکەری کاری ناتەواو، جێگری کارا).

ڕاهێنان (١)

ئەم جێناوانەی خوارەوە لەڕستەدا بەکاربهێنە: گشت، هەندێك، کەس، چ، هەرامە، وانەك.

ڕاهێنان (٢)

جێناوی(فلان) لەڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێك هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت.

ڕاهێنان (٣)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا جێناوە نادیارەکان دەربهێنە و ئەرکەکانیان دیاربخە.

١- خڕ هاتبوون.

٢- مەچ نەکریە.

٣- تۆ هینت بۆکوێ نارد؟

٤- یەکێك لەهاوڕێکانم زۆر زیرەکە.

٥- ئەم هەمێی دزانین.

٦- ئەمە فلان بوو.

٧- بلا کەس نەهێتە گرتن.

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤە بکە:

١- یەکێ لەکتێبەکانم بەکابرا بەخشی.

٢- شڤانی چ نەنڤیسییە.

ڕاهێنان (٥)

ئـ- جیاوازی لەنێوان هاوەڵناوی نادیار و جێناوی نادیار چییە؟ بەنموونە ڕوونی بکەوە.

ب- ئەم پەیڤانە جارێك بەهاوەڵناوی نادیارو جارێکیش بەجێناوی نادیار بەکاربێنە: (هیچ، هەمی، گشت، چ، هین)

(کاری دارِژاو)

١- قەڵاتی زیوی ڕووخاوە هەرەس بە تۆپی نەسیم
سەپاهی لالەو گوڵ چادری لە جێ هەڵدا (حاجی قادری کۆیی)

٢- مەمێ ڕەبەن ئەڤیندار بوو
بەکۆ ڕابوو ژەهر تێکـــــــر
ب کینا ڕەش ڤەکۆلا بـــــوو
ب زیندانا جزیرێ کـــــــر (سەبری بۆتانی)

٣- کە دەرکەوت مانگی دوو حەفتە سەراپەردەی درەخشان کرد
بە عینوانی سەفا دەستی جەفای لەو ناوەدا دەرکرد
(بێخود)

٤-خەرامان دەرکەوت لە توێی پەردەوە
پەچەی لە ڕووخسار مانگ لابردەوە (مەولەوی)

٥- با هۆزو باگەڕو بـــــــاران
نەمان چوون و وەلات بەردان (سەبری بۆتانی)

٦- لە ورشەی شەونم لە توێی پەردەوە
نەرگس بە مەستی چاوی کردەوە (مەولەوی)

خستنەڕوو:

کاتێ سەیری ئەم دێڕە هۆنراوانەی سەرەوە دەکەین، دەبینین وشەکانی (هەڵدا، ڕابوو، تێکر، ڤەکۆلا، دەرکەوت، دەرکرد، لابردەوە، بەردا، کردەوە) هەموو کارن بەڵام ئەگەر بپرسین چ جۆرە کارێکن لە ڕووی دروست کردنەوە؟ دەڵێین کاری داڕژاون، چونکە هەریەکیان لە کارێکی سادە لەگەڵ پێشگرێك یا لەگەڵ پاشگرێك یا لەگەڵ هەردووکیان پێك هاتووە. بەم شێوەی خوارەوە.

١- لەدێڕە هۆنراوەی یەکەمداکاری(هەڵدا) کارێکی داڕژاوە، لەپێشگری (هەڵ)و کاری سادەی (دا) پێکهاتووەو بووە بەکارێکی داڕژاو،لەچاوگی داڕژاوی (هەڵدان) وەرگیراوە.

٢- لەدێڕە هۆنراوەی دووەمدا کاری(ڕابوو، تێکر، ڤەکۆلا) دارژاون، کاری (ڕابوو) لەپێشگری(ڕا) وکاری سادەی (بوو) پێکهاتووەو بووە بەکارێکی داڕژاو، لەچاوگی داڕژاوی (ڕابوون) وەرگیراوە، کاری (تێکر= تێکرد) لەپێشگری (تێ)و کاری سادەی (کر- کرد) پێکهاتووەو بووە بەکارێکی داڕژاو، لەچاوگی داڕژاوی (تێکرن- تێکردن) وەرگیراوە.

کاری (ڤەکۆلا) لەپێشگری (ڤە) و کاری سادەی (کۆلا) پێکهاتووەو بووە بەکارێکی داڕژاو لەچاوگی داڕژاوی (ڤەکۆلان) وەرگیراوە.

٣- لە دێڕە هۆنراوەی سێیەمدا کاری (دەرکەوت- دەرکرد) داڕژاون، کاری (دەرکەوت) لەپێشگری (دەر) وکاری سادەی (کەوت) پێکهاتووەوبووە بەکارێکی داڕژاو، لەچاوگی داڕژاوی (دەرکەوتن) وەرگیراوە کاری (دەرکرد) لەپێشگری (دەر) وکاری سادەی (کرد) پێکهاتووە و بووە بەکاری داڕژاو، لەچاوگی داڕژاوی (دەرکردن) وەرگیراوە.

٤- لەدێڕە هۆنراوەی چوارەمدا کاری (دەرکەوت، لابردەوە) داڕژاون کاری (دەرکەوت) لەخاڵی پێشوو باسکراوە، کاری (لابردەوە) لە پێشگری (لا) وکاری سادەی (برد) و پاشگری (ەوە) پێکهاتووەو بووە بەکارێکی داڕژاو، لەچاوگی داڕژاوی (لابردنەوە) وەرگیراوە.

٥- لەدێڕە هۆنراوەی پێنجەمدا کاری(بەردا) داڕژاوە، لەپێشگری (بەر) وکاری سادەی (دا) پێکهاتووەو بووە بەکارێکی داڕژاو، لەچاوگی داڕژاوی (بەردان) وەرگیراوە.

٦- لەدێڕە هۆنراوەی شەشەمدا کاری(کردەوە) داڕژاوە، لەکاری سادەی (کرد) و پاشگری (ەوە) پێکهاتووەو بووە بەکارێکی داڕژاو، لەچاوگی داڕژاوی (کردنەوە) وەرگیراوە.

دەستوور:

کاری داڕژاو کارێکی نا سادەیە لەکارێکی سادەی واتا دارو پاشگرێك یان پێشگرێکی بێ واتا پێك دێت یاخود لەگەڵ هەردووکیان پێك دێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئ- پێشگر + کاری سادە= کاری داڕێژراو

هەڵواسی، هەڵبڕی، ڕاکرد، ڤەکر، داخست، ڤەمراند، ڕاپەڕی، وەرگرت، پێکرد، ڕونیشت، هەڵدا، داچوو، ڕویکر.

تێبینی: (١)

ئەم پێشگرانە بەتەنیا هیچ واتایەکیان نییە، بەپێش کارە سادەکەی دەلکێن، بەگشتی پێشگری (هەڵ) واتای بەرزیو بۆسەرەوەیە، بەلام پێشگری (دا) واتای بۆخوارەوەیە، پێشگری (ڕا) بزوتنەوەیەکی ڕاستەوخۆ پیشان دەدات،

پێــشگری (وەر، گەرانــەوەو شــوێن گــۆڕین دەردەخــات، پێــشگری (ڕوو) بزوتنەوەیە بۆخوارەوە.

((هەڵدڕی، هەڵواسی،هەڵدا، هەڵستا، هەڵکرد، هەڵکەڤت))

((داماڵی، دانیشت، داتەپی، دادڕی، دادا،........هتد))

((ڕابوو، ڕاماڵی، ڕاخست، ڕاکێشا، ڕاگرت،......هتد))

((ڕووچوو- ڕوونیشت، ڕووهات....هتد))

((وەرگەڕا، وەرگرت، وەرپێچا، وەربادا،.......هتد))

٢-پێشگر + کاری سادە + پاشگر = کاری داڕژاو

هەڵدایەوە / داخستەوە / هەڵخستەوە

هەڵ + دا + یـــ + ەوە = هەڵدایەوە

دا+خست + ەوە (ڤە) = داخستەوە (داخستەڤە)

هەڵ + دا + ڤە = هەڵداڤە

وەر+ پێچا + ڤە = هەڵداڤە

٣- کاری سادە + پاشگری (ەوە) = کاری داڕژاو

خوارد + ەوە = خواردەوە

چوو + ەوە = چووەوە

خوار + ەڤە = خوارەڤە

چوو + ڤە = چووڤە

هات + ەڤە = هاتەڤە

یان :

کاری سادە+ پاشگری "اند" کاری داڕژاو

ڕژا+ اند= ڕژاند سووتا+ اند= سووتاند

تێبینی: (٢)

پاشگری (ەوە) دەچێتە سەرکاری سادەو ئەم گۆڕانکارییانە نیشان دەدات دوای ئەوە کارێکی دارِژاویان لێ دروست دەکات.

ئـ- واتای نوێو جیاواز لەکارە سادەکە دروست دەکات وەك :

برد +ەوە= (بردەوە) لێرەدا بەواتای (سەرکەوتن) دێت.

کرد+ەوە= (کردەوە) لێرەدا بەواتای کردنەوەی دەرگاو پەنجەرەو شتێکی داخراو بەکاردێت.

چوو+ ەوە= (چووەوە) لێرەدا بەواتای ڕەنگ چوونەوە بەکاردێت

وەك :

١- یارییەکەیان بردەوە.

٢- پەنجەرەکەی کردەوە.

٣- ڕەنگی کراسەکەی بەهەتاو چووەوە.

ب- بەمانای دووبارە کردنەوەی کارێك دێت :

هات+ەوە= هاتەوە

برد+ەوە = بردەوە

کرد+ەوە= کردەوە

١- هاوڕێ جارێکی تر هاتەوە بۆلامان.

٢- ئەم جارەش کتێبەکەی بردەوە.

٣- نوێژەکەم کردەوە .

پ- هەندێك جار کە دەچێتە سەر کاری سادە، واتای کارەکە تەواو دەکات چونکە کاری وامان هەیە کەبەسادەیی واتایان نییە.

وەك:

حەسا + ی + ەوە = حەسایەوە

دۆزی + ی + ەوە = دۆزییەوە

کولا + ی + ەوە= کولایەوە

لەرا + ی + ەوە = لەرایەوە

میوانەکە لەلامان حەسایەوە

پارەکەمان دۆزییەوە

برینەکەی کولایەوە.

تێبینی:

پاشگری (اند) لەبنچینەدا ((اندن))ە، کەدەچیتە سەر قەدی یا, ڕەگی چاوگی سادەی تێنەپەڕ، چاوگی داڕژاوی تێپەڕ دروست دەکات وەك:

ڕژا + اندن= ڕژاندن

مر + اندن= مراندن

سەپا+ اندن= سەپاندن

پاش لابردنی (ن) ی چاوگ کارێکی داڕژاوی تێپەڕ دروست دەبێت، چونکە وەکو دەزانین هەموو کارێك لەچاوگ وەردەگیرێت .

تێبینی:

لەبەرامبەر پاشگری (ەوە) لەشێوەی کرمانجی ژووروودا پێشگری (ڤە) بەکاردێت (١) وەك :

ڤە + کر= ڤەکر

ڤە + تەمراند = ڤەتەمراند

ڤه + بوو = ڤەبوو

ڤه + ما = ڤەما

ڤه + مراند = ڤەمراند

ڤه + دا = ڤەدا

١- دەرگەھ ڤەکر

٢- ئاگر ڤەمراند

٣- پەنجەرك ڤەبوو

ڕاهێنان (١)

لەم دێڕە هۆنراوانەی خوارەوەدا هەرچ کاری داڕژاو هەیە دەری بهێنەو لەڕووی پێکهاتنیەوە دەست نیشانی بکە.

١- سبەینێ کەجەنگ دامر کایەوە
ئاگری هەراو شەڕ کوژایەوە (بێکەس)

٢- گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد، ئاخۆ
مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر (هێمن)

٣- چەند جار سوتام و هەڵگەڕامەوە
بووم بە خۆڵەمێش دامرکامەوە (شێخ سەلام)

٤- شەتری و تایێن سوورو زەر
بائی نەسیم لێدا سەحەر

ل ویَ جەبهەتیَ هژیان دووبەر

لەورا سوکاری بیَ هشین (مەلای جزیری)

٥- لیم گەڕیَ با دەربڕم سۆزی دەروون

لیم گەڕیَ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون (هێمن)

٦- گولێ جانێ تە ئەز برم

ژ دنیاییَ ئەز دەرکرم (سەبری بۆتانی)

ڕاهێنان (٢)

واتای ئەم پێشگرو پاشگرانەی خوارەوە دیاری بخەو لەگەڵ هەریەکێکیان دوو کاری داڕژاو دروست بکەو لە ڕستەدا بەکاری بێنە

(هەڵ ، وە، ڤە ، دا، ەوە)

ڕاهێنان (٣)

ئەم ڕستانە شی بکەوە:

١- ئاڵای کوردستان لە هەموو شوێنێك دەشەکێتەوە.

٢- لاپەڕەکانی گۆڤارەکەی لەسەرخۆ هەڵدەدایەوە.

٣- وی پەنجەرەك ڤەکر.

٤- مەمۆی ئاگریَ نەورۆزیَ هەڵکر.

(کاری لێکدراو)

ئـ:

١- میری ئەڤـ پێشمەرگە خەلات کر.

٢- ڕێگایان لەکاروانەکە گرت.

٣- نەخۆشەکە ناڵە نالی کرد.

٤- ئەوی خورتی دەست ڤەکر.

٥- ڕووداوەکەیان لەیاد کرد.

٦- سەرداری چیرۆك ژبیر کر.

هۆنراوەکانم بەبیرهاتنەوە.

ب:

١- ئەڤان خەباتکەران ئالاێی کوردستانێ بلند کر.

٢- حوکومەتی کوردستان لەشکری کوردستانی بەهێز کرد.

٣- شڤانی هەڤالێن خۆ دلخۆش کرن.

٤- پەیمانەکەیان نۆیێ کردەوە.

٥- مرۆڤە کە بەئاگا هاتەوە.

٦- نووسەرەکە دڵشاد بووەوە.

پ:

١- بەرهەمی کارگەی چنینیان زۆرکرد.

٢- پیاوەکە کرێی خانووەکەی کەم کردەوە.

٣- نەخوێندەڤانی ژناڤـ چوو.

ت:

١- پاپۆڕ دئاڤێدا نقووم بـــوو.

٢- مرۆڤه هەژارەکە پەکی کەوت.

٣- ئاسۆ کەل وپەلە شکاوەکانی فڕێدا.

خستنە ڕوو:

لەمەو پێش زانیومانـە کەچاوگ سەرچاوەی کـارە، واتـە کـار لەچاوگ دروسـت دەکرێـت، بـەلابردنی پیتـی(ن)ی چـاوگ، کـاری لێکـدراو لەچـاوگی لێکدراو دروسـت دەکرێـت. چـاوگی لێکـدراویش وەکـوو پێـشتر خوێندوومانـە لەچاوگی سادە یا دارڕژاو لەگەڵ وشەیەکی واتاداری تر یا زیاتر پێکدێت.

ئـ- ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) بکەین ، دەبینین لـە هـەر ڕسـتەیەك دا کارێکی لێکدراو هەیە کە لە چاوگێکی لێکدراو وەرگیراوەو چاوگەکەش بەم شێوەی خوارەوە پێکهاتووە.

١- لە ڕستەی یەکەم دا کاری (خەلاتکر= خـەلاتکرد) کـارێکی لێکـدراوەو لـە دوو پـەیڤی واتـادار پێکهـاتووە، کەلـە چـاوگی (خـەلات کـرن وەرگـیراوە) چاوگەکە لە ناوێکی سادەو چاوگێکی سادە پێکهاتووە (خەلات + کرن)

٢- لە ڕستەی دووەم کاری (ڕێگـا گـرت) کـارێکی لێکـدراوەو لـە دوو وشـەی واتـادار پێکهـاتووە کـە لـە چـاوگی (ڕێگـا گـرتن) وەرگـیراوە ، چـاوگەکە لـە ناوێکی دارڕژاوو چاوگێکی سادە پێکهاتووە (ڕێگا + گرتن) .

٣- لە ڕستەی سێیەم دا کاری (ناڵـە نـالی کـرد) کـارێکی لێکـدراوە ، لـە دوو وشەی واتادار پێکهاتووە کە لە چاوگی (ناڵە ناڵ کردن) وەرگیراوە چـاوگەکە لە ناوێکی لێکدراوو چاوگێکی سادە پێکهاتووە (ناڵە ناڵ + کردن)

٤- له ڕستەی چوارەم دا کاری (دەست ڤەکر = دەست ڤەکرد) کارێکی لێکدراوەو له دوو وشەی واتادار پێکهاتووه که له چاوگی (دەست ڤەکرن, دەست ڤەکردن) وەرگیراوه چاوگەکه له ناوێکی سادەو چاوگێکی داڕژاو پێکهاتووه (دەست + ڤەکرن)

٥- له ڕستەی پێنجەم دا کاری (له یاد کرد) کارێکی لێکدراوه له دوو وشەی واتادار پێکهاتووه ، که له چاوگی (لەیاد کردن) وەرگیراوه، چاوگەکه له ناوێکی داڕژاوو (گرێی ناوی) چاوگێکی ساده پێکهاتووه (لەیاد + کردن)

٦- له ڕستەی شەشەم دا کاری (ژبیر کر) کارێکی لێکدراوه له دوو وشەی واتادار پێکهاتووه، که له چاوگی (ژبیر کرن) دروستکراوه چاوگەکه له گرێیەکی ناوی و چاوگێکی ساده پێکهاتووه (ژبیر + کرن)

٧- له ڕستەی حەوتەم دا کاری (بەبیر هاتەوه) کارێکی لێکدراوه له دوو پەیڤی واتادار پێکهاتووه ، که له چاوگی (بەبیرهاتنەوه) دروستکراوه، چاوگەکه لەگرێی ناوی و چاوگێکی داڕژاو پێکهاتووه .(بەبیر+ هاتنەوه)

ب-

کاتێ سەیری ڕستەکانی بەشی (ب) دەکەین، دەبینین لەهەر ڕستەیەك دا کارێکی لیکدراو هەیە، کەلەچاوگێکی لێکدراو دروست کراوه، چاوگەکەش بەم شێوەی خوارەوه پێکهاتووه :

١- لەڕستەی یەکەم دا کاری (بلند کر=بلند کرد) کارێکی لێکدراوه، لەدووپەیڤی واتا دار پێکهاتووه ، کەلەچاوگی (بلند کرن) وەرگیراوه، چاوگەکه لەهاوەڵناوێکی ساده وچاوگێکی ساده پێکهاتووه . (بلند+کرن).

٢- لەڕستەی دووەم دا کاری(بەهێز کر) کارێکی لێکدراوە، لەدوو وشەی واتادار پێکهاتووە، کە لە چاوگی (بەهێز کردن) وەرگیراوە چاوگەکە لەهاوەڵناوێکی داڕژاوو وچاوگێکی سادە پێکهاتووە.(بەهێز +کردن)

٣- لەڕستەی سێیەم دا کاری (دڵخۆش کر=دڵخۆش کرد)، کارێکی لێکدراوە، لەدوو وشەی واتادار پێکهاتووە، کەلەچاوگی (دلخۆش کرن) وەرگیراوە، چاوگەکە لەهاوەڵناوێکی لێکدراو وچاوگێکی سادە پێکهاتووە . (دلخۆش+ کرن)

٤- لەڕستەی چوارەم دا کاری (نوێ کردەوە) کارێکی لێکدراوە، لەدوو وشەی واتادار پێکهاتووە، کەلەچاوگی (نوێ کردنەوە) دروست کراوە چاوگەکە لەهاوەڵناوێکی سادەو چاوگێکی داڕژاو پێکهاتووە.(نوێ + کردنەوە).

٥- لەڕستەی پێنجەم دا کاری (بەئاگاهاتەوە) کارێکی لێکدراوە ، لەدوو وشەی واتادار پێکهاتووە، کەلەچاوگی (بەئاگاهاتنەوە) دروست کراوە چاوگەکە لەهاوەڵناوێکی داڕژاوو وچاوگێکی داڕژاو پێکهاتووە.

٦- لەرستەی شەشەم دا کاری (دڵشاد بووەوە) کارێکی لێکدراوە، لەدوو پەیڤی واتادار پێکهاتووە، کە لە چاوگی (دلشاد بوونەوە) وەرگیراوە، چاوگەکە لەهاوەڵناوێکی لێکدراو وچاوگێکی داڕژاو پێکهاتووە (دلشاد +بوونەوە).

پ :

دیسان ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (پ) بکەین، دەبینین کاری لێکدراو هەیە کە بەم شێوەی خوارەوە پێکهاتووە:

١– لەڕستەی یەکەم دا کاری (زۆرکرد) کارێکی لێکدراوە، لەدوو پەیڤی واتادار پێکهاتووە، کەلەچاوگی (زۆر کردن) وەرگیراوە، چاوگەکە لەهاوەڵکارێکی سادەو چاوگێکی سادە پێکهاتووە (زۆر+ کردن)

٢– لەڕستەیدووەم دا کاری (کەم کردەوە) کارێکی لێکدراوە، لەدوو وشەی واتادار پێکهاتووە، کەلەچاوگی (کەم کردنەوە) دروست کراوە، چاوگەکە لەهاوەڵکارێکی سادەو چاوگێکی داڕژاو پێکهاتووە.(کەم+کردنەوە)

٣– لە ڕستەی سێیەم دا کاری (ژناڤ چوو) کارێکی لێکدراوە ، لە دوو وشەی واتادار پێکهاتووە، کە لە چاوگی (لەناوچوون) وەرگیراوە چاوگەکە لە هاوەڵکارێکی داڕژاوو چاوگێکی سادە پێکهاتووە (ژناڤ + چوون)

ت: دیسان ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (د) بکەین ، دەبینین لە ڕستەکان کاری لێکدراو هەیە ، کە بەم شێوەیەی خوارەوە پێکهاتووە.

١– لە ڕستەی یەکەم دا کاری (نقوم بوو) کارێکی لێکدراوە، لە دوو پەیڤ پێکهاتووە کە لە چاوگی (نقوم بوون) وەرگیراوە، چاوگەکە لە وشەی (نقوم) کە ئەمڕۆ مانای سەربەخۆی نییە لەگەڵ چاوگی بوون پێکهاتووە (نقوم + بوون)

٢– لە ڕستەی دووەم دا کاری (پەککەوت) کارێکی لێکدراوە لە دوو وشە پێکهاتووە، لە چاوگی (پەککەوتن) دروستکراوە ، چاوگەکە لە وشە ی(پەك) کە ئەمڕۆ مانای سەربەخۆی دیارنییە لەگەڵ چاوگێکی سادە پێکهاتووە (پەك + کەوتن)

٣– لە ڕستەی سێیەم دا کاری (فرێدا) کارێکی لێکدراوە، لە دوو وشە پێکهاتووە کە لە چاوگی (فرێدان) دروستکراوە چاوگەکە لە وشەی (فڕێ) کە ئەمڕۆ مانای سەربەخۆی دیارنییە لەگەڵ چاوگێکی سادە پێکهاتووە، (فڕێ + دان)

دەستوور:

کاری لێکدراو: ئەو کارەیە کە لە چاوگێکی لێکدراو دروست کراوە لە ناو ڕستەدا وەکو وشەیەکی سەربەخۆ ئەرکی خۆی دەبینێت, چاوگی لێکدراو لە دوو وشەی واتادار یا پتر پێکدێت بەم شێوەی خوارەوە

ئ- (ناو + چاوگ)

١. (ناوی سادە + چاوگی سادە) وەکو (دەست کەوتن ، ڕیزبوون ، یارمەتیدان ، ئاڤدان ، سواربوون ، سوارکردن)

٢. (ناوی داڕژاو + چاوگی سادە) وەکو (ڕێگا گرتن, گەرمابوون, جێگەبوون)

٣. (ناوی لێکدراو + چاوگی سادە) وەکو (ناڵە ناڵ کردن, ماڵئاوایی کردن)

٤. (ناوی سادە + چاوگی داڕژاو) وەکو: (دەست هەڵبڕین، چاولێبوون، چاوپێکەوتن، دەست ڤەکرن، دەست پێکردن)

٥. (گرێی ناوی + چاوگی سادە) وەکو: (لەهۆش چوون، ژبیرچوون، لەبیرکردن، بەدەست هێنان).

٦. (گرێی ناوی + چاوگی داڕژاو) وەکو: (بەبیرهاتنەوە، لەیادچوونەوە، بەبیرهێنانەوە).

ب: (هاوەڵناو + چاوگ).

١. (هاوەڵناوی سادە + چاوگی‌سادە) وەکو:(بلند کردن، خۆش کردن، گەش کردن، گەرم کردن، پڕکردن، گەورەبوون).

٢. (هاوەڵناوی داڕژاو + چاوگی سادە)وەکو: (بەهێزکردن، نەخۆش کەوتن)

٣. (هاوەڵناوی لێکدراو + چاوگی سادە) وەکو (دڵخۆش کردن ، ڕوو ڕەش کردن ، دڵ سارد کردن، دڵشاد بوون)

٤. (هاوەڵناوی سادە + چاوگی داڕژاو) وەکو (نویێ کردنەوە ، تیژکردنەو، شین بوونەوە)

٥. (هاوەڵناوی داڕژاو + چاوگی داڕژاو) وەکو (بەئاگاهاتنەوە ، بەهێز بوونەوە)

٦. (هاوەڵناوی لێکدراو + چاوگی داڕژاو) وەکو (دڵ ساردکردنەوە دڵخۆش کردنەوە)

پ: (هاوەڵکار + چاوگ)

١.(هاوەڵکاری سادە + چاوگی سادە) وەکو (زۆرکردن ، کەم کردن ، کەم بوون)

٢. (هاوەڵکاری سادە + چاوگی داڕژاو) وەکو (کەم کردنەوە، زۆر کردنەوە)

٣. (هاوەڵکاری داڕژاو + چاوگی سادە) وەکو (ژ ناڤ چوون ، لەناوبردن ، لەناونان)

ت: (پەیڤەك مانای سەربەخۆی نییە + چاوگی سادە) وەکو (نقوم بوون، وازهێنان ، پەککەوتن ، فرێدان ، هاندان ، فێربوون ، فێرکردن)

ڕاهێنان (١)

کاری لێکدراو بە چەند ڕێگا دروست دەکرێت؟ بۆ هەر ڕێگەیەك دوو نموونە بهێنەوەو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە .

ڕاهێنان (٢)

لەم کارانەی خوارەوە دا کاری لێکدراو درووست بکەو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە . چۆنیەتی دروست کردنەکە ڕوون بکەرەوە :

(کەوت، هەڵگرت، دا، بوو، کردەوە، هەڵبڕی، گرت)

ڕاهێنان (٣)

لەم دێڕە هۆنراوانەی خوارەوەدا هەرچ کاری لێکدراو هەیە دەری بهێنەو چۆنیەتی دروست کردنەکەشی دیاربخە .

١- ئەو کەسەی گیانی لە ڕێگەی نیشتیمانا بەخت ئەکا
پێی مەڵێن مردووە ، شەهیدە وا لە فیردەوسی بەرین (بێکەس)

٢- بەندو زنجیر دێ ڤەبن جەرحێن دکول دێ خوەش بکت
لەوکو ناڤێ دلبەرێ دەرمانێ دەردێ بەندەیە (جزیری)

٣- غونچە لە با ژ ڕەنگ گولێ دێمێ ب سەر نوما مەلێ
شوبهەتی بولبولان سەمەر لەو مەفغان و نالە کر (جزیری)

٤- داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ (بێکەس)

چیمەنێ دێمێ تە گەش بوو نوی بەهارە ڕست و خۆش بوو
کەسك و سۆرە پڕ لە نوورە سوبح و شام لێ کەت خوناڤـ
بەژن و بالاّ یاسەمین بوو، باغێ زولّفا تازە شـــین بوو
ژوان دباریت شیرو شەکرو عەنبەرو مسك و گـــولاڤـ

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤە بکە .

١- ڤی خەباتکەری دێ خەلاتکەن.

٢- ئەزێ خانی ئاڤا دکەم

(کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ)

(ئـ)

١- نەخۆشەکە نووست	نەخۆشەکە دەنوێت
٢- دوێنێ چووم بۆ بازاڕ	سبەینێ دەچم بۆ بازاڕ
٣- ڤیان گەڕایەوە	ڤیان دەگەڕێتەوە

(ب)

١- ئالان پەنجەرەکەی داخست	ئالان پەنجەرەکە دادەخات
٢- ئەڤین نانەکەی خوارد	ئەڤین نانەکە دەخوات
٣- نووسەرەکە چیرۆکێکی نووسی	نووسەرەکە چیرۆکێك دەنووسێت

کار بریتییە لە وشەیەك کە کارێك یان حاڵ و بارودۆخی کەسێك یان شتێك باس دەکات لەکاتێکی زانراودا، هەروەها کاری تێنەپەڕ ئەو کارەیە کە ئەرکی کارەکە لە بکەرەکەیەوە تێناپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر و بەتەنیا واتای تەواو دەدات بەدەستەوە.

١- ئەگەر سەرنجی ڕستەکانی بەشی (ئـ) بدەین ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، بۆنموونە لە ڕستەی یەکەمدا کرداری (نووست - دەنوێت) بەبێ یاریدەی وشەیەکی تر یەکسەر واتای ڕستەکەی دەرخستووە و بووە بە کار بۆ بکەرەکەی و ئەرکی کارەکەش لە بکەرەکەوە تێنەپەڕیوە بۆ سەر کەسێك یان شتێکیتر، هەروەها کارەکانی ڕستەی دووەم و سێیەم (چووم - دەچم، گەڕایەوە - دەگەڕێتەوە) هەر بەهەمان شێوە لە شوێنی خۆیاندا کارێکی تێنەپەڕن.

٢- بەڵام لە ڕستەکانی بەشی (ب) دا کارەکانی (داخست - دادەخات ، خوارد - دەخوات، نووسی - دەنووسێت) بەتەنیا واتای تەواوی ڕستەکان نادەن بەدەستەوە بۆنموونە ناتوانین بڵێین: (ئالان داخست) یان (ئالان دادەخات) چونکە ئەم کارە بەیاریدەی وشەیەکی ترەوە توانیویەتی واتای ڕستەکە تەواو بکات کە بەم وشەیە دەگوترێت (بەرکار). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت لە ڕستەی یەکەمدا (ئالان) بکەری ڕستەکەیە و کارێکی کردووە و ئەرکی کارەکە کەوتۆتە سەر شتێکی تر ئەویش (پەنجەرەکەیە) بەهۆی ئەمەوە کارەکە واتای ڕستەکە تەواو دەکات و دەبێت بە کارێکی تێپەڕ بۆ بکەری ڕستەکە، هەروەها لە ڕستەکانی بەشی (ب) بۆمان دەردەوکەوێت کە ئەرکی کارەکان بەهەمان شێوەیە و لە هەریەکێك لە ڕستەکاندا ئەرکەکە تێپەڕیوە بۆ سەر وشەیەکی تر (نان ، چیرۆك) و ئەمانیش دەبن بە (بەرکار) و واتای کارەکانیان تەواو دەکەن.

دەستوور:

کاری تێنەپەڕ کارێکە ئیشێك یان حاڵ و بارودۆخی کەسێك یان شتێك پیشان دەدات لەکاتێکی دیاریکراودا و بەتەنیا واتای تەواو دەدات بەدەستەوە و ئەرکەکەی پەیوەندی بە بکەرەوە هەیە.
کاری تێپەڕ کارێکە ئیشێك یان حاڵ و بارودۆخی کەسێك یان شتێك پیشان دەدات لەکاتێکی دیاریکراودا و پێی دەگوترێت بەرکار و هەمیشە ئەرکی کردارەکە لە بکەرەوە تێدەپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر.

ڕاهێنان (١)

لەمانەی خوارەوەدا کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ جیار بکەوە و تێپەڕەکان لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

سەربڕی، کەوتبوو، دەنووسێت، دەفڕێت، هەڵگرتووە، ڕاخست، ڕۆیشت، دەمرد، نووست.

ڕاهێنان (٢)

ئەمانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە بەمەرجێك جارەك ببن بە بکەر و جارێك ببن بە بەرکار:

کۆتر، گوڵ ، دیوار، پیاو

ڕاهێنان (٣)

لەم پارچە هۆنراوانەدا کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ دەربهێنە.

١- ئەڵێن جەردەی ئەجەل ڕێگا بە کاروانی نەفس ئەگرێ

شەقامی سینە ئەبڕێ بۆ مەتاعی دیدە ئەڕوانێ

تەریدەی نەفس و شەیتان، قافڵەی قاعاتی غارەت کرد

ئەگەر جاسووس ئیمان نەبێ دەرناچێ ئینسانێ

(حەریق)

٢- گلۆپەکانی سەر جادە و کـــــۆڵان

زەرد هەڵگەڕابوون کز کز ئەسووتان

ئاسمانی شین و ئەستێرەکانـــــی

پێدەکەنین بۆ بەری بەیانـــــــی

(گۆران)

ڕاهێنان (٤)

جیاوازی نێوان کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ چییە؟ ڕوونی بکەرەوە و باسەکەت بە نموونەوە بسەلمێنە.

ڕاهێنان (٥)

شیکردنەوە.

١- باران باری.

باران: ناوە، سادەیە، بکەرە، بەرجەستەیە.

باری: کاری ڕابردووی نزیکە، تێنەپەڕە.

٢- ئەم ڕستانە شیبکەوە.

ئـ- ئاشەوان گەنم دەهاڕێت.

ب- کەروێشکەکە لە دەوەنەکەوە دەرپەڕی.

پ- ئاسنگەر پاچ و بێل دروست دەکات

ت- منداڵەکە لە بێشکەکەدا نووستووە.

(گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ)

١-

ئـ- نامەکە گەیشت — نامەکەیان گەیاند

منداڵەکەنووست — ئەو منداڵەکەی نوواند

لەشکریدوژمن بەزی — لەشکری دوژمنیان بەزاند

ب-

شوشەکە شکا — ڕێبوار شووشەکەی شکاند

دیوارەکە ڕووخا — ئەو دیوارەکەی رووخاند

مرۆڤەکە ترسا — مرۆڤەکەیان ترسـاند

پارەکە لەدەست چوو — ئەوان پارەکەیان لەدەست چوواند

٢- نەخۆشەکە ناڵاندی — نەخۆشەکەی هێنایە ناڵاندن

بەرخەکە باڕاندی — بەرخەکەیان هێنایە باڕاندن

گایەکە بۆڕاندی — گایەکەی هێنایە بۆڕاندن

خستنە ڕوو:

کاتێک سەیری ڕستەکانی لای دەستە ڕاستی بەشی ژمارە (٢ ، ١) دەکەین، دەبینین کاری (گەیشت، نووست، بەزی، شکا، رووخا، ترسا، لەدەست چوو، ناڵاند، باڕاند, بۆڕاند) لەڕستەدا بەکار هێنراون، هەریەکێك لەم کارانە لەشوێنی خۆی دا کارێکی تێنەپەڕە ،چونکە کاری کەسێك یاشتێکی دەرخستووە لەکاتێکی دیاری کراودا ، هەروەها کاریگەری کارەکە لە بکەر تێنەپەڕیوە ،واتە تەنها بکەری وەرگرتووە ومانای تەواوی بەخشیوە.

بەلأم كاتێك سەیری ڕستەكانی لای دەستە چەپی بەشی ژمارە (١- ٢) دەكەین، دەبینین كاری (گەیاند، نوواند، بەزاند، شكاند، ڕووخاند، ترساند، لەدەست چوواند، هێنایە نالأندن، هێنایە باڕاندن، هێنایە بۆڕاندن) لەڕستەكەدا بەكارهێنراون، هەریەكێك لەم كارانە لەشوێنی خۆی دا كارێكی تێپەڕە، چونكە كاری گەرییەكەی لە بكەر تێپەڕیوە و كەوتۆتە سەربەركار، واتە بێجگە لە بكەر پێویستی بە بەركار هەیە تا واتای تەواو ببەخشێت.
ئینجا لەكاتی گۆڕینی كاری تێنەپەڕ بۆكاری تێپەر پێویستیمان بەڕەگی كار یا قەدی چاوگ (بناغەی چاوگ) هەیە، كەپاشگری (اندن) دەخەینە سەر ڕەگی كار یاقەدی چاوگ، چاوگێكی تێپەر دێتە كایەوە، دەتوانرێت لەچاوگە تازەكە كاری ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی دروست بكرێن بەپێی ئەو دەستوورانەی كەپێشتر خوێندوومانن، چاوگی تێنەپەڕ بەم شێوەیە دەگۆڕین بۆچاوگی تێپەڕ:
١- ئـ

چاوگی تێنەپەڕ	ڕەگی كار	پاشگر	چاوگی تێپەڕ
گەیشتن	گە + یـ	اندن	گەیاندن
نووستن	نـــوو	اندن	نوواندن
بەزین	بـــەز	اندن	بەزاندن
مردن	مـــر	اندن	مراندن
ڕۆیشتن	ڕۆ	اندن	ڕۆواندن
تەپین	تەپ	اندن	تەپاندن

ب:-

چاوگی تێنەپەڕ	قەدی چاوگ	پاشگر	چاوگی تێپەڕ
شکان	شکا	اندن	شکاندن
ڕووخان	ڕووخا	اندن	ڕووخاندن
ترسان	ترسا	اندن	ترساندن
گریان	گریا	اندن	گریاندن
لەدەست چوون	لەدەست چوو	اندن	لەدەست چوواندن

٢- هەندێك چاووگی تێنەپەڕ هەن کەلەدەنگە سروشتییەکان دروست کراون بەیارمەتی پاشگری (اندن) وەکو (نالآندن، باڕاندن، بۆڕاندن، قیژاندن، نووزاندن......) ئەم چاوگانە هەر چەندە لەدەنگە سروشتی وپاشگری (اندن) دروست کراون بەلآم هەر تێنەپەڕن، واتە بەپێی ئەو دەستوورەی پێشتر بەهۆی (اندن) ناکرێن بە چاوگی تێپەڕ بەڵکو دەتوانرێت بەیارمەتیی کاری یاریدەدەری(هێنایە) یان(دەهێنێتە) کە دەخرێتە پێش چاوگی تێنەپەڕ بکرێن بەچاوگی تێپەڕ بەم شێوەیە :

دەنگە سروشتی	پاشگر	چاوگی تێنەپەڕ	کاری یاریدەر	چاوگی تێپەڕ
ناڵە	اندن	نالآندن	هێنایە	هێنایە نالآندن
باڕە	اندن	باڕاندن	هێنایە	هێنایە باڕاندن
بۆڕە	اندن	بۆڕاندن	هێنایە	هێنایە بۆڕاندن
قیژە	اندن	قیژاندن	هێنایە	هێنایە قیژاندن
			دەهێنێتە	دەهێنێتە قیژاندن

ڕوون کردنەوە:

ئەگەر ڕەگی کار یا قەدی چاوگ یا دەنگی سروشتی بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتبوو، پیتێکی نەبزوێنی بۆ زیاد دەکەین یان پیتە بزوێنەکە لادەبەین. چونکە دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکتردا نایەن.

دەستوور:

گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ

-١

ئ- (**ڕەگی کار** + **اندن**) =**چاوگی تێپەڕ**

ب- (**قەدی چاوگ** + **اندن**) = **چاوگی تێپەڕ**

پ- (**دەنگە سروشتی** + **اندن**) = **چاوگی تێنەپەڕ**

(**کاری یاریدەدەر هێنایە** + **چاوگی تێنەپەڕ**) = **چاوگی تێنەپەڕ**.

ڕاهێنان (١)

چۆن کاری تێنەپەڕو کاری تێپەڕ لێك جیادەکەیتەوە؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.

ڕاهێنان (٢)

بەچەند ڕێگا کاری تێنەپەڕ دەگۆڕێت بۆ کاری تێپەڕ؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.

ڕاهێنان (٣)

چۆن لە دەنگە سروشتییەکان کاری تێپەڕ دروست دەکرێت ؟ بە چەند هەنگاو؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.

ڕاهێنان (٤)

ئەم کارە تێنەپەڕانەی خوارەوە بگۆڕە بۆ کاری تێپەڕ و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.

(تێپەڕی، خشی، کەوت، برژا، خنکا، سووتا، وەری، چوو، ڕەڤی، هەڕمی)

ڕاهێنان (٥)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤە بکە.

١- پێشمەرگەی کوردستان لەشکری دوژمنی بەزاند.

٢- کارەساتەکە مرۆڤەکەی هێنایە قیژاندن.

(هاوەڵکاری چۆنیەتی)

١- دەرگاکەم باش داخستووە.

٢- وانەکەمان بەپەلە نووسییەوە.

٣- گەلی کورد شێرانە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا ڕاپەڕی.

٤- ڕاوکەرەکان بە سواری چوون بۆ ڕاو.

٥- ئێمە بەسەربەرزی دەژین.

خستنەڕوو:

ئەگەر بپرسین دەرگاکەت چۆن داخستووە؟ یان وانەکەتان چۆن نووسییەوە؟ یان گەلی کورد چۆن ڕاپەڕی؟ یان ڕاوکەرەکان چۆن چوون بۆ ڕاو؟ یان ئێوە چۆن دەژین؟ دەبینین لە وەڵامی پرسیاری ڕستەی یەکەمدا (باش) لە دووەمدا (بەپەلە) لە سێیەمدا (شێرانە) لە چوارەمدا (بە سواریی) لە پێنجەمدا (بەسەربەرزی)یە.

هەریەکەیان لە شوێنی خۆیاندا وەکو هاوەڵکارێك وەسفی چۆنیەتی ڕوودانی ڕستەکانیان دەکەن و دەبنە تەواوکەری واتای کارەکانیان. لەبەرئەوە بە هەر یەکێکیان دەوترێت (هاوەڵکاری چۆنیەتی).

هاوەڵکاری چۆنیەتی لەڕووی پێکهاتنەوە سێ جۆرە:

١- سادە: لەیەك وشەی سەربەخۆ پێکدێت وەك: (خێرا، باش، توند، پاك، چاك، گورج، ئازا، ....)

٢- دارێژراو: لە وشەیەکی سادە و زیادەیەك پێکدێت، زیادەکە یان پێشگرە یان پاشگرە یان هەردووکیان پێکەوە دەبن وەك: (بەپەلە، بەسواری، شێرانە، بەباشی، بەئازادی، ......)

٣- لێکدراو: لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت وەك: (بەدڵ شکاوی، پشتاوپشت، سەربەرزانە، بەدڵسۆزی ....) ئەگەر هاوەڵکاری چۆنیەتی وەسفی ناوێك، جێناوێك یان هاوەڵکارێك بکات ئەوا دەبێتە هاوەڵناو و نابێتە هاوەڵکار وەك: (چرایەکی باش لە دەی خراپ چاکترە).

لەم ڕستەیەدا وشەی (باش، خراپ، چاکتر) هاوەڵناون چونکە پەسنی ناوێك دەکەن، هەرچەندە سێیەمیان (چاکتر) دەبێتە تەواوکەری کارە ناتەواوەکە پەسنی بکەر دەکات کە چرایەکەیە.

هاوەڵکاری چۆنیەتی سادە، وەکو وشەیەك دەبێتە تەواوکەری واتای کاری ڕستەکە و بۆ ئەم تەواوکردنە پێویستی بە ئامرازی تەواوکردن نییە، بەڵام هاوڵکاری چۆنیەتی داڕێژراو، لێکدارو وەکو گرێیەکی هاوەڵکاری چۆنیەتی دەبنە تەواوکەری کاری ڕستەکانیان.

دەستوور:

هاوەڵکاری چۆنیەتی لەناو ڕستەدا (وشەیەکە، یان گرێیەکی هاوەڵکاری)یە چۆنیەتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و لەم ڕووەوە دەبێتە تەواوکەری واتای کارەکە.

هاوەڵکاری چۆنیەتی، سادە، داڕێژراو، یان لێکدارو ئەگەر پەسنی ناوێك، جێناوێك بکەن دەبنە هاوەڵناو بەڵام ئەگەر چۆنیەتیی ڕوودانی کارێك دەربخەن دەبنە هاوەڵکاری چۆنیەتی.

ڕاهێنان (١)

ئەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە بەمەرجێك جارێك ببنە هاوەڵناو جارێکیش ببنە هاوەڵکاری چۆنیەتی: (بەگورجی، خراپ، بەسەربەستی، زۆر بەپەلە، بەهێواشی، گەورە).

ڕاهێنان (٢)

ئەم وشە سادانەی خوارەوە بکە بە هاوەڵکاری چۆنیەتی داڕێژراو.

(هێمن، سارد، فێنك، خۆش، زیرەك، پاك، سەوز، مەرد، تاڵ، چاك)

ڕاهێنان (٣)

شیکردنەوە:

١- ڕۆژنامەکەم بەخێرایی خوێندەوە.

ڕۆژنامەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، گشتییە، بەرکارە.

م : جێناوی کەسیی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

بەخێرایی: گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری واتای کاری خوێندەوەیە

خوێندەوە: کاری ڕابردووە، تێپەڕە.

٢- ئەم ڕستانە شیبکەوە.

ئـ- چێشتەکە بەگەرمی مەخۆ.

ب- قوتابیی ژیر، ژیرانە وەڵام دەداتەوە.

پ- ئێمە بەدڵسۆزی کار دەکەین.

(کاری یاریدەدەر)

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١. دەبوو ئەوان کارەکەیان تەواو بکردایە.

٢. ڕەزڤانی زەڤیاخۆ کێلابوو.

٣. دەبێت چیرۆکەکە بخوێنمەوە.

٤. ڕووداوەکە مرۆڤەکەی هێنایە قیژاندن.

٥. پەڕتووکی زمان وئەدەبی کوردی هاتە چاپکردن.

٦. ئەڤـ گوندە دهێتە ئاڤا کرن.

٧. شاسوار منداڵەکانی خستە پێکەنێن.

٨. ویستم زوو هەڵبستم.

٩. دەمەوێت کتێبەکە بکڕم.

١٠. من دڤێت زوو ژخەو ڕابم.

١١. دەتوانین بەسەر چیاکە بکەوین.

١٢. ئەم دشێین بسەر چیا بکەڤین.

١٣. دەوێرم لەڕووبارەکە بپەڕمەوە.

١٤. دێم بڕۆم ناهێلن.

١٥. دەلێم نهێنییەکە بدرکێنم.

١٦. دەشێت گیرو گرفتەکان چارە بکرێن.

١٧. دەگونجێت ئەوان کتێبەکان بهێنن.

خستنه ڕوو:

لەمەو پێش زانیومانە کەکاری (دەبوو، دەبێت، بوو، هێنایە، هاتە، دهێتە، خستە، ویست، دەمەوێت، دڤێت، دەتوانین، دشێین، دەوێرم، دێم، دەڵێم، دەشێت، دەگونجێت).

هەریەکەیان کارێکی واتاداری سەربەخۆن، دەتوانرێت هەریەکەیان بەتەنیا لەناو ڕستەدا وەکو : کارێکی سەربەخۆی تەواو بەکاربهێنرێت وئەرکی خۆی ببینێت.

بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا دەتوانرێت ئەو کارانەی سەرەوە وەکو کارێکی یاریدەدەر لەناو ڕستەدا بەکاربهێنرێن، کاتێك لەپاڵ کارێکی سەرەکی سەربەخۆ یا لەپاڵ چاوگێك دێن، کەهەر یەکەیان بۆمەبەستێکە . بۆنموونە :

١- لەڕستەی یەکەم دا کاری(دەبوو) کارێکی یاریدەدەرە، کەبۆ مەبەستی پێویست بەکار هاتووە، کاری (تەواو بکردایە) کارێکی سەرەکییە لەرستەکەداو مەبەست و واتای رستەکەی بەیارمەتی کاری(دەبوو) بەتەواوی ئاشکرا کردووە.

٢- لەڕستەی دووەم دا کاری(بوو) کارێکی یاریدە دەرە، بۆمەبەستی پێکهێنانی کاری ڕابوردووی دوور بەکار هاتووە، بەڵام کاری(کێڵا)کارێکی سەرەکییە لەڕستەکەدا وبەیارمەتی کاری یاریدەدەر(بوو) مەبەست ومانای ڕستەکەی بەتەواوی داوە بەدەستەوە.

٣- لەڕستەی سێیەم دا کاری(دەبێت) کارێکی یاریدەدەرە و، بۆمەبەستی پێویست بەکارهاتووە، بەڵام کاری (بخوێنمەوە)کارێکی سەرەکییە لەڕستەکەداو بەیارمەتی کاری یاریدەدەر(دەبێت) مەبەست و واتای ڕستەکە بەتەواوی دەدات بەدەستەوە.

٤- لەڕستەی چوارەم دا کاری (هێنایە) کارێکی یاریدەدەرە، بەڵام چاوگی (قیژاندن)کە لە شوێنی کاری سەرەکی بەکارهاتووەوجێی ئەوی گرتۆتەوە، بەیارمەتیکاری یاریدەدەر،(هێنایە) مانای ڕستەکەی بەتەواوی داوە بەدەستەوە.

٥- لەڕستەی پێنجەم دا کاری(هاتە) کارێکی یاریدەدەرە، چاوگی (چاپکردن) لەشوێنی کاری سەرەکی بەکارهاتووەو جێی ئەوی گرتۆتەوە، بەیارمەتی کاری یاریدەدەر (هاتە) مانای ڕستەکەی بەتەواوی داوە بەدەستەوە.

٦- لەڕستەی شەشەم دا کاری(دهێتە) کارێکی یاریدەدەرە، چاوگی (ئاڤاکرن) کەلەشوێنی کاری سەرەکی بەکارهاتووەو بەیارمەتی کاری یاریدەدەر (هاتە) مانای ڕستەکە بەتەواوی دەدات بەدەستەوە.

٧- لەڕستەی حەوتەمدا کاری (خستە) کارێکی یاریدەدەرە، چاوگی (پێکەنین) کەلەشوێنی کاری سەرەکی بەکارهاتووە بەیارمەتی کاری یاریدەدەر(خستە) مانای ڕستەکەی بەتەواوی ئاشکرا کردووە.

٨- لەڕستەی هەشتەم دا کاری (ویست) کارێکی یاریدەدەرە، بۆمەبەستی ویستن بەکارهاتووە، بەڵام کاری (هەڵبستم) کارێکی سەرەکییە لەرستەکەدا بەیارمەتی کاری یاریدەدەر (ویست)مانای ڕستەکە بەتەواوی ئاشکرادەکات.

٩- لەڕستەی نۆیەمدا کاری (بکرم) کارێکی سەرەکییە وبەیارمەتی کاری یاریدەدەر (دەمەوێت) مانای ڕستەکە بەتەواوی ئاشکرا دەکات.

١٠- لە ڕستەی دەیەم دا کاری (دڤێت) کارێکی یاریدەدەرە، بۆ مەبەستی ویستن بوکارهاتووە ، کاری (ڕابم- ڕابىم) کارێکی سەرەکییەو بەیارمەتی کاری یاریدەدەر (دڤێت) مانای ڕستەکە بە تەواوی ئاشکرا دەکات.

١١- لـه ڕسـتـەی یـازدەم دا کـاری (دەتـوانین) کـارێکی یاریـدەدەرە، بـۆ مەبەسـتـی (تـوانین) بـەکارهاتووە، بـەڵام کـاری (سـەربکەوین) کـارێکی سەرەکییە و بەیارمەتی کاری یاریدەدەر (توانین) مانای ڕستەکە بە تـەواوی ئاشکرا دەکات.

١٢- لە ڕستەی دوازدەمدا کاری (دشێین) کارێکی یاریدەدەرە، بۆ مەبەستی (تـوانین) بـەکارهاتووە ، بـەڵام کـاری (سـەربکەڤین) کـاریکی سـەرەکییەو بەیارمەتی کاری یاریدەدەر (دشێین) مانای ڕستەکە بە تەواوی دیاردەخات.

١٣- لە ڕستەی سێزدەمدا کاری (دەوێرم) کارێکی یاریدەدەرە، بۆ مەبەستی وێران و ئازایەتی بەکارهاتووە، بەڵام کاری (بپەڕمـەوە) کـارێکی سـەرەکییەو بە یارمـەتی کـاری یاریـدەدەر (دەوێـرم) مانـای ڕسـتەکە بـە تـەواوی ڕوون و ئاشکرا دەکات.

١٤- لە ڕستەی چواردەهەم دا کاری (دێم = دەهێم) کارێکی یاریـدەدەرە بـۆ مەبەستی ئارەزوو یا نیاز بەکارهاتووە، بەڵام کاری (بڕۆ) کارێکی سەرەکییەو بە یارمەتیی کاری یاریدەدەر (دێم) مانای ڕستەکە بە تەواوی ئاشکرادەکات.

١٥- لە ڕستەی پازدەهەم دا کاری (دەڵێم) کارێکی یاریدەدەرە بۆ مەبەستی نیاز بـەکارهاتووە، بـەڵام کـاری (بـدرکێنم) کـارێکی سـەرەکییە و بەیارمـەتی کاری یاریدەدەر (دەڵێم) مانای ڕستەکە بە تەواوی ئاشکرا دەکات.

١٦- لـە ڕسـتـەی شـازدەهەم دا کـاری (دەشـێت = دشـیان) کـارێکی یاریدەدەرە، بۆ مەبەستی شیان و توانین بەکارهاتووە، کاری (چـارە بکـرێن) کارێکی سەرەکییەو بەیارمەتی کاری یاریدەدەر (دەشێت) مانای ڕستەکە بـە تەواوی ئاشکرادەکات .

١٧- لە ڕستەی حەڤدەهەم دا کاری (دەگونجێت) کارێکی یاریدەدەرە، بۆ مەبەستی گونجان بەکارهاتووە، کاری (بهێنن) کارێکی سەرەکییەو بەیارمەتی کاری یاریدەدەر (دەگونجێت)مانای ڕستەکە بە تەواوی ئاشکرادەکات.

دەستوور:

کاری یاریدەدەر: ئەو کارەیە کەلە ڕستەدا لەپاڵ کارێکی سەرەکیی سەربەخۆ یا چاوگێك دێت، بۆ دیارکردنی مەبەستێك و دەبێتە هۆی تەواوکردنی مانای کارەکە یا چاوگەکە.

کاری یاریدەدەر ئەمانەن : (دەبوو، دەبێت، بوو، هێنایە(ئینایە)، هاتە، دهێتە، خستە، ویست، دەوێت، دڤێت، دەتوانی، دشێن، دەوێرم، دێ، دهێت، دەڵێی، دەشێت، دەگونجێت، دەلوێت، دا، دابوو، ددا، دایە).

وەك :گۆڤاردابوو خاندن، دەرگەهـ داگرتن.

ڕاهێنان (١)

ئەم ئەم کارە یاریدەرانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە .

(دەتوانین، دەبوو، دەگونجێت، دەوێرم، دەڵێم، دهێتە، هاتبوو)

ڕاهێنان (٢)

ئەم کارانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە ، بەمەرجێك جارێك کاری سەرەکی بن و جارێك کارێکی یاریدەدەر بن.

(دەبێت، دەمەوێ، هێنایە، دڤێت، خستە، دهات، دەبوو)

ڕاهێنان (٣)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤە بکە (شی بکەوە)

١- دەبێت ڕۆمانەکە بخوێنمەوە.

٢- دەمەوێت پارەتی هەژارەکە بدەم.

ڕاهێنان (٤)

پارچە پەخشانێك لەسەر ئەم بابەتەی خوارەوە بنووسە، ئینجا هەرچ کاری یاریدەدەر هەبێت دیاری بخە.

(مانگی ئادار، مانگی خۆشی و ناخۆشییە، مانگی سەرکەوتن و کارەساتە).

(خاڵبەندی)

- چۆن کات دەزانیت؟

- ئەمە کارێکی ئاسانە.سەیری سەعاتەکەت بکەو بزانە کات چەندە؟

- باشە.ئەی لەپێش ئەوەدا سەعات دابهێنرێت چۆن کات دەزانرا؟

- بەئاو دەزانرا.

- بەئاو!چۆن چۆنی؟

- ئاویان دەکردە ناو دەفرێکەوەو کونێکی بچووکیان دەکردە بنی دەفرەکە، ئاوەکە بەرێکوپێکی تنۆك تنۆك لەکونی دەفرەکەوە دەهاتە خوارێ ئینجا بەپێی ئەو ئاوەی کەلەدەفرە کونکراوەکە دەهاتە خوارەوە دەزانرا کات چەندە.

*   *   *

لەو ئاخاوتنەی سەرەوەدا، کەڕستەی ((چۆن کات دەزانیت؟)) دەخوێنینەوە، پێویستە دەنگمان وەها دەربڕین کە پرسی تێدابێت. وە کەڕستەی (ئەمەکارێکی ئاسانە)ش، دەخوێنینەوە، دەبێت دەنگمان وەها دەربڕین کەڕاگەیاندنی تێدابێت، هەروەها کەڕستەی ((بەئاو)) دەخوێنینەوە دەبێت دەنگمان وەها دەربڕین کەسەرسوڕمانی تێدابێت.ئنجا لەدوای ئەمە ئەگەر سەیری کۆتایی ڕستەی یەکەم بکەین ئەم نیشانەیە (؟) دەبیبنین، کەنیشانەی پرسە. وە ئەگەر سەیری کۆتایی ڕستەی دووەم بکەین ئەم نیشانەیە (.) مان بەرچاو دەکەوێت، کەنیشانەی کۆتایی ڕستەیە. وەئەگەر سەیری کۆتایی ڕستەی سێیەم بکەین،ئەم نیشانەیەی (!) تێدا دەبینین کە نیشانەی سەرسوڕمانە . ئەم نیشانانە و هەندێك نیشانەی تر کە لەمەولا بەرچاوت دەکەون پێیان دەگوترێت ((خاڵبەندی))

ئەگـەر ئـەم نیـشانانە و لـە جێـی خۆیانـدا بـە وردی دابنـرێن زۆر یاریـدەی خوێندەواران دەدەن، کە بە ئاسانی لەوە بگەن کە دەیخوێنینـەوە و هەڵـەی تێدانەکەین.

وە هەر نیشانەیەك لەو نیشانانە ، نـاوێکی تایبـەتی و جێـی خـۆی هەیـە، لـە ڕستەدا، ئەوا لـە خوارەوەنـاوو جێگـای هـەر یـەکێك لـەو نیـشانانە دەخەینـە بەرچاو.

یەکەم: خاڵ (.)

خاڵ ڕاوەستانێکی تەواو پیشان دەدات، وەلەم شوێنەدا بەکاردەهێنرێت :

١- لـە کۆتـایی هـەموو ڕسـتەیەکدا دادەنرێـت، جگـە لـە ڕسـتەی پـرس و سەرسوڕمان وەك:

ئاسۆ برازای منە:

خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەلدێت و لە ڕۆژئاواوە ئاوادەبێت.

٢- لـەدوای یەکـەم، یـا یەکـەم و دووەم پیتـی ناوێـك کـە پـێش ناوهێنـانی خێزانەکەی بکەوێت، وەك:

م. بازیانی.

د. ق. ئامێدی.

دووەم: دووخاڵ (:)

دووخـاڵی لەسـەر یـەکتر نیـشانەی لێکدانـەو ڕاڤـە کردنـە وەلـەم شـوێنانەدا بەکاردەهێنرێت :

١- لەپێش ئاخاوتنێکـەوە، کـە وەك خـۆی بگێڕێتـەوە ، یا بگوترێت وەك :
نەسرین گوتی (ئەمە چەفتەکەی من نییە)
٢- لەدوای وشەیەکەوە یاباسێکەوە، کەپێویستی بە تەفسیرولێکدانەوە بێت،
وەك:

سالّ لە چوار وەرز پێك دێت : بەهار، هاوین، پاییز، زستان.

٣- پێش هێنانەوەی نموونە (لـە بـڕی : بۆوێنـە، وەکـوو، بـۆ نموونـە .....)
بەکاردەهێنرێت لەم بارەدا دەتوانرێت لـە دوای دوو خالّەکـەوە، تەقـەلێکیش
دابنرێت، وەك :
هاوەلّکار، بۆ تەواکردنی هاوەلّکارێکی تریش بەکاردەهێنرێت:-
شاسوار، زۆرجوان بە عەرەبی دەدوێت.

سێیەم - بۆر (،):

بۆر نیشانەی کورتترین ڕاوەستانەو لەم شوێنانەدا بەکاردەهێنرێن.

١- لەدوای ناوی بانگ کراوەوە وەك :
کوڕینە، بخوێنن، بە خوێندن دەگەنە ئامانج
٢- لە نێوان جێگرو جێ لێ گیراودا ، وەك:
ئەحەی ناسر، گۆرانی بێژی بەناوبانگ، لە شاری سلێمانیدا دەژیا.
٣- بۆ جیاکردنەوەی زنجیرە وشـەیەك، کـە سـەر بـە بەشـێك لـە بەشـەکانی
ئاخاوتن بن لە ڕستەدا بە ئـامرازی لێکـدەر نەبەسـترابن بـە یـەکترەوە، وەك:
پارچەکانی ئاخاوتن ئەمانەن : ناو، جێناو، هاوەلّناو، کار، هاوەلّکار، ئامرازی
پەیوەندی، ئامرازی لێکدەرو ئامرازی بانگکردن.

٤- بۆدابڕینی زنجیرە وشەیەك لەیەكتر، كەدوو دووپێكەوە بەكارهێنرابن، وەك:

جووتیار بەگەرماو سەرما، بەخۆشیو ناخۆشی، بازووی مەردانەی

لێ هەڵ ماڵیوە، زەوی دەكێلێت، خۆراك بۆمیللەت دەردەهێنێت .

٥- لەدوای گێڕانەوەیەكی یەكسەر، واتا ئەگەر قسەكەر قسەیەكی كۆنی خۆی بگێڕێتەوە، وەك:

من خۆم گوتم، (دارەكان بەنەمامی مەبڕنەوە).

٦- لەپێش ئامرازی لێكدەری (وە، یا، یان)ەوە، بەمەرجێك نەكەوتبێتنە سەرەتای ڕستەوە، وەك:

نەمن هاتبووم بۆئاهەنگەكە، وەنە شاسواری برام.

قەڵەمەكەتم بدەرێ، یاپاندانەكەت .

٧- لەدوای گرێیەكی درێژ بۆ پاراستنی واتای ڕستەكە لە لەنگی وەك:

دارستانی ئەوبەر ڕووبارەكە لەدارستانی ئەم بەر ڕووبارەكە, چڕترە.

٨- لەدوای وشەی (بەڵێ) و (نەء .....نەخێر)ەوە وەك:

بەڵێ، ئەمە كتێبی منە.

نەء، ئەوە هی من نییە.

نەخێر، دەستە چەورەكەی خۆتان بەسەر ئێمەدا مەشۆن.

٩- لەبڕی كاری قرتێنراو (حەزف كراو)، وەك:

من دەچم بۆمەڕاكش و ئەویش, بۆكوێت.

١٠- بۆدابڕینی پاڕستەی ناوی, هاوەڵناوی، هاوەڵكاری لەشاڕستەكە، لەڕستەی ئاوێتەدا وەك :

ئـ- من نەم بیستووە، كەئێوە هاتبن بۆئێرە.

ب- بەفرێ، کەلەزستاندا دەبارێت، لەهاویندا دەتوێتەوە.

پ- کەی لەئەرکەکەم ببمەوە، سەرێکتان لێ دەدەم.

١١- لەڕستەی لێکدراودا، دەتوانرێت، لەبڕی ئامرازی لێکدەری (و) بەکار بهێنرێت، وەك :

سیروان ویستی بچێت بۆشار، ئەسپەکەی هێنا، زینیکرد، سواری بوو، کەوتە ڕێ، لەڕێ باران دای ڕشت، هەرچی لەشی هەیە، تەڕبوو.

١٢- دەتوانرێت لەبڕی (کە)ی لێکدەر لەڕستەدا بەکار بهێنرێت وەك:

پێم خۆشە, سەرێکتان لێ بدەم.

کەس ئەو کەسەیە، لەڕۆژی تەنگانەدا فریات دەکەوێت.

چوارەم- بۆر و خاڵ (؛):

بۆر و خاڵ وچان گرتنێکی درێژتر لە وچان گرتنی بۆری سادە. بەکار دەهێنرێت، وەك:

لەکۆمەڵەی فرۆکەوانی عێراقدا فێری فرۆکەوانی دەبین؛ لەوێ باسەیری یەکتری بکەین، لەکاتی فڕیندا؛ باهەریەکەمان هەڵەی ئەوەی تر ڕەچاو بکات، تاکو لەجارانی داهاتوودا، دووبارەیان نەکەینەوە و بەتەواوی فێری لێخوڕینی فرۆکەببین.

پێنجەم- نیشانەی پرس(؟) :

نیشانەی پرس دەخرێتە کۆتایی ئەوڕستەیەوە کەپرسیاری تێدابێت، وەك:

بەچی لەرووبارەکە پەڕیتەوە؟

کەی گەیشتنە جێ؟

شەشەم: نیشانەی سەرسوڕمان (!) :

ئـەم نیـشانەیە لـەکۆتایی ئـەو وشـانە, یائـەو، ڕسـتانەی، کەسەرسـوڕمانیٚ، یاپەژارەییٚ، یاهەستێکی دەروونی تێدایە بەکاردەهێنرێت، وەك :

چەند درەنگ هاتیت!

ئای!ئەوەلێرەیت!

ئۆخەی! لەدەست دەرەبەگ ڕزگارمان بوو.

سەیری ئەو گوڵەکە، چەندجوانە !

ئای لەو گوڵانە!چەندجوان گەشاونەتەوە !

حەوتەم- جووتەکەوانەی بچووك (( )) :

ئەم نیشانەیە لەم شوێنانەدا بەکاردەهێنرێت :

١- لەپێش و پاشی وشەیەك, یاڕستەیەکەوە، کەخوێنـدەوار بەلایـەوە جێـی واق وڕمان بێت، وەیا بویستریٚ سەرنجی خەڵکی بۆڕابکێشرێت وەك :

تەنیا شێوازی ((گۆران))م بەدڵە، لە داڕشتنی هۆنراوەدا.

لە باخەکەی ئێوەدا هەر ((شەوبۆکان))م لەلاجوان بوو.

پیاوی دڵسۆز ئەوکەسـەیەکە ((سـوودی بۆمیللـەت هەیـە))و دەسـتی یاریـدە بۆکەسانی تر درێژ دەکات.

٢- لە پێش و پاشی ئەوئاخاوتنەوە دادەنرێت، کەدەقەکـەی ناشکێنرێـت ؛ واتە وەك خۆی بەبیٚ دەستکاری دەگێڕرێتەوە، وەك :

هاوڕێکەم پێمی گووت ((من بەدەرچوونت، وەك گولٚ گەشامەوە)).

باوکم هانی دەدام و دەیگوت ((کوڕم بخوێنە، بەخوێندن دەبیتە پیاو)).

هەشتەم- جووتە کەوانەی گەورە ( ) :

ئەم نیشانەیە:

١- وشەیەك، یاگرێیەك، یاڕستەیەك دەخرێتـە نێوانی، کەواتایـەکی تایبـەتی هەبێت، لەڕستەیەکی تردا، وەك:

پیرەمێرد (حاجی تۆفیق) شاعیرێکی مەزن بوو.

شاری سلێمانی (کەکەوتۆتە دامێنی چیای ئەزمڕ) سلێمان پاشای بابان دروستی کردووە.

٢- وشەی بێگانە، وەك:

شارەوانی (بلدیە) خزمەتی گەل دەکات.

میری (حکومەت) لەگەلەو بۆکەلە.

٣- سالّی لەدایك بوون، وەك :

جەمیل سائیب لەسالّی (١٩٢٥)دا چیرۆکی (لەخەوما)ی نووسیوە.

نۆیەم: هێڵ، یاتەقەڵ:-

ئەم نیشانەیە لەم شوێنانەدا بەکاردەهێنرێت :

١- بۆجیا کردنەوەی دووکەسی گفتوگۆکەر، وەك:

لەماڵەوە دانیشتبووم، قادری هاوڕێم هات و گوتی:

- دوو ڕۆژە دیارنیت ؟

- نەخۆش بووم و لەجێدا کەوتبووم.

- ئەی ئێستا چۆنیت ؟

- باشم

٢- دەتوانرێت لەبڕی ئەو دووکەوانە گەورەیە بەکاربهێنرێت، کەوشەیەك، یاگرێیەك، یاڕستەیەك (کەواتایەکی تایبەتی هەیە لە ڕستەیەکی تردا) بەکاردەهێنرێت، وەك:

بیابانی گەورەی ئەفریقا (وەکو بیستوومە) ڕووبەرێکی پانی هەیە لە نیشتمانی عەرەبدا.

٣- له نێوان ژماره و ژمێرراودا، ئەگەر کەوتنە سەرەتای ڕستەوە، وەك: لە ئەنجامی هەموو سەرکەوتنێکدا :

ئـ- زۆر خەستەخانەو مەڵبەندی ساوایان دەکرێنەوە.

ب- گەلێ شارو دێهاتی نوێ دروست دەکرێن .

پ- باری ئابووری وڵات سەرلەنوێ جێگیر دەبێت.

ت- ئاسایش باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێت.

٤- له کۆتایی دێردا- ئەگەر نەتوانرا جێی نووسینەوەی هەموو بڕگەکانی وشەی دوایینی ڕستەکەی بە تەواوی تێدا بکرێتەوە، بۆ وێنە ئەگەر جێ نەماو وشەی (هەنارەکە) هەمووی لە دێڕێکدا بنووسرێ, هێڵێکی بچووك لەدوای ئەو بەشەیەوە دادەنرێت، کە دەتوانرێت لە دێرەکەدا بنووسرێت، ئەو بەشەش یەکێ لەمانە دەبێت:

__ هە ___________

نارەکە _________

هەنا ___________

رەکە __________

___ هەنارە ______

کە __________

دەیەم- چەند خاڵێك (.......) :

ئەم نیشانەیە، لەم شوێنانەدا دادەنرێت، کەوشە، یاگرێ، یا ڕستەی تێدا قرتێنراوە (حەزف کراوە)، بەنیازی کورتکردنەوە ، دەربڕینی تەنیا گرنگەکانیان، وەك :

١– لەگەڵ مامۆستاکانمان چووین بۆ سەیران، لەوێ دەستمان کرد بە یاری و مەلەکردن و .... ئێوارێ بە خۆشی و شادی، گەڕاینەوە بۆ ماڵێ.

٢– ئەگەر بخوێنیتەوە، دەردەچیت، ئەگینا ....

٣– ئیستیعمارمان بە خۆی و ....لە عیراقدا شاربەدەر کرد.

دەستوور:

خاڵبەندی، یا دانانی خاڵ و نیشانە، لە نێوان بەشەکانی ئاخاوتن دا، لەکاتی نووسیندا، بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکترا، یابایەخدان بە دەربڕینی دەنگ و سۆز، لەکاتی خوێندنەوەدا، کارێکی گرنگ و پێویستە. خاڵبەندی پەیوەندیەکی بەهێزو فرمانی هەیە بە خوێندنەوەو، واتای ئاخاوتنەو چونکە هەرباسێك، لە کۆمەڵە بڕبڕەیەك (فەقەرە) پێك هاتووە, هەموو بڕبڕەیەکیش، لە کۆمەڵە ڕستەیەك پێك هاتووە، ئەم ڕستانەش، هەندێکیان سادەو سەربەخۆن، یا هەندێکیان چونەتە پاڵ یەکتر، یا ئاوێتە بەیەکتر بوون وەیا جاری ئەوتۆ هەیە، ڕستەیەك، لەناو ڕستەیەکی تردا دەبینرێت، کەواتاکەی سەر بەڕستەیەکی ترە, بێجگە لەمە، ڕستە لە چەند وشەیەکی جۆراو جۆر سازدەبێت و نووسەر دەیەوێت ئەو پەستیە، یاشادیە، یاهەر کارێکی تری دەروونی خۆی بەو وشانە دەربڕێت, وەیا بوخرێتە کەسێك، وەیا پرسێك بکات، ئەم خاڵبەندیە، واتە ئەم نیشانانەی، کەلێیان دواین، باشترین هۆن بەدەست نووسەرەوە، کەلە نووسیندا، هەستی دەروونی خۆی پێ یان دەربڕێت، هەروەها بەدەستی خوێنەرەوە، کەهەڵە لە خوێندنەوەدا نەکات, وەنیشانەکانیش ئەمانەن:

١- خاڵ، بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت (.).

٢- دوو خاڵ، بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت (:).

٣- بۆر، بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت (،).

٤- بۆرو خاڵ، بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت (؛).

٥- نیشانەی پرس، بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت (؟).

٦- نیشانەی سەرسوڕمان، بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت (!).

٧- جووت کەوانەی بچووك بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت (( )).

٨- جووت کەوانەی گەورە، بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت ( ).

٩- هێڵ یان تەقەڵ، بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت (_____).

١٠- چەند خاڵێ بەم شێوەیە وێنەی دەکێشرێت (........).

ڕاهێنان (١)

ئەم ڕستانەی خوارەوە، کەخاڵ و، دووخاڵ و بۆریان کەمە، بۆیان دابنێ؛ بە مەرجێك هەریەکەیان ، لە شوێنی خۆی دابێت.

١- مانگی دەستکرد، لە داهێنراوە سەرسوڕهێنەرەکانە ، جا ئەگەر بۆ مەبەستی ئاشتی بەکاربهێنرێت ، ئەوا خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات بەوەی ولاتانی گێتی ، بەیەکەوە، بە تۆڕێکی بێتەڵ ببەستێتەوەو بەرنامەی تەلەفزیۆن و شتی ترش، لە ولاتێکەوە بگوێزێتەوە، بۆ ولاتانی تر،

ب- مانگ لە خۆر نزیکترە لە ئێمەوە.

ج- بازاڕەکەمان لێ نزیك بوو خانووەکەی ئێمە لەپشت بازاڕەکەوە بوو بۆیە هەرچیمان پێویست بوایە بەئاسانی دەمانکڕی.

د- شەقامە گەورەکانی بەغداد ئەمانەن : شەقامی ڕەشید ، شەقامی کیفاح ، شەقامی جەمهوری.

ڕاهێنان (٢)

ئـەم ڕستانەی خـوارەوە کەنیـشانەی پـرس‌و سەرسـوڕمانیان کەمـە، بۆیـان دابنێ:

ئـ- گەزی چی و جاوی چی

ب- مانگ کەی دەردەکەوێت

پ- ئافەرم بۆخۆت و دەستی ڕەنگینت

ت- کە لە قوتابخانە گەڕایتەوە، کتێبەکانت دەخەیتە کوێ

ج- ڤیان لەخۆشیدا هاواری کردو گوتی: بابە گیان بەیەکەم دەرچووم

چ- بەچی دەچیت بۆبەغداد

ح- قسەی هیچ ،ئەمەکەی ئەوەیە ، کەمن دیم

خ- دەنگ چۆن بەتەلی تەلەفۆنەوە دەبیسترێت

ڕاهێنان (٣)

ئـەم پەخـشانە بخوێنـەرەوە، لەپاشـابزانە لەکوێـدا هێـڵ‌و کەوانـەی گـەورەو کەوانەی بچووك، وەیا هەرنیشانەیەکی تری گەرەکە، بۆی دابنێ:

ئازاد گوتی: گەلێك باسی زانستی دەخوێنین؛ باسی خۆرگیران‌و هەیڤ گیران یەکێکە لەو باسـانە, خـۆرگیران و هـەیڤ گـیران لەهـەموو مـانگێکی هەیڤیـدا ڕوونادەن وەك هەنـدێك بەبیریانـدا دێت, چـونکە خولگـەی هـەیڤ بـەدەوری زەویدا لەگەل خولگـەی زەوی لـەدەوری خـۆر، جـووت نـابن و بەگۆشـەیەکی بچووك لێی لارە, لەبەرئەوە کـە هـەیڤ بەبـەینی زەوی و خـۆردا تێدەپـەڕێت بـەزۆری بەسـەریان خـوار ئـەو هێڵـە دەکـەوێت کەبەچـەقی هەردووکیانـدا تێدەپـەڕێت, لەبەرئـەوە، لـەم بـارەدا نەهـەیڤ‌و نـەخۆر هیـچیان ناگیرێـت تانەکەونە سەر ڕێکی ئەوهێڵە.

مام هۆمەر پرسی: ئەی باسی فڕینی فڕۆکە ناخوێنین ؟
-ئازاد گوتی: بەڵێ خوێندوومانە, ئەگەر لەفڕگەیەك نزیك بیتەوەو چاوت بەفڕۆکەیەکی پەروانەدار بکەویت, کەئەمە سادەترین جۆری فڕۆکەیە- ئەمانەت بۆدەردەکەویت, پێشەکەی پەروانەیەکی پێوەیە باڵەکانی درێژن و سەر ڕووی خوارووی باڵەکانی تەختەو لەگەڵ باری ئاسۆییدا کەمێك لارە, بەڵام سەر ڕووی ژووروی لارو کەوانەییە.
مام هۆمەر گوتی: ئای! ئێمەمانان نەشارەزاین.

ڕاهێنان (٤)

ئەم هۆنراوەیەی مامۆستا ((گۆران)) بخوێنەرەوە، لەپاشدا بەپێی پێویست نیشانەی خاڵبەندی بۆ بەکاربهێنە.

بەڕەنگی زەردو شێوەی دەستی شمشاڵی کزا دەروێش
حەزم کرد بەستەیەك ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ
لەسیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتـــکێش
وەهادیارە کەبەختت ئاشیانی بلبلی خەم بــــــێ
بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سینعەتـــکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخنـــــدا
بەڵام تەختی ڕەفاه وتاجی حورمەت میللەتی هوشـــیار
بەئوستادی دەدا وەك تۆ لەناوشمشاڵی کون کونــــدا
سەحەر بێنێتە گریانو قسە، سیحری پەری نەغمـــــە
برای دەروێش دەزانم بۆمەعیشەت وێڵ و ئـــــاوارەی
بەزەهری ناعیلاجیتە لەناکەس ویستی لوقمـــــــە

بەمردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نــــــەی

بەڵام چیبکەین لەناو چاوی ڕەشی بەعزێ زەکای گــەورە

وەکو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق دەڕۆیــــن

ئەگەر خولقت نەسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەم دەورە

نەکردایە خوا عالم لەکام عەرشت دەسوو داوێــــــــــن

نەحەرفی مەکتەبێکت خوێند نەئوستادێ پەلی گرتــــیت

سرف بەرزی زەکا ئەم سنعەتەی فێرکرد بەشمشــــاڵت

هەموو وەزنێکی گۆرانی لەتوولاتی هەتاکـــــــــــورتی

بەسەر پەنجەی هونەر کردت بەدیلی کۆشــــــشی زاڵت

ئەوەندەم بیست لەمۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێـــــــگانە

مزاجی کوردەواریم تێك چووە دەروێش عەبـــــــدوڵلاٚ

دەخیلت بم دەسابەولاووك و ئای ئای و حــــــــەیرانە

شەپۆڵی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵــــم کە

لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بەرۆحم ئاشنای وەڵـــــــلاٚهـ

دەئەی دەروێش سکالاٚیەك لەگەڵ ڕۆحی کـــــلۆڵم کە

(بابەتەکانی بەشی ئەدەب)

١- داستانی کوردی (قەڵای دم دم)

٢- ڕێبازە ئەدەبییەکان- ڕێبازی کلاسیزم

٣- ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی- شێوەی لوڕی

٤- ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی- شێوەی گۆران

٥- ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی- شێوەی کرمانجی ژووروو

٦- ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی-شێوەی کرمانجی خواروو

٧- سەرەتای پەخشانی کوردی.

٨- مێژووی ڕۆژنامەگەری و پەیوەندی بەگەشەسەندنی پەخشانی کوردییەوە.

بابەتەکانی بەشی نموونەی ئەدەب

١- حەسیب قەرەداغی

٢- مەلایێ باتەیی

٣- کوردی

٤- کانی

٥- مەلا تەهایێ مایی

٦- کامەران موکری

٧- مەلامەحموودێ بایەزیدی

١- داستانی کوردی
قەڵای دمدم

سەرچاوەکانی مێژوو بەدرێژی باسی ئەو ڕووداوە گرنگەی ساڵی (١٦٠٨) یان کردووە، لەڕووی گێڕانەوەی مێژووییەوە بەئاسانی دەتوانین لە سەرچاوە فارسیی و کوردییەکاندا بۆ ڕاستیی ئەم قارەمانیی و بەکۆمەڵ شەهید بوونەی کوردانی سەرشۆڕنەکەر بگەڕێین قارەمانانی قەڵای دم دم بە سەرکردەیی (خانی لەپ زێڕین) تا دوا هەناسە و دوا دڵۆپی خوێن لەگەڵ داگیرکەردا جەنگین و بەکۆمەڵ مردنیان لەسەرشۆڕکردن بە باشتر زانی، ئەم تابلۆ گەورەیەی قارەمانییەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر بە فراوانی ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەر داستانەکانی تر هەندێکیان لە داستانی فۆلکلۆرەوە گۆڕابن بە داستانی نووسراوەی شیعر ئەوا داستانی قەڵای دمدم لە ڕووداوی مێژووییەوە بووە بە داستانی فۆلکلۆر و لە داستانی فۆلکلۆرەوە بووە بە چیرۆکی سەر شانۆ و ڕۆمانی تازە، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە تا ئەمڕۆ پاڵەوانییەتیی جەنگاوەرانی قەڵای دمدم لەسەر دەمی گۆرانیبێژ و حیکایەتخوانانی کوردەوەیە و لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا و بەهەموو دیالێکتەکانی کوردی دەگێڕڕێتەوە.

ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییەی ئازایی جەنگاوەرانی قەڵای دمدم هێنایە کایەوە، گەلێك زۆرە هەندێکی بڵاوکراوەتەوە، بەشێکی تائێستا هەر بەسەر زاری خەڵکەوە ماوەتەوە، ڕۆژهەڵاتناسەکان گەلێك لە ئێمە زیاتر بایەخیان بە حیکایەت و بەیتەکانی قەڵای دمدم داوە، هەروەك بڵاویان کردۆتەوە و کردووشیانە بە ڕووسی و ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئەرمەنی، هەروەها کراویشە بە فارسی.

زانای کوردی سۆڤیەتی (ئۆردوخانی جەلیل) چەند گێڕانەوەیەکی داستانی قەڵای دمدمی تۆمار کردووە و بە وەرگێڕانی ڕووسی و پێشەکییەوە ساڵی ١٩٦٧ بڵاوی کردووەتەوە.

ئەم داستانە لە کوردستانی عێراق لەشێوەی چیرۆکی سەر شانۆدا نووسراوەتەوە، نووسەر (مستەفا سالح کەریم) لەسەر بناغەی کەرستەی مێژوویی پیەس (شەهیدانی قەڵای دمدم)ی نووسیوە لە ساڵی ١٩٦١ چاپکراوە، هەر کەرستە مێژوویی و فۆلکلۆرییەکەیە بووە بە سەرچاوە بۆ دانانی چیرۆك و ڕۆمانی کوردیش. نووسەری گەورەی کوردی سۆڤیەتی (عەرەبی شەمۆ) ڕۆمانێکی نووسیووە ساڵی ١٩٦٦ بە زمانی کوردی و پیتی ڕووسی (سلاڤی) لە (یەریڤان) چاپکراوە. لەپاشاندا کراوە بە ڕووسی و لە ساڵی ١٩٦٩ لە مۆسکۆ چاپکراوە، عەرەبی شەمۆ هەوڵی داوە پەیوەندی دۆستایەتیی کورد و نەتەوە هاوسێکانی ڕوونبکاتەوە، بەتایبەتی خەباتی ئەم گەلانە بەرامبەر بە داگیرکەری ئێرانی و عوسمانی، هەوەرها وێنەی نایابی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانی سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمی کێشاوە.هێشتا ئەم داستانە مەزنە نە لە ئەدەبیاتی کوردیدا و نە لە ئەدەبیاتی جیهاندا جێگەی خۆی نەگرتووە.

١- لە گێڕانەوەیەکی داستانەکەدا (ئەمیر خانی لەپ زێڕین) کە سەرکردەی کورد بوو، هاواری مەردانەی بەرامبەر بە (شا عەباس) بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:

خەلقێ مە نایێ ڕایێ
هیڤیا دووژمنا ل مەیدانێ
مینا شێرا ئەو شەڕ دکە

هەرتـم، دوژمنـان لـەت دكــە

مـە نەخۆفیٚ عەسكـەریٚ تـــە

مە نەخۆفیٚ خانـی تەوریٚـــزیٚ

كەلـیٚ ڕانـــاكـا ژ هەمبیٚـــزیٚ

مە نەترس خانیٚ چین ماچینـیٚ

قرِناكــە خەلقـــیٚ مـــــە

مە نەخۆفیٚ خانیٚ تە یمورییـا

بەلا ناكا خەلقیٚ مە لە چیـا

تــاجیٚ تە قبـــول ناكــەم

... ...

كوردستانیٚ بیٚ ناڤـ ناكــەم

(بۆ لەبەركردنە)

لێكدانەوەی وشەكان:

نایێ ڕایێ: نایێتە سەر ڕێ (واتە: بۆ شا عەباس)

هیڤی: هیوا، بەهیوا، بەتەما

مینا: وەكو

شێرا: شێران

هەرتم: هەردەم، هەركات

كەلێ: نێر

هەمبێز: بەرامبەر، مەیدان

قرِناكە: لەناونابات

بەلا ناكا: لەناوناچێت

بێ ناڤ: بەدناو.

نموونەیەکی تر لە گێڕانەوەکی تری داستانەکەدا بەشێوەی موکریانە.

حیکایەتخوان دەڵێت:

خان ئەودالْ و کاکە خانە

حەوت شەوانە و حەوت ڕۆژانە

شەڕیان دەکرد بە شیرانە

شیران نەیاندیت کیلانە

لەش کەوتن وەکی گردانە

خوێن ڕۆیی هەروەك جۆگانە

باڵچووغەی شێران نەمانە

شەهیدیان کرد کاکە خانە

خان دەلێ: خانی خەزا یمە

هەتا لە دنێ ئەز بژیمە

بۆ خۆم پەرژینی شەڕیمە

خان ئەودالْ و کاکە خانە

گرتبوویان وەعدە و پە یمانە

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

لێکدانەوەی وشەکان:

بەشیرانە: به شمشێران

کێلان: کێلانی شمشێر

گرد: گر

جۆگە: جۆهـ، ڕووبار

باڵچووغە: ڕەزمگا، شوێنی شەڕ، شەڕگە

خەزا: غەزا، جەنگی پیرۆز

دنیێ: دنیا

ئەز: من

ڕێبازە ئەدەبییەکان

ڕێبازی کلاسیزم:

ڕێبازە ئەدەبییەکان بۆ یەکەم جارلە ئەورووپا پاش سەردەمی ڕاپەڕین لە دەوروبەری سەدەی حەڤدەمی زاییندا سەریان هەڵدا، لەناو ئەو ڕێبازە ئەدەبیانەش دا کلاسیزم کۆنترین ڕێبازە لە پەیدابوونو بڵاوبونەوەو دەسەڵات پەیداکردن لەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا. بەرلەو سەردەمە، ئەدەب بە شێوازێکی ئازادانەو خۆکارانە ڕێڕەوی خۆی گرتبووە بەر- کەدیارە لێرەدا ئەدەب زۆر لەو ڕێبازانە کۆنترەو هەرلە زووەوە شاعیران بە شێوازێکی خۆکارانە شیعریان گوتووە، بێ ئەوەی هیچ ئاگادارییێکیان لەبارەی ڕێنمایی‌و بنچینەکانی ئەو ڕێبازە ئەدەبییانەوە هەبێت‌و ئەگەر هەر خاسیەت‌و تایبەتمەندییەکی گشتی هەبوبێت کە شاعیران پەیڕەویان کردبێت، ئەوا ئەم پەیڕەوی کردنە لە ئەنجامی هیچ پێکهاتن‌و تێك گەیشتنێ نەبووە، بەڵکو شاعیران بە سەلیقەی خۆیان ئەم تایبەتمەندییانەیان دەست نیشان کردووە.

بزافی ڕاپەڕینی ئەورووپا لە مەیدانی ئەدەب‌و هونەردا بووە هۆی لەدایکبوونی یەکەم ڕێبازی ئەدەبی‌و هونەری لە دیرۆکی مرۆڤایەتیدا کەڕێبازی کلاسیزمەو بەشێوەیەکی تایبەت لەماوەی سەدەی حەڤدەمی زاییندا لە وڵاتی فەڕەنسا گەشەی کرد، لە سەدەیەك دا کەبە سەدەی زێڕین دادەنرێت لە مێژووی فەڕەنسا، هەرچەندە پێشتر سەرەتاکانی ئەم ڕێبازە لە ئیتاڵیا پەیدا ببوو، پاشتریش بەرەو ئینگلتەراو ئەڵمانیاو وڵاتە ئەورووپاییەکانی تر پەلی هاویشت.

وشـەی کلاسـیزم لـە (کلاسـیس- classis)ی لاتینییـەوە هـاتووە، کەلـە بنچینەدا بـەمانای یەکەیـەکی (کەشـتیگەل) (١) دێـت، هەرلـەو واتایـەوە، بۆ یەکەی خوێندن یان پۆلی خوێندن خوازرایەوە.

ناونانی جۆرە ئەدەبێك بـەم نـاوە، ئـەوە دەگەیـەنێت کەئـەو جۆرە ئەدەبـە نـەمرەو بـە درێـژایی ڕۆژگـار بەکـەڵکی ئـەوەدێت کـە بـۆ پـەروەردەکردنو فێرکردنی لاوان لە پۆلەکانی خوێندندا بەکاربێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بـوو کەهەردوو ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی بە ئەدەبێکی کلاسیزم دانـراون چونکە خوێندنی ئەم دوو ئەدەبە لە قوتابخانەو زانکۆکـانی ئـەوروپا جـارانو ئێستاش باشـترین هۆکـاربووە بـۆ پـەروەردەکردنو ڕوونـاك کردنـەوەی بـیرو هۆشی لاوان، ئەمڕۆش خوێندنی زمـانو هـەروەها ئـەدەبیاتی یۆنـانی کـۆن و لاتینی لە زانکۆکاندا بەکلاسیزم دادەنرێت.

کلاسیزم لە ئەدەبدا لاسایی کردنەوەیە، هەربۆیەش بـوو کەئـەو گەشـەکردنو بەرەوپێش چوونو ڕابوونە ئەدەبییەی کە لە ئەوروپا سەری هەڵدا، هـەمووی لەسەر بنچینەی لاسایی کردنەوەی ئەدەبییاتی یۆنانیو ڕۆمانییەوە دامەزراو. هەر ئەم هۆیـەش بـوو وای کـرد کەنووسـەرو ئەدیبـەکانی سـەدەی حەڤدەم، شان بەشانی ڕەخنەگرانی ئەو سەدەیە زاراوەی کلاسیزم بۆ ڕێبازە ئەدەبییە تازەکەی خۆیان بخوازنەوە

کەشتیگەل : ژمارەیەك کەشتی (اسطول).

ڕێبازی کلاسیزم لای ئەورووپیەکان بەگشتی چەند خاسیەتو تایبەتمەندییێکی هەیەو پابەندە بەچەند ڕێنمایی و بنچینەییێك، کەئەمانەن :

١- چەشە لەئەدەبییاتی یۆنانی و لاتینی وەردەگرێت و تەنانەت ماددە ئەدەبییەکەش هەرزادەی چەشەوەرگرتنە لەم دووئەدەبە . بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیزم دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەنووسەرانی سەدەی حەڤدەم هەمیشە چاویان لەوە بووە کەجۆرەئەدەبێکی وا بهێننە کایەوە کەلەبابەتو لەبەهێزیدا شان لەشانی ئەدەبیاتی یۆنانیولاتینی بدات.

٢- ئەم جۆرە ئەدەبە زادەی عەقلە، دیارە گرنگترین سیفەتی عەقلیش میانڕۆییو ئاشکراییە(ڕوونییە) . ئەدەبایتی کلاسیزم چونکە زادەی عەقلە، بۆیێ هەمیشە هەوڵی گەیشتن بەڕاستییە گشتییەکان دەدات، هەرلەبەر ئەم هۆیەش بووە کەبەشی زۆری بەرهەمی کلاسیزم لەئەدەبدا، بەرهەمی شانۆگەری بووە، بەپێچەوانەی بەرهەمی ڕۆمانتیکی کەبەشی زۆری بریتییە لەهۆنراوەی گۆرانی.

٣- گرنگیدان بەدارشتەو چاك کاری شێوازی نووسین، ئەدەبیاتی کلاسیزم ڕێزێکی زۆر لەبنەماو بنچینەکانی زمان دەگرێت، بەمەش ڕۆمانتیکی جوودادەبێتەوە، چونکە ڕۆمانتیکی لەم بوارەدا هەمیشە ئارەزووی نووکردنەوەو تازەگەری هەیە، بۆ نموونە لەڕۆمانتیکی لەوانەیە وشە بۆمەبەستی ڕەسەنی خۆی بەکارنەهێت، کلاسیزم هەمیشە چاودەبڕێتە ڕەسەنایەتیو جوانی دەربڕینی زمانەوانییەوە، هەرلەبەر ئەم هۆیەشە کەلەزمانی ئەورووپیەکان دا زۆرجار نووسەری بەتوانا لەزمان دا بەنووسەری کلاسیزم ناودەبرێت، بابەرهەمەکەش بەرئەم ڕێبازە نەکەوێت.

٤- ئەدەبیاتی کلاسیزم دەکەوێتە بەرهەندێك بنەماو بنچینەی تایبەت،یەکێك لەوبنەما سەرەکییانە ڕوونی و ئاشکراییە، هەرلەم بارەیەوە ڕەخنەگری فەڕەنسایی(بوالۆ) باوەڕی وایە کەهەرشتێك ئەگەر بەڕوونی هەستی پێبکرێت، بەڕوونیش دەکریت دەری ببڕین، بۆیە کلاسیزمەکان لەوباوەڕەدابوون کەهەرناڕوونییەك لەئەدەبدا هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ناڕوونی لەبیرو عەقلی نووسەرەکەی و لەدەسەلآت نەشکانی دا بەسەر بابەتەکە، بۆیەئەدەبیاتی کلاسیزم دوژمنی ناڕوونییە.

٥- کلاسیزم لەئەدەب دابەکرداری لاسایی کردنەوەی سروشت دادەنرێت‌و بەگشتی کلاسیزمەکان بۆچونێکی مرۆڤانەیان هەیە.

ئەمە لە ئەدەبییاتی ئەوروپا، بۆ ئەدەبییاتی کوردیش، دیارە ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە دەکەونە بە رئەو ڕێبازەو بە ئەدەبێکی کلاسیزم دادەنرێن، لەبەر ئەو نییە کە چەشەیان لە ئەدەبییاتی ڕۆمانی و لاتینی وەرگرتووە، بەڵکو ئێمەش بە هەندێك لەو پێوەرانەی بۆ ئەدەبییاتی کلاسیزمی ئەوروپا دانراون، ئەدەبیاتی خۆمانی پێ بپێوین‌و لەژێر ڕۆشنایی بنەماکانی ئەدەبییاتی کلاسیزمی ئەوروپایی، ئێمەش بەرهەمە کلاسیزمییەکانمان دەست نیشان بکەین

دیارە شاعیری کورد کە شیعری نوسیوە، ئازادانە کارەکەی خۆی کردووە، ئاگای لەوە نەبوە کە ئەو بەرهەمەی دەینوسێت، ڕۆژێك دێت ڕەخنەگران و زانایانی ئەدەبیات بۆیڕیزبەند دەکەن‌و دەیخەنە بەر یەکێك لە ڕێبازە ئەدەبییەکانەوە بە پێی سیفەت‌و تایبەتمەندییەکانی ئەو بەرهەمە، بۆیێ ئەمڕۆ ئێمەش دەتوانین بەشێکی ئەو بنەمایانە بکەین بە بنچینە بۆ پۆلێن کردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانمان.

بنەماکانی ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی:

١- بەشی هەرە زۆری بەرهەمی ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی هۆنراوەیە، چونکە سیفەتی زاڵ بەسەر ئەو ئەدەبە کلاسیزمەدا شیعرو هۆزانە، کە ئەویش لە شێوەی شیعری ستوونی دایەو بەیەک سەروا (قافیە) هاتۆتە خوارێ.

٢- ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی گرنگییەکی زۆر بە پتەویی واتا دەدات، ئەدەبێکە کە هەموو کەس ناتوانێت بەئاسانی لێی تێبگات، چونکە کلاسیزم خۆی ئەکادیمیەت و قوتابخانەیە.

٣- یەکیەتی بابەت لەشیعری کلاسیزمی کوردیدا زۆرکەم پێڕەو کراوە، چونکە لەهەریەک دووبەیتێکدا، شاعیر جۆرەبابەتێك باس دەکات.

٤- پەیڕەوانی بابەتی کلاسیزم لاسایی بەرهەمی ئەدەبیاتی پێش خۆیان دەکەنەوە، بەلاّم نەك لاسایی کردنەوەیەکی کۆرانە(کوێرانە) ، بەڵکو ڕەچاو کردنو شوێن هەڵگرتنی کۆمەڵە دەستوورو سەرەتایێك سەبارەت بەبابەتو وێنەو شێوەی داڕشتنی شیعر.

٥- شیعری کلاسیزمی کوردی لەسەر کێشی (عەرووزی) عەرەبی دانراوەو تەرازووەکەی ئەوعەرووزانەن کەزمانەوانی بەناوبانگی عەرەب(خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) دایناوەو، شاعیرانی کلاسیزمی کوردیش هەوڵیان داوە هەموو دەریاکانی ئەم عەرووزانە بەکاربهێنن.

٦- کلاسیزم زیاتر گرنگی بەدیوی دەرەوەو بەڕوخسارو دیمەن دەدات لەوەی کەبەناوەڕۆك دەیدات، گرنگی بەوشەکاری دەدات بەرلەمانا، بەوێنە بەرلەماددە، شاعیرانی کلاسیزم زۆرگرنگیان داوە بە وشەسازیو ڕەوانبێژی، شیعرەکانی (نالی)

بۆنموونه، ئەم دیاردەیە جێگیر دەکەن.

٧- هۆنراوەی کلاسیزمی کوردی بە دەوری چەند مەبەستێکدا دێتو دەچێتو لێیان دور ناکەوێتەوە وەك دڵداریو غەزەل، پێداهەڵدان، لاواندنەوەو.......هتد.

٨- لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیدا، لەبەر بارو دۆخی میللەتی کورد، زۆرجار هۆزانڤانو شاعیرانی کورد بابەتی نەتەوایەتیان خستووەتە ڕوو، کە ئەم دیاردەیە کلاسیزمی کوردی لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی جیهانی جیادەکاتەوە، نموونەش هۆنراوەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی کۆیی....هتد ئەوانی ترن.

دوای ئەم پێشەکییە لە بابەت کلاسیزمەوە، لە وانەکانی داهاتوودا هەوڵ دەدەین باسێکی ئەدەبیاتی کوردی بخوێنین بە پێی ئەو دیالیکتو شێوە زارانەی کە بەرهەمەکانیان نووسراوەتەوە.

ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی لوڕی

ئاشکرایە کەلەدوای ساڵی حەفتەدەی کۆچیدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەکوردستان بڵاوبووەوە، لەوساوە کوردستان وەکو هەموو شوێنەکانی دیکەی ژێر فەرمانی ئیسلام زمانی عەرەبی دەستی بەسەردا کێشاوە، ئەدەبییانی کوردی بەهۆی بارودۆخی نویۆ زمانی سەرکەوتوو ڕووی لەکزی و ئاوابوون بوو، چونکە کوردیش وەکوهەموو گەلەموسوڵمانەکانی تر بۆماوەیەکی درێژ نووسین و بەرهەمی ئەدەبی هەر بەزمانی عەرەبی نووسیوە.

بەلاّم لەسەردەمی سەلجوقییەکان بەدواوە گەلەموسوڵمانە ناعەرەبەکان گەڕاونەتەوە زمانی زگماکی خۆیان و بەرهەمی ئەدەبییاتیان پێ نووسیوە، دیارە سەردەمی سەلجووقییەکان لەڕووی مێژوویی‌و سیاسی لە باربووە و پشتیوانێکی گەورە بووەو بۆزیندوکردنەوەو بوژاندنەوەی ئەدەبییاتیان. کوردیش وەکو ئەوان گەڕاوەتەوەسەر زمانی خۆی و وردە– وردە هۆنەران دەستیان کردووە بە زیندوکردنەوەو بوژاندنەوەی ئەدەبییاتی کوردی، سەرەتایەکی تازە بۆئەدەبییاتی کوردی لەسەردەمی ئیسلامەتی دەستی پێکرد، هۆنەران هۆنراوەیان بەزمانی کوردی هۆنیوەتەوە، بەلاّم بەهۆی تەنگو چەڵەمەی ڕۆژگارەوە زۆربەی بەرهەمەکان تێداچوون و فەوتاون.

کۆنترین هۆنراوەی کوردی لەدوای سەردەمی سەلجوقییەکان کەمابێتەوە نەفەوتابێت، هۆنراوەی بابەتایەری هەمەدانییە، کەبەزاراوەی لوڕی گوتوویەتی.

بابە تایەری هەمەدانی

ژیانی :

بابە تایەری هەمەدانی یاناسراو بەبابەتایەری عوریانی، هۆنەرێکی بەرزوهەرەگەورەی کلاسیزمی کوردە، ئەم هۆنەرە مەزنەمان زۆرلایەنی ژیانی بەنادیاریو شاردراوەیی ماوەتەوە ، تەنها ئەوەندەی لێزانراوە کەخەڵکی شاری هەمەدان بووە، کەشارێکە سەر بە ناوچەی لورستان· چوار خشتەکییەکانی بەزاراوەی لوڕی گووتوە، پیاوێکی سۆفی و خوا ناس بووە، لەخەڵك دوورکەوتۆتەوە و گۆشەگیری لاپەسەند بووە، بەڵکو بگاتە خۆشەویستەکەی· هەر لەهەمەدان کۆچی دوایی کردووە،گۆڕەکەی لەسەر گردێکە کە کەوتۆتە باکوری ڕۆژاوای هەمەدان، ئێستا ئارامگەیەکی جوانیان بەسەرەوە دروست کردووە.

لەبارەی ژیانییەوە گەلێك کەس لێی دواون و هەر یەکێك بەپێی سەلیقە و بۆچوونی خۆی شتی نووسیوە · بەڵام ژیانی بابە تایەر وەکو ژیانی شاعیرە گەورەکانی تر بەدوورنەبووە لەدەست تێوەردانی مێژووناسانی ئەدەب و ئەوانەی سەرسام و پابەند بوون بەبیرووبەرهەمە ئەدەبییەکەی · لەئەنجامدا وادەرکەوتووە کەساڵی لەدایك بوونی پێش نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی نەبووە،

میرزا مەهدی خان گوتارێکی لەبارەی ژیانی بابە تایەرەوە لەگۆڤاری کۆمەلەی ئاسایی لەبەنگالْ دا لەساڵی(١٩٠٤)ز بلاْوکردۆتەوە، مێژووی لەدایك بوونی بابە تایەری هەمەدانی بە پێی ئەم چوارینەی خۆیەوە دەرخستووە کە دەڵێت :

مۆئـان بەحروم کە دەر زەرف ئـامەدوستوم
مۆئـان نوقتە کە دەر حەرف ئـامەدوستوم
بە هەر ئەلفی ئەلف قەدی بەرئـایــــۆ
ئەلف قەدوم کە دەر ئەلف ئـامەدوستــوم

(ئەم چوارینە بۆلەبەرکردنە)

واتا من وەکو ئەو دەریایەم کە لـە پیاڵەیەکدا دەرکـەوتووم. مـن وەکـو ئـەو نوختەم کە لە سەری پیتێکدا پەیدا بـووم لـە دوایـی هـەر هـەزار سـاڵدائەلف ئەندامێك دەردەکەوێت ، من ئەو ئەلف ئەندام و باڵا ڕاستەی وەك ئەلفەم کـە لە ئەلف یا هەزارەدا هاتومەتە جیهانەوە. ئینجا میرزا مەهدی خـان لـە دێـری کۆتایدا بە پێی ژمارەی ئەبجەد لێکیداوەتەوە کە سالی لـە دایـك بـوونی بابـە تایەر دەکاتە (٣٢٦) کۆچـی کـە بەرامبـەر بـە (٩٣٨)ز هـەروەها سـالی (٤٠١) کۆچی داناوە بە سالی مردنی بەلام هیچ بەڵگـەی بـۆ ئـەمـە نەهێناوەتـەوە کـە بەرامبەر بە (١٠١٠) ز هەر چۆنێك بێت چەند ساڵێك زووتر یا درەنگتر لە دایـك بوبێت نرخی شاعیرێتی بابە تایەر زیادو کەم ناکات ، کە شاعیرێکی سۆفی و خواناسی گەورەی کوردە لە سەردەمی خۆیدا.

بەرهەمی :-

ئەو بەرهەمـە ئەدەبییـەی کـە لـە بابـە تایـەرەوە بۆمـان بـەجیٚ مـاوە و کۆمەلە چوارینەکانێتی کـە زۆر بـەهێز بـوون و جێگـەی خۆیـان لـە نـاو دڵ و دەرونی خەڵك دا کردۆتەوەو لەبەریان کردوون ، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ماونەتەوە یا بلێین گوازراونەتەوە تا گەیشتونەتە سـەردەمی چـاپ کـردن ئینجا لە دیـوانێکی بـچووك دا چـەند جـار چـاپ کراونەتـەوە ، بـەلام زۆربـەی چـوارینەکانی کـە لــە چـاپ دراون دەسـتکارێیکی زۆریـان کـراوەو وشــەی

فارسییان تێکەلاو کردووە ، هەروەها گەلێك چوارینەیان بە ئارەزووی خۆیان داوەتە پاڵ بابە تایەرەوە بۆ ناوبانگیەتی ، هەتا گەیشتۆتە ئەو ڕاددەی کە بابە تایەر هەشتا چوارینەی گوتووە، گەرچی نزیکەی پێنج سەد چوارینە بە ناوی ئەوەوە بلاو کراوەتەوە ، جگە لە کۆمەڵە چوارینەکانی دوو کتێبی تری بە ناوی (کلمات القصار) و (الفتوحات الربانی فی اشارات الهمدانی) بە زمانی عەرەبی داناوە ، کە لەوانەدا پلەو پایەی بەرزی ئەدەبی و سۆفی و خواناسی ئەومان بۆ دەردەکەوێت.

ڕوخساری شیعرەکانی:

بابە تایەر ئەو ڕێچکەیەی کە گرتوویەتی، ڕێچکەیەکی سادەی بێ گرێ بووە، ویستوویەتی دەوروبەری خۆی لە هەموو جۆر لە بیرو باوەڕی خۆی تێبگەیەنێت هۆنراوەکانی بە زمانێکی سادەو ساکار بووە، هەمووکەس خوێندەوارو نەخوێندەوار لە هۆنراوەکانی تێگەیشتووە، بە زاراوەی لوڕی پەتی سادە مانایەکی بەرزی دەربڕیوە.
بابەتایەر بەدوای وشەکاریو شێوازی بەتینو وشەی گران نەگەڕاوە، بەلکو هۆنراوەکانی بە قالبی (چوارینە) دارشتووە، ئەو قالبە لەگەڵ ئەو شتەی کە دەیویست یەك دەگرێتەوە، کە وشەکان سادەبن، کاریگەربن لە دەروونی خەڵکدا، بەئاسانی لەبەر بکرێن.
بابە تایەر شێوازێکی تایبەتی هەبووە، لاسایی کەسی نەکردۆتەوە، شێوازی لە چوارینەکانی وێنەی نەبووە، هۆنراوەی کەس کاری تێ نەکردووە هەرچی گوتویەتی تایبەت بەخۆی بووە، لە داهێنانی خۆی بووە.
کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە بەلام ئاسانترین کێشی هەڵبژاردووە کەلەگەڵ وشە سادەو ساکارەکان گونجاوەو بونەتە تەواوکەری یەکتری، کە کێشی (مەفاعیلون– مەفاعیلون–مەفاعیل)ە کە ئاوازێکی مۆسیقایی خۆشی هەیە.

ناوەڕۆكی شیعرەكانی :

كاتێــك بابەتــەكانی بابەتایــەر دەخوێنیتــەوە، وات بۆدەردەكــەوێت كەبابەتایـەر هـۆنراوەی بۆكەسێك نـەگوتووە، ستایـشی كەسـی نـەكردووە، تابگاتە پلەو پایەیێك، یان هەندێك شتی دەست بكەوێت، بـەڵكو بۆئـارەزووی دڵی خۆی وتووە، بۆخۆشەویستی خوای گوتووە، هۆنەرێكە سۆفی گەربووە، تاكەشــاعیری كــوردە كەڕێـچكەی سـۆفیگەریەتی گرتــووەو لەســەردەمی پەیـدابوونی سـۆفیگەریەتی ژیـاوە، سـۆفی گەریـەتی چـەندقۆناغێكی هەیـە، پێویستە سۆفیگەر ئەو قۆناغانە ببڕێت تابگاتــە پلـەی تـەواوی، ئەوقۆناغانـە كەبریتین لەوڕێگایانـەی كـە سـۆفیگەرەكان دەیگرنـە بـەرو دەسـت لەهـەموو شـتێكەوە هەڵـدەگرن كەپەیوەنـدی بـەژیانی سـەرڕووی زەمینـەوە هـەبێت، بەدڵوبـــەگیان ڕوودەكەنـــە مەبەســـتە ســـەرەكییەكەیان كەبگەنـــە لای خۆشەویـستەكەیان كەخوایـە، ئـەوكات دەگەنـە پلـەی لەناوچـوون لـەخودی خۆشەویستیان ئەمەش هەندێك لەچوارینەكانییەتی.

١- **مۆئـان ڕەندەم كەنـامەم بی قەلەنـــدەر**
نەخون دیروم، نەمۆن دیروم،نەلەنگـەر
چو ڕوز ئایەد بگەردەم گەردی گێتـــی
چو شەو ئایەد بەخشتی وا نەهەم سـەر

٢- **دلی دیروم زعیـشقت گێـج و ویـــجە**
موژە بەرهەم زەنوم خوونا بەریـــجــە
دلی عـاشـــق بەسـانی چووب تەڕبـی
سەری سووجە سەری خوونا بەریجـــە

٣- ئەگەر دل دلبەرو دلـــبەر کودوومـە
وە گەر دلبەر دڵودل ڕاچە نـــوومە
دڵودلـــــبەر وەهەم ئاوێتە وینوم
نەزونـــوم دل کیەو دلبەر کودوومە

٤- خوشا ئانان کەهەرشامان تەوینون
سوخەن واتـــە کەرون واتە نشینون
ئەگەر دەستوم نەوی کایوم تەوینوم
بشـــوم ئانان بویـنوم، کەتەویـون

٥- دلـــم مەیلی گوڵو باغی تەدیـره
سەراســـەر سینەم داغـی تەدیـره
بشـــوم ئالالە جاڕان دل کەروم شاد
دیـــوم ئالالە هـەم داغی تەدیـره

٦- بەنەوشـەی جوکەناران هەفتەیی بی
ئەلالەی کوهساران هەفتەیـــی بی
مونـادی مـــی کەرون شەهرۆ بەشەهرۆ
وەفـــای گولعوزاران هەفـتەیـی بی

(قوتابیـان و خوێنـدکاران تـەنیا دووچـوارینە لەبەردەکـەن ، مامۆسـتا بۆیـان دەست نیشان دەکات).

لێكدانەوەی وشەكان:

مۆ :	من
ئان :	ئەو
ڕەندەم :	پیاوی پەرپووت= مرۆڤی هەڵوەریای
نامەم بی :	ناوم بێی
قەلەندەر :	هەژار، ژار
خــون :	خوانە
مـــۆن :	كەسێك ، خزمێك
لەنگەر :	پشتیوان ، لایەنگر
چــو :	كــە
ئایەد :	هــات
بگەردەم :	بسووڕێمەوە ، بگەڕێم
گێتـی :	جیهان ، دونیا
ئامادەستوم :	پەیدابووم ، هاتومەتە دنیاوە
زەرف :	پیاڵەیەك
دیروم :	هەیـە
گیجویجە :	گێژو وێژە
مـــــوژە :	برژانگ
بەرهەم زەنوم :	بەیەكدا بنێم
خـــوونا :	خوێنــاو
بریجە :	دەڕێژێ
بەسانی :	وەكوو

چووب : توول، شوول

سووچە : دەسووتێ

کودوومە : کامەیە

چ نوومە : ناوی چییە

ئاوێتە : تێکەڵاو

وینـــــوم : دەبینـم

نەزونوم : نازانـم

خوشا : خۆزگە، خوزی

ئانان : ئەوانـە

هەرشامان : هەرئێوارەیەك

سوخەن واتە کەرون : قسەلەگەڵ تۆدەکەن، دگەل تەدئاخفن

واتەنشینون : لەگەڵ تۆدادەنیشن وا=لەگەڵ،تە=تۆ، نشینون دادەنیشن

نەوی : نەگـــات

کایوم : کەبێم، کەئایوم، کەبێم (دێم)

بشــــــوم : بچــم

دل کەروم شاد : دڵم شاد بـــێ

دیوم : دیتم، من دیت

داغی تەویرە : داخی تۆی هەیە، داخاتە هەی

جۆکەناران : ڕەخێ جۆی، کەناری جۆگەکان

کۆهساران : زۆزانان، کۆستانان

می کەرون : بانگ دەکات

شەهرو بەشەهرو : بازێڕب بازێڕ ، شار بەشار

لێکدانەوەی مانای چوارینەکان

١- من ئەو ڕەندە بێ پەروایەم کە ناوم قەلەندەرە، نە خوانەیەکم هەیە نانی لەسەر بخۆم، نە شوێنێکم هەیە تێیدا بحەوێمەوە، نەکەسێکم هەیە پشتیوانم بێت و لەنگەرم بگرێت، کە ڕۆژ هات بەدەوری گێتی دا دەگەڕێم، کەشەو هات خشتێك دەخەمە ژێر سەرمەوەو دەنووم.

٢- دڵێکم هەیە کەلە ئەوینت گێژ و وێژە، برژانگ بەیەکدا بنێم خوێناو دەڕێژێت، دلی ئەویندار وەکو تووڵی تەڕ، سەرێکی دەسووتێت و سەرێکی خوێناو هەڵدەڕێژێ.

٣- ئەگەر دڵ دلبەرە، ئەی دڵبەر کامەیە؟ ئەگەر دلبەر دڵە ئەی دڵبەر ناوی چییە؟ دڵ و دڵبەر پێکەوە تێکەڵاوو ئاوێتە دەبینم. نازانم دڵ کام و دڵبەر کامەیە؟

٤- خۆزگەم بەوانەی کە هەر ئێوارەیەك تۆ دەبینن و قسە لەگەڵ تۆدەکەن و لەگەڵ تۆدا دادەنیشن، ئەگەر دەستم نەگات کە بێم تۆ ببینم دەچم ئەوانە دەبینم کە تۆ دەبینن..

٥- دڵم ئارەزووی گوڵو باغی تۆی هەیە، لە سەراسەری سینەمدا داخی تۆی تێدایە، هاتم بچم بۆ جاڕی گوڵاڵە تا نەختێك دڵم خۆشو شادبێت، دیم گوڵاڵەش داخی تۆی هەیە.

٦- وەنەوشەی کەناری جۆگەکان هەر هەفتەیەکە، گوڵاڵەی ناوچە شاخاوییەکان هەر حەفتەیەکە جاڕچی شار بە شار بانگ دەکات، دەڵێت: وەفای گوڵعوزاران = ڕوومەت گوڵان = ئەویش هەر حەفتەیەکە.

ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی

شێوەی گۆران

سەرەتای سەرهەڵدان:

هەندێك لە شارەزایانی ئەدەبی کوردی لایان وایە کە تێکستی شیعری شێوەی گۆرانی کۆنترین تێکستە لە ئەدەبی کوردی دا ، واتە سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بە شیعری شێوەی گۆرانی دەستی پێ کردووە ئەگەر چوارینەکانی بابە تاهیری هەمەدانی (٩٣٨-١٠١٠ز) بخەینە ئەولاوە کەبەشێوەی لوڕی نووسراوتەوە، شیعری کوردی شێوەی گۆرانی شیعرێکی ڕەسەن و بەئەسڵ و بنیادە لەڕووی ڕوخسارەوە، بەتایبەتی کێشی خۆماڵی ((برگەیی)) وقافیەی مەسنەوییە لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە سێ بابەتی هەبووە:

١- شیعری چیرۆکی یا چیرۆکی شیعری (مەلحەمە)چیرۆکی دڵداری و دەسبازی و حیکایەتی ئەفسانەیی.

٢- شیعری گۆرانی (ویژدانی،کەسی،سروشت).

٣- شیعری ئایینی یامەزهەبی (ئۆلی)

شێوەی گۆران لەپێش پەیدابوونی ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بەڵگەو ئامۆژگاری ئایینی پێ نووسراوە هەروەهالەدەوری ئیسلامیش دا گەلێك هۆنراوەی ئایینی جیا جیای سەر بەچەند پەیڕەوی ئیسلامی پێ نووسراوە، ئەم پەیوەندییە کەرەستەیەکی بەنرخ و گرنگ بۆلێکدانەوەی مێژووی ئایین و مەزهەب وتەریقەت لەکوردستان دا پەیدا دەکات وەك دیارە زۆربەی نەتەوە موسڵمانە ناعەرەبەکان پاش بەموسڵمان بوون بۆئەدەبییات نووسین دەستیان لەزمانی نەتەوەیی خۆیان هەڵگرت و ماوەیەك زمانی عەرەبی، زمانی خوێندن و نووسین وئەدەبیاتی خوێندەوارانی ئەم نەتەوانەبوو.

لەدەوری سەلجووقییەکان بەدواوە لای هەندێك لەو نەتەوانە زمانی خۆیان هاتە کایەوە،لەلای کورد بەزاراوەی گۆرانی کۆنترین بەرهەمی پاش سەلجوقییەکان کەتائێستا لەبەر دەست دابێت و لە ونبوون ڕزگاری بوبێت ئەوە هۆنراوەکانی (مەلای پەریشان)ە

ژیان و بەرهەمی مەلای پەرێشان:

ئەو شاعیرە وەك دەردەکەوێت ناوی محەمەدە و خەڵکی (دەینەوەر)ی ناوچەی کرماشانە، وەك هۆنراوەکانی خۆی وامان پیشان دەدەن کە هەندێکیانی لەساڵی (٨٠١) ی هیجری دانووسیوە (کەدەکاتە دەوروبەری ساڵی (١٣٩٨ ی زایینی).

ئەمەش وادەگەیەنێت کەشاعیر لەکۆتایی سەدەی چواردەهەم وسەرەتای سەدەی پازدەهەمی زاینی ژیاوە.

ئەو هۆنراوانەی مەلای پەرێشان تائێستا لەبەر دەست دان هۆنراوەی ئایینی، بەڵکو (مەزهەبین)، بریتین لەستایشی پێغەمبەر (د.خ) هەروەك ئەو کۆمەڵە شیعرەی کەلەم ساڵانەی دووایدا لەکرماشان چاپکراوە، زۆر بەسۆز چیرۆکی شەهیدبوونی حەسەن و حوسەین دەگێڕنەوە.

مەلای پەرێشان لەسەرەتای یەکێك لەموناجاتەکانی دەڵێت:

١- خودا من بەندەی ناچیزو زەلیــــل
گونام کەسیرەن، تاعەتم قەلیــل

٢- چەنیم عەدالەت مەکەرئەی کەریـم
ببەخشەم وەلوتف بەفەزلی عەمیم

٣- حەکیمی عەلیم کەس سڕنەزان کەس
عەلیی عەزیم، زاتــی وێتەن بــەس

٤- لالای وەئیلحاح من بکەر قەبــــووڵ
یاحەق و عیسمەت فاتیمەی بەتوول

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

لێکدانەوەی وشەکان :

بەندە : کۆیلە ،عەبد

ناچیز : ناچیزە ،خراپ

گونام : گوناهم ،گونام کەسیرەن: گوناحم زۆرن

وێتەن : خۆتان

لالا : پاڕانەوە

ئەمە سەرەتایەکی کورت بوو دەربارەی ئەدەبییاتی زاراوەی گۆرانی و پەیدابوون و سەرهەڵدانی ، دواتر زۆر شاعیری گەورەی وەك (مەولەوی) و (مەلای بیسارانی) و (ئەحمەد بەگی کۆماسی) و (شێخ سیراجەدین) و (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) شیعری ئایینی بەرزو سەر بە تەریقەی نەقشبەندییان بەم زاراوە نووسیوەتەوە ، لە ناو شیعرەکانی شاعیرانی

زاراوەی گۆرانی هەندێك تیشكی ڕێبازی ڕۆمانسی دەبینرێت كە دواتر لە پۆلەكانی تر دەیخوێنین و باسی دەكەین ، هەروەها شعری سەر بە تەریقەتی (ئەهلی حەق) بەم زاراوەیە نوسراوەتەو ، یا شاعیرێكی گەورەی وەك (خانای قوبادی) داستانی (شیرین و خوسرەو) ی پێ نووسیوەتەوە كە شاكارێكی مەزن و ناوازەی ئەدەبی كوردییە.

یەكێكی تر لەو شاعیرانەی كە بە شێوەی (گۆران) هۆنراوەیان هەیەو بە پێشەنگ دادەنرێن و هۆنراوكانیشی بەر قوتابخانەی كلاسیزم دەكەون لە ئەدەبیاتی كوردی دا (بێسارانی) یە.

ڕوخسار و ناوەڕۆكی هۆنراوەكانی:

ئەگەر سەرنجێك لە هۆنراوەكانی بێسارانی بدەین بۆمان دەردەكەوێت كەلە گەلێك لایەنی ڕوخسارەوە، هۆنراوەكانی دەكەونە بەرقوتابخانە و ڕێبازی كلاسیزم ، هۆنراوەكانی بە كێشی عەرووزی عەرەبی داناوە، بەشی زۆری هۆنراوەكانی لەسەرقافیەی دێری (مەسنەوی) یا جووت سەروا داناوە، واتە هەردوو نیوە دێرلە هۆنراوەكەدا یەك سەروا (قافیە) یان هەیە، جگە لەمە بێسارانی پەنای بردووەتە بەر بەكارهێنانی وشە و پەیڤی بیانی لە هۆنراوەكانیدا بەتایبەتی وشەی عەرەبی وفارسی، دیارەئەمەش بەهۆی ئەو تێكەڵاوییەی كە لەگەڵ ئەو دوو زمانەدا هەبووە، هاتووەتە ئەنجام، بەوپێیەی‌كەخۆی پیاوێكی ئایینی بووە و خوێندنەكەشی هەر لەم لایەنەوە بووە· سەرەڕای ئەمانەش لە هۆنراوەكانیدا هەمووجۆرە وشەكاری ولایەنەكی ڕەوانبێژی بەكارهێناوە.

لەڕووی ناوەڕۆكیشەوە هۆنراوەكانی بێسارانی بەزۆری بەدەوری سێ مەبەست دا دەسوڕێنەوەكەدەتوانین بەم جۆرە دەست نیشانیان بكەین.

١- ئەڤینی ودلّداری:

بەشی هەرەزۆری هۆنراوەکانی بێسارانی بەدەوری ئەم مەبەستەدا دێن و دەچن، دیارە، زۆربەی شاعیرانی کلاسیزم گرنگییەکی زۆریان بەم جۆرە هۆنراوانە داوەویەکێك بووە لەو شا مەبەستانەی کە لە هۆنراوەکانیان دا پەیرەویان کردووە. سۆزی ئەڤینی وخۆشەویستی لای بێسارانی پالّدەرێکی زۆر بەهێز بووە و یەکێك بووە لەوهۆکارانەی کە وەرچەرخانێکیان لەژیانی بێسارانیدا کردووە و بەلای شیعرو هۆنراوەیان دا بردووە. نموونەی ئەم جۆرەهۆنراوەش، ئەو پارچە هۆنراوەیەیە کە لەم شوێنەدا هێناومانەتەوە و بۆ لەبەرکردنیشە وکەبە (چراغ وەنەوشە،چنوورچەنی گولّ) دەست پیَدەکات.

٢- خواناسی ودەروێشی (تەسەووف):

ئەم مەبەستەش بە ئاشکرایی لە هۆنراوەکانی دا ڕەنگ دەداتەوەو لە مەوە هاتووە، کە بێسارانی پیاوێکی ئایینی و مەلاییێکی خواناس و ڕاستی ناس بووە وەکو لەم نموونەیە دا دەلّیَ.

١- ئێمەیچ پەروانەی شەم شناسانیم	پەڕو بالّ سوفتەی دینی خاسانیم
٢- میللەتی پاك دین، پێغەمبەرانیم	نەك جەتایفەی کەم نەزەرانیم
٣- بنمانە جەبێن نوری پاکتەن	ئەرتۆ پاکەنی جەکیَ باکتەن

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

لێکدانەوەی پەیڤان:

ئێمەیچ :	ئێمەش ، ئەم ژی
پەروانە :	پەپوولە ، پەلاتینك
شەم :	مۆم . شەمع
شناسانیم :	دەناسن ، ناس دکەن
سوفتە :	سوتاو ، کون کون ، سوهتی
دینی خاسان :	ئایینی پیاوچاکان ، ئایینی خۆش مرۆڤان

ئێمەش ئەو پەلاتینك و پەپوولانەین کە مۆم دەناسن و بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، چونکە شەیدای ئەو ڕۆناکییەن، پەڕو باڵ سووتاوی ئایینی پیاوچاکانین.

٢- جەتایفەی : لەتایفەی

ئێمە پەیڕەوی کەرانی ئایینی چاکی ئەو پێغەمبەرانەین کە پێشەوای ڕاستی ئادەمیزادن نەك ئەو کەسانەی کە لێ ورد بوونەوەیان نییە و کەس نەزەرن.

٣- بنمانە : دەرەخە، پیشان بدە، نیشا بدە

جەبین : نێوچاوان، ئەنی هەنیە

ئەر : چونکە

پاکەنی : پاکی خاوێن، پاقژی ، پاکژی

جەکێ باکەت : باکت لە کێ هەیە، باکت بە کێیە، منەتت بە کێیە.

دەرخە ناوچەوانی خۆت، ئەو ناوچەوانە نوورانیە پاکەت، چونکە کە تۆ پاکیو خاوێنی ئیتر باکت یان منەتت بەکێیە؟

٣- کۆمەڵایەتی :

ئەمەشیان یەکێکە لەو مەبەستانەی کەلە هۆنراوەکانی بێسارانی بەرچاو دەکەوێت ، بۆ نموونە دەڵێ:

١- ئارۆ وێنەی وێم دیم خەزانێ زار

بەندبێ بەزامەت جەور و جەفای خار

٢- ئەو جە دەردێ وێش بێ مەدارا بێ

خار چەنگێ زامەت لێش و یارا بێ

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

ئارۆ : ئەمڕۆ ، ئەڤرۆ

وێنەی وێم : وێنەی خۆم ، وەکو خۆم

دیم : بینیم ، دیتم ، من دیت

خەزانێ زار : گەڵای زەردی پاییز

زامەت : بەزەحمەت

خار : دڕك ، ستری ، ئەستری

ئەمڕۆ گەڵاییێکی زەردی وەکو خۆم دیت ، کە ئەویش وەکو من گرفتاری جەورو جەفای هەڤاڵەکەی خۆی ببوو.

وێش : خۆی

جەدەردێ وێش: لە دەردی خۆم

بێ مەدارا : بێ تاقەت

چەنگێ : چنگ ، مشك ، لەپ ، دەست

لێشیو یارابێ: لێی هەڵپێکابوو ، تێی ئالأبوو

ئەو گەلایە بە دەستی ئازاری خۆیەوە تاقـەتی لێ بڕابـوو، سـەرەڕای ئەمـەش دڕکێکی پێداچوو بوو کە چنگی تێئالاندبوو، جوولەی لەبەر بـڕی بـوو . جگـە لەم مەبەستانە بێسارانی مامۆستای وەسف کردن بـووە، بەتایبـەتی وەسـفی سروشت، بە دیمەنە جـوانو چـیا بڵنـدەکانی، ئـەم دیاردەیـەش لـە هـۆنراوە ئەڤینی و دڵداریەکانیدا ڕەنگ دەداتـەوە، کـە ئەمـەی خـوارەوە نموونەیەکـە لەوان:

١- چراغ وەنەوشە چنور چەنی گــوڵ

عەزم رای ویسـاڵ تۆشان هانــە دڵ

٢- چنوور جەسەر کۆ وەنەوشە جەچەم

گوڵ جەگوڵستـان وەهەم بیەن جــەم

٣- واتشان بەمن بەندەی فلانی

چون حاڵ زانەنی بەحاڵ بەحاڵ مەزانی

٤- بونە رای ئەڵلا بکەرە کاریْ

بیــاومیْ بەوەسڵ ئەودلبــەر جـاریْ

٥- چراغ, یە هەرسێم بەستن بە دەستە

چ دەستە، دەستــــەی زگاران بەستـە

٦- هەرسێم یەئاورد چون خاکە ساران

هەریەك وایەی وێم وەچەی مــەداران

٧- چنوور پەی زولفت پەشێە حاڵشەن

وەنەوشە سەودای خەیاڵ خاڵشــــەن

٨- گولّ پەی جەمینت مەسۆچۆ چون شەم

جە دووریت نیشتەن نە پاش خاریٚ خەم

٩- ساحیب مایەنی بلّند بۆپایەت

با وایــە گێـران هەریڕ جە مایــەت

(لەسەرەتاوە پێنج دێری بۆلەبەر کردنە)

لێکدانەوەی پەیڤان:

١- چراغ : مەبەستی خۆشەویستەکەیەتی، چرا

وەنەوشە : گولّێکی جوانە لەناو چەمو باخاندا داشین دەبێت

چنوور : گولّێکی چیاییە

عەزم : ئیرادە ، قەسد ، نیەت

ڕای ویسال: ڕێی پێك گەیشتن

تۆشان : هەتۆ

هانە دلّ : وا لەدلّ

خۆشەویستەکەم ، وەنەوشەو چنوورو لەگەلّ گولّ ، قەسدی ڕێی گەیشتن بەتۆیان لەدلّە، واتە نیازیانە بێنە دیدەنت.

٢- جەسەرکۆ: لەسەرکێو ، لەچیا

جەچەم: لەچەمو باخان

وەهەم : پێکەوە

بیەن جەم: کۆبوونەوە، کۆم بوون

چنوور لەشاخو کێوانو وەنەوشەش لەناو باخانوگولّیش لەگولّستان دا پێکەوە کۆبوونەتەوە.

٣- واتشان بەمن: گۆتنەمن ، بەمن گۆت.

چون حال زانەنی: چونکە تۆ حالّزانی، یان حالّ دەزانی

بەحالّ مەزانی: بەحالّی ئێمە دەزانی

بەمنیان گوت ئەی بەندەی فلانی، چونکە تۆ حالّزانی، بۆیێ بەحالّی ئێمە دەزانی، واتە ئاگات لەحالّ و باری ئێمەهەیە.

٤- بونە ڕای ئەڵلاّ:   لەڕێی خوادا

بکەرە کارێ: کارێکی وابکە

بیاومێ: بگەین ، بگەهێن

بۆ خاتری خوا کارێکی وابکە ،بگەین بەخۆشەویستەکەمان تەنانەت بۆجارێکیش بێت.

٥- یەهەرسێم: واتە هەرسێکیانم (وەنەوشەکەو چنوورەکەو گوڵەکەم) خۆشەویستەکەم ، واهەرسێکیام بەدەستە بەستن‌و کردنم بەدەسك بەلاّم چۆن دەسکێك ، دەستەیەك کەزویرو خەفەتبارن.

زگاران: زویرو خەفەتبار.

٦- یەئاورد: واهێنامن،

چوون: وەکو

خاکەسەران: کەسانێك کەدەکەونە ژێر پێی یەکێکی ترەوە، تامەرتەبەی بچووکایەتی خۆیان نیشان بدەن ، داماوان

وایە: مەرام: ئامانج

وێم :   پێمە ، وایەی وێم = مەرامی پێمە ،نیازی پێمە

وەچەم مەداران: چاوەڕوانی دەکەن ، چاڤەڕێنە. چەم :چاو :چاڤـــ

هەرسێکانم هێناوەتە بەردەمت بەداماوی، هەریەکە مەرام و مەقسودێکی پێتەو چاوەڕوانی دەکەن .

٧- پەی: بۆ   پەی زولفت: بۆزولّفت

پەشێو حالّشەن: حالّی پەشێوە، حالّی تێکچووە.

سەودای خەیالّ خالّشەن: عەودالّی خەیالّی خالّی تۆن.

چنوور حالّی پەشێوو نالەبارە بۆزولفت ، وەنەوشەش سەودای خەیالّی خالّی ڕووی تۆی کەوتۆتە سەر.

٨- پەی جەمینت : بۆڕووت

مەسۆچۆ: دەسووتیّ ، دسۆژێن

چون شەم: وەك مۆم (شەمع).

جەدووریت: لەدووریت ،ل دووریاتە

نە: لە

نەپلش: پلش: پەنجە، ئەنگوست ، لێرەدا مەبەستی پارچە (پلّە) گۆشتی دلّە.

خاریّ:   دڕکێك ، خار = دڕك، ستری

گولّ بۆڕووت دەسووتیّ هەروەك مۆم (شەمع) ، لەبەردووریت دڕکی خەمی نیشتۆتە ناو دلّو دەروونی.

٩- ساحیب مایەنی: خودانو خاوەنی سەرمایەی

بلّند بۆپایەت: بلّندە پایەو مەقامت

باوایە گێڕان: بامەقسەد بگرن

هەریر: هەر یەك، هەرئێك

جەمايەت: لەسەر مايەت

تۆخودانو خاوەنی سەرمايەو سامانی ، کەجوانييەکەتە، بۆيیٚ پايەو مەقامت بـەرزو بڵنـدە. باخـەڵکان چـاوبڕنە، يـان مەقـسەد بگـرن هەريەکـەيان لـەو سەرمايەی کەتۆهەتە واتە لەجوانييەکەت.

ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی – شێوەی کرمانجی ژووروو

لەمەو پێش ئەوەمان زانیوە کەهەر ناوچەیەك لە کوردستان، ئەگەر لەباری ژیانو مێژووی کۆمەلاَیەتیو ئابووریو سیاسی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی بێت، ئەوا ئەدەبییاتی کوردی لەویَ سەری هەلَداوەو بە دیالێکتی ئەو ناوچەیە ئەدەبییاتەکە نووسراوە.

ئینجا ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی ژووروئەوەی کە مابێتەوە نەفەوتابێت مێژووەکەی بۆ سەردەمی میرنشینی بۆتان دەگەڕێتەوە، شاری جزیرە کە پایتەختی میرنشینی بۆتان بووەو جەرگەی پەیدابوون و پەرەسەندنی ئەدەبییاتی کوردی بە زاراوەی کرمانجی ژووروو بووەو هەر بەشە دیالێکتی ئەو ناوچەیە بووە بە بناغەی ئەو زمانە ئەدەبییەی کرمانجی ژووروو، کەلەو کاتەوە کوردی پیَ دەنووسرێتو زۆر شاعیر هەبوون کە خەلَکی ئەو ناوچەیە نەبوونو سەر بەو بەشە دیالێکتە نەبوون، یا تەنانەت سەر بە کرمانجی ژوورووش نەبوون، بەلاَم دەسەلاَتو تەشەنە سەندنی ئەدەبییاتی کوردی بە زاراوەی بۆتانی وای لیَ کردبوون کەبە دیالێکتی بۆتان هۆنراوە بنووسن.

شارەزایانی مێژووی ئەدەبییاتی کوردی وایان بۆ دەرکەوتووە، کە ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم سەری هەلَداوە، ئەو شاعیرانەی کە بەم دیالێکتە هۆنراوەیان نووسیوە زۆر ئاشکران (فەقێی تەیران، مەلای جزیری، عەلایی حەریری، ئەحمەدی خانی، مەلاییَ باتەیی، شاپرتەوی هەکاری، مەلامەنسوری گرگاشی، شێخ محەمەدی مەغریبی)

ئەمجا لێرەدا تەنها باسی مەلای جزیریو ئەحمەدی خانی دەکەین بۆ خوێندنی ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو.

مەلای جزیری

ژیانی :-

مـەلای جزیـری بەمـەلا ئەحمـەد یـا شـێخ ئەحمـەد بەناوبانگـە لەبەرئـەوەی لەشـاری جزیـرەی پایتـەختی بۆتـان ژیـاوە، بـەجزیری نـاوی دەرکردووە، ئەم شاعیرە مەزنـە لەسـاڵی (٩٧٥) کۆچـی کـە بەرامبـەر سـاڵی (١٥٦٧-١٥٦٨)ز هاتۆتە دونیاوە، مەلای جزیری وەك هەموو مەلا گەورەکانی کوردسـتان ڕۆژانـی فەقێیـەتی وخوێنـدنی لەگـەلێك ناوچـەی کوردسـتان دا بردۆتەسەر، پاشان لەچەند شوێنێك مەلایەتی کردووە و دوایـی لـە مزگـەوتی سوور جێگیر بووە، کە لە ڕۆژانی دەسەڵاتی میرانی بۆتاندا شوێنی خوێندن و پێگەیشتن بووەو سەدان فەقێی تێدا بووە کەمیر خۆی مەسرەفی بۆکردوون.
مەلای جزیری لەسـاڵی (١٠٥٠) کۆچـی کـە بەرامبـەر (١٦٤٠)ز کۆچـی دوایـی کردووە، لەمزگەوتی سوور نێژراوە.

مـەلای جزیـری نازنـاوی هـۆنراوەی (مـەلا، یـان مـەلێ) بـووە، هەنـدێك جـار (نیـشان)یـشی بۆخـۆی کـردووە بـەناو، چـونکە دڵـی خـۆی بەنیـشانی تـیری خۆشەویستی و ئازار داناوە، یاهەرنیشان خاڵی گۆنایەلەبەرئەوەی زۆر باسـی خەت و خاڵی کردووە، خۆی ناوناوە(نیشانی).

مـەلای جزیـری بەدامەزرێنـەری ئـەدەبیاتی کلاسـیزمی کـوردی بـەزاراوەی کرمـانجی ژوورو دادەنرێت،چـونکە لەسـەردەمی خۆیـدا بەرهـەمێکی ئـەدەبی پتـەووتازەی هێنایـە کایـەوە کەلەمـەو پـێش نـەبووە، واتـە تازەگـەر بـووە، ئەمەش ڕەنگ دانەوەیگەشەسەندنی شاری جزیرەو ئـاواتی پـەل هاویـشتنی میرانی بۆتان بووە، دەتوانرێت ڕاسـتی ئـەم لێکدانەوەیـە بـە دێرێکـی مـەلای

جزیری خۆی بسەلمێنرێت، کە لە وێدا ئاواتی ئەویش لەوە دایە کە هۆنراوەکانی لە سنووری جزیرە بچنە دەرەوە شاعیر دەڵێت :

گوڵی باخی ئیرەمی بۆتانم

شەب چراغی شەبی کوردستانم

واتە : (گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم و شەوچرای شەوی کوردستانم)

بەرهەمی :

مەلای جزیری دیوانێکی گەورەی هۆنراوەی کوردی هەیە، ئەم دیوانە چەند جار و لە چەند شوێن دا (لە بەرلین و ئەستەمبوول و هەولێرو قامیشلی و بەغداو تەهران) چاپکراوە، دیوانەکە هەمووی لە چاپەکەی قامیشلی دا بە عەرەبی لێکدراوەتەوە.

ڕۆژهەلاتناس و کورد ناسی بەناوبانگ ڤلادیمیر مینۆرسکی دەلێت:- (ئەگەر ڕۆژ هەلاتناسی ئەورووپا کەسێکی چنگ نەکەوێت دیوانی مەلای جزیری بگۆڕێتە سەر زمانەکانی ئەورووپی، ئەوا بەڕاستی لە نرخی ئەدەبیاتی کوردی و بەرزی زمانی کوردی ناگات) بەڵێ مەلای جزیری بەڕابەری ئەدەبی کوردی دەژمێردرێت. چونکە لە سەردەمی خۆی دا شتێکی هێناوە ناوەوە کە تەواو تازە بوو

تا سەردەمی ئەو هەموو خوێندەواری کورد خەریکی خوێندنەوەو چێژ لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەلات وەرگرتن بوون ، بەلام ئەو هات و سەر لە نوێ بە بۆن و خۆشیی مۆسیقای هۆنراوەی ڕۆژهەلات ، بە تایبەتی هۆنراوەی باووبالای سەردەمەکەی پێش خۆی و سەردەمی خۆشی ، چەش بوونی دارشتەوەو خستیە قالبی هۆنراوەی کوردی یەوە زۆرجار ئەدەبیاتناسان باسی

پەیوەندی نێوان مەلای جزیری و حافزی شیرازی دەکەن و دەڵێن : حافز زۆر کاری کردۆتە سەر مەلای جزیری.یا مەلای جزیری زۆر شتی لە حافز وەرگرتووە· بەڵام ئەو کارتێکردنە هەرچەندێك بێت ، بەشی تازەگەری و رابەری بۆ مەلا دەمێنێتەوە ، چونکە ئەوەی حافز فارسی بووە ، ئەوەی ئەم کوردی بووە ، مەلا پێش هەموو کەس بە کوردی پەیڕەوی ئەدەبیاتی خۆرهەلاتی ئیسلامی کردوو هونەری ئەم جۆرە هۆنراوانەی بە کوردی دارشت ئەمە بۆ ئێستا کۆنە بەڵام بۆ ئەوکاتە زۆر تازە بوو.

روخساری هۆنراوەکانی :

ئەمرۆ بەهۆنراوەی مەلای جزیری دەڵێین کلاسیزمی کۆن· تەنانەت هۆنراوەیمەلای جزیری تەنها لەبابەتی کلاسیزمی کوردی نییە،بەڵکوبابەتی کلاسیزمی رۆژ هەلاتە·

١- زمانێکی کوردی تێکەڵ بەوشەی فارسی و عەرەبی و تەنانەت تورکیشی بەکارهێناوە.

٢- بەکارهێنانی ئەو (کێش)انەی هۆنراوەی عەرەبی کەلەفارسی دا هەبوون·

٣- پاراستنی پەیڕەوی هۆنراوەی کلاسیزمی لەقافییەدا، واتە یەکێتی قافییەو دواپیت (ڕەویە).

٤- پاراستنی بابەتی غەزەل و قەسیدە لەهۆنراودا،دەتوانین هۆنراوەی مەلای جزیری بەچەشنێك لەو وشەکارییە دابنێین کەلەهەموو هۆنراوەی کلاسیزمیدا هەبووە، بەڵام دەتوانین ئەوەش بڵێین کەمەلای جزیری زۆر بەهرەوەرانە توانیویەتی سۆزی دڵی خۆی بەجۆرێك بکات بەوشەو بەهۆنراوە کەهیچ زۆر لەخۆ کردنی پێوە دیار نەبێت وسۆزی دڵەکە،وشەکارییەکەدابپۆشێت و هۆنراوەی جوان و پڕ لەگەرمیی راستی وپڕلەسۆزمان پێ ببەخشێت.

ناوەرۆکی هۆنراوەکانی:

دەتوانین بڵێین دیوانی مەلای جزیری دیوانی دڵدارییە، بەلام کام دڵداری؟ ئەدەبییاتناسان زۆر بە درێژی لەوە دەدوێن کە دڵداری مەلای جزیری وەك هۆنراوەی (حافز) و (جامی) و (ابن الفارز) دڵداری ئاسمانی یا دڵداری سۆفیانە و خواییە.

بەڵێ لە هۆنراوەی کوردی دا ئەم چەشنە هۆنراوەی دڵدارییە دیارە· زۆر جار کە شاعیر لە دڵداری سەر زەمین دا سەرناکەوێت ، ڕێگە دەباتە بەر هیوایەکی دوور، بە نائومێدی و نەبوونێکی بێ کۆتایی، بە ئاواتی لەو دونیا لەگەڵ دڵداردا بە یەکتر گەیشتنەوە ، بەم جۆرە دڵدارییەکەش لەوەو کە حەزلە جوانی لەش و لارو چاو و ئەبرۆ کردن بێت, بەرەو حەز لێ کردنێکی تر دەبرێت ، بەرەو زاڵ بوونی گیان بەسەر لەش دا . بەم جۆرە مەلای جزیری دەستی ناگاتە دڵدارەکەی کە ناوی (سەلمایە خوشکی میری بۆتان بوو) لەبەرئەوە دیوارە جیاوازەی کۆمەلآیەتی کە لە نێوان ئەو و خوشکی میردا دەوەستێت ، ئەوا خۆشەویستییەکەی دەباتە مەیدانی گیانپەرستی و خوا پەرستی و ڕێبازی تەسەوفەوە.

خاسیەتێك لە هۆنراوەی مەلای جزیری دا هەیە ، کە دوای خۆی لای هەندێك شاعیری سۆفی تر دیارە ، ئەویش ئەوەیە کە دەست دەدەیتە خوێندنەوەی هۆنراوەکانی وات بە بیردا دێت کە پەیکەرێکی جوانیی لە بەردەمی شاعیردا بێت شاعیر بە وشە سەرلە نوێ نیگاری ئەو نەخشەیە بکێشێتەوەو هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو دەربڕێت، بەلام وردەوردە ئەو پەیکەرە دەبێت بە جوانی خوایی و شاعیر لە میحرابی ئەو دا بە سەرسامی دەوەستێت · ئەمەیە ناوەڕۆکی هۆنراوەی مەلای جزیری ، هەر لەبەر ئەمەشە کە دڵسۆزی

و ڕاستگۆییەکی تەواو لە هۆنراوەکانی دا بەدی دەکەین هۆنراوە لای مەلای جزیری بۆ مەبەستێکە کە خۆی بۆ تواندۆتەوە ، هەر لەبەر ئەوەیە کە هۆنراوەکانی لە دەوری یەك باس دەسوڕێنەوە، ئەگەر هەندێك وردەباسی تر لە هۆنراوەکانی بەدی بکرێت ئەوا هەر لە پەراوێزی ئەم باسەدان.

بەدەم ئەو دڵدارییە ڕاستەقینەوە مەلای جزیری هەندێك باسی تریشی کردووە بە کەرستەی هۆنراوەکانی ، وەك ستایشی هەندێك لە میرەکانی جزیرە ، یان بە ئامازە شاعیرانە باسی هێرشی مەغۆل و تاتار یا هەندێك وەسفی گشتیی سروشتی جوانی کوردستان

نموونەیەك لە هۆنراوەی مەلای جزیری:

١- ئیرۆ ژڕەمزا دێم دورێ

میننەت کو من مەسروورە دل

دلبەر ب فنجاناسورێ

مەی دامەو مەخموورەدل

٢- ڕەمزەك نهێن ئاڤێهتە دل

میهری ژباتێن مێهتە دل

شەهزادەیێ سور ڕێهتە دل

شەهکاسەیا فەرفوورە دل

٣- هۆستایێ عیشقێ دل هەڤووت

سەرتا قەدەم هێنگێ د سووت

ڕەمزا (ئەنەلحەق) هەردگووت

باوەڕ بکەن مەنسوورە دل

٤- دل لىٚ بدەت نــوورا مەیـــىٚ
وەختى سواش و هەی هـــەیـىٚ
فەهم ئەربکەت وەحیـــا نەیـىٚ
ژىٚ دەت خەبەر مەئـــموورە دل

٥- نوورا ژقودرەت لــىٚ دوونـــوون
ژێــڕا دنــالن ئەرغە نـــوون
وەر ئایەتـا عیشقىٚ بـــخوون
خوەش نوسخەیەك مەستوورە دل

٦- تەفسیری سـڕا ئایەتـــــىٚ
عارف دڤێتن گـــوە دەتــــىٚ
ڕازا ڕەمــووزێن قودرەتـــىٚ
گەر دەین بکەت مەعـزوورە دل

(لەسەرەتاوە چوار کۆپلەی بۆلەبەر کردن)

لێکدانەوە:

١- (ئێرۆ) : ئەمڕۆ، ئەڤرۆ.

دێم : ڕوو دم وچاو

دوڕىٚ : وەك دوڕ

(سوڕ)یا(سڕ): نهێنی دل، دل ڕاکێشان، جەزبی دل

مەی : بادە، شەراب

دامە : دای بەئێمە

مەخموور: سەرخۆش

واتە منەت بۆخودا کەمن ئەمڕۆ دڵم بەهۆی ئەو خۆشەویستەوە خۆشە، کەرووی وەك دوڕوایە، ئەوەی دڵی بردینو جامیمەی دڵ ڕاکێشانی خۆیی داینێ و دڵ بەوە سەرخۆشە.

٢- نهێن: نهێنی، شاراوە ، ڤەشارت

ئاڤێهتە: ئاوێتە, هاوێشتە

میهر: خۆشەویستی یاتیشکی ڕۆژ

مێهتە: لە(مێهتن)ەوە هاتووە بەمانای مژین، واتە مژیی

ڕێهتە: لە(ڕێهتن)ەوە هاتووە بەمانای ڕشتن، یاڕژاندن، واتە ڕژاندی

شەهکاسا : واتە کاسەی شاهانە.

فەرفوور : وشەی فەغفوور لەکوردیدا کراوە بەفەرفوور ، فەغفوور پاشای چین بووە، فەغفووری یافەرفووری ئەو کاسەیە کەدەدرێتە پاڵ ئەو.

واتە: خۆشەویستەکەم ئیشارەتێکی نهێنی هاوێشتە دڵەوەو خۆشەویستی بەباتینی یابەشاراوەیی دڵی منی مژی، شازادە جەزبی خۆیی ڕشتە دڵەوە دڵ وەك فەغفووری وایە.

٣- (هۆستا): وەستا، مامۆستا

هەڤووت: سووتاو

هێنکێ: کاتێك

دسووت: دەسووتا.

واتە: وەستای دڵ سووتاوی عەشق کاتێك کەلەسەر تابەپێی بەئاگری عەشق دەسووتا، ئەو ڕەمزی(ئەنەلحەق)ی دەگوت، باوەڕبکە کەدلی من مەنسوورە. لێرەدا مەنسوور بەمانای سەرکەوتوو دێتو هەموودێڕەکەش ئیشارەتە

بۆسەر گوزەشتەی مەنسووری هەلاج (٨٥٨-٩٢٢)ز کەتامرد، هەرهاواری دەکرد (ئەنەلحەق) واتە: شاعیر دەڵێت منیش لەعەشقی خوادا وەك مەنسوور تامردن و سووتاندن هەرهاواری (ئەنەلحەق) مە.

ئەمەش لەسۆفێیتیدا پلەی فەنابوونی پێ دەڵێن.

٤- لێ: لەو

سواش: شەڕ ،جەنگ

هەیهەی: هاوارو دەنگە دەنگ

ئەر : ئەگەر

وەحیانەیێ : وەحیی نای

ژێ : لەو

دەت خەبەر : خەبەر دەت ، قسەبکات

واتە: ئەگەرنوورو ڕووناکیی مەی لەکاتی جەنگو هەرای عاشقاندا بدات لەدڵو ڕووناکی بکاتەوەو ئەگەر دڵ لەوەحی نای گەیشتو زانی کەدەنگی نای دەنگی عەشقی خواییەو بەو تێگەیشتنە کەوتە قسە کردنو ڕلستی گوتنو نهێنی دەربڕین. ئەوە پلەیەکە دڵ گەیشتۆتیۆ فەرمانی پێکراوە کەنهێنی نەشارێتەوەو ڕاستی بڵێت .

٥- نوورا ژقودرەت : ڕووناکییەك لەقوودرەتەوە، لەخواوە، مەبەست ناوچەوانە.

لێ: کورت کراوەی لە ئەوێ، واتە لەو.

دوونوون: دوو چاو، دوو ئەبرۆ

ژێرا: بۆ ئەو

ئەرغەنوون :   ئالـەتێکی مۆسـیقایە، کـە لێـرەدا جێگـەی دڵـی عاشـقان دەگرێتەوە.

وەر :   وەرە

نوسخە :   کتێب

مەستوور :   نووسراو ، مسطور

واتە: دڵی عاشقان کە وەك ئەرغەنوون وایە هەمیشە هـەر هـاوار دەکـاتو لـە خۆشەویـستی ئـەو ناوچـەوانە ڕوونـاکی بەخـشە دەناڵێنێـت کـە دوو ئەبرۆو(چاو)ی پێوەیەکە لە دوو پیتی هەڵگەڕاوەی (نـوون) دەچێت ئەمـەش هـەروەك قورئـان دەسـتکردی خوایـە، دەوەرە ئایـەتی عەشـق لـەو دەم و چاوەدا بخوێنەوە، کە نوسخەیەکی نووسراوەی چاكو خۆشی کتێبی خوایە.

٦- دڤێتن :   دەوێتن

گوهـ دەتیٚ :   گوێی بداتیٚ

ڕاز :   نهێنی دڵ

ڕموورێن قودرەتی: ڕەمزەکانی قودرەت ، ئیشارەتی خوایی

گەر :   ئەگەر

دەین بکەت :   قسە بکات

واتە : عارف کە نهێنی خوایی دەنوێنێت، دەیەوێت گویٚ بدەیتە لێکدانـەوەی نهێنی ئەو ئایەتی جوانییەی باس کرا، یا خۆی گوێی دەداتیٚو ئەگـەر نهێنـی ڕەمـزو ئیـشارەتی قـودرەت واتـە خوادەربخـات بیـانوو و عـوزری هەیـە یـا دەتوانین بڵێین (دیـن بکـات) واتـە شـێت بکـات. بـە مانـا ئەگـەر ئـەو نهێنـی جوانیو عەشقە پیاو شێت بکات هەقەو بیانوو بۆ ئەو شێت بوونە هەیە.

ئەحمەدی خانی

ئەحمەدی خانی بەناوبانگترین شاعیری کۆنی کوردە، لووتکەی شیعری کرمانجی ژووروو و دوا شاعیری گەورەیەتی ، ناوبانگی ئەحمەدی خانی لە گەڵ مەم و زیندا سنووری دووری وڵاتی بڕیوە و بە جیهاندا بلاو بۆتەوە.

ژیانی خانی:

خانی تاکە شاعیری کۆنمانە کە خۆی مێژووی لە دایك بوونی خۆی بۆ تۆمار کردووین کە دەڵێت :

لەوڕاکو دەما ژغەیب فەك بـــوو
تەئریخ هەزار و شەست و یەك بوو

واتە:

لە بەر ئەوەی کاتێك لە نەبوون پەیدا بوو، ساڵ ساڵی هەزارو شەست و یەك بوو، واتە لە سالی (١٠٦١) ی کۆچی هاتۆتە دونیاوە کە دەکاتە (١٦٥٠) ز بەڵام لە کوێ؟ هەندێك هەر لەبەر ئەوەی لە بایەزید کۆچی دوایی کردووە لەوێ نێژراوە دەیکەن بە خەڵکی بایەزید. بەڵام ئەگەر بە وردی مەم و زین بخوێنینەوە لەوە دەگەین کە خانی زۆر بە توندی بەستراوە بە جزیرەوە, هەرچەندە ڕوودانی چیرۆکی مەم و زین لە ناوچەی جزیرەدا هۆیەکی گەورەی ئەمەیە ، بەلام ئەوەش دیارە کە خانی لە جزیرەدا زۆر ژیاوە ، هەر وەك لە مەم و زینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خانی زانایەکی گەورە بووە شارەزای فەلسەفەو گەلێك زانستی تر بووە. هەر ئەمە ڕاستی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە زۆر کتێب دا دەربارەی ژیانی خانی نووسراوە ، کەوا لە زۆر شوێن خوێندوویەتی بووە بە مەلایەکی گەورە لە جەزیرەو بایەزید دا دەرسی گوتۆتەوەو گەلێك مەلاو زانای تری پێگەیاندووە خانی لە ساڵی (١٧٠٦) ز کۆچی دوایی گردووە.

بەرهەمی :

لەوبەرهەمانەی خانی کەئێستا ماون ولەبەر دەست دان دەتوانین چوارجۆردەست نیشان بکەین:

١- غەزەل و قەسیدە

٢- عەقیدا ئیمان

٣- نەوبارا بچووکان

٤- مەم و زین

١- غەزەل وقەسیدە :

خانی هەر بەمەم وزین ناوبانگی دەرکردووە،بەلاّم لەم دواییەدا هەندێك هۆنراوەی دۆزرایەوە کەئەوانیش بەشێکی ترلەهونەرمەندیی خانی پیشان دەدەن ولەڕووی بیرو فەلسەفەی خانییەوە تەواوکەری مەم وزین. بۆنموونە لە هۆنراوەیەك دا دەڵێت:

١- میری مەجلیس نەکەت موتریب گۆیاچ بکەت

غونچەی خەندان نەبتن بولبولی شەیدا چ بکەت

٢- بنکا حوسنی بتان لازمەساحێب نەزەرەك

کەسی بینا کونەبت دولبەری زێیا چ بکەت

٣- تالیبی عیلم وکەمال نەبتن قابیلی فەیز

حیکمەت و تەربیەتا عالیمی دانا چ بکەت

٤- تەبعی خانی سەدەفا گەوهەرە عیرفانە وەلێ

مەتن خوانەك نەبتن ساحێبی مەعنا چ بکەت

(لەسەرەتا دوودێری بۆلەبەر کردنە)

٢- عەقیدا ئیمان:

کتێبێکی بچووکی عەقایدی ئیسلامە، یا چەند دەرسێکی زانستی (کەلام)ە ، خانی بە هۆنراوەیی پێشکەشی فەقێی کوردی کردووە. لێرەدا خانی وەك مامۆستایەك خۆی دەنوێنێتو نەچۆتە کۆڕی موناقەشەو لێکدانەوەی مەزهەبەکانی ئیسلامەوە، لێرەدا خانی وەك (مەمو زین)ی نەکردووە، بەڵکو کتێبێکی خوێندنی پێشکەش بە قوتابیەکانی کردووە.

٣- نۆبارا بچووکان:

لێرەشدا خانیی مامۆستا هاتووە بە هۆنراوەی کوردی فەرهەنگێکی عەرەبی- کوردیی پێشکەش بە منداڵانی کورد کردووە، بۆئەوەی فێری عەرەبی ببن . خانی لێرەشدا وەك کوڕی گەل خۆی دەنوێنێت، ئەم نۆبەرەیەی پێشکەش بە میرو خاوەن دەسەڵات ناکات . بەڵکو بۆ منداڵانی کوردی نووسیوە وەك خۆی دەڵێت :

نەژبۆ ساحیب ڕەواجان

بەلکی ژبۆ بچووکێد کرمانجان

(بۆ لەبەرکردنە)

٤- مەم و زین:

دەمێك بوو ئەنجامی پڕ لە ئازارو مەرگی ناکامانەی مەموزین بوو بوو بەچیرۆكو پشتاو پشت دەگوترایەوە. دەمێك بوو ئەو ئەنجامو ئەو سۆزو فیداکارییەی، سروودی دڵداران بوو. بەڵام خانی هات سەرلەنوێ زیندوویان بکاتەوەو نەمریان پێ ببەخشێتو بەناو ئەوانەوە کۆمەڵێك بیرو ڕاو فەلسەفەی خۆشی دەربڕێت وەك دەڵێت :

شەرحاغەمێ دل بکەم فەسانە

زین و مەمێ بکـــەم بەهانـە

(بۆلەبەر کردنە)

واتە: (شەرحی غەمی دڵ بـلاو بکەمـەوەو مـەمو زیـن بکـەم بـەبیانوو) خـانی پشت بەو داستانی (مەمو زین) یا (مـەمی ئـالان)ەی لـەناو خـەڵکی بۆتـان دا بلاوبووە، هاتووە شتێکی تازەی لەبەرگێکی تازە نووسیوە وەك دەڵێت :

سافی شمراند ڤەخوارد دووردی

مانەندی دەری لیسانـی کوردی

ئینـانە نیزام و ئیـنـتیزامـی

کێشایە جەفا ژبۆ وی عامـی

(بۆلەبەرکردنە)

واتە: (بەسـەر شـەرابی پوختـەدا ڕابـوردمو (دوردم) خواردمـەوە کـە تلّپـەی شەرابە، وەك ئەوەی کەبەسەر زمانی(دەریدا ڕابوردم کە فارسی کۆنەو زمانی کوردیم هێناو خستمە سەر نیزامو ڕێك و پێکییـەك و جـەفام لـە ڕێگـەی ئـەو خەڵکە سادەیە کێشا).

بەلام وەنەبێت مەم و زینی خانی وەك (مەم زین)ەکەی فۆلکلۆری نـاو خـەڵك تـەنها چیرۆکی دڵداریی مەم و زین بێت، بەڵکو خانی شاعیرانە چـەند شـتێکی لێکداوەتەوەو شتێکی تازەی داڕشتووە.

هەندێك ژ فەسانەیێد بوهتان

هەندەك د بەهانە هەن د بوهتان

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: هەندێك لەوشتانەی لەناو بۆتاندا باوە کەئەمەش ئەم چیرۆکەیە کەخەڵك دەماودەم دەیگێڕنەوە، هەندێك (بەهانە) واتە بیرو ڕای خانییەو بەناوی (مەموزین)ەوە دەری بڕیوە لەمەودوا باسی دەکەین، هەندێك (بوهتان) یابوختان یابڵێن (درۆیە) مەبەس ئەو ڕووداوو کەسانەیە کەخانی بۆپێویستی چیرۆك دروستی کردوون، یا ئەو وتو وێژەیە کەبەدەم کەسانی چیرۆکەکەوە دەی گێڕێتەوە. خانی کۆمەڵێ بیرو ڕای خۆی بەبیانووی مەم و زینەوە دەربڕیوە کەئەمانەن:

١- هەرلەسەرەتاوە، بەناوی ستایشی خواو پێغەمبەرەوە چۆتە ناوموناقەشەی فەلسەفەوە، گەلێك لەبیرو ڕای فەلسەفەی یۆنانیو فەلسەفەی ئیسلام دەردەبڕێتو موناقەشەیان دەکاتو خۆشی وەك فەیلەسوفێك وەك موتەسەووفێکی گەورە خۆی دەنوێنێت.

٢- خانی یەکەم کوردە کەبیری کوردایەتی لەقاڵبێکی دیاری کراودا دەربڕیوەو هانی کوردی داوە کەیەك بگرنو بەرامبەر بەهێرشی داگیرکەرانی ئەو سەردەمە بوەستن.

٣- خانی لەمەموزین دا گەلێك بیری کۆمەلایەتیشی دەربڕیوەو لەهەموو ئەمانەدا لەگەڵ هێڵی بەرەو پێش چوونی مێژوودا بووە.

٤- خانی دڵدارییە بەسۆزەکەی مەم و زینیش بەڕێبازێکی تەسەووفیدا بردووەو (مەم و زین)یشی کردووە بەدوو خوا پەرستی وا کەگەیشتیتە پلەی فەنابوون.

بەم جۆرە توانیویەتی ئەو مەموزینەی بکات بەگەورەترین بەرهەمی ئەدەبی کوردی سەردەمی خۆیو تا ئێستا لەڕێڕەوی ئەدەبی کوردیو ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتدا جێگەیەکی بەرزی بۆتەرخان بکات.

ڕوخساری مەم و زین:

١- مەم وزین بەبەشـە دیـالێکتی بۆتـانی کرمـانجیی ژووروو نووسـراوە بـەلاّم هەوڵی ئەوەی داوە کەوشەی زۆر لەبەشە دیالێکتو دیالێکتـەکانی تـری تێـدا ببێت.

٢- خانی لەسەر پەیڕەوی زمانی ئەدەبیی ئەو سەردەم ڕۆیشـشووە وگـەلێك وشەی فارسیو عەرەبیو تورکی تێکەلّ کردووە.

٣- لەڕووی کێشی هۆنراوەوە خانی کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە.

٤- خانی لەیەکیـەتی قافیـە لایـداوەو هاتۆتـە سـەرقافیەی دێری مەسـنەوی یاجووت سەروا ،کەپێش ئەو لەداستانە فارسییەکان دابـەکارهاتووە. ئەمـەش لەکوردیدا شتێکی تـازەبووە. یـا ڕێکـتر ئەوەیـە بڵـێین لـەکرمانجی ژووروودا تازەبووە.

دەنگی خانی تائێـستاش هەربـەرزو دلێـرە. دەنگـی سـۆزی خۆشەویـستییە، باوەڕی نیشتمان پەروەرییە، وردیی فەلـسەفەو لـەجیهان گەیـشتنە، دەنگـی کـاروانی سـەرکەوتوو وبـەرەو پـێش چـووی پێـشکەوتنی مرۆڤـە، خـانی چ لەپتەوی وبەرزی بەرهـەمی خۆیـدا، چ لـەبیری نیـشتمان پەروەریـدا ئاوێنـەی ڕۆژانی گەشەسەندنو هەڵمەت بردنـی مـیر نـشینی بۆتانـە، ئەگـەر تەماشـای سەرچـاوەکانی مێـژووی کوردبکـەین، دەبیـنین لەوسـەردەمەی ئـەودا خـاکی بۆتـان واپـەرەی سـەندبوو کەسـەرەتای بەرهـەمی پیـشەشازی خـەریك بـوو پـەرەی دەسـەندو هێـزی دەگرتـە دەسـت. هـەر لەبـەر ئەمەشـە کـەبیری ڕزگاربوونی نەتەوەیی بەوجۆرە لەشیعری خانیدا دیارە. بەلاّم کە داگیرکـەری عوسمانی هاتو ولاّتی خاپوور کرد، گەشەسەندنو پیشەسازی و پیشکەوتنی شیعرو هونەریش لە جێی خۆی وەستاو بەڵکو گەڕایەوە دواوە، بـەجۆرێك کـە

لەناوبچێتو ڕووبکاتە کزیو نەمانو لەو بناغەیەی مەلای جزیریو خانی دایان مەزراند لەدوو سەدەی دوایی دا هیچی نەهاتە سەر. بەلاّم چونکە بناغەکە پتەوبوو، لەبەرئەوە بۆ سەرەتایەکی ترو سەرهەڵدانەوەیەکی تر دەستی دەدا، کە ئەویش لە سەدەی بیستەمو قۆناغی ئەو ئەدەبیاتە بوو.

ئەمەش نموونەیەکە لە مەمو زینی خانی:

١- گەردیٚ هە بویا مەژی خودانەك
عالی کەرەمەك لەتیفە دانەك

٢- عیلمو هونەرو کەمالو ئیزعان
شیعرو غەزەلو کتێب و دیوان

٣- ئەڤ جنسە ببا ل بال وی مەعموول
ئەڤ نەقدە ببا ل نك وی مەقبوول

٤- من دیٚ عەلەما کەلامیٚ مەوزوون
عالی بکرا ل بانیٚ گەردوون

٥- بینا ڤە ڕوحا مەلیٚ جزیری
پیٚ حەی بکرا عەلی حەریری

٦- کەیفەك وەبدا فەقیهیٚ تەیران
حەتاب ئەبەد بمایە حەیران

٧- چ بکەم کو قەوی کەسادە بازاڕ
نینە ژقوماشرا خریدار

(لە سەرەتاوە پێنج دێری بۆ لەبەرکردنە)

ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی کرمانجی خواروو

دوا دیالێکتی کوردی کە بووە بە بناغەی زمانی ئەدەبی ئەو سەردەمەو وەك دیالێکتەکان بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و جوگرافییەوە ئەدەبییاتی بەرەو کزی یا نەمان نەڕۆیشتووە، دیالێکتی کرمانجی خواروو، کەسەرەتا بەشی (سایمانی)ی ئەو دیالێکتە بووە بە بناغەی قوتابخانەی ئەدبییاتی تازەی کوردی و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بابانەکانەوە وەك زمانی ئەدەبی سەری هەڵهێنا و هێشتا لە گەشەسەندن و فراوان بوون و پەرەسەندندایەو وای لیّ هاتووە کەببێت بەزمانی ئەدەبیاتی سەردەم و زمانی خوێندنی قوتابخانەو کاروباری ڕەسمی لەکوردستانی عێراقداو لەڕووی نەخشەی دیالیکتەکانی زمانەوە هەموو سنووری کرمانجی خواروو، واتە(سلێمانی، سنەو سۆران، موکریان)و هەموو سنووری دیالێکتی(گۆران)ی (هەورامی و زەنگەنە و باجەلان و ڕۆژبەیانی......هتد) بەشێکی زۆر لەلوڕ بگرێتەوە وەلای هەندێك نووسەری کرمانجی ژووروو، لەهەندێك بەشی ئەو ناوچەیەدا ببێت بەبناغەی زمانێکی ئەدەبی تازەو یەککرتوو بۆ هەموو کورد کەلەسەر بناغەی تێکەڵییەکی ڕاستەقینە و زانستی پەیدابێت و شەقڵی خۆدروست بوونی ژیان و دروست کردنی پێوە دیاربیت و شتێکی دەست کردو دروست کراو نەبێت. جالێرەدا چەند پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا ئەوقوتابخانە تازەیە چۆن دروست بووەو لەکویّ ؟

ئەو گوڕو هێزەی چۆن پەیداکردوەو دەبێت لەمێژوی ئەدەبییاتدا چ ناوێك لەوقوتابخانەیە بنێین؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەڵێن

ڕاستی مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێت کە پێویستیەکی بابەتیو مێژوویی وای کردکە لە ئەنجامی پەرەسەندنی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی باباندا، پێویست بە شارێکی گەورەو پێشکەوتوو هەبێت کە ببێت بە پایتەختی ئەم میرنشینە دەیویست پەرە بسێنێتو پەل بۆ میرنشینەکانی تری کوردستان بهاوێژێت، ئەو ئاواتەی، بهێنێتە دی، کە بۆ میرانی بۆتانو سۆران نەهاتەدی – ئاواتی یەکخستنی کوردستان.

باری جوگرافی و کۆمەڵایەتی شاری – قەڵاچوڵان– کە پایتەختی پێشووی میرنشینی بابان بوو، لەوەدا نەبوو کە ئەو پایتەختە لێ پەیدا بێت، لەبەر ئەوە هەر لەو نزیکەی شوێنی ئێستای شاری سلێمانی لە هەموو ڕووێیکەوە لێی دەهات کە ئەو پایتەختەی تێدا دروست بکرێت بناغەی دانانی شاری سلێمانی لەساڵی١٧٨٤زدا ئەنجامێکی سەربۆری چەند سەدەی کوردیشە لە شار درووست کردن داو دنیا دیدەیی پادشای بابان خۆیشی لە نەخشەکێشانو بیناکردنی شاردا جێگەی خۆی گرت . لەشاری سلێمانیدا هەر لە سەرەتای درووست بوونیدا گەلێك شت پێکهات وەك :

١– شار لەسەر بناغەی زانینو شارستانییەت دروست کرا.

٢– هەندێك دیمەنی شارە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمەی تێدا دیاربوو.

٣– هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پرۆژەی ئاوو زێرابی تایبەتی بۆ هەموو شار کرا.

٤– چەند چەشنە پیشەسازی تێدا دامەزرا، کە وێنەیان لە سەرەتای ڕاپەڕینی پیشەسازیو پەیدا بوونی پەیوەندی پیشەسازی ئەورووپادا پەیدا

بوو بوون سابوون دروست کردن و چنین و ڕستن و جۆلایی و قوتابخانە و دەباخانە و چەقماخسازی و کارگەچییەتی و گەلێك سونعەتی تر.

٥- شارەکە بوو بە مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانیی و پەیوەندی بازرگانیی لەپاڵ پایتەختە گەورە نزیکەکان دا، وردە وردە گەیشتە هەندێك شاری ئەورووپیش . بێگومان ئەو پێشکەوتنە ئابوورییەو ئەو هەوڵە سیاسییە، پێشکەوتنی زانیاریی و ئەدەبیاتیشی لێ دەبێتەوە چەشنە وریایی و هۆشیارییەك لەناو دانیشتواندا دروست دەکات، بۆیە هەر لەسەرەتاوە چەند مزگەوت درووست کران و مزگەوتی گەورە بوو بە مەڵبەندی خوێندن و سەرپەرشتی میری بابان و لەپارەی میرنشینی ڕێ و شوێن بۆ گوزەرانی سەدان فەقێ دانراوە، کە لە هەموو کونجێکی کوردستانەوە دەهاتن و مەلای باشیش لە زۆر شوێنەوە هێنرانە سلێمانی و زانای ئەوتۆ لەو سەردەمەدا لەم شارەدا دەرسیان گوتۆتەوە، کە ناوبانگیان بە هەموو وڵاتی ئیسلام دا بڵاو بۆتەوە. هەروەك جمو جۆڵ و کێشەی نێوان دوو تەریقەی قادری و نەقشبەندی لەم شارەدا لەسەردەمی بابان دا بە دیمەنێکی تری بزوتنەوەی بیری ڕوناکی و ڕاپەڕین و چالاکی جولاندنەوەی ژیانی ئەو سەردەمە دادەنرێت.

بێگومان لەم زەوییە بەپیتەدا، بزوتنەوەیەکی ئەدەبی تازەش بەرپا دەبێت و پەیڕەوێکی ئەدەبی تازە، یاچەند پەیڕەو دیتەکایەوە، گرنگ و مەشخەڵی پەیڕەوێکی ئەدەبیی نوێ لەسلێمانییەوە سەری دەرهێنا.

قوتابخانەی شیعری بابان، کەهەندێك لەشارەزایانی ئەدەبیاتی کوردی بەقوتابخانەی (نالی)ی دادەنێن و، هەندێکیش، ناوی (نالی و سالم، کوردی) پێکەوە دێنن و بە (سێکوچکەی بابان) یان ناودەبەن، ئەگەر لەڕووی

ناوەرۆکــەوە گــەلێك دیمــەنی ئەوقوتابخانەیــە لەئــەدەبییاتی ئەمڕۆمانــدا نەمابێت، ئەوا لەڕووی ڕوخسار و زمانـەوە ئـەدەبیاتی ئـەمڕۆمان، هەربـەرەو پێش چوونی مێژوویی ڕووخساری ئەدەبی ئەوقوتابخانەیە.

هونەرمەندی و مامۆستایی (نالی)، توانایەکی وای بەخشی بەبەرهەمی خۆی و دوو هەڤاڵەکەی کە زوو بلاّو ببێتەوەو بچێتە دڵەوەو کاربکاتە سەر شاعیرانی تـری ناوچـەی کوردسـتان ئەودەنگـەی لەسلێمانییەوە بـەرزبووەوە، دەنگـی دایەوەو دەنگ دانەوەکەشی لەیەکەم پلـەدا لەناوچـەی سـۆران (هـەولێر)ەوە بوو.

هەرلەو سەردەمەدا شیعری حاجی قـادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) و ئەختـەر (١٨٣٩- ١٨٨٧) و کـەیفی لـەخاکی سـۆرانەوەو مەجـدی (١٨٤٩-١٩٢٥) لەئەردەلانـەوەو کۆمـەلێك شـاعیری تـری ناوچـەی سـنەو موکریـان هەربـەو چەشنەیان نووسیووە کە نالی و هەڤاڵەکانی نوسیویانە.

ئەو بناغەیەی (نالی) داینـا، لـەپاش لەناوچـوونی میرنـشینی بابـان نـەڕووخا، بەڵکو هەربەرەو پێش چوو.

سەرەتا و دەست پێ کردن:

زۆرجار، کەباسـی شـیعری نـالی و قوتابخانـەی نـالی دەکرێـت پرسـیارێك دێتە پێشەوە . ئەویش ئەوەیـە کەچۆن دەگونجێت زمانێك یـا دیـالێکتێکی زمانێـك لـەوە پـێش شـیعری پـێ نـەگوترابێت، بـەلاّم سـەرەتاکەی لـەڕووی ناوەرۆك و ڕوخسارەوە بەم چەشنە پتەوەبێتە کایەوە؟.

ئەم پرسیارە زۆر لەجێی خۆی دایـە و بەتـەواوی لەگـەڵ مـەنتیقو زانـست دا دەگونجێت.

بێگومان ئێمە نالی بەرابەرو دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابان دادەنێین .ئەگەربەرهەمی نالی، لەرووی ناوەڕۆك و ئەو باسانەوە کەشیعری دەربارە گوتووە، تەواو تازە نەبن و لەناوەڕۆکی شیعری کلاسیزمی دیالێکتەکانی تری کوردی و شیعری کلاسیزمی ڕۆژهەلآت بچن، ئەوا لەرووی زمانەوە تازەن. دیارە ئەم تازەییە واناگەیێنێت کەپێش نالی هیچ جۆرە شیعرێك بەو دیالێکتە، واتە بە (بەشی سلێمانی کرمانجی خواروو) نەگوترابێت. بەڵکو ئەمەی نالی بەچەشنێك خۆی گرتووە و جێی خۆی کردۆتەوە کە لە پتەوی‌دا ببێتە بناغەیەکی ئەوتۆ کەڵێ لادانی نەبێت و شاعیرانی تر پەیڕەوی بکەن و نەچنەوە سەر شێوەکانی تر، یانەچنەوە سەر ئەو زمانانەی تری ڕۆژهەلآت کەهەندێك شاعیری کورد شیعریان پێ گوتوە (بەتایبەتی فارسی).

زانستو مەنتیق لەگەڵ ئەوەدایە کەپێش نالی سەرەتایەکی ئەوتۆ هەبێت کە وردە وردە ئەو بناغە پتەوە بەهێزەی لێ پەیدابووبێت و بلیمەتی نالی و دوو هاوەڵەکەی وای کردبێت کەئەو سەرەتا ساکارانە بکەن بەم بناغە بەتینە قووڵە نەلەرزیوە.

بەداخەوە باری مێژوویی کورد وای کردووە کەزۆربەی بەرهەمی گەلێك شاعیری ناودار و بێ ناومان ون ببێت یا بسووتێت. لەبەرئەوە زۆربەڵگەو نموونەمان بۆنەماوەتەوە کەناویان بنێین سەرەتای ساکاری قوتابخانەی نالی، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك نموونە هەرهەن کەببن بەبەڵگەی بوونی ئەوسەرەتایە، کەدیارترینیان ئەمانەن:

١- ئەگەر بە وردی لەوبەرهەمانەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بکۆڵینەوە کەتائێستا تۆمارکراون، یابگەڕێین بەدوای بەرهەمی تۆمار نەکراوی فۆلکلۆردا، ئەوا گەلێك بەرهەمی وامان دەست دەکەوێت کەبەپێی ڕووداوی

مێژوویی و هەندێك دیمەنی ترییەوە، بڕیاری ئەوەیان بەسەردا بدەین کە بەرهەمی پێش (نالی) ن هەر بە دیالێکتەکەی ئەویش گوتراوە.

٢- هەرچەندە تائێستا بەتەواوی ساڵی لەدایك بوونو مردنی(عەلی بەردەشانی)مان بۆساغ نەبۆتەوە، بەڵام هەموو بەڵگەکان لەگەڵ ئەوەدان کەعەلی بەردەشانی پێش نالی کەوتووە و ڕەنگە ماوەیەك ژیانیان پێکەوە ببێت. لەبەر ئەوە دەتوانین بەرهەمی عەلی بەردەشانی کەشیعری میللییە بەسەرەتایەکی سادەی بەرهەمی نالی دابنێین، تەنانەت ئەگەر لەشیعری عەلی بەردەشانی بکۆڵینەوە دەتوانین هەندێك لێکچوونو پەیوەندی لەنێوان ئەوو بەرهەمی نالی داو گەلێك پەیوەندی لەنێوان ئەوو سالم دا بدۆزینەوەو. بەتایبەتی لەڕووی باس و ناوەڕۆکەوە هەرچەندە لەڕوخساردا جیاوازیان هەیە.

٣- (مەولوودنامەی) شیخ حسێنی قازی (١٧٩١-١٨٧٠)[1] بەیەکەم بەرهەمی پەخشانی کوردی دادەنرێت. بەداخەوە تائێستا ساڵی نووسینی ئەم مەولوودنامەیە نازانین، بەڵام ئەوە دەزانین کەشێخ حوسێنی قازی بەتەمەن لەنالی گەورەترە لەڕووی بەرهەمی ئەدەبییەوە هاوچەرخی ئەوە. ئەگەر مەولوودنامەکەی بەسەرەتا دانەنرێت بۆ شیعری نالی ئەوا بەدیاردەیەکی ئەدەبیی وادادەنرێت کەلەو زرووفە مێژووییەدا پەیدابووە کەشیعری نالی تێدا پەیدابووە.

---

[1] دەرکەوتووە کەنووسینەکەی تەرەماخی- تەرەمۆکی)کەلە ساڵی١٥٩١- ١٥٩٣ز نووسراوە یەکەم پەخشانی کوردییە.

نـــــــالی

(١٨٧٣-١٨٠٠)

ژیان و بەرهەم:

نالی ناوی مەلا خدرە کوڕی ئەحمەد شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایەڵی یە میکایەڵ یەکێکە لە تیرەکانی عەشیرەتی جاف لە گوندی (خاك و خۆڵ) لە دەشتی شارەزووردا لە دایك بووە، بۆ خوێندن چۆتە قەرەداغ و پاشان فەقێیەتی لە سلێمانی لە (خانەقای مەولانا) تەواو کردووەو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، نالی بە چاوی خۆی لوتکەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی فەرمانڕەوایی بابانی دیوە٠ لەکاتێکدا چووە بۆ حەج و لە ڕێی گەڕانەوەدا لە شام هەواڵی ڕووخاندنی میرنشینی بابان و هێرشی عوسمانییەکان و داگیرکردنی سلێمانی دەبیستێت٠ ئیتر بڕیاری نەگەڕانەوە دەدات و ڕوودەکاتە ئەستەمبۆڵ و هەر لەوێ بە داخی نیشتمانی و دووری نیشتمانەوە سەردەنێتەوە.

بەرهەمی:

وەك گوتمان، ڕەنگە لە ڕواڵەت دا شیعری نالی بە تازە دانەنرێت، یا بە دیمەنێکی تری ئەو ئەدەبیاتە کلاسیزمە کوردییە بزانرێت ، کەبە شێوەی کرمانجی ژووروو لە سەدەی حەڤدەهەم دا گەشەی سەندبوو، یا ڕەنگە هەندێك بە وێنەیەکی کوردی شیعری کلاسیزمی ڕۆژهەلاتی ببینن و تازەیی تێدا نەبینن بەڵام ئەمانە هەموو لە ڕاستییەوە دوورن، (نالی) ئەگەر هیچی نەکردبێت، هێزو توانای فراوان و بە ئیبداعی زمانی کوردی لە دەربڕیندا دەرخستووە، لە ناو کوردیشدا بە پیت و پتەویی وشەی دیالیکتەکەی خۆی بە جۆرێك پیشان داوە کە ببێت بە بناغەی یەکگرتنی زمانی ئەدەبیی کوردی.

بەڵێ، وشە زۆر جار لای نالی گەلێك مانای هەبووە، وەك هەموو شاعیرانی کلاسیزمی جیهان خەریکی ((وشەکاری)) و ڕازاندنەوەی وشە و بە چەند مانا بەکارهێنانی وشە بووە، بەلام ئەگەر ئەم وشەکارییە لای شاعیرانی تر چەشنێك یا دیمەنێك بووبێت لە دیمەنەکانی توانای ئەدەبی خۆیان، یا هەر ئەدەبیات بەلای ئەوانەوە ڕێگەیەکی کات ڕابواردن و کات بردنەسەر بووبێت، ئەوا لای (نالی) ماناو مەبەستێکی قووڵترو ئاسۆیەکی فراوانتری هەیە، کە لەم مەبەستەدا (نالی) لە ئەدەبیاتی ئەم سەردەمەوە نزیك دەکاتەوە.
(نالی) کە شاعیری ڕۆژانی گەشەسەندنی میرنشینی بابانە، ئاگاداری هەموو ئەو جموجۆڵ و تەوژمەیە کە لە دەروونی کۆمەڵگای ئەوکاتەی سلێمانی دا جۆشی خواردووەو ڕووی کردۆتە ئاسۆی بەرینی یەکخستنی کوردستان ۰ ئەم شاعیرە ڕابەرەش وەك بیەوێت بە وشەی کوردی و بە بناغەی وشەی ناوچەکەی خۆی بێت بە بەشێك لەو تەوژمە و بە وشەیەکی باڵدار بگاتە ئەو پەڕی سنووری کوردستان۰ ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە هەندێك دیمەن و وشەو مانای شیعری نالی بە کۆن بزانین، چونکە لە پاش خۆی زۆر دوبارە کراونەتەو،ئەوا لەکاتی خۆیدا هەمووی تازە بووە۰ وەك لەهەموو سەردەمێکدا بەرەی کۆن بە چاوی سەیر و نارەزاییەوە تەماشای تازە دەکات، ئەوا لەڕۆژانی (نالی) یشدا زۆر کەس بەنارەزایی و سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەم چەشنە شیعرەتازەیە وئەم زمانە تازەیەیان کردووە، یا لایان سەیر بووە، کە بە کوردی شیعر بنووسرێت.

(نالی) لەوەڵامی ئەمانەدا دەڵێت:

١- تەبعی شەکــربــاری من کوردی ئەگەر ئینشادەکــا
ئیمتحانی خۆیە مەقســـودی، لەعەمدەن وادەکــا
٢- یالەمەیدانی فەساحەتـــدا بەمیسلی شەهســـوار
بێ تەئەمول بەو هەمـــوو نەوعە زبـانی ڕادەکـا
٣- کەس بەئەڵفازم نەڵـێ خۆکردییـە خۆکوردییـــە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعــنا دەکــا
٤- بێتە حوجرەم پارچە پارچە موسوەدەم بکرێ بەڕۆح
هەرکەسێ کوتـاڵ و پارچەی بــێ بەدەل سەودا دەکـا
٥- شیعری خەلقی کەی دەگـاتە شیعری من بۆنـازکــی
کەی لەدیقەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودادەکـــا

(سێ دێری یەکەمی بۆلەبەر کردنە)

(نـالی)بــەم بــیرە وردە قووڵــەوە و بــەم خــوێن گەرمییــەوە لەســەر وشــەی خۆشەویستی کـوردی دەکاتــەوە. ڕەنگـە لـەپاڵ هــەموو نارەزاییـەك دا پێـی گوترابێــت، شــیعر بــەکوردی نانوســرێت،بەڵکو بــەزمانی تــری ڕۆژهــەلآت دەنووسرێت. یاشاعیر ئەوەیە کـە بـە چـەند زمانێـك شـیعری هـەبێت. دیـارە لەشیعری کۆندا وەك زۆر مەرج و سنوور و پێوەند بۆ شاعیر دانراوە و ئەوانـە کراوون بەمەرجی شـاعیرێتی. بەچـەند زمـان شـیعر گـوتنیش مـەرجێك بـووە بۆدەرچوونی شاعیر لەتاقی کردنەوەدا. (نالی) زۆر بێ باکانە و بـەتوانا چۆتە ئــەوتاقی کردنەوەیــە و بەچــەند زمــان شــیعری گوتــوە و لــەم مەیدانــەدا بەشانازییەوە گوتوویە

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیــوانی هەیــە (بۆ لەبەرکردنە)

ناوەرۆکی شیعری نالی:

ئەگەر بە وردی بمانەوێت دەست نیشانی ناوەڕۆکی شیعری نالی بکەین، ئەوا سێ مەبەستی گەورەو دیار لە شیعرەکانی دا دەبینین.

١- دڵداری:

زۆری بەرهەمی (نالی) لە دڵداری دەدوێت ۰ شارەزایانی ئەدەبیاتی کوردی خۆیان بەوەوە خەریك کردووە ، کەئایا ئەو سۆزو هەستەی لە شیعری نالیدایە ، سۆزی دڵدارییەکی ڕاستەقینەیە یا هەروەك هەموو شاعیرانی کۆن، بۆ پیشاندانی توانای شاعیرییەتییە، بەوە کە دەبێت لە هەموو باسێك بدوێت، ڕێگەی شیعری دڵداریشی گرتووە، ڕاستی ئەمە هەرچییەك بێت، ئەنجامەکەی ئەوەیە کە نالی یەکێکە لەوانەی جوانترین شیعری دڵداری کوردییان نووسیوە، شیعری دڵداریش بەشی هەر گەورەی بەرهەمی نالییە لە پاڵ سۆز و ڕاستەقینە و ڕاستگۆیی و دەربڕینی هەستی ناسکی دەروون دا، هەر بە دەم هەست دەربڕینەکەوە، وەسفێکی بەرز و جوان و وردی ئافرەت هاتۆتە ناو شیعری کوردی یەوە، کە لەم مەیدانەشدا(نالی) کردووە بە ڕابەری ڕێبازێك. دەتوانین بۆ نموونەی ئەم مەبەستە لەم پارچەیە تۆمار بکەین کە دەڵێت:

١- زوڵفت لە لە قەدت دا کە پەرێشان و بلاوە[١]
ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بەداوە
٢- بۆچی نەگریم سەد کەرەتم دڵ دەشکێنی
مەی بۆ نەڕژێ شووشە لە سەدلاوە شکاوە
٣- عومرێکی درێژە بە خەیالی سەری زوڵفت
سەوداو پەرێشانم و سەودایەکی خاوە
٤- هەرچەندە کە ڕووتم بەخوا مایلی ڕووتم
بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە
٥- هەر جۆگەوو جۆبارێ کەوا سوورو سوێربێ
جێی جۆششی گریانی منە، خوێن نەڕژاوە
٦- بێ فائیدەیە مەنعی من ئێستاکە لە گریان
بۆ عاشقی بێچارە زوو ئەم ئاوە ڕژاوە
٧- سۆزی دڵمە، باعیسی تاوو کوڵی گریان
مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە
٨- (مانی) نییەتی قووەتی تەسویری برۆی تۆ
ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەفیس نەکشاوە
٩- (نالی) وەکو زوڵفت کە موتیعی بەری پێتە
تێکی مەشکێنە بە جەفاو مەیخەرە لاوە

(لەسەرەتاوە چوار دێری بۆ لەبەرکردنە)

---

[١] لە هەندێك لە نوسخە دەستییەکانی دیوانی (نالی) جیاوازییەك لە ڕیزکردنی بەیتەکانی ئەم پارچە شعرەدا هەیە، بۆیە لەوانەیە جیاوازییەك لە دیوانە چاپکراوەکانیش دا هەبێت، بۆ نموونە سەیری لاپەڕەکانی٥٢٢،٥٢٣، ٥٢٤، ٥٣٦، ٥٣٧، بکە لە دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس و محەمەدی مەلا عەبدولکەریم (چاپی بەغدا١٩٧٦).

٢- ستایشی ئاینی:

ڕەنگە بتوانین بڵێین شیعری ئایینی لە پێش نالیدا بریتییە لە هەندێك شیعری مەزهەبی — ئەویش ئەوەیە کە لای شاعیرانی دیالیکتی گۆران (هەورامی) دا دیارە. یا بریتییە لە شیعری سۆفییەتی (تەسەوف) کە زۆر باش لە بەرهەمی مەلای جزیری و فەقێی تەیران دا دیارەو لە (مەم و زین) ی خانی دا دەگاتە لوتکە. بەلام ئەو چەشنە شیعرە لە بەرهەمی (نالی) دا شێوەیەکی تری هەیە.

نالی ڕێگەی ستایشی پێغەمبەری گرتووە . نالی موسوڵمان هەست و خۆشەویستی خۆی بەرامبەر پێغەمبەر و خاکی مەککە و مەدینە دەردەبڕێت و دەگاتە ئەوەی کە خۆی بە سەگی بەر ئەو ئاستانە بزانێت کە دەڵێت :

١- ئەگەر چی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم ئەمما
وەسیلەم (تیبە)[1] ەو حیلمی شەفیع و فەزلی مەننانە

٢- بەسەر هاتوومە ئەو خاکەی کە هەر مسقالە زەڕەییێکی
بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە

٣- نەبوو ڕووم بێمە خاکی چاکی پاکی تیبە تابیستم
بەسەگ نابێ مولەوەس ئاوی زەرقا بەحری ئیحسانە

٤- چ زەرقا بۆ سیاهی دەفتەری هەر ناسیە ماحی
چ تیبە بۆ تەباهی دەردی هەر دەرماندە دەرمانە

٥- دەری ڕەحمەت کەوا بەحری موحیتە عاسی یە (نالی)
تێدا جان و تەن ئیفتادەی شەپۆلی سەیلی عسیانە

(لە سەرەتاوە سێ دێری بۆ لەبەرکردنە)

---

[1] تیبە : طیبة ، لە مەدینە

بەڵام لەگەڵ زۆری و سۆزی قووڵی ئەم ستایشانەدا لە بەرهەمی نالی دا ناتوانین لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بگەینە ئەوەی کە نالی سۆفی بووە. یاخۆی بە ڕێبازێکی تایبەتی تەسەوفەوە بەستووە.
بەڵکو ئاین و موسوڵمانییەتی لە شیعری نالی دا هەستێکی گشتی و خۆشەویستییەکی فراوانی موسوڵمانێکە. لەبەر ئەوەی ئەم چەشنە بەرهەمە بەشێکی گەورەیە لە دیوانی نالی دەبێ جێی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت.

٢- نیشتمان پەروەریی:

شیعری نیشتمان پەروەریی کوردی لەخانییەوە دەست پێدەکات وحاجی قادری کۆیی ئاوێنەی سەدەی نۆزدەهەم ودەنگ دانەوەی شیعری خانییە لەئەدەبی کوردیی ئەوسەدەیەدا.
بەڵام ئەگەرخانی وحاجی هەندێك دروشمی ڕێکاوڕێك و ڕوونی نیشتمان پەروەرییان هەڵ گرتبێت ورۆلی (دەوری) ڕابەرییان لەبزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلی کورددا بەجێهێنابێت، ئەواشیعری (نالی) و قوتابخانەکەی لەوچەشنە بیرو دەربڕینە بەدوورنەبوون، بەڵکونیشتمان پەروەری لەشیعری نالیدا دەچێتە قالبێکی کلاسیزمی نیشتیمان پەروەرییەوە، واتە نیشتمان پەروەریی لای نالی هەستی قووڵی خۆشەویستی خاکی نیشتمانە، پێوەندی شاعیرە بەهەموو بستێك وکونجێکی خاکی نیشتمانەوە: نالی دەڵێت:

دڵ سیاسەنگ نەبێ مایلی خاکی وەتەنە[1]

خاڵی لە علی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە

(بۆلەبەرکردنە)

---

[1] سیاسەنگ: بەردی ڕەش ، یا سیاسنگ بە سنگ ڕەش

تادەڵێت:

دڵی (نالی) کەئەنیسی قەرەداغە ئێستا

داغی سەرچاوە و دێوانە و دار و دەوەنە

★★★

لووتکەی ئەم هەستەو کوڵ وجۆشـشی خۆشەویستیی نیشتمان لەدەروونی نالی دا پەنگ دەخواتەوە و لەو نامەیەدا دەردەپەڕێت کەلە شامەوە، بە(بای شەماڵ)دا ڕووە و کوردستانی دەنێرێت.

بەلاّم ئەونامەیە بەرهەمی کاتی بەسەر چوونی خەوی خۆشی نیشتمان و ڕووخاندنی میرنشینی بابانە، بەلاّم (نالی) لەڕۆژانی فەرمانڕەوایی بابانیش دا ئەوهەستەی خۆی دەربڕیوە. (نالی) پاش کۆچی سلێمان پاشاو هاتنە سەرتەختی ئەحمەد پاشا بەپارچە هۆنراوەیەك هەستی خۆی بەرامبەر بەمیری تازەی ولاّت دەردەبڕێت ئەگەر لەمەو دواو پاش ڕووخاندنی بابان و هەڵوێستی بەسۆز و نیشتمان پەروەرانەی نالی ڕەچاو بکەین دەبینین کەئەو ستایشەی ئەحمەد پاشا لەوە ناچێت کەشاعیرێك لە ڕۆژانی ژیان و هاتنە سەرتەختدا بیەوێت بۆمەبەستێك، بە بالاّی میردا هەڵ بدات، بەڵکو تەواو لەهەستی هاو نیشتمانییەك دەچێت لە ڕۆژێك دا کەشین وشایی تێکەڵ بێت.

دەتوانین ئەم پارچەیەش بکەین بەوێنەیەك بۆشیعری نالی بۆ ستایش و بۆ نیشتمان پەروەریی لەهۆنراوەوی نالّیدا.

دەڵێت:

١- تافەلەك دەوری نەدا سەد کەوکەبــی ئاوانەبــوو
کەوکەبەی میهری موبارەك، تەلعەتی پەیــدانەبوو

٢- تانەگریــا ئاسمان وتــەم وڵاتــی دانەگــرت
گوڵ چەمەن ئارانەبوو، هەم لێــوی غونچــە وانــەبوو

٣- تاچەمەن پیــرانە سەرئەسڵــی درەختــی لانــەدا
فــەرعی تـــازە خورەم وبــەرزو بڵنــد بـــاڵانەبـــوو

٤- تاسلێمانان نەبوونە ســەدری تەختی ئاخــیرەت
ئەحمەدی موختاری ئێمەشاهی تــەخت ئارانەبـــوو

٥- قیسە بێ پەردەو کینایەت خۆشە، شاهی من کــەوا
عادڵ بو قەت عەدیلـــی ئەو لە دنیا دا نەبـــوو

٦- بۆ نشینگەی مورغی ڕۆحــی کە عالــی فیترەتــە
جێگەیێ خۆشترە لە ڕەوزەی جەننەت و لمەئوا نەبوو

٧- وەك قیاسێکی کە موسبەت بێ نەتیجەی بێتەجێ
حەمدولیلا شەه کە عالی جابوو خاڵی جا نەبـــوو

٨- شاهی جەم جاناڵیا (تەئریخی جەم) تاریخییە[1]
تانەلێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جانەبوو (لەسەرەتاوە چواردێری بۆلەبەرکردنە)

---

[1] ئەگەر (تەئریخی جەم) بەئیملای کۆن (تاریخی جم) بەئەبجەد حیساب بکەین دەکاتە (١٢٥٤) کەئەمە بەهیجری ساڵی کۆچی دوایی سلێمان پاشاو هاتنە سەرتەختی ئەحمەد پاشایە.

ڕوخساری ئەدەبیی ئەم قوتابخانەیە :

زۆر لە ڕەخنەگران ئێستا (ڕوخسار) و (ناوەڕۆك) لە ئەدەبدا لە یەك جیا دەکەنەوە. هەرچەندە ڕوخسارو ناوەڕۆك لە ڕووی بەرزیی و جوانیەوە ئەگەر لە یەك پلە دا نەبن. بەرهەمەکە شاش دەبێت . بەلام دەتوانین بە جیاش باسیان بکەین.

وەك بۆمان دەرکەوت لەڕووی ناوەڕۆکەوە،قوتابخانەی ئەدەبییاتی نالی گەلێك لەناوەڕۆکی شیعری کلاسیزمی ڕۆژهەلاتی تێدایە و باسی ژیانی کوردەواری کردووە کەدیمەنی نیشتمان پەروەریشی تێدا پەیدا ببێت.

لەڕووی ڕوخساریشەوە هەموو خاسیەتەکانی هۆنراوەی کلاسیزمی تێدایە:

١- بەکارهێنانی کێشی عەرووز.

٢- هەموو پارچە هۆنراوە کە یەك (ڕەویە)یان هەیە واتە هەموو دێڕەکان بەیەك (پیت) کۆتاییان دێت، هەروەها هەموو دێرەکانی هۆنراوە یەك قافییەیان هەیە.

٣- بەم جۆرە زۆرجار لەتاکە دێڕێك دا مانایەکی تەواو دەبینین. لەکاتێك داکە لەشیعری تازەدا بەهەموو پارچەکە مانا تەواو دەبێت.

٤- بەکارهێنانی هەموو ئەو (وشەکاری) یانەی لەڕەوانبێژی دا بەکارهێنراون. لەمەودوا ڕەوانبێژی دەخوێنن دەتوانن نموونەی هەموو ئەو جوانی و وشەکاری و وشە ڕازاندنەوەیە لەبەرهەمی ئەم قوتابخانەیەدا ببینن.

ڕەنگە بۆ ئەمڕۆ دووبارە کردنەوەی ئەم وشە کارییەی بەلاسایی بژمێرڕێت، بەلام ئەو کاتەو بۆبەرهەمی نالی و هاوڕێکانی تەواو تازە بوو. چونکە ئەوان شارەزایی خۆیانیان لە ڕەوانبێژیدا بۆدەرخستنی جوانیی وشەی کوردی بەکارهێناوە. واتە مەیدانێکی تازەیان دۆزییەوە بۆتەتبیق کردن وپیشاندانی توانای خۆیان.

زۆرجار کەدێرێك شیعری کۆن دەخوێنینەوە، بەچەند جۆرێ، لێکی دەدەینەوە. چونکە شاعیر وشەکارییەکی وای کردووە کەبەچەند جۆر لێك بدرێتەوە. جا ئەگەر شاعیری تر خۆی هەر تاقە مەبەستێکی هەبوبێت و ئێمە ئەمرۆ بە چەند جۆر لێکی بدەینەوە ئەوا (نالی) لەم وشەکارییەدا گەلێ مەبەستی هەبووە ، یا شیعرەکانی وا دارشتووە کە بیری ئێمە بەلای چەند لێکدانەوەیەکدا بەرێت ، ئەمەش دیمەنێکی تری توانای شاعیرییەتی نالی یە . کە لە باسی ڕەوانبێژی دا گەلێك وێنەی دەخوێنین.

قوتابخانەی نالی بە هەموو ڕوخسار و ناوەڕۆکیەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوام بووە لە ڕووی زمانیشەوە تا ئێستا بەردەوامە.

ڕاڤەکردنی پەیڤان:

زوڵف : کەزی ، بسك ، گیسو

پەرێشان : ئاڵۆزو شێواو

شیفتە : عاشق ، سەرگەردان ، حەیران

بەداوە : داوی زۆری تێدایەو ئاڵۆزە

کەڕەت : جار

مەی : بادە ، شەڕاب

سەودا : عیشقو شەیدایی ، هەواو هەوەس

پەرێشانم : بێ نەوام ، بێ ئومێدم

ڕووتم : بێ جلکم ، بێ بەرگم

مایلی ڕووتم : ئارەزووی ڕووت (دەمو چاوت) دەکەم

هەتیو : منداڵی بێ باوك

جۆبار :   جۆگه ، جۆگەلە

جۆشش :   هەڵقوڵانی ئاو لە ژێر زەوی بۆسەر زەوی

سۆزی دڵمە :   دەردی دڵمە ، سۆزی دڵمە

تاو :   هێز(تاوی گریان)= هێزی گریان

سەبەبی جۆششی ئاوە: واتە هۆی کوڵانی ئاوە (جۆشش لێرەدا بە مانای کوڵان دێت).

مانی (٢١٦ز – ٢٧٧ز) وێنەکێشێکی بلیمەت زاناو دانایێکی بێ هاوتا بوو، داوای پێغەمبەری کردووە، لەبەر بیری ئازاد خرایە زیندان، دوای ئازاردانێکی زۆر کۆچی دوایی کرد.

ئەم قەوسە: مەبەستی (برۆ)یە.

موتەنەفیس :   گیاندار ، زیندوو، ئادەمیزاد، ئەوەی نەفەس دەکێشێت.

شەککربار :   شەکراوی ، شیرین، زۆر شیرین

ئینشا دەکا :   دروست دەکا ، یان ، جوان دەنووسێت

لە عەمدەن :   بە ئەنقەست ، بە عەمدی

شەهسوار :   شاسوار ، سوار چاك

زبانی :   زمانی

خۆ کردیە :   جەلەبییە، شتێك لە لایەن نەشارەزاییێکەوە کرابێت

نادان :   نەزان ، بێ عەقڵ

کوتاڵ :   قوماش

سەودا دەکا :   دەکڕێتو دەفرۆشێت

پەتك :   گوریس، پەت

دەعوا :   وەستان بەرامبەر

هەودا : کلافەی دەزوو

قەسووەت : سەخت ، ڕەق

بەسەر هاتوومە : لەسەر سەر ڕۆیشتوومەو هاتوومە

نەبوو ڕووم : ڕووم نەبوو ، شەرمەزار بووم

مولەوەس : پیس

ئاوی زەرقا : ئاوی ئاسمان

ناسیە ماحی : نیوچەوان لەناوبەر، ناسیە ، نیوچەوان، ماحی لەناوبەر

بۆتەباهی : بۆ نابووت

دەرماندەر : بێ چارە ، بێ توانا و هێز

دەری ڕەحمەت : دەرگای ڕەحمەت

جان : گیان، ڕوح ، رەوان

تەن : جەستە ، لەش

ئیفتادەی : کەوتووەتە ناو

شەپۆڵ : پێڵ

سەیل : سێڵاو ، لافاو

دەوری نەدا : نەسووڕایەوە

کەوکەبە : ئەستێرەی گەڕۆك ، هەسارە

میهـر : دڵسۆزی، ڕۆژ، خـۆر، کەوکەبـەی میهـری موبـارەك=

ئەستێرەی موبارەکی خۆر

تەم : مژ ، تەم ومژ

چەمەن : مێرگوزار، سەوزایی

ئارانەبوو : جوان نەبوو

پیرانه سەر : سەردەمی پیری، ڕۆژگاری پیری

ئەسلی درەخت : ڕەگی درەخت، بنچینەی درەخت

خوڕەم : تەڕ و تازە و ئاودار

بالاّ نەبوو : بلند نەبوو

سلێمانان : کوڕی (سلێمان)ە، مەبەست(سلێمان) پاشایە، ئەوەی لەپاش خەباتێکی زۆرتوانی دەسەلاّتی خۆی بەسەرمیر نشینی بابان دا بگرێت.

سەدری : پێشەوای

تەختیٚ ئاخیرەت : ئەو کورسیو تەختەیە کەلەڕۆژی ئاخیرەت خودا لەسەری دادەنیشێو دادگا بۆئەم خەڵکە دادەنیٚ، تەختی فەرمانڕەوایی.

ئەحمەدی موختار : یەکێکە لەناوەکانی پێغەمبەر (د.خ)

تەخت ئارا : تەخت ڕازاوە

قیسە : حیکایەت ،قسە

عەدیل : هاوتا

نشینگەی : جێی نشینەوە

مورغ : باڵندە، باڵدار

عالی فیترەتە : تەبعو سروشت بەرزە

ڕەوەز : گوڵستان ، باخ

جەنتەتولمەئوا : بەهەشتی حەفتەم، خۆشترین بەهەشتە

موسبەت : شتێك کە خۆی گرتبێت

عالی جا : شوێنی بەرز، جە بڵند

خالی جا :   شوێنی بەتاڵ ، جە بەتال

جەم جا :   پایە بڵند وەك جەم (جەمشید)

ئەسکەندەر :   ئەسکەندەری مەکدۆنی کە لە ٣٣١ پاش زایینی لەشکری
(دارا)ی لە نزیك هەولێر شکاند.

جەم جانەبوو :   پایە بڵند نەبوو

سەرەتای پەخشانی کوردی

ئاشکرایە کە یەکەم دابەشکردنی ئەدەبییات ئەوەیە کە ئەدەب دەکات بە دوو بەشەوە، (شیعر) و پەخشان، لە باسی ئەدەبییاتی عەرەبیدا ئەوەت بۆ دەرکەوت کە شیعر پێش پەخشان دەکەوێت و پێش ئەو پەیدا بووە، دیارە ئەم یاسا گشتییە بەسەر ئەدەبییاتی کوردیشدا دێتە دی، لە کوردیدا شیعر زۆر پێش پەخشان کەوتووە، بەڵام وەك دیادەیەك لە سەدەی نۆزدەیەمەوە پەخشانی کوردی پەیدا بووە.

ئەدەبیاتناسی کوردی، کە دێتە سەر باسی پەخشانی کوردی، (مەولودنامە)کەی شێخ حسێنی قازی (١٧٩١ - ١٨٧٠) بە سەرەتای ئەم بابەتە ئەدەبییە دادەنێت، چونکە تا ئێستا بەرهەمێکی تر نەدۆزراوەتەوە کە پێش ئەمە بە پەخشان نووسرابێت، ئەم کتێبە بریتییە لە گێڕانەوە و دێتە سەر باسی لەدایك بوونی پێغەمبەر (د . خ)، پاشان چەند چیرۆکێکی کورت دەربارەی سوود و گەورەیی مەولود خوێندنەوە دەگێڕێتەوە لەڕووی زمان و ڕووخسارەوە نرخی ئەم کتێبە لەوەدایە:-

١- بە پەخشان نووسراوە.

٢- نموونەیەکە بۆ (سەجع)ی کوردی.

٣- بەجۆرێکی سادە حیکایەت یان چیرۆك دەگێڕێتەوە.

٤- زمانە کوردییەکەی هەر ئەو زمانە تێکەڵەیە کە ئەدەبییاتی قوتابخانەی کلاسیکی پێ نووسراوە، هەرچەندە لە زۆر شوێندا نووسەر سەرەتایەکی بۆ نووسینی کوردی پەتی داناوە، پەیدابوونی پەخشان بەم جۆرە و هەر لە شاری سلێمانیدا بە بەشێك دادەنرێت لەو تەوژم و ڕاپەڕینەی ئەو سەردەمە لە میرنشینی باباندا دەبینرا، واتە هەر ئەو هۆ و زرووفەی قوتابخانەی (نالی)ی هێنایە کایەوە، هەر ئەوەش بوو بەهۆی پەیدابوونی پەخشانی کوردی.

نموونە:-

لێرەدا دەتوانین نموونەیەکی جوانی نووسینی کوردیی تۆمار بکەین، شێخ حسێنی قازی پاش ئەوەی باسی بیستنی مژدەی لەدایك بوونی پێغەمبەر (د . خ) دەکات، دەڵێت: ((دەرگای بەهەشت کرایەوە، دەرگای جەهەنەم داخرا، گوڵی بەهەشت خۆشحاڵ بوون، درەخت سوور بوون، کانی بە حەوز بوو، خونچە دەمی دایەوە، کانیی وشك ژیاوە، تەیران هەموو هاتنە خرۆش، سەرچاوە هاتنە جۆش، حۆریان گرد بوون، ویلدانی بەهەشت شەرابەن تەهووریان نۆش کرد، بولبول مەست بوون لەسەر چڵان، نەسیم وەر بوون بەنێو گوڵان، گوڵاڵە سوور بوون، کەوسەر سەرکەوت، زیخی دەرکەوت جۆگەی پڕ بوو، وشکیی تەڕبوو چیمەنی شین بوو، نێرگز ڕەنگین بوو، گوڵی گەش بوو، وەنەوشە ڕەش بوو، نێرگز پشکوت، گیای بزووت، درەختی هاتە میوە، کەوتە دەر، قەسری موزەییەن کرا، ساحیبی موعەییەن کرا، فەرشیان ڕاخست، عەرووسیان داخست، هەوا موعەتەر بوو، بۆن خۆش زۆر بوو....)).

(لە سەرەتاوە بۆ لەبەرکردنە تا (کانی وشك ژیاوە)

هەر لەو ماوەیەدا بەرهەمێکی تر لە سەرووی کوردستاندا بە پەخشان نووسراوە، ئەویش کتێبی (عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادیە)یە کە زانای کورد مەلا مەحموودی بایەزیدی کە لە دەوروبەری ساڵی ١٧٩٩ لەدایك بووە نووسیویەتی، کتێبەکە لە ساڵی ١٨٥٨ دا نووسراوە، ئەم کتێبە نموونەی زمانێکی ئاسایی و ساکاری کوردی دیالیکتی کرمانجی سەرووە، باس لەخو و ڕەوشت و ژیانی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی کورد دەکات. دەستنووسی کتێبەکە لە کتێبخانەی گشتی (لینینگراد) دا تا ساڵی ١٩٦٣ پارێزرابوو، تا لەو ساڵەدا بە زمانی کوردی و بە وەرگێڕانی ڕووسی و بە پێشەکی (مارگریت

ڕۆدینکۆ)وە لە مۆسکۆ چاپکرا شێوەی کتێبەکە ئەومان بۆ دەردەخات کە زیاتر بۆ زانین و یاداشتی شەخسی نووسرابێتەوە، چونکە نووسەر بە قسەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ئەلیکسەندەر ژاپا) نووسیویەتی و بۆ ئەوی نووسیوە، جا هەر چۆنێك بێت لە ڕووی تۆمارکردنی خوو ڕەوشتی کوردەوە شتێکی بەنرخی بۆ بەجێ هێشتووین و نووسینە پەخشانەکەشی هەرچەندە مەبەستی توانای ئەدەبی پیشاندانی تێدا نییە بەڵام وێنەیەکی ساکاری کوردیی نووسینی بۆ بەجێ هێشووین.

نموونەیێك:

(عادەتێکی دن ژی ئەوان ئەکرادێت خۆ جەهی هەین، زڤستانان وەکو دێنە مەجلیس ئەو دکەنە گەڕەلاوژ، گەڕەلاوژ تاوەکو هەرچەند مرۆڤ دوی مەجلسیدا حازر هەین، ماقوڵ و مەزن و بچووك، حەموو دێ هەریەك بەندەکی ئسترانی لابود بە بێژیتن، ژ سەرێ مەجلسێ دەستپێدکەن حەتتا دووماهیا مەجلیس، شایەد وەکو مێوانەك دوی مەجلیسی پەیدا بەبتن بێچارە بە ئەلبەتە ئەو مێوان ژی دێ بەندەکی ئسترانێ ژ بۆ وان ببێژیتن، نەگۆتی ئەلبەتە نابتن. ئەو ئەکراد ژی ڤی بەندا ئسترانێ ڕاگیسك دبێژن، ئەلبەتا مێوان ژی دێگیسکە مەجلیسی بدەتن).

(لەسەرەتاوە بۆ لەبەرکردنە تا دوماهیا مەجلس)

لێکدانەوەی وشەکان :

دنی ژی:	هی تریش
ئەکرادێد خۆ جەهی:	کوردانی نیشتەجێ.
هەین:	هەیە
زڤستان:	زستان
گەڕەلاوژ:	گەڕەلاوژە، هەراوهۆریا و تێکەڵی
مرۆڤـ :	پیاو.
مەزن:	گەورە
دی:	ئیتر
بەندەکی:	پارچەیەك
ئستران:	ستران، گۆرانی
دوماهی:	دوایی
مێوان ژی:	مێوانیش
ڤی:	ئەو
ئێسك:	گەسك

بێگومان ئەم کتێبەی مەلا مەحموودی بازیدی کاری نەکردووەتە سەر بەرەوپێشچوونی ئەدەبییاتی کوردی چونکە لەکاتی خۆیدا بڵاو نەکرایەوە، تەنانەت لەبەریشی نەنووسرایەوە و هەر ئەو دەستنووسە هەبوو کە لەم دواییە بڵاوکرایەوە.

بەڵام بزووتنەوەی ئازادیخوازانی کورد لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەیەمدا، هۆیەکی تری بۆ خەبات و شێوەیەکی تری بۆ دەربڕینی بیری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خۆی دۆزییەوە کە ئەویش ڕۆژنامەی کوردییە.

ڕۆژنامەی کوردی، ئەو سەردەمە و ئێستاش زۆر شێوەی ئەدەبیی هەیە، تەنانەت لە نووسینە سیاسییەکانیشدا شێوازی ئەدەبی دەسەڵات بەسەر نووسەردا دەکێشێت، لەبەرئەمە پەیدابوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە سەرەتای پەرەسەندنی پەخشانی کوردی دەزانرێت، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، ڕۆژنامەی (کوردستان) بوو، کە لە ڕۆژی ٢٢ ی نیسانی ١٨٩٨ دا لە قاهیرە (میقداد مەدحەت بەدرخان) دەری دەکرد و پاشان لە جنێڤ و ئەستەمبوول دەدەچوو، لەپاش ئەمە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ئەستەمبوول لەساڵی ١٩١١ دا بڵاوکرایەوە، ئینجا گۆڤاری (بانگی کوردستان) هەر لە ئەستەمبوول ساڵی ١٩١٣ بڵاوکرایەوە.

ورده ورده لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری تازەدا پەخشانی کوردی دەستی بە پەرەسەندن کرد، بابەتی تازەی پەخشان هاتەکایەوە، لە وتاری سیاسییەوە کە بە شێوازێکی ئەدەبی دەنووسرا بۆ وتاری کۆمەڵایەتی و پارچەی ئەدەبی، تا لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودی نەمردا چیرۆکی کوردی سەری هەڵدا چیرۆکی کوردی چەند بابەت و چەند پلەی خۆی هەیە، هەروەك لە پاڵ چیرۆکدا وتاریش بەرەوپێش چووە.

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیو پەیوەندی بە گەشەسەندنی پەخشانی کوردییەوە تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق

سەرهەڵدان و کوردستانی دایك:

لە کۆنەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم زمانی کوردی تەنها زمانی گفتوگۆو شیعر بوو نەك نووسینی پەخشان، لەبەر ئەوە دەرچوونی ڕۆژنامەی ((کوردستان)) بایەخێکی تایبەتی هەیە لە مێژووی زمانو ئەدەبی نەتەوەکەمان دا چونکە ڕۆژنامە لایەنێکی گرنگو کاریگەری ژیانی ڕۆشنبیرییە و دیاردەیێکی شارستانیو پێشکەوتنە، نیشانەی هوشیاری نەتەوەیە، دیارە ((کوردستان)) لە ٣٠ی زیلقەعدەی ساڵی(١٣١٥)ی کۆچی بەرامبەر بە(٢٢) نیسانی ساڵی (١٨٩٨)ز لە شاری (قاهیرە) لە لایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان) نەوەی (بەدرخان پاشا) دەرچووە، پاشانیش لە لایەن (عبدالرحمن بەگ)ی برای دەرچووە.

ڕۆژنامەی (کوردستان) لەماوەی چوار ساڵی تەمەنی‌دا (٣١) ژمارەی لێ بلاّو کراوەتەوە چونکە دوا ژمارەی، ژمارە (٣١) بووە کە (٦)ی موحەڕەمی ساڵی (١٣٢٠)ی کۆچی بەرامبە بە (١٤)ی نیسانی ساڵی (١٩٠٢)ز دەرچووە، ئەم (٣١) ژمارەیەش لەم شوێنانە دەرچوون :- قاهیرە و جنێف و لەندەن و فۆلکستۆن و، ڕۆژنامەکە بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو (زاراوەی جەزیرەی بۆتان) بووە، بەشێکی ئەم ڕۆژنامەیە بە زمانی تورکی بوو، تاوەکو کاربەدەستانی عوسمانی لە داوا ڕەواکانی گەلی کورد بگەن.

ڕۆژنامەکە بایەخێکی زۆری بە ئەدەبو مێژوو خوێندنو خوێندەواری داوە، هەروەها هەوڵی داوە کە کورد هوشیار بکاتەوە بیری نەتەوایەنی لە

مێشکی کورددا بچەسپێنێت، داوای بەرهەڵستی زوڵم و زۆرداری کردووە، زۆربەی بابەتەکانی بە پەخشان نووسراوە .

ئەم ڕۆژنامەیە ڕێگەی خۆش کرد کە لە دوای خۆی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی بەردەوام بێت و ڕانەوەستێت، ئەگەرچی زمانی ڕۆژنامەکەو ڕۆژنامەکانی دوای ئەو، زمانێکی ڕەوان و کوردییەکی پەتی نەبووە، وشەو زاراوەی عەرەبی و فارسی و تورکی تێکەڵاو بووە بەڵام دواتر ڕێگا خۆش بوو بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی و بژارکردنی زمانی نووسینی پەخشانی کوردی، هەروەها بەردەوام بوونی ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی ڕێگای خۆشکرد کە چیرۆکی کوردی سەرهەڵبدات و بەرەبەرە پێش بکەوێت ئەمەش دەقێکە کەوا لە خوارەوەو بە ڕێنووسی ئەمڕۆی دەنووسینەوە کە لە ژمارەی (٥)ی ڕۆژی پێنجشەممە (٢٧)ی موحەڕەمی ساڵی ١٣١٦ کۆچی بڵاوکرایەوە:

((ژیۆ جەریدەیا کوردستانیێ))

حەیفامە گەلەك ژکوردێ مەڕەدهات، من ڕۆژو شەڤ گازنددکرن. چقا کرمانج هەنە حەمی مێرو ژێهاتینە، چڕەهولێ بێ مەعریفەت و سنعەت مانە نڤیساندن و خوندنا حەمی کوردا چڕەنینە، ئەزلناڤ ڤان کول و دەردا ژار و کالێ بیبیم حەیری مابیم، نهۆ ژخودێ تەعالا شوکر دکەم ئەوجەریدەیا تەلسەر قنجیا کوردا دەڕێخستی یاتەژمەرە ڕێکری، هات و کەتەدەست من، حەچکو چقا مراد من هەبین حاسلێ بین قنجی یی لسەر دنێدە حوقادبت مەزنایی لڤی زمانی حوقاچێ دبت، وەکی ئەوجەریدە من خۆند ئەزدەرحەقا دوعا و مەدحێ تەحەیر مام، ئەز ژ خۆندنا وێ تێرنەبیم. من گازی کورد و کرمانجاکر، ژوانڕە خوند ئەوژی گەلەك شابین، بەلکە ژ شابینێ لال بین، لناڤ بەینا دووسێ ڕۆژادە حەق بیست جەریدە یا دان هەڤ وژمڕا ئانین.

(ئەم دەقە لە سەرەتاوە تا حاصل بین بۆ لەبەرکردنە)

بەرەو چەسپاندن لە ئەستەنبوول

لە سەرەتای ئەم سەدەیە لە شاری (ئەستەنبۆڵ)ی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی چەند ڕێکخراوێکی ئازادی خوازانە کەوتنە جموجۆڵ و تێکۆشان بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئازادی، بۆ ئەم مەبەستە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێك، لەوانە کۆمەڵەی ((هێڤی))ی کوردی و کۆمەڵەی (تەعالی و تەرەقی کوردی) کەلە کوردە ڕۆشنبیرەکانی دیاربەکر و وان و سلێمانی و هەولێر و کەرکوك و مەهاباد ... پێکهاتبوو کە بە گیانێکی نەتەوەیی کەوتنە دەرکردنی چەن گۆڤار و ڕۆژنامەیەك بە زمانی شیرینی کوردی، کۆمەڵەی (هێڤی) لە ساڵی ١٩١٣ سێ ژمارەی لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) دەرکرد کە بەرگی هەر یەك لە ژمارەکانی بە وێنەی پیاوێکی ناوداری کورد ڕازاندۆتەوە، ئەم گۆڤارە لەلایەن (عەبدولکەریم ئەفەندی) خەڵکی سلێمانی بڵاو کراوەتەوە، گوتارەکانی ئەم گۆڤارە بە هەردوو شێوەی کرمانجی ژوورو کرمانجی خواروو بڵاو کراوەتەوە، ئەم گۆڤارە کە بە یەکەمین گۆڤاری کوردی دادەنرێت یەکەم چیرۆکی کوردی بە ناوی (شەویش) بڵاو کردۆتەوە کە بەشێکی لە ژمارە (٢) و بەشەکەی تری لە ژمارە (٣) بە ناوی نووسەر (فوئاد تەمۆ) یە کە چیرۆکێکی ساکار و نزیکە لە گێڕانەوەی هەقایەتی کوردی و بە شێوەیەکی کرمانجی ژووروو نووسراوە. هەر لەو ساڵانەدا ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ئەستەنبۆڵ لە لایەن (سورەیابەدرخان) دەرکراوەتەوە، هەروەها گۆڤاری (ژین) و (هەتاوی کورد) بە زمانی کوردی و تورکی دەرچوون.

((ڕۆژنامەگەریی لەسەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحموود دا))

لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر شاری (سلێمانی) بوو بەمەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی، پاشان بەهۆی دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموود لەساڵی ١٩٢٢ کۆمەڵێك ڕۆژنامە بەزمانی کوردی دەرچوون کەبێگومان زیاتر ڕێگایان خۆشکرد بۆگەشەسەندنی ئەدەبییاتی کوردی بەگشتی و چیرۆکی هونەری کوردی بە تایبەتی ، ئەوە بوو ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) لە شاری سلێمانی (١٤) ژمارەی لێ دەرچوو کە یەکەمین ژمارەی لە (٢) ی ئابی ١٩٢٢ز دەرچوو هەروەها ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لە نێوان سالانی (١٩٢٢- ١٩٢٣) (١٥) ژمارەی لێ دەرچووە کە یەکەمین ژمارەی لە(١٥)ی تشرینی دووەمی (١٩٢٢) دەرچوو، سەرنوسەری ئەم ڕۆژنامەیە شاعیر و نوسەر (علی کەمال باپیر) بوو. پێش ئەم دوو ڕۆژنامەیەش ئینگلیزەکان لەشاری سلێمانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) یان دەرکرد کەهەفتانە دەردەچوو، یەکەم ژمارەی لەڕۆژی (٢٩)ی نیسانی ساڵی ١٩٢٠ بلاّو کراوەتەوە پاشان لەلایەن پیرەمێردی نەمر ڕۆژنامەکانی (ژین) و (ژیان)و(زبان) و (ژیانەوە) بەبەر دەوامی دەرچووە تاسالأنی پەنجا کە ئەم کەلە شاعیرە و ڕۆژنامەکانی دەورێکی دیاریان بینیوە لە بووژاندنەوەی کەلەپووری‌نەتەوایەتی کوردو پێشخستنی چیرۆکی کوردی، یەکەمین چیرۆکی کوردیش بەشێوەی کرمانجی خواروو نووسرابێت بەناوی (لەخەوما)یە کەلەلایەن (جەمیل سائیب)ەوە بەزنجیرەلە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)بلاّو کراوەتەوە ئەم چیرۆکە باسی سەردەمی شێخ مەحموودی نەمر دەکات، بەلاّم لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی و کەسیی بەخەوێکی ناخۆشی

دادەنێت، کەئەمەش لەگەڵ خواستی زۆربەی کورد ناگونجێت، چونکە بێگومان سەردەمی شێخ مەحموود لای هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر بەخەوێکی خۆش دادەنرێت ،چیرۆکەکە لەڕووی زمان و هونەرییەوە سەرکەوتووە بەڵام لەڕووی بیرو ناوەرۆکەوە بەسەر کەوتوو دانانرێت ئەمەش نموونەیەك لەنووسینێکی ناو ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ە کەبریتییە لەفەرمانێکی شێخ مەحموودی نەمر کەلەژمارە (١٠)ی ساڵییەکەمی دا واتا لەڕۆژی یەك شەممەی (٢٣)ی سەفەری ١٣٤١ ی هجری و ١٥ ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ بلاو کراوەتەوە.

((سورەت ئیدارە ، عەلیەهی ، حەزرەت حکومدار لە مەملەکەتی سلێمانی دا نووسراوە ، لە مەحموود ئیبن سەعید بۆ کافەی میللەتی کورد)) لە پاش تەڵەبی سەعادەت و مەغفەرەت لە بارەگای ئەحەدییەت بۆ ئەم میللەتە مەزڵومەی خۆمان ئیعلان دەکەم ، کەلەبەر بەعزێ ئەسباب و عەوارزی سیاسیەوە موددەتێکە لە خزمەتی ئەم میللەتە سادقەی کوردە دوورو مەهجور مابوون ، ئیمڕۆ لە سایەی خوداو ڕوحانیەتی (مصطفی) (صلعم). هیمەتی ئەجداد و لە سایەی نیازو (تفرغ) و قووەتی ئەم میللەتە سادقەوە گەیشتمە ئەم ڕۆژە موقەدەسە کە موەفەقەن هاتوومەتەوە ، لە ئیمڕۆوە دەستم کردەوە بە تەدویری پەروانەی حکومەت و موحافەزەی مەوجودییەت و ئیستیقلالیەتی کوردستان ، ئومێدو ئارەزوو ئەکەم .هەمووتان بەیەك غایەو مەسلەك و بێ فاسلە سەعی بۆدەوامی ئەم ڕۆژەو کۆشش بۆ تەعالی ئەم میللەتە ئەکەن، کورد وەکو یەك عائیلە مووتەفیقن و مووتەحیدن لەگەڵ من دا بۆ تەحکیم و دەوامی ئەم حەقە سەریحەیە کەدەستمان کەوتووە، لازم و فرسەتە سەعی و غیرەت بکەین, ئەی میللەتم ئەمین بن کەزامنی سەعادەت و

مووەفەقیەتی ئەقوام ئیتحادو ئیتیفاقە، وەمیللەتیٚ کەخوێنی ڕژتبیٚ بۆ حەقی خۆی قەتعیەن مەحروم و ئەسیر نابیٚ وەقەراری عالەمی مەدەنییەتیش ئەمەیە کە هەرقەومیٚو هەر عونسوریٚ خۆی بەخۆی ئەبیٚ ئیدارە بکات، ئەوەلەن ئێمە کەمیللەتی کوردین، سانیەن بۆئەم غایەیە قوربانیەکی زۆرمان دا بەئەو شەرتە کەیەك دلٚ و یەك زبان و یەك وجودین، بەئیزنی خودا هیچ کەس زەفەرمان پیٚ نابات وەمنیش تائاخر قەترە خوێن و مالٚی خۆم و ئەولاد و ئەتباعم بۆسەعادەتی ئێوە سەرف کردووە وەتیکرار ئەکەم هیمەت لەئێوە و مووەفەقیەت لەخودا.

حوکمداری کوردستان (مەحموود)

لەسەرەتاوە بۆلەبەر کردنە تا (کۆشش بۆتەعالی ئەم میللەتە ئەکەن)

ڕۆژنامەگەری كوردی لەشاری (هەولێر) و(ڕواندز):

لەسالّی١٩٢٥ تا١٩٣٢ لەشاری ڕواندزیّ مەڵبەندی پاشای گەورەومیرنشینی (سۆران)، نەمر(حوسێن حوزنی موكریانی) گۆڤاری (زاری كرمانجی) دەركرد كەپڕە لەچیرۆكی فۆلكلۆری كوردیو بابەتی مێژوویی دەگمەنو بەپێز ،پاش ئەمەش لەسالّی (١٩٣٥) لەشارە دێرینەكەی كوردستان (هەولێر) گۆڤاری هەفتانەی (ڕووناكی) دەركرد كەتاسالّی ١٩٣٦ یازدە ژمارەی لیّ دەرچووە، ئەم گۆڤارەش ڕۆلێكی بەرچاوی هەبوو. لەپێشخستنی ئەدەبیاتی كوردی و پەخشانی كوردی لەشاری هەولێری ئەوكاتەدا.

ڕۆژنامەگەری كوردی لە (بەغدا):

لەسالانی سیی بەدواوە ئیتر شاری(بەغدا) دەبێتە مەڵبەندی دەركردنی ڕۆژنامە و گۆڤار بەزمانی كوردی، چونكە زۆركوردی خوێندەواری زانكۆ لەم شوێنەدا بەیەك گەیشتن، بۆیە لەم سالانەدا گۆڤارەكانی (دیاریلاوان) و(یادگاری لاوان) پاشان گۆڤاری بەرزی (گەلاوێژ) كە لە نێوان سالانی (١٩٣٩- ١٩٤٩) بۆماوەی دەسالّ بەبەردەوامیو بیّ وەستان مانگانە ژمارەیەكی لیّ دەردەچوو، لەم گۆڤارەدا، نووسەرانو شاعیرانی بەناوبانگی وەكو(تۆفیق وەهبی) و (محەمەد ئەمین زەكی) و (عەلائەدین سوجادی) و (ئیبراهیم ئەحمەد) و (ڕەفیق حیلمی) و (شاكر فەتاح) و(پیرەمێرد) و (گۆران) و (شێخ محەمەدی خالّ).........هتد گوتارو شیعریان بلاو كردۆتەوە، سەردەمی دەرچوونی (گەلاوێژ) بەسەردەمێكی زێڕین و بووژانەوەو ڕابوون دادەنرێت بۆئەدەبیاتی كوردی بەگشتی و بۆپەخشان و چیرۆكی كوردی بەتایبەتی، هەروەها بزووتنەوەیەكی بەرچاوی وەرگێڕان لەزمانەكانی بێگانە بۆكوردی دەست پێدەكات.

بەتايبەتی لـە زمـانی ئینگلیـزی یـەوە بەمـەش پەخـشانی کـوردی وچـیرۆکی کوردی گەیشتنە چلەپۆپە، هەرلەسـالآنی ١٩٤٨- ١٩٤٩ لـە بەغـدا گۆڤـاری (نـزار) لەلایـەن بەهەشـتی (عەلائـەدین سـوجادی)یـەوە هەفتانـە دەردەچـوو کـەتێکڕا (٢٢)ژمـارەی لێ دەرچـوو بـەزمانی کـوردی و عـەرەبی، بەیەکـەمین گۆڤاری سیاسی کوردی دادەنرێت، نووسەرانی وەکـو (شـاکرفەتاح و پـاکیزە ڕەفیـق حیلمـی موحـەڕەم محەمـەد ئـەمین و ڕەفیـق چـالاك) بەشـدارییان تێداکردووە.

ئەمەش نموونەیەك لەپارچە پەخشانێکی (پیرەمێرد) لەژێرناوی (دواوانی زەڵم و تانجەڕۆ) کە لە گەلاوێژی ژمارە (٤) ی (١٩٤٣) بلاّو کراوەتەوە :

(ئۆخ، بۆیە(مەولەوی)م خۆش ئەوێ و شـیفتە و شـەیدای سـۆزونالّەی ئـەوم کەپەردەپـــەردە شـــوێنە شـــیرینەکانی خاکەکـــەم و نیـــشتمانەکەمی بەفەردیفـەردەوە بەفــەر و زیبێکـی دڵنـەوەردەوە پیـشانداوم بەسـینەما خۆشەویـستی ئـەوانی چەسـپاندۆتە سـینەمەوە (کـۆی ئاتەشـگا)ی وەك ئاتەشگەدەی (زەردەشت) لێهێنامە تـین وتـاو: نـاودڵی برژانـدووم، تاڤگـەی قەڵبــەزەی(زەڵــم)ی وا بۆکێــشاوم دانــەی مــرواری بەســەردا پرژانــدووم (بارەکەالله) چەرخ، هەی ئافەرین چـەرخ پلووسکەی (بـافر)ی (عـەودالآن)و هـەوای (چـەمی خواجـایی) تێگەیانـدم هـەر ئـەو جـۆش و خرۆشـە بـوو کـە (مەعدوومی)م لە دیـاری (عـەدەم) نەبوونیـەوە هێنایـە سـەرکۆی ئاتەشـگاو پرشنگی شعرەکانیم خستە تەلی سازوسەمتووری شێوەی کوردی خۆمانـەوە دام بــە ڕادیــۆی چــاپخانەی (ژیــان) بــەهۆی ئــەو ســەودای دڵبەســتەی خاکەکەمانــەوە هــە شــوێنێکی ڕەنگــین و هــەر دیمــەنێکی دڵنـشین و هــەر چەشمەندازێکی شیرین و هەر لەنجەولارێکی نـاوێکی نـازەنین ببیـنم ئەمـەوێ پێشانی هەموو دۆستێکی بـدەم، بـەلآم ئـاخ (شـیعر) واتـە هـۆنراوە، نـازانم تاچەند و چۆن ئەو زادەی سروشتی ئێزەدییە بهۆنمەوە؟

له سەرەتاوە ... تا .... بەسەردا پرژاندووم بۆ لەبەرکردنە

ڕۆژنامەگەری کوردی لەشام:

لەسالآنی ١٩٣٢ – ١٩٤٢ لەشام و لەشاری (دیمەشق) گۆڤارەکانی (هاوار) (ڕۆژانوو) (ستێر) (ڕووناهی) لەلایەن هەردووبرا (جەلادەت بەدرخان) و (کامەران بەدرخان) دەردەچوو، بەشێوەی کرمانجی ژووروو کەنووسەرانی بەتوانای وەك (جگەرخوێن) و (عوسمان صەبری) و (نورالدین زازا) و (قەدری جان)..... هتد بەشداریان تێدا دەکرد، دەتوانین ئەم سەردەمە بەسەردەمێکی چیرۆکی کوردی دابنێین بەشێوەی کرمانجی ژووروو، بۆیەکەمین جاریش لە گۆڤاری (هاوار) دەست کرا بەنووسینی کوردی بەپیتی لاتینی، هەروەها کۆمەڵێك چیرۆکی بەپێز لە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزییەوە لەلایەن ئەم نووسەرانەوە کراون بەکوردی.

ڕۆژنامەگەری کوردی لەسەردەمی کۆماری کوردستان لەمەهاباد:

لەسەردەمی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان لەشاری مەهاباد لەساڵی ١٩٤٦ بزوتنەوەیەکی ڕۆژنامەگەری کوردی سەری هەڵدا کەبەسەردەمی زێڕینی ڕۆژنامەگەری دادەنرێت لەکوردستانی ئێران دا.

ئەمەبوو ڕۆژنامەی (کوردستان) و گۆڤارەکانی (نیشتمان) و (هەلآلە) تەنانەت یەکەمین گۆڤاری منداڵان بەزمانی کوردی لەژێرناوی ((گروگاڵی منداڵان)) دەرچووە کەئەمانەش تەکانێکیان بەپەخشانی کوردی دا، نووسەرانو شاعیرانی بەتوانای وەك (هەژار) و (هێمن) (زەبیحی) و (کەریمی حوسامی) و (حەسەنی قزڵجی) بەنووسینو شیعرەبەپێزەکانیان بەشداریان لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا کردووە ئەمەش بەشێکە لەپارچە پەخشانێك کە لە گۆڤاری (نیشتمان) بڵاوکراوەتەوە لەلایەن (ع.بێژەن).

(نەء ، نەء براکان خۆشەویستەکان واگویێم لەئاهو ناڵەی نیشتمانە کە بە کڕوزانەوە پێم ئەڵێ (ڕۆڵەگیان گریان کاری پیریژنانە: تادەرگای مردن ومراندن لەسەر پشتانە شیوەن و زاری ئیشی ناپیاوو پەستانە! خۆئێمەش خۆمان بەلاویکی ئازا ئەزانین و مەعنای بەزین نازانین، کەوابوو بابچینە سەرچیابڵندەکانی نیشتمان بەگەوایی ئەوان پەیمانێکی برایەتی ببەستین کەوەکو ئەوچیایانە ڕەنگین، سەنگین بەخوێنی جەرگمان ڕەنگین بێ، بۆگەلی هەژاری کورد، دوایی هێنی ژیانی نەنگین بێ ببێتە یارمەتیدەری ئێمە بۆمردن و مراندن لەڕێگای ڕزگاریدا)).

(هەمووی بۆلەبەرکردنە)

بەهەلگیرساندنی شۆڕشی ١٤ ی تەمووز لەساڵی ١٩٥٨ دا قۆناغێکی نوێ لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دەست پێ دەکات چونکە لەوماوەیەدا بەهۆی سەربەستی بیر و بۆچوون لەسەرەتای شۆڕشەکەدا کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامە بەزمانی کوردی لەبەغدا و هەولێر و سلێمانی و کەرکوك دەردەچێت، کەلێرەدا حیزبە کوردییەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەپێشخستنی کاروانی ڕۆژنامەگەری و زمانی کوردی بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی.

لێکدانەوەی پەیڤان:

بایەخ :   گرنــگی

هەنگاو :   پێنگاڤـــ

کوردی پەتی :   کوردی ڕەهوان ، وشەی بیانی تێدا نەبێت.

گازندە دکرن :   گلەییم دەکرد

چقا کرمانج هەنە :   چەند کورد هەن.

حەمی : هەمی :   هەموو

مێرو ژێهاتینە :   پیاوو لێهاتوونە

چــــڕە :   بۆچی ، لەبەرچی

هـــــۆ :   وەها، بەم جۆرە

ژارو کال بیبیم :   هەژارو پیر بوومە

حەیری مابیم :   سەرسام بوومە

ژمە ڕە ڕێکری :   بۆ ئێمەت ناردووە

حــەچــکو :   لەبەر ئەوە

چقامراد من هەبی :   چەند نیازو مرادێك کەمن هەمبوون

قنجی :   باشی ، چاکــە

لسەر زێدە :   لەسەر دنیایێ دا.

حوقادبت :   وادەبێت ، بەم جۆرە دەبێت

حوقا چێ دیت :   وا درووست دەبێت

من گازی کوردو کرمانجا کر : بانگی کوردو کرمانجانم کرد

ژوانرە خۆند :   بۆ ئەوانم خوێندەوە

ئەوژی گەلەك شابین: ئەوانیش زۆر شادبوون

ژ شابینیّ :   لەخۆشیان ، لەشادییان

ژمڕا تین :   بۆ منیان هێنان

شیفتە و شەیدا :   عاشق و شەیدا

پەردە پەردە :   چین چین و فەسلّ فەسلّ

بە فەڕ و زیبێکی دلّنەوەردەوە: بەکەلّك و جوانییەکی دلّڕفێنەوە– فەر: کەلك، پیت و بەرەکەت– زیب: جوانی– دلّنەوەرد: دلّڕفێن

چەسپاندۆتە سینەمەوە: لە سنگی من دا چەسپاندویانە، سینە: سنگ

ئاتەشگا: ئاتەش، ئاگر– واتە شوێنی ئاگر کردنەوە یا ئەو شوێنەیە کە لەسەردەمی (زەردەشت)دا ئاگری تیا دەکرایەوەو وەکو پەرستگە بەکاردەهات.

قەلّبەزە :   سویلاوك ، سولاڤ

چەشمەنداز :   دیمەن، مەنزەرە

سروشتی ئێزەدی :   سروشتی خوایی

بەکرۆزانەوە :   بە پاڕانەوە

شیوەن و زار :   گریانو فوغان

بەگەوایی ئەوان :   بەشایەدی ئەوان

سەنگین :   قورس

ژیانی نەنگین :   ژیانی شەرمەزاری.

نموونەی ئەدەب

مەلای باتێ

ناڤێ وی (حوسێن)ە ول گوندێ (باتەی)ل دەڤەرا هەكاریا لەڕۆژهەلاتا كوردستانا باكوور ژدایك بوویە، ئەلكسەندەر ژاپاو گەلەكێن دن دوێ باوەڕێ دانە كۆ باتەیی ل سالا (٨٢٠)ێ كۆچی یان ل (١٤١٧)ێ زایینی ژدایك بوویەو لدویڤ بیروباوەڕێن كۆهەین ل سالا (٩٠٠)ێ كۆچی یان ل (١٤٩٥)ێ زایینی ئانكۆ ل سەدێ پازدەهێ وەغەركریە، هەرچەندە لدوی ڕاوبیرێن هندەك نڤیسەڤانا باتەیی ل سەدێ هەڤدێ چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ مەزن. باتەیی ئێكە ژناڤو دەنگترین هۆزانڤانێن كلاسیزمێن كوردێین كوب زارێ كرمانجی یاژووری شیعرو هۆزان ڤەهاندینە، مەلایێ باتەیی ئێك بوو ژ مەلایێن ناڤدارێن كورد وب ناڤدارترین بەرهەمێن وی (مەولوودنامە)یە كۆب بوونا پێغەمبەری (د.خ) گۆتییە.

هونەرەكێ زمانێ سڤكو چەلەنگ بوو، جارنا هۆزانێن دینی دنڤیسین، جارناسازو چەنگ و دەف ل بەزمە یا خۆ ئامادەكرینەو ل هیڤیا دلبەرا خۆیە،جارنا ژی ل گۆشەكێ خەراباتێ ڕوینشتی یە.

مەبەستێن هۆزانێن مەلایێ باتەیی:

مەلایێ باتەیی، وەكو هۆزانڤانەكێ كلاسیزم، ئەو مەبەستو پەیڕەوە گرتییە كۆ هەڵبەستەڤانێن كلاسیزم گرتینە، هەر ژبەر هندێ یە، ئەوی هۆزانێن خۆ بۆ ڤان مەبەستێن ژێری گۆتینە:

١. **مەبەستا ئایینی و سۆفیاتی:** وەكی هەمی هۆزانڤانێن كلاسیزم ئەڤ مەبەستە ل نك وی گەلەك گرنگو بەهادار بوویە، هەر ژبەر هندێ پشكا هەرە زۆرێ دیوانا ڤی هۆزانڤانی ئەڤ جۆرە هۆزانە ب خۆڤە گرینەل سەر گۆڕێ پیرۆزێ پێغەمبەری(د.خ) ئەڤ هۆزانە گوتیە:

١- هلۆ ڕابــه ئەبو لقاسم
هلۆ ئەی قاسیدێ ئەکبەر
٢- هلۆ فەخرا بەنی هاشم
هلۆ ڕابە تۆیی ڕەهبــەر
٣- هلۆ ئەی سەیدێ عالـەم
هلۆ ئەی مەفخەرێ ئـادەم
٤- ژ ڕەوزێ ڕابە یا خاتەمی
ژناڤ وێ مەرقەدا ئەنور

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

٢ .ئـەڤینی و ئەڤینـداری: ئەڤـەژی مەبەسـتەکە ژ مەبەسـتێن هۆزانڤـانی، هەرچەندە ئەڤـ مەبەستە گەلەك گرنگ نینە ل نك وی‌و گەلەك جارا ژی دگەل مەبەستا ئێکێ تێکەل دبیت، بەڵێ دگەل هندێ ژی پارچە هـۆزانێن ب نـرخ ل ڤێ بابەتی دا هەیە وەك ئەڤــ چەند دێرە:

عــاشقــێ زولــفا ڕەشم
عاشقێ شەیـدایـە زولــف
بێ بادە لــەو سەرخوەشم
سەرخوەش و سەودایە زولف
سەرخوەشم ئەز ڤێ دەمــێ
سوهتمـە وێ پەرچـەمــێ
چیمەکێ ڕەعنـایە زولـف

٣. **وەسفا جهو وارێن كوردستانێ:** ئەڤـ هۆزانڤانە شەهسوار بوویە دپێ گوتنا جهو وارێن كوردستانا ڕەنگین، ئەوعاشقێ وەلاتێ خۆبوویە، دڤێ هەڵبەستێ دا، ب دەمێن سالێ ڤەهاندی و بەحسی وەرزێن سالێ دكەت ل كوردستانێ، دبەحسی زڤستانێ دادبێژیت:

١- زڤستانێ ئەڤی هۆلـێ
ل ڤێ بەرێ ل ڤێ چۆلێ
٢- مژێ هاڤێتـەدا هۆلـێ
كەرۆڤێ گرتی زۆزانـە
٣- كەرۆڤێ گرتی نەسرینە
جەمەد شینبوو ل سولینە
٤- گریامەتێ ژ بۆنەسمینا
پەریشانم ل ڤی حالەی

(سێ دێڕی لەسەرەتاوە بۆلەبەركردنە)

٤. **سازومەی و بەزم:**

مەجلسا بێ سازهەیهەی
من نەڤێت ئەزناچمێ
بێ دەفو بێ چەنگ و بێ نەی
من نەڤێت ئەزناچمێ
بەزمەیا بێ یارێ باتەی
من نەڤێت ئەز ناچمێ

(هەمووی بۆلەبەركردنە)

باتەیی هەروەکی هەمی هۆزانڤانێن کلاسیزم، هۆزانێن خۆ ل سەر کێشێن عەرووزا عەرەبی دانایە، هەروەسا بایەخەکا زۆر ب سەرواو قافیەدایە، ژ بلی هندێ ژی پەیڤێن بیانی، نەخاسمە یێن عەرەبی، گەلەك بکار ئینایەو ڕەوانبێژی و جوانکاری دڤەهاندنێت خودا بەرچاڤکریە .

ڕاڤەکردنی پەیڤان:

هۆزانڤان	:	هۆنەر ،شاعیر.
هۆزان ڤەهاندینە	:	هۆنراوەی هۆنیوە ،شیعری داناوە.
هلۆ رابە	:	هەستە ،هەڵسەوە.
ئەبولقاسم	:	مەبەستی‌پێغەمبەری‌مەزنی ئیسلامە ،محەمەد(د.خ)
ڕەهبەر	:	ڕابەر، ڕێ نیشاندەر.
سەروەر	:	گەورە ،مەزن.
ڕەوزێ	:	گوڵستان
بێ بادە	:	بێ مەی ،بەبێ شەراب
سەرخۆەشم	:	سەرخۆشم
کەفیتمە	:	کەوتوومە ناو
تۆرا غەمێ	:	تۆڕی خەموخەفەت.
سوهتیمە	:	سووتاوم.
ڕەعنایە	:	جوانە
زڤستانێ	:	زستانێ
بەرێێ	:	دەشتودەر
مژێ	:	تەم ومژ

هاڤێتە : خستیە، فڕێیدا، بلاّوی کردەوە

کەڕوڤیّ : باوبۆران، باوبارۆڤە

گرتی زۆزانە : کوێستانەکانی گرت.

گەلەکێن دن : گەلێکی تر

لدویڤ بیروباوەڕێن کوهەین: بەگوێرەی ئەوبیروباوەڕانەی کەهەن

وەغەرکریە : ئۆغری کردووە مردووە

نڤیسەڤانان : نووسەران

جارنا : هەندێ جار یان جاروبار

أ-بەزمەیاخۆ : لەبەزم و ئاهەنگی خۆیدا

هەلبەستەڤان : هەڵبەستەوان ،شاعیر

گریامەتێ ژبۆ ئەسمینا : گریانمان بۆئاسمان دێ

جەمەد : بەستەڵەك

شین بوو ل سۆلینا : لەسولاوك و تاڤگەكان ڕوایان شین بوو، مەبەستی ئەوەیە ئاوی سولاوك و تاڤگە بوو بە بەستەڵەك

حەسیب قەرەداغی

١٩٢٩ – ١٩٩٧

ناوی (حەسیب شێخ عەلی کوڕی عەبدولرەحمان)ە، شێخ عەلی مەلا و مامۆستای گوند بووە، لە مانگی مایسی ١٩٢٩ ی زایینیدا لە گوندی (سۆڵەی چرچە قەڵا)ی سەر بە ناوچەی قەرەداغ لەناو خێزانێکی هەژاری خوێندەوار هاتۆتە دنیاوە، ئەم خێزانە لە بنەماڵەی شێخانی مەردۆخی قەرەداغە، کە هەر لەمێژە خوێندەوار و زانای ئایینی و پیاوی ناسراویان تێدا هەڵکەوتووە، مزگەوت و کۆڕی مەلا و فەقێیان، مەجلیسی گەرم و بەپێزی شێخان، زیکر و تەهلیلە و ئەڵقەی دەروێشان، گۆرانی و سۆز و مەقام و موناجاتی دەنگ خۆشان، دەف و شمشاڵ و نەی، شیعری سوارچاکی شیعری کوردی (نالی و سالم و مەحوی) و شاعیرانی گەورەی فارسی (سەعدی و حافزی شیرازی)، غەمی هەژاران و جوانی سروشت و ئاو و هەوای بێگەردی ناوچەکە ئەمانە و گەلێك سەرچاوەی تر بناغەی بیر و هۆش و سۆزی (حەسیب) یان دانا.

کۆدەتا شوومەکەی ١٩٦٣ حەسیب قەرەداغیان لەتەك هەزاران تێکۆشەری تردا خستە بەندیخانەوە، کە ئازادیش کرا، نەیانگێڕایەوە سەر کار و ئیشی پێشووی خۆی، لە سالانی شەڕی ناوخۆدا، یەکێك بووە لە چالاکترین ئەو شاعیر و پیاوە ناسراوانەی کە هەردەم لە هەوڵی ئاشتی و ئاشتکردنەوەی لایەنەکاندا بووە ..... تا لە ئێوارەیەکی سارد و تەڕ و تووشدا لە ساڵی ١٩٩٧ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتوو لە گردی سەیوان نێژرا.

ئەمەش دوو كۆپلەیە لە شیعرەكانی:

١- **پرس و خۆشەویستی ١٩٩١ :**

ویستم تێبگەم، خۆشەویستی... چەندێ جوانــــە؟

(وەلــــی) وتــــی: بــــالای (شــــەم) ە

(مەم) یش وتی: ... زین وەری گرت، بەژنــی (مــەم) ە

خەجیــش وتی: وەك زامەكــەی (سیامەنــد) ە

مامەیارە وتی: وەكو سەرگورشتــەی دوانزە ســـوارە

لـەلای حەزرەتی (مەولەوی) ش وەكو چاورەشی لای دەوار

لەلای منیش وەكو دوو خەمە قورسەكەم ... كەژە و بەهار

كوردێ بـانگـــی بەختی دەكرد: ئــەرێ زووكـــە!

لە خۆشەویستی جوانتریش، شارە گەرمەكەی كەركــووكە

(هەمووی بۆ لەبەركردنە)

٢- بەشێك لە قەسیدەی (ناكۆكەكان) ١٩٤٤:

كە ئەم دەستم ئەو دەستیكەم بــۆ بـــشكێنـــێ

هـــەردوو دەســتــم لەمــل دەكـــــەم!

كە ئەم چاوم ئـــەو چـــاوی دیـم بۆ هـــەڵكۆڵــێ

هـــەردوو چـــاوم پـــڕ گـــڵ دەكـــەم

ئەم ئاگرە بكــوژێنــنــەوە ... نـــەكــوژێتــەوە

نـالی دەڵـــێ: مـــن كـــورد نـــەبـــووم

حـــاجـــی دەڵێــت: مـــن لـــە كۆیـــەدا نەژیــاوم

قەت دیمەنی هەیبەت سوڵتان وەكو گوڵاو نەكراوەتە نێوچاوانم!

خانی دەڵێ: مەم و زین، من نەمنووسیوە
من بەچاوی قەڵەمیشم مێرخاسی کوردم نەدیوە!
سالم دەڵێ: من و دیوانە و ئاپۆڕای میری دابان؟!
پێشمەرگەیەکی خەم لەکۆڵ دەڵێت:
من و سەمفۆنیای، داستانەکەی چیای دابان؟!

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

بۆ زانین:-

١- شاعیر لە هەموو بوارەکاندا شیعری هەیە، لەوانە: شیعری حەماسی، دڵداری، تەسەوف، سیاسی، کوردایەتیی، وەسفی سروشت و جوانی کوردستان، شیعر بۆ منداڵان، شیعر بۆ شانۆ، بۆ درامای تەلەفزیۆنی، بۆ گۆرانی و سروود.

٢- تائێستا چەندین دیوانی شیعری هەیە، لەوانە چوار بەرگی (فەرهەنگی خەم).

٣- لە گەرمەی کارەساتی هەڵەبجەی شەهیددا، قەسیدەی (هەڵەبشیما)ی نووسی.

٤- لە گەرمەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١ دا و لەگەڵ بانگەوازی ئازاد کردنی کەرکووکی گڕ و کڵپەدا، قەسیدەکەی (شێخ) خوێنراوە بەناونیشانی (من هیچ ناڵێم) کە لەو ماوەیەدا، بووە وێردی سەر زمانی جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان.

٥- دارشتنێك بنووسە کە هەردوو جەمسەری شەڕ و ئاشتی بگرێتەخۆی.

لێکدانەوەی وشەکان :

هەیبەت سوڵتان: چیایەکە دەکەوێتە نزیک شاری کۆیێ.

مێرخاس: پیاو چاك

ئاپۆرا: شین و واوەیلا

کـــوردی

ناوی مستەفایە و کوڕی مەحموود بەگی ساحێبقڕانە، بەڕای زۆربەی ئەو کەسانەی لەسەر ژیانی ئەم شاعیرەیان نووسیوە،لەسالّی ١٨١٢ ز لە شاری سولێمانی لەدایکبووە، هەرلەوێش خراوەتە بەرخوێندن وهەندێك علوومی ئیسلامیشی لەحوجرەی فەقێیان خوێندووە. کوردی یەکێکە لەو سێ شاعیرە بەناوبانگەی کەڕۆلێکی گەورەیان گێڕاوە لەئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی بەشێوەی کرمانجی خواروو، لەڕەوانبێژی دا شاسوارێکی بێ هاوتابووە، لەسالّی ١٨٥٠یان ١٨٥١ ز، کۆچی دوایی کردووەو لەگردی سەیوانی سولێمانی نێژراوە.

کوردی، دیوانێکی کەمی بەکوردی لەدوا بەجێماوە، کەتائێستا دووجار چاپکراوە جاری یەکەمیان لەبەغدا لەسالّی ١٩٣١ ز وجاری دووەمیش لەهەولێر لەسالّی ١٩٦١ ز. زیاتری هۆنراوەکانی بەدەوری یەك تەوەرەدا دەسوڕێنەوە کەئەویش هۆنراوەی دلّداری وئەڤینی و خۆشەویستییە، شیعرەکانی هەلّقولاّوی سۆزێکی دلّداری ڕاستەقینەن، کوردی جوانترین وبەرزترین هۆنراوەی لەم مەبەستەدا هۆنیوەتەوەو وەستایەتی و شارەزایی خۆی تێدا دەرخستووە. بەشی زۆری بەرهەمی کوردی ئەم جۆرە هۆنراوانەن نموونەی ئەم مەبەستەش، ئەم چەند دێرە هۆنراوەن:

١- چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مارو ڕۆحی شیرینم نەهات
زەخمی کۆنەم هاتە ژان ومەرهەمی برینم نەهات
٢- من غەمم خواردو غەمیش خوێنی جگەرمی خوار
بۆیە گریام چەند بەچەند فرمێسکی خۆێنم نەهات

(بۆ لەبەرکردن)

ڕوخساری هۆنراوەکانی :

ئەگەر لە هۆنراوەکانی کوردی وردبیینەوە، دەبینین هەموو وردەکاری و وشەکاریێکی تێدایە کە شاعیرانی کلاسیزم خەریکی بوونە و بەکاریان هێناوە، بۆیە لە ڕووی ڕۆخساری هۆنراوەکانییەوە ئەم چەند خاڵە دیاری دەکەین.

١. لەهۆنراوەکانیدا وەکو هەموو شاعیرە کلاسزمییەکان پەنای بردوەتە بەرکێشی عەرووزی عەرەبی.

٢. هۆنراوەکانی یەك (ڕەویە) و یەك سەروایان هەیە.

٣. هەموو وشەکارییەکانی ڕەوانبێژی لەهۆنراوەکانی دا بەکارهێناوە، هەربۆیەش بووە شاعیرانی دوای خۆی بەچاوێکی بەرزەوە تەماشایان کردووەو بە (شاسواری بەلاغەتی کوردان) یان داناوە.

ئەگەر باسی ئەو لایانانەش بکەین کەکاریان کردۆتە سەر ((کوردی))و بەلای هۆنراوەو ئەدەبییاتیان دا بردووە، ئەوا دەتوانین لەم خالانەی خوارەوە کۆیان بکەینەوە.

١. کوردی خۆی لە سروشتی خۆیدا کەسێکی بەهرەدار بووە، شیعر دانان لای ئەو ئەوەندە ئاسان بووە وەکو ئاو خواردنەوە وا بووە بۆی.

٢. لە بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و شیعرخواز بوو، ئەو بنەماڵەیە لانکەوبێشکەی شاعیرانی وەك ئەحمەد بەگ و سالم بەگ بووە ، دیارە هەڵکەوتنی ئەمیش لەو بنەماڵەیە، هۆکارێکی گەورە بووە بۆ شاعیرییەتییەکەی.

٣. ئاگادارییەکی چاك و تێکەلاوییەکی زۆری لەگەڵ شاعیرانی فارسی زمان هەبووەو گەلێك جار لە کۆڕی شیعری ئەواندا ئامادە بووەو کاریان تێکردووە.

٤. ئاگری دڵداری و خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە بووە بە سەرچاوەی ئیلهامی شیعر لای کوردی و ئەم لایەنە بەهێزترین و کاریگەرترین هۆکار بووە، لەبەر ئەوە بەشی زۆری دیوانەکەی گرتۆتەوە.

ئەمەش نموونەیێکە لە هۆنراوەکانی:

١- چاوەکەم زانیوتە بۆچی خەو لە چاوم ناکەوێ
چونکە من پێش خزمەتم پێش خزمەتان نانوون شەوێ

٢- ڕۆژ و شەو دایم لەبەردیدەی خەیاڵم حازری
ساچ فەرقێکی هەیە بۆمن ئیتر ئێرە و ئەوێ

٣- بەس نییە لێرە دەوێرم جار بە جار باست بکەم
نەم دەوێرا قەت لەبەر ئەغیارەکە ناوت بەم لەوێ

٤- دڵ لەبەر زامی فیراقت دائیما یاری دەکا
ڕۆژبەڕۆژ مەنعی دەکەم بازدەردی سەختەوناسرەوێ

٥- عەقڵ و هۆشم داوە پێت لێشی دەتۆرێی ماڵوێران
دەوڵەتێکی مفت و بێ ساحێبە بۆچی ناتەوێ

٦- گەرموخەییەربم لەمابەینی بەهەشتو وەسلی یار
وەسلی تۆ بۆ من جەهەننەم پڕلەجەننەت نامەوێ

٧- ئەی ڕەقیب وێڵم لەدەستت لێرە بۆلێم ناگەڕێ
باوکە کوشتەت نیم ئەرێ هەی بەد مەزەب چیت لێم ئەوێ

٨- هەروەکو کێوی دەماوەندی سەرم پڕ شۆڕشە
قەت تەمی هیجران و خەم ساتێ لەدەوری نارەوێ

٩- گەردنی (کوردی) لەکێوی بێستون مەحکەم ترە
چونکە سەدساڵە لەژێر باری غەمایە نانەوێ

(لەسەرەتاوە چوار دێری بۆلەبەرکردنە)

لێكدانەوەی پەیڤان:

چێشتم	:	من خار، من تام كر
زەخم	:	برین
دیدەی خەیاڵم	:	چاڤێ خەیاڵامن
دەوێرم	:	دوێرم
ئەغیار	:	دوژمن
بازدەردی سەختە	:	بەلاّم دەردی قورسە
ناسرەوێ	:	ناسەكنی، ڕانەوستی
لێشی دەتۆرێی	:	ژوی سل دبی، لێی زیز دەبی
مفت	:	بەخۆڕایی، بەلاش
وەسڵی یار	:	گەیشتن بەدڵدار
باوكە كوشتەت نیم	:	من باوكی تۆم نەكوشتووە
مەزەب	:	مەزهەب ، ئۆڵ، (مذهب)
كێوی دەماوەند	:	كێوێكی سەخت و بڵند دەكەوێتە پشت (تاران)ی پایتەختی ئێران
كێوی بێستوون	:	چیایەكە لەنزیك (كرماشان) لە كوردستانی ئێران

کانـــی

(کانی) نازناوی شـاعیری کلاسـیزمی کـورد، عەبدولجـەبار ئاغـای کـوڕی حـاجی مـەلا عەبـدولڕەحمانی کـوڕی حـاجی تـەهای دۆغرەمەچـییە (کـانی) شاعیرێکی چاو نـەترس و ئـازا و نـەفس بـەرز بـوو، بـاوکی زانایـەکی ئـایینی گەورەو ناودار بوو, لە بنەچەدا دەچنەوەسەر بەگزادەکانی جاف، شـاعیر لـە ساڵی ١٨٩٧ لە شاری دێرینی هەولێر لە دایك بـووە، نزیکـەی شەسـت سـاڵ ژیاوە چونکە لە ساڵی ١٩٥٧ کۆچی دوایی کردووە.

(کانی) هەر لە منداڵییەوە باوکی کۆچی دوایی کردووە بۆیە لەو تەمەنـەدا لـە هیچ قوتابخانەیەك نەیخوێندووە کە گەورەش دەبێت بە هاندان و هەوڵی مـەلا تـۆفیقی بـرای و حـاجی مـەلا ئیبراهیمـی مـامی، لـە مزگـەوتی قـەلات دا بـە ماوەیەکی کەم فێری خوێندنەوە دەبێت و چەند کتێبێکی ئایینی دەخوێنێـت لەگەڵ چەند کتێبی زانستی و فەلـەك, هـەر لـە ڕێگـەی زۆر خوێندنـەوەو خـۆ فێرکردن شارەزایی لە زمان و ئەدەبیاتی فارسـی و کـوردی و تـورکی پەیـدا دەبێت، پەیوەندی لەگەڵ چەند ناودارێکی ئەو سەردەمە دەبەستێت و وەکـو (حوسێنی حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی) و(میهـری) و(مـەلای گـەورەی کـۆیێ) (بێخـود) (دڵـدار)... (کـانی) لەسـەرەتای شـاعیریەتیدا زمانـە ئەدەبییەکەی بریتی بووە لەکوردییەکەی شێوەی هـەلێری تێکـەڵاو بەوشـەی فارسی وتورکی، چونکە لەقەڵای هەولێر پەروەردەبووە، بەڵام دواتر لەڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی هەمە جۆرو ڕۆژنامەو گۆڤـارە کوردییەکانـەوە، هـەروەها تێکەڵاو بـوون لەگـەڵ کۆمـەڵێك شـاعیرو زانـاو نـاوداری کـوردو، دامەزرانـدنی بەفەرمانبـەر لەشـارەکانی ڕەوانـدوز کۆیـەو شـەقڵاوە زمانـە ئەدەبییەکـەی ڕێکتروبـەتینتر بـووە، کـە ئەگـەر هۆنراوەکـانی بەرامبـەر بـەهۆنراوەکانی

شاعیرێکی سلێمانی یاکەرکووکی وموکریانی ڕابگرین هەست بەجیاوازییەکی ئەو تۆی زمانە ئەدەبیەکەی ناکەین، کانی کاریگەری هۆنراوەی شاعیرە کلاسیزمەکانی وەك (نالی و سالم وکوردی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ەفایی) زۆر لەسەرە، هەروەها شاعیری تورك (فزولی) بەتایبەتی کەداستانی(لەیلاو مەجنونی) فزولی بەکەمێك دەستکاری وەرگێڕاوە بۆسەر زمانی کوردی، لەئەدەبی فارسیش دا شیعرەکانی (سەعدی) و (شیرازی) بەدڵ بووە. (کانی) هەرچەندە لەدەرگەی هەموو هونەر و بابەتێکی شیعری داوە، وەکو شاعیرێکی کلاسیزمی، لەهەر بابەتێك چەند هۆنراوەیەکی پێشکەش کردووین لەستایش و پێ هەڵگوتن ودڵداری، خۆشەویستی و نیشتمان پەروەری و شانازی بەخۆوە کردن لەگەڵ بابەتەکانی شیعری هۆنیوەتەوە، بەلأم لەهیچ کامێکیان سەرنەکەوتووە, تەنیا لەشیعری مەیو دڵداری سەرکەوتووە گۆی هونەری تیادا بردۆتەوە، چونکە خۆی شاعیرێکی بادە نۆشی عاشق بووە، بۆیە داهێنانێکی باشی لەم دوومەبەستە بەدەست هێناوە لەم مەیدانەشدا شانازی بەخۆی دەکات ودەڵێت:

١- سەر فرۆ ناکەم بۆعالەم چونکە عالی هیمەتم
ناچوێنم بۆهەموو دنیا لەدەستم ڕەغبەتم
٢- زاهیرم هەر مەردی مەیدانم وەکو شێری دلێر
گوێت لە بەیتم بێ دەکا ئیسباتی نوتق وقوەتم
٣- عەسرم ئەبیم حورو سەربەست و فەهیم
بێ موحابا شاعیرم مەشهورە (کانی) شوهرەتم
٤- نامەردم ئەگەر مینەتی نامەردی بکێشم
پێم خۆشترە ئەی (کانی) بە پشتا بەردی بکێشم

(لەسەرەتاوە سێ دێڕی بۆلەبەر کردنە)

ئەمەی خوارەوەش دەقە شیعرێکی نیشتمانی (کانی)یە کەشاعیر ئەوپەڕی نیشتمان پەروەریی نیشان دەدات بەلاّم بەشێوەیەکی زۆر سادەو ساکار.

((خزمینە وەرن))

١- خزمینە وەرن بەقوربانی وەتەن بین
قوربانی چیا و دەشت و بیابانی وەتەن بین

٢- تاکەی لەکون و قوژبنی وێرانە بمێنین
با ئیدی لەسەر کۆششی عمرانی وەتەن بین

٣- تاکەی بگرین ئێمە وەکو هەوری بەهاری
وەك ڕەعدی سەما دایما تالاّنی وەتەن بین

٤- بۆچ پێنەکەنین لەم چەمەنستانە وەکو گوڵ
بۆچ غونچە سیفەت سەر بەگریانی وەتەن بین

٥- بۆگەردەن وسینەو کەمەری دوژمنی بەدخوو
یادەست بەقەمەو خەنجەری بڕانی وەتەن بین

٦- یاڕەب چ دەبێ ئێمەش ئەگەر هەروەکو بەعزێ
لەشکرشکەن و ڕۆستەمی مەیدانی وەتەن بین

٧- تاکەی ئەدوێی (کانی) لە ئەوسافی خەت وخاڵ
واچاکە لەمەولا کە غەزەلخوانی وەتەن بین.

(لە سەرەتاوە چوار دێری بۆلەبەرکردنە)

مەلا تەهـایێ مایی

ناڤێ وی (تەها)یە کوڕێ(شێخ مەزهەر)ێ کوڕێ (شێخ تەها)یێ مایییە، ل شواتا ١٩٢٤ ل گوندێ مایێ هاتییە سەردنێ، ژ بنەماڵەکا دیندار و ڕۆشنبیرو کورد پەروەر، ئەڤ بنەماڵە د ڕەگەزدا ژ میرە بەگێن (ئەلکێ) [1] نە، باپیرێ وی ژ شێخێن تەریقەتا نەقشبەندی بوو. هەر ل سالا ١٩٢٤ گوندێ مایێ [2] ژلایێ هێزێن ئینگلیزی ڤە دهێتە سۆتن، بنەمالاوی مشەختی قەزا (چەلێ)ل کوردستانا باکوور دبیت و بۆدەمێ سێ سالان ل وێرێ ئاکنجی دین — هەردڕوودانا سۆتنا گوندی دا پەرتووکخانا مەزنا (شیخ تەها)ی دهێتە سۆتن– پاشان ڤەدگەرنە گوندێ مایێ و دەست ب خواندنا سەرەتایی دکەت لێ نەشیا ڕێزا شەشێ ب داوی بینت چونکە ل دەست پێکا سالا١٩٤٠ ڕەوشا سیاسی و ڕۆشنبیری کارکرە سەر هەست و هزرو بیرێن وی‌و مەلا ئەنوەرێ مایێ ژی زۆر کارکرا سەرو, ژێرە بوو هاندەر لەوڕا دەست ب ڤەهاندنا هۆزانکر و چوو ناڤ ڕێزێن کۆمەلا (هیوا)و دەست بکارێ سیاسی کر پاشان چوو ناڤ ڕێزێن (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا زۆر حەز ژ خواندنێ دکر، نێزێکی (١٥٠٠) پەرتووکان د پەرتووکخانا وی دا هەبوون لەوڕا زانین ڕۆشنبیری یەکا باش پەیدا کردبوو تێکەڵی یەکا باش دگەل زانا و ڕۆشنبیرو ئەدیبان هەبوو، ل سالا ١٩٤٣ پەیوەندی ب بنەمالا بەدرخانیان کریە، (جەلادەت بەدرخان)ی ل شامێ هەردوو گۆڤارێن (ڕوونـاهی) و (هاوار) دەرئێخستن، هەموو ژمارێن وان ب ڕێ یا

---

[1] (ئەلکێ) گوندەکە ل باکوورێ کوردستانێ، نهو دبێژنێ (بێ شەباب).

[2] (مایێ) گوندەکە ل دەڤەرا بەرواری بالاّ سەرب پارێزگەها دهۆکێ

پۆستەی دگەهشتنە مەلا تەهای ل گوندێ مایێ، (دکتۆر کامیران بەدرخان)ی ل بەیروتێ هەردوو گۆڤارێن (ستێر) و (ڕۆژانوو) دەرئێخستن دیسان ب پۆستێ دگەهیشتنە مەلا تەهای، هەڤالینیەکا مەزن دگەل هەلبەستە ڤانێ ناڤدارێ کورد ئەحمەدێ نالبەند(موخلص) هەبوویە.

هەلبەستێن ڕەوانو نازکو فرە بابەت ڤەهاندینا، ئارمانجا وی یا سەرەکی ئازادیو زانینو زانستو ڕۆشنبیری بوویە، ڕێڤێنگێ ڕێبازا کوردینیێ بوویە لەورا هەردەم ئارمانجا ڕژێمێن دژی کوردستانێ بوویە لەوڕا گەلەک دەربەدەریو هەژاری و نەخۆشی دیتینە، سروشتێ کوردستانێ زۆرکارکردە سەرو د هەڵبەستێن وی دا ڕەنگدایە.

ل سالا ١٩٧٣ دبیتە ئەندامێ ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد /تایێ دهۆکێ .

ل سالا ١٩٧٩ بەشدریێ دڤیستەڤالا سێیا هەڵبەستا کوردیدا دکەت ل سولێمانیێ.

ل سالا ١٩٨٧ بەرب ئێرانێ دچیت و دبیتە پەنابەر هەتا سەر هەڵدانا پیرۆزا ١٩٩١ ێ جارەکادن ڤە دگەریتە کوردستانێ و ل بازێڕێ دهۆکێ ئاکنجی دبیت.

ل سالا ١٩٩٥ دبیتە خوەدیێ ئیمتیازا گۆڤارا (پەیڤ).

ل سالا ١٩٩٨ دیوانا خۆیە هەڵبەستا بناڤێ (دل دەرێژکرن) چاپ کر، پێشی وەغەرا دوومـاهێی بکەت فەرهەنگاوی یا (کوردی– کوردی) تمام بوو لێ نەگەهشت ل چاپێ بدەن.

ل ٢٠٠٠/١١/٢٥ دژیێ (٧٦) سالیێ دا ل بازێڕێ دهۆکێ دچیتە بەر دلۆڤانیا خودێ.

مەلاتەهای ب بیرەوەری یا شەهیدێن دیار بەکریٚو نسکۆیا شورەشا شێخ سەعیدیٚ پیرانو سێدارەدانا پیران زۆر داخبار بوویەو ئەڤ هەلبەستە ڤەهاندی یە.

((شینیو تازیا شەهیدا))

١- شینیوتازیا شەهیدا ئەم ژبیر ناکەین چوجار
دیٚ ڤەکەین تۆلا نەهنگا وەختەکیٚ زێڕین بژار

٢- وان مەغولا ڕاڤ دبەستن شێرو مێر سەر دهنجنین
توخمو نقشیٚ وان قەلاندن هەمی گاڤا دپەچنین

٣- تورکا گرتن شێرو مێر چاك دەست و پیٚ لیٚ قەید کرن
کەت بکەت گرتنو کوشتن لبن سێپێکا خرکرن

٤- ڕستکا شەنقیٚ بو دانا خەندقاند پارێز وەلات
شێخ سەعیدیٚ جان فیدا ڕەشە ڕۆژەك بۆمەهات

٥- ئەو ڕوبادیٚ قەبقەبی چو ئاخ و زاری بوون بلند
چوودلیٚ شێری ژناڤ مەبیٚ خودان مان دەشتو گوند

٦- بو ڤێری زێمارو شینی کۆ وەلات مابیٚ خودان
پۆسیدە دلسۆژو خەمگیر هەر هەواریٚ دکەن ئەمان

٧- نێ ژ خەما وە ئەم بهوژتین ئەی شەهیدێن رەحمەتی
دێ ئازاکەین ناڤ و دەنگا کوردەوارێن بەر کەتـــی

٨- با دکەت وە گەلی کوردا شێخ سەعیدێ پڕ هۆنەر
یەك بین بۆ ڤێ وەلاتـــی دا ژژانێ بێتـــە دەر

٩- ژانەکە قەویا گرانە ئێشەکـە بۆ کەڤـنەریـــش
برسی و رویسی هەر نیشانە بۆمە ئەم بێ کاروئیش.

(شەش دێڕ لەسەرەتاوە بۆلەبەر کردنە)

لێکدانەوەی پەیڤان:

ل شواتا	:لەمانگی شوبات
سەردنێ	:سەردونیا
مشەختی	: دەربەدەری یان ئاوارەیی
ئاکنجی دبن	: نیشتەجێ دبن
رێزا شەشێ	: پۆلی شەشەم
بەدوای بینت	: بەدوایی بێنێت، تەواوی بکات
کارکرە سەر	:کاری کردەسەر
ژێرە بۆهاندەر	:بۆیبوو بەهاندەر
چووناڤ رێزێن	:چووە ناو رێزەکان
لەو را	:لەبەر هەندێ، بۆیە
رێڤینگ	:رێبوار

داخبار بوویە :داخدار بوویە

ژ بیر ناکەی :لەبیرناکەی

چووجار : هیچ کاتێك، قەت

دێ ڤەکەین تۆلا : تۆڵەیان دەکەینەوە

ڕاڤـ دبەستن : راویان هەڵدەبەست

سەر دهەنجینن : سەریان دەهەنجنێ

کەت بەکەت : یەك بەیەك

سێپێکا : سێپایە، سێدارە، قەنارە

ڕستکا شەنقێ : پەتی قەنارە، پەتکی خنکاندن

خەندقاند : خنکاندیان

ڕووبادێ : کەوی ڕووباد

ئاخوزاری : ئاخوناڵە

چوو دلێ شێری ژناڤـ مە : دڵی شێر لەناومان نەما

بۆقیری : بووەهاواروقیرە

غەمگیر : غەمگین

نێ ژخەما وە : بەلاّم لەخەمی ئێوە

برسیو رویسی : برسیەتی و ڕووتی

توخمو نقشی : توخمو ڕەگەزی

کەت بکەت : یەك بەیەك

کامەران موکری

١٩٨٦ - ١٩٢٩

ناوی (محەمەد ئەحمەد تەها)یە، لە ساڵی ١٩٢٩ز لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی تا پۆلی کۆتایی ئامادەیی بوو، بەلام لەبەر چەند هۆیێك تەواوی نەکردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩- ١٩٦٣ز شەش ساڵ بەهۆی هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەو نەتەوە خوازیەوە لە بەندیخانە دەست بە سەریدا ماوەتەوە.

ماوەیەکی زۆریش لەبەشی کوردی زانکۆی سلێمانی و(پاشتر سەلاحەدین) مامۆستای ئەدەبیاتی کوردی بووە، تا ٧ /١٢/ ١٩٨٦ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردو گیانی پاکی بەخاکی پیرۆزی کوردستان سپارد.

تا لە ژیان دابوو حەفت دیوانە شیعری چاپکراوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٧١ ز دیارترینیان دیوانەکانی (ئاشتی) و (دیاری) و (ئاگرو ژیلە) و (گوڵاڵە سوورە)ن، دوای مردنیشی، لەساڵی ١٩٨٧ ز سەر جەمی شیعرەکانی بەناوی دیوانی(کامەران موکری) چاپکرا. سەرەڕای شاعیریەتی، کامەران موکری چیرۆك نووسیش بوو.

مەبەستەکانی شیعری کامەران:

ئەگەر شیعرو هۆنراوەکانی موکری بخوێنینەوە دەبینین چەند مەبەستێککیان تێدایە کەگرنگترینیان ئەمانەن:

١- نەتەوەیی و مرۆڤینی: بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی موکری هۆنراوەی نەتەوەیین، دیارە شاعیر، بەوهەستە ناسکەی کەهەیەتی وەك مرۆڤێکی نەتەوە خواز هەڵوێست لەبەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەکەیدا وەردەگرێت، کۆمەلێك هۆنراوەی هەن کەنموونەی بەرزی هەستی نەتەوایەتییان تێدابەدی

دەکرێت و ئەمـەمان بۆدەردەخـەن کـەموکری شـاگردو قوتـابی، قوتابخانـەی پـیرۆزی کوردایەتییـەو وەك شـاعیرێکی ڕیـالیزمی شۆڕشـگێڕانەی نەتـەوەیی خۆنیشان دەداو ژیانیش لایئەو هەرتێکۆشان وخەباتە لەڕێی کوردستـان:

١- ژین لەلای دڵسۆز هـەرتێکۆشانـە

هەوڵە بۆخاکی ئەم کوردستانـــە

٢- خۆزگە ئەندازەی ژیان و تـەمـەن

تێکۆشان بوایە بۆخـلـکی وەتـەن

٣- ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کـورد

لەچوار پێنج ساڵێ، تێپەڕی ئەکرد ؟!

(هەمووی بۆلەبەر کردنە)

لە تەوەرەیەکی تریش داو تەریب بـە تـەوەرەی کوردایـەتی و هەسـتی نەتەوەییەوە،کامــەرانی شــاعیر، دڵــسۆزو ئەمەکــدار بــووە بەرامبــەر بــە مرۆڤایەتیەو، دەربڕی ناخی مرۆڤی کورد بـووە، لـەم لایەنـەوە، هـەر بۆیـەش بووە کە خەباتی گەلی جەزایری لە دژی داگیرکەری فەرەنسایی بە خەباتێکی ڕەوا داناوە لێرەوە دنگی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤی کوردی داوەتـەپاڵ خـەباتی ئـەو گەلـەو لـە پارچـە هـۆنراوەی (ئـەی جەمیلـە) ئـەم هەسـتە پـیرۆزەی دەربڕیوە.

١- ئــەی جـەمـیلـــە.....

ســڵاو لــە ئاگرو ژیلــە

٢- لە حەیرانــا ، لە لاوکــا

کاتێ کچ لەگەڵ باوکــا

٣- هەڵمەت ئەبەن بەرەو مردن

بەرەو قەڵای سەختی دوژمن

٤- له هێرشی سـەرکەوتنـا
له کاتی بۆ گەل, مردنـا
٥- کاتێ لەنزار، لەمەڵبـەن
ئەمانسووتێنن بۆوەتـەن
٦- ناوت وەکو وشەی نەمـر
ئەرژێته ناو گەرووی ئاگر
٧- ئەی جـەمیلـه ......
سلاو لەئاگـرو ژیلـه

(هەمووی بۆلەبەر کردنه)

٢- خۆشەویستی و ئەڤینی: مەبەستێکی تری شیعرەکانی کامەران، دڵداری و ئەڤینی یە، دیارە ئەم هەستەش هەستێکی مرۆڤینییەو لە دەروونێکی پڕ سۆزو ناسکەوە سەر هەڵدەدات و نموونەی بەرزی هەستی مرۆڤایەتی دەنوێنێت :

١- کە پرچت ئالان لە گـەردن
گرت بەردا لـه دڵـی مـن
٢- کە پەرچەمت ڕشتە سەر ڕوو
ئاگر له دەرونـم بەربـوو
٣- ئەی زۆرداری جوانی بچووک
تکایه کچی ئێسك سـووك
٤- لێرەوە مەیە شەیدامـۆت
وەبالی دڵم بە ئەستـۆت

(هەمووی بۆلەبەرکردنە)

٣- وەسفکردن: ئەم مەبەستەش یەکێکە لە مەبەستە گرنگەکانی شیعری موکری. کامەران هەستێکی بەهێزی بەرامبەر جوانی سروشت و دەوروبەر هەبووە، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە جوانی سروشتی ولاتەکەی خۆیان دەپەرستن، لەم لایەنەوە زیاتر بە لای شاعیرە کلاسیزمەکاندا دەچێت، زۆر جاری وا بووە جوانی سروشتی تێکەڵ بە جوانی ئافرەت و کچی کورد کردووەو تابلۆیەکی هەرە جوانی لە واتاو بەکارهێنانی پەیڤ و وشەدا بەکارهێناوە، هەستی ناسکی شاعیر وای دەکرد کە هەر دیمەنێکی جوان، جۆرە هەڵوێستێکی لەلا دروست بکات، تەماشاکە چۆن وەسفی (گوند=دێ) دەکات:

١- کەژو دارستانی کپی
پۆشیویانە بەرگی سپی
٢- قوبەی پیرۆزەیی ئاسمان
بە پرشنگی گزنگی ئاڵ
٣- داوێنی کەژی ئەنەخشان
وەك ئەگریجە ئەبوو پەخشان
٤- دێیەك، لەباوەشی کەژا
بزەی گەرمی لێ ئەرژا.

(هەمووی بۆلەبەرکردنە)

ڕووخساری شیعرەکانی:

١. بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی (پەنجە): کامەران یەکێك بوو لەوشاعیرانەی کەبەرگی تازەگەرییەتی کردەوە بەر باڵای شیعری کوردییەوە، پەنای بردە بەرکێشی ڕەسەنی خۆماڵی و خۆی ڕزگارکرد لەکۆت وداوی (عەرووز)ی عەرەبی، بۆیە شیعرەکانی مۆسیقاییێکی کوردانەیان تێدایە و لەگەڵ هەست وئارەزووی مرۆڤی کورد دەگونجێن، نموونە شیعرییەکانی پێشوو، کەهێنامانەوە ڕاستی ئەم بۆچوونە دەردەخەن.

٢. کەم بەکارهێنانی وشەی بێگانە: لەم لایەنەشەوە کامەرانی شاعیر بەڕابەر دادەنرێت، تاپێی کراوە خۆی لەبەکار هێنانی وشەی بێگانە دوورخستووەو، لەجیاتی ئەوان وشەو پەیڤی ڕەسەنی کوردی بەکارهێناوە،وەکو مەلەوانێکی بەتوانا لەدەریای زمانی کوردی دا مەلەی کردووە. خوێندنەوەی نموونەکانی پێشوو ئەم ڕاستییە دەچەسپێنن.

٣. خۆنەبەستنەوە بەسەروای (قافیەی)یەککگرتوو بەکارهێنانی جووت جووت قافیە: ئەم دیاردەیەش یەکێکە لەسیماجیا کەرەوەکانی شیعری کامەران موکریو لایەنێکی تازەگەریش پیشان دەدات، کامەران هیچ کاتێك خۆی بەکۆتی سەروا(قافیە)ی یەککگرتوو کۆت نەکردووەو واتای بەقوربانی سەروانەکردوە، بۆنموونە لەم چەند دێرە شیعرەی خوارەوەدا هەردوونیوە دێڕ، یەك سەروایان هەیە، واتە جووت جووت سەروای بەکارهێناوە.

١- ڕوومەتی وەك گوڵی بێگەرد

قژی خاو، ئاوریشمی زەرد

٢- چاوی کاڵ، ئەگەر چی نەرمە

بەلاّم نیگای ئێجگار گەرمە

٣- بالاّی وا، دەمێکی واتەنگ

ئەندامی ئاوا شۆخ و شەنگ

٤- نەبووە، یامن نەم دیوە هەر

لەو چەشنە بەژن ، یاکەمەر

(هەمووی بۆلەبەرکردنە)

لێکدانەوەی وشەکان :

ئەندازە	:	پێوانە ، پێڤانە.
ئاخۆ	:	داخوا ، داخۆ.
تەمەن	:	ژی ،عەمر.
تێپەڕی ئەکرد	:	زیاتر دەبوو ،لێی ڕەت دەبوو.
ژیلە	:	ژیلەمۆ ،زیلەمۆ.
هەڵمەت ئەبەن	:	هێرشدەکەن ،پەلامار دەدەن.
بەرەومردن	:	بەرەڤـ مردن.
بۆگەل ،مردنا	:	مردن لەپێناوی میللەت دا،
نزار	:	نسار ،شوێنێکە لەشاخ کەزیاتر بەرسێبەر بێت
ئەمانسووتێنن	:	مەدسۆژن، ئاگری لمە بەرددەن.
ئالاّن	:	ئالاّندن = تیَ ئالاّندن
گەردن	:	هەوك ،ئەوك = گەردەن
ڕشتە سەر ڕوو	:	بەردایە سەر دەم و چاوت.
دەروون	:	هەناو ، هناڤـ
ئیسك سووك	:	هستی سڤك.
وەباڵ	:	ئۆباڵ :گوناهـ

ئەستۆ : مل ،ستۆ

بێگەرد : پاك ،خاوێن

قژی خاو : پرچی کراوە

ئاوریشم : حەریر ،ئارمیش

نیگای : ڕوانینی ،تەماشاکردنی

مەلا مەحموودێ بایەزیدی

ل سالا١٧٩٩ ل باژێری بایەزیدێ ژدایك بوویە، ڕەوشا سیاسیا بایەزیدێ ل نیڤا ئێکی ژسەدێ نۆزدێ یاباش نەبوو ژبەرجهێ وێ کۆ دکەفتە نێزیکی سنووریێ (ڕوسی– عوسمانی))، هەڤرکیا دناڤبەرا هەردوو ئالیان دا کارتێ کرنەکا نەرێتی (سلبی) ل سەر ژیانا بایەزیدی یا جڤاکی و ئابووری هەبوو.
مەلا مەحموودێ بایەزیدی ل زارۆکینیا خوە چووناڤ ڕێزێن قوتابیێن مزگەفتاو زانستێن ئیسلامی بایەزیدێ خواندن وبڕوانامامەلایەتێی وەرگرت. پاشی سەرەدانا وەلاتێ ئێرانێ کرول باژێرێ تەبرێزێ ئاکنجی بوو، ل وێرێ خاند هەتا فێری فارسیێ بوویو شارەزاییەکا باش دزانستێن ئەدەبی و دیرۆکی و فەلسەفیو مەنتقیدا پەیداکر، جارەکا دن ڤەگەڕ یاڤە باژێرێ بایەزیدێ، پاشی بەرەڤ ئەرزەرۆمێ چوو ول وێرێ ئاکنجی بوو،لێدیار نەبوویە کاهەتا مرنێ ل ویرێ مایە یان بەرەڤ بجهەکێ دن چوویە هەڤالینی یەکا باش دناڤبەراوی و قونسلێ روسی (ئەلکساندەر ژاپا)ی داپەیدابوو کۆکوردی باش دزانی, ژاپای زۆر مفاژ هەڤالینیا خۆدگەل بایەزیدی وەرگرتییەو بایەزیدی زۆر هاریکاریاوی کریە یەکۆ چەندین دەستخەتان ب دەست خۆڤە بینیت و زۆرجاران ئەگەر نەشیابا دەستخەتی بخۆ بۆ پەیدا بکەن دابۆ فۆتۆ کۆپی کەت . ژاپای گەلەك جارا دگۆت مللەتێ کورد قەرداریێ مەلا مەحموودێ بایەزیدییە ژبەر کۆگەلەك لایەنێن ڕۆشنبیری پاراستینە.

ڕۆشنبیریا بایەزیدی:

شارەزاییەکا باش دزانستێن شەریعەتێدا هەبوو، چەندین کەسا ل بەر دەستێ وی خاندییە. زمانێن کوردی،فارسی، عەرەبی، تورکی باش دزانی و کارتێکرن ل سەر بەفرەهبوونا ڕۆشنبیری و ڕووناکبیریا وی هەبوو ژبەرکۆ

ئـەدەبێ وان گـەلأن دخوانـدو مفـاژێ وەردگـرن. شـارەزاید دیرۆکێـدا هـەبوو. وەرگێرەکێ خودان شیان بوو، چەندین بەرهەمێ فارسیو تورکی وەرگێراینـە ل سەر زمانێ کوردی، هندەك جارا ناسـناڤێ (فـەقێ مەحموودئەفەنـدی)یـان (خواجە مەحموودبایەزیـدی) ب کاردئینـا، لێ دنـاڤ کـوردا داب ناسـناڤێ مـەلا مەحموودێ بایەزیدێ ناڤداره.

بەرهەمێن بایەزیدی:

١- کتاب عادات وتقالیـدی ئـەکراد: ل دۆر عـادات و تەقالیـدێن کوردایـە وەك شـەهیانێن وان، ئاشـتیو شـەرێن وان، دەسـت پێـك ژی دەربـارەی ئەسـڵی کورداو زمانێ وادەو وەلأتێوانە.

م.رۆدینکۆ وەرگیرایە سەر زمانێ رووسی و ل سالا ١٩٦٣ ێ ل مۆسکۆ بەلاڤکریە،

دکتۆرە شوکریە رەسولێ وەرگێرایە سەرشێوێ (کرمـانجی خـواروو) ل سـالا ١٩٨٢ ێ لەبەغدا چاپکریە.

٢- تحفه الخلان فی لسان الکرد: دەربارەی رێزمانی زمانی کوردیە (تا نهۆژێ دەستنڤیسە ل پەرتووکخانا(سالیکۆف شیدرن) ل (پـترو سبورگ ل رووسـیا) هاتیە پاراستن.

٣- وەرگێرانا بەشێ ئێکی ژپەرتووکا (شەرەفنامە) ژ فارسی بۆ کوردی، کـو ل سـالا ١٨٥٨ ێ ز وەرگێرایـە (ئـەمیش هـەر دەستنووسـەو لـە پتروسـبورگ لەپەرتووکخانەی سالیکۆڤ شیدرن پارێزراوە).

٤- تاریخا نوو یا کوردستانێ ١٨٥٧ ز.

٥- رسالة في بعض الفروق الموجودة بين اللهجات الكردية وبيات بعض القواعد اللازمة واته: نامەیەك دەربارەی هەندێ جیاوازی نێوان زارە کوردییەکان و پیشاندانی هەندێ ڕێسای پێویست (پەرتوکخانا سالیکۆف شیدرن ل پێتروسبورگ)

دکتۆر مارف خەزنەداری ل سالا ١٩٨٤ ێ دپەرتوکا خۆدا (دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردی)دا بەلاڤ کریە.

٦- قاموسەکا بەراورد کرنێ دنافبەینا زارێن هەکاری و ڕەوەندی دگەل زمانێ فرەنسی دگەل ژاپای . دکتۆر مارف دکتێبا خۆ یا ناڤبری بەلاڤکریە.

٧- چیرۆکا مەم و زینێ ب دیالیکتا کرمانجیا ژووری ل ١٨٥٦ز ژاپای ئێخستییە سەر ئەلف و بێیا لاتینی و وەرگێڕایە ل سەر زمانێ فرەنسی.

٨- چیرۆکا (لەیلو مەجنون) ل سالا ١٨٥٨ز نڤیسییەو ژ لایێ ژاپای ڤە ئێخستییە سەر ئەلفو بێیا لاتینیو وەرگێرایە ل سەر زمانێ فرەنسی.

٩- جامع یێ سالیانو حکایەتان، چل چیرۆکی کوردییە، کە دەبێتە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆك لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دا ژاپا کردوویەتی بە فرەنسی.

هەروەها چەندین چیرۆکێن دن نڤیسینە وەکو (یوسفو زولێخا)و داستانی (قەڵای دمدم)و گەلێك بەرهەمی تر کە ژمارەیان دەگاتە بیستو شەش بەرهەم.

تێبینی : تا ئێستا دیارنەبوویە کە لە چ سالەکی دا چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ، هندەك دبێژن ل (١٨٦٠)و هندەك کتێب ژی دبێژن ل سالا(١٨٦٧).

پارچەك ژ چیرۆكا مەم و زینێ

میر زەینەدین نێزیكی ئیڤارێ ژ نێچیرێ زڤڕی، وها ڕاست هاتە باغێ، ل بەر دەرێ وێ قەسرا مەعلووم ژ هەسپی پەیابوو، ل ڤڕ شەربەتو قاوەیەكێ بخۆنو دگەل غولام و ئولداشێد خووە وها ژ نشكێڤە هاتنە دەرێ قەسرێ كۆ مەم و زین تێدا بوون، زین وێ وەقتی كۆ دەنگێ برایێ خوە بیهیست هۆش هاتە سەریو گۆت مەمۆ چە دبێژیو چەدكەی؟ ئەڤە میرهات؟ كۆ ئەڤـــ خەبەرا گۆت، ئێدی ناچاری، مەم زین ئەستاندە بنێ عەبا خوەو ڤەشارتول گۆشەیەكی قەسرێ قەلبەخیو ڕوینشت دنێڤ دوو بالگیاندا وها ب وێ حالێ، میر دگەل قەرەبالغا خوە هاتە هندڕی قەسرێو دیت كۆ مەم خوە ل عەبایێ پێچایە ل گۆشەیەكی ڕونیشتییە. میر سلاڤـــ داژی، مەم سلاڤـــ ئەستاند ئەمما قەت ژ جهێ خوە نەبزافت، میرم معزور بدیرین ئەڤـــ بەنی نەخۆشم هاتمە ڤڕاو من تاگرت قەت مەجالا لپاتو حەرەكەتی نادیرم ل ڤرا وهام مام. میر گۆت كۆزەرەر نینە ل كەیفا خوە نێڕن. میر روینشت وەركەسەك جێ بەجێ روینشتن، دیوانخانە تژی بوو. میر شەربەتو قەهوە ئەمر كر، ئیشەڤـ ل ڤرا كەیفێ بكن.

ژهەر تەرەفەكی دەست ب كەلامو خەبەردانێ كرن، مەجلیس كەملیو گەرم بوو. تاجدین دوێ مەجلیسێدا حازر بوو، ل حالێ مەمۆ نێڕێ، زانی كو ژ ئەحوالەكی عەجیبە. خالی نینە كو مەم وەها نوقمێ بەحرا غەمان بوویە، تاجدین ڕابوو هاتە نێزێكی مەمۆ و ب ئیشارەت ئەحوالێ وی ژێ پرسیار كر، مەم ژی دوو كەزی ژ پۆرێد زینێ ژ هۆ چكا عەبایی ب خف دەرئانی و نیشانی تاجدینیدا.

(لە سەرە تاوە لە (میر زێنەدین نێزیكی ئێڤارێ) بۆ لەبەركردنە تا (ئەمما قەت ژ جهێ خوە نەبزاڤت).

پەیڤ	رامان
خەف	: نهێنی = بەدزیەوە
هۆچك	: قۆلْ
لپات	: جولآنەوە
كرن	: جار
بەنی	: كوهر : كۆیلە : كولەدار
هێسای	: راحەت : حەسانەوە
پەیا بوو	: دابەزی
لەڤر	: لێرە
ئەستاندە	: ستاندی یە : خستیە
ڤەشارت	: شاردەوە
هندرِ	: ناوەندی ، ژوورەوە
سلاڤــ ئەستاند	: سلاڤــ ستاند، سلاڤــ وەرگرت
نەبزاڤت	: نەجولآیەوە
نێرِی	: سەیری كرد– تەماشە كرد
خالّی نی نە	: والا نیە
كەزی	: گێسو
پۆر	: پرچ
بالگی	:بالگۆك :سەرین :باليفك
رِەوشا سیاسی	:باری سیاسی، رِەوشی سیاسی
نیڤائێكێ	:نیوەی یەكەمی
هەڤرِكی	:رِكابەری

هەردووئالییان دا :هەردوولایاندا

جڤاکی :کۆمەلآیەتی

لـ زارۆکینیاخوە :لەوکاتەی کەزارۆ (منداڵ) بووە

ڤەگەڕیا :گەڕایەوە

بەرەف : بەرەو

مفا : سوود, قازانج :فایدە

بەرفرەهـ بوونا : فراوان بوونی

خودان شیانبوو : بەتوانابوو :خاوەنی شیانوتوانابوو

ژ نێچیرێ زڤڕی :لەڕاو گەڕایەوە

هاتەباغێ :هاتەناوباغ

لـ هەسپی پەیابوو :لەئەسپی پیادەبوو :واتادابەزی

ئۆڵداشێدخوە :وەلداشەکانی(هەڤاڵەکانی)خۆی

ژنشکێڤە :لەناکاو :لەپڕ

هۆش هاتەسەری :هاتەوە هۆش خۆی :بەئاگاهاتەوە

ڤەشارت :شاردیەوە

دگەل قەرەبالغاخوە :لەگەڵ ئەوخەڵکە زۆرەی کەلەگەڵی بوون

هاتە هندرێ قەسرێ :هاتە ناوقەسر

قەلبەخی :سەکنی, مات بوو

تژیبوو :پڕبوو

ئیشەڤـ :ئەم شەو

میر جەلادەت بەدرخان

ئەم زانا مەزنە کە سەر بە بنەماڵەی کوردپەروەری بەدرخانیانە یەکێکە لە گەورەترین و بەناوبانگترین کەسایەتییە کوردییەکان کە لە بواری نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی کوردیدا کاری کردووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، میر جەلادەت لە ساڵی ١٨٩٣ لە ئەستەمبوول لەدایك بووە[1] ، کوڕی میر ئەمین عالی بەدرخان بوو، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە شارەکانی ئەستەنبوول و ئەنقەرە و سالۆنیك و ئەدرنا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ (مێجەر نۆئێل)ی ئینگلیز دا سەردانی کوردستانیان کردووە بەمەبەستی ڕێکخستن و بەرپاکردنی شۆڕشێك لە دژی کەمالییەکان لە تورکیا، بەڵام ئەم هەوڵەیان سەری نەگرت، کاتێکیش جولانەوی کەمالییەکان پەرەی سەند و دەسەڵاتیان لە وڵاتی تورکیا گرتە دەست، فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ میر جەلادەت و باوکی و براکانی دەرکرد، لەبەرئەوە ناچاربوو پەنا بباتە بەر وڵاتی ئەڵمانیا، کە لەوێدا درێژەی بە خوێندن دا و لە بواری یاسادا خوێندنی تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری دیمەشق گۆڤاری (هاوار) و لەپاشان گۆڤاری (ڕۆناهی) بە زمانی کوردی دەرکرد، میر جەلادەت بەدرخان بەوە بەناوبانگە کە ئەلفبای کوردی بەپیتی لاتینی داناوە و، بیرۆکەی ئەو ئەلفبایەی لە ساڵی ١٩١٩ دا لەلا پەیدا بووە، سەرەتا توانی ئەلفبایەك دابنێ کە ژمارەی پیتەکانی ٣٦ پیت بوون، پاشان لە ساڵی ١٩٢٤ کە لە ئەڵمانیا بوو بەو ئەلفبایەدا چووەوە و دەستکارییەکی تیادا کرد و ژمارەی پیتەکانی کردن بە ٣٤ پیت، تا لە ساڵی ١٩٢٨ بۆ جاری دووەم دەستکاری تیادا کرد و ژمارەی پیتەکانی کردن بە ٢٥ پیتی لاتینی. ئەم

---

[1] لە هەندێ سەرچاوەدا ساڵی لەدایکبوونەکەی بە ١٨٩٤ و لە هەندێکی تریشدا بە ١٨٩٧ دانراوە.

ئەلفبایە بووە بنەما بۆ ئەلفباکەی کە لە ١٩٣٢ دا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوار بڵاوی کردەوە. ئەم زانا مەزنە لە ١٥ ی تەمموزی ١٩٥١ کۆچی دوایی کرد.

(سەرچاوە پەرتووکی الألفباء الکوردیة)
دانانی هۆگر طاهر توفیق

ئەمەش نموونەیەکە لە نووسینەکانی:

ڕەشبەڵەک

(ژ جەمشید و سینەم خانێ وە ل
بێروتێ، مێڤانێن مامێ خووە)

زارۆ نۆ!

ئەڤ بوونە دەه پازدەه رۆژ وە تەرکا مالا باڤێ خوە داو هۆن چوونە بێروتێ، نك مامێ خووە، باوەڕ بکن ئیدی وەختا کۆ ئەم لسەر ڤێ چوونێ هەنەك خەبەر بدن، بڤێ نەڤێ هۆن ژ هۆنێ بخوازن بزانن دپەی وەرە و پەیی وەبەر گەهێ.

مالا باوێ وە چەوان دخویا بە وە د پر گارا مالا وەدە هاتییە گوهەرتن و ئەڤ چاوان گۆهێڕیە و ب ڤێ گوهارتنێ گەلۆ ئەم رازینە، ئان ئەم بیریا وەختێ بەرێ، وەختێ کو هۆن ل مال بودن دکن هۆن ب خووە ژی دزانن کۆ ئیشێ وە زەهمەتە، تەشغەلەکە.

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

لێکدانەوە وشەکان:

ڕەشبەڵەک:	لە ناوچەی بۆتان بە نامە، یان، گاغەز دەڵێن.
ژ:	بۆ
مێڤان:	میوان
زارۆک:	منداڵ
زارۆنۆ:	منداڵینە
ماڵا باڤێ خووە:	ماڵی باوکی خۆی
هۆن:	ئێوە
نک:	کن ، لە ، جەم
ئیدی:	ئیتر
ئەم:	ئێمە
هەنەک:	هەندێک
خەبەر بدن:	قسە بکەین
بڤێ نەڤێ:	بتانەوێت یان نەتانەوێت
دی پەی وەرە:	لەپاش ئێوە
بەرگەهی:	بەردەرگا
دخویا:	دەردەکەوێ، دیارە
پڕگار:	حەوشە
گوهەرتن:	گۆڕان
گەلۆ:	کوڕینە
بیریا:	بیری

بابەتەکانی بەشی خوێندنەوە

١- لاوکێ ((دەروێشێ عەڤدی))

٢- بەنداڤا دوکان .

٣- دارستان و پاراستناوان

٤- نڤیسین

٥- هەزارمێرد

٦- ئیسماعیل بێشکچی

٧- نان و کەوەری خوێناوی

٨- هەڵوێستی جوامێرانە

٩- بۆ زانین

١٠- ئافرەتی کورد

١١- قەدەم خێر

١٢- گوڵ و گیا لە پزیشکیدا

١٣- خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە

١٤- گەشتێك بە هاوینەهەوارەکانی کوردستاندا

لاوكێ دەروێشی عەڤدی

دەروێشێ عەڤدی لاوەکی ژێهاتی و بەرکەفتی بوو، ژ ئویجا خەکا ئێزدیا بناڤــو دەنگ بوو.

ناڤــو دەنگێ شۆخو شەنگیا(عەدلە خان) کچا (زۆر تەمەرپاشای مللـی) گـوه لێ دبیت، مالێو کەسو کارێن خۆ دهێلیت، دچیت و دبیتە قەهوەچییێ کۆچکا (زوۆ تەمر پاشایێ مللی) ژبۆ مەرەما خاستنا عەدلە خانی.

دوی دەمیدا ئێك ژحاکمێن وی وەلاتی لەشکرێ خوە دهنێریتە سەر (زۆر تەمەر پاشا) ی بـاج و دراڤـێن سـالەکێ ژێ دخوازیـت، ئـەو ژی کـوڕو بـرازاو زەلامێن خۆ کۆدکەتو پرسیاروان دکەت، کا بـاجو دراڤـی بـدەن یـان شـەڕی بکەن؟ هەمی دبێژن: ئەم نەشێین شەڕی بکەین دێ باجیێو دراڤی دەین.

دەروێشێ عەڤدی ڕابوو سـەرخۆو گـۆت : ئـەم چ تـشتی نـادەینو دێ شـەڕی کەین. چوو مەیدانیێو سواران دەست دا چەکیو دگەلـدا شـەڕێ لەشـکرێ وی حاکمی کـرو شـکاندو بـسەرکەفتن. عەدلـە خـانێ مێرانیـا دەروێـشێ عەڤـدێ دیتو، چوو دلی حەژێ کر.

بابێ وی ژی ژبەر مێرخاسیا وی کرە ئێك ژ سیارێن خۆ.

هنـدە بـسەرڤە نەچـوو نـاڤو دەنگـێ ئـەڤینیو حـەژێك کرنـا عەدلـە خـانیێو دەروێشێ عەڤدی کەفتە دەڤێ خەلکی . براو پـسمامێن عەدلـە خـانێ زانـیو چوونە نك بابێ وی گۆتیێ :

((دەروێشێ عەڤدێ))ویێ لدویڤ ناموسـا مـە دگـەڕت[1] ئـەڤینیا ویو عەدلـە خانیێ بۆ گۆتن. مەدڤێ تو دەستویرا مەبدی حەتا ئەم وی بکوژین

---

[1] دەڤەکان بە شێوەزاری پاڵەوانانی چیرۆکەکەنووسراون.

بابێ عەدلەخانێ دەستویرا وان دا، بە لێ وان دخۆڕا نەددیت کو بشێن بکوژن چونکی گەلەکێ مێرخاس‌و عەگیدو ئازابوو، لەوا تەگبیرا خۆکر کوب فێلێ بکوژن، دگەل خۆ ببنە نێچیرێ‌و لە دەمێ خارنێ کۆدێ چەکێ خۆ دانیت پێکڤە داننێ.

((عەدلە خانێ)) ب هندێ زانی و گەهاندە ((دەروێشێ عەڤدی)) بەلێ مخابن گوهێ خۆ نەدایێ چونکی یێ ژ خۆرازی بوو، باوەڕ نەدکر کودێ کەس شێتێ. ڕادبن خوارنا هەفتەیە کێ بەرهەڤدکەن، هەمی پێکڤە سیاردبن دچنە ((چەمێ گرزوونێ)) بۆ نێچیرێ کۆ ئەڤ چەمە یێ کویرو بسەهمە ل دەمێ دەروێشێ عدڤدی یێ ب خوارنێڤە مژویل و چەکێ خۆ دانای... هەمیا پێکڤە هێرش برە سەرو کوشت‌و لەشێ وی هاڤێتە ناڤا چەمی و زڤڕینەڤە.

((عەدلە خان)) هەڕۆ دچوو سەربانێ کۆچکا بابێ خۆو بەرێ وێ ل ڕیێ بوو کادێ کەنگی نێچیرڤان زڤڕنەڤە گەلەك دترسانە کۆ((دەروێشی عەڤدی)) نەزڤڕیتەڤە. دەمێ نێچیرڤان زڤڕینەڤەو((عەدلە خان))ێ دیتی ((دەروێشێ عەڤدی)) دگەل نینە، دلێ وێ لێدراو جەرگێ وێ سۆت، ئەڤینا خۆ دیارکرو ئەڤ لاوکا ب خۆو دەروێشێ عەڤدێ گۆت:

((دەروێشێ عەڤدی)) دگۆ:

من نەڤێ مالەکی تێری تژی، من دڤێ ئەوەل دین‌و ئیمان، ژنەکی جوان، ماهینەکی ب بەرز تاژییەکێ بکوژ، کۆنەکی ڕەش حەلەبی، مێکوتەکی ل داری داربناڤێ. ئەزێ ڕابم بەری کۆنی بدمە چیایی ((قەرەچ داغێ)) پشتا کۆنی بدمە تیرێژا تاڤێ.

((عەدلێ)) دگۆ:

ئەزێ ڕابم سینگێ خۆ بکەمە سێنی، ڕابم خوە ب گولاڤێ بڕەشینم میسالا گولان و گولبەندان، بچم پێش کوڕە دەروێشێ عەڤدی هاتڤە لگەل سەلەفەکی عەگیدان و مێرخاسان، ئەزێ ڕابم جەلەبا ماهینا کوڕە دەروێشی خۆ بکرم،

((عەدلێ دگۆ))

لێ من دڤێ قومەکی ئاڤێ ژ ئاڤـــا فەریتو. ئەزێ ڕابم هنگێ دەستێ خوە ژ دەرویشێ عەڤدی هل گرم، حەتا وێ ڕۆژێ یا (زۆر تەمەر پاشایێ مللی) دادنێ دارەکێ ل داری د جەلێتۆ ...

((عەدلێ دگۆ))

ئەز نە ب مالم نەب مێرم، بەرێ خودانا حەفت براو دوازدە پسمامێن وەکو شێرم. ئەز ڕۆژێ سێ جاران کوڕە دەروێشێ خۆ نەبینم ل گەڕێ دیلانێ، ل حاویا گۆڤەندێ، ل حوویا شاهێی مەیتێ هەر حەفت برا و دوازدە پسمامان ل زیارەتێ بەرێ مالێ ب دەستێ خۆ ڤەشێرم.

((عەدلێ دگۆ))

منێ نە ((کیکیمە)) نە ((ملیمە)) کچکا((زۆر تەمەر پاشایێ))مللیمە، دەزگرا دەروێشێ عەڤدی مە لسەر چیای((قەرەچ داغی)) ڕۆنشتیمە، ب کراسەکی کتانی((مەگروومیمە))، ب سۆلەکی زەری ڕەق ڕەقیمە، کلێ چاڤێ((دەروێشێ عەڤدی))مە، منێ ڕۆژێ سێ جاران کەرەم دکەم

ب((دەروێشێ عەڤدی))، حاشا دکەم ل دینێ ((موحەممەدی))، ساف ئەز((ئێزدی))مە ...

((عەدلێ دگۆ))

سەحەرا سپێدێ، کزە بایەکێ شەمالێ ساردێ، کچکێ هوین بەعام ڕابن بچینە سەرێ چیای ((قەرەچ داغێ)) زێهنا خۆ بدینە تیرا بنێ بەڕیێ ((دەشتا عۆگنێ)) وەکی تێتە حیلیلێنا سواران، چرکێنا ڕکێبان، وەشیناڕمان، دەنگێ ((گورزەمیسرییان))، شەقەشەقا ئەنگوستیلا ((دەروێشی عەڤدی)) لسەردارا (ڕمێ)ل گوییننامن چ خۆش تێ! ئەزێ ڕابم نیڤا شەڤێ لگەل (دەروێشێ عەڤدی) بکراسەکی مەلەزێ کتانی (مەگروومی) بنڤم ل خیڤەتێ... کوڕۆ دەروێشۆ وێ گاڤێ دێ مرنێ مال و وێرانییێ ژبیرکی...

((عەدلێ دگۆ:))

بەژنا (دەروێشێ عەڤدی) میسالا شەنگە بیەکێ دگەلیدا، ئەمان کوڕۆ دەروێشۆ، تۆڕابە (تەمدەوانیەکێ) سپی لەسەرێ خۆگرێدە.
هەرگاڤەکێ ((دەروێشێ عەڤدی)) بێت ل گەل سەلەفەکی عەگیدانو عەدوان، یاژمن ڤە شێخەکی کامیلە، تەریق دارە، لەگەل مریدان.
کوڕۆ(دەروێشۆ) تۆسوار بە ل جانی ماهینەکا شینکێ کەزانی، ئەمان ل گەڕێ دیلانێ ل حاویا گۆڤەندێ،نەکە: تەڕاد و مەترود نەدەغارێ، نەکو ل شینکێ (جەدەلانی) بکەڤی خوارێ، نەکۆ خەلك و عالەما گوندێ مەبێژن:(عەدلە خاتوون) عاشقا تۆینەکی نەی سوارە...

عەدلێ دگۆ:

سەرێ منێ گەلەکێ دێشی، دلێ منێ گەلەکێ ڕەقە، میسالا بزمارێ سەرێ پەرچە حەتەبێ سۆلا دەوارێ تەیە.

عەدلێ دگۆ:

ئەڤرۆ مالا (دەروێشی عەڤدی) لێدناو دچوو سەربەرەو خوارە، دچوو حاویا ((مەلامحەممەد)) چەمێ(گرزوونێ) جهێ شێران و پلنگان دەحل و داران، ئەزێ ڕابم چەهڤێ خوە ل سەر دارێ دووربینێ بینمو بشدینم، سەلەفەکی ژ سوارێن کیکانو مللییان بینموبگەڕینم .ئەمان گەلەکی حەیفا من دمینی ئەڤرۆ کوڕە ((دەروێشێ)) من ل ناڤ تیپەکێ سیاران نایێو نەدیارە....

عەدلێ دگۆ:

داوەتەك دگەڕا لگەڕێ دیلانێ، حاویا گۆڤەندێ ،حوببا شاهیێ ئەزێ ڕابم گاڤەکێ بچمە دەستێ دەروێشێ عەڤدی خەلك و عالەمێ گوندێ مە بلا بێژن بەژنا ((عەدلێ)) چەند شیرین لگەل بەژنا ((دەروێشێ))دێ.

عەدلێ دگۆ:

کوڕۆ دەروێشۆ.....تۆ وەرە ڕاموسە سەرێ ڕوومەتا سۆرا گولگولی خۆشترە ژتەمرا (بەغدایێ) ژترێ (باکور مانێ) ،ژهنارا ((شەقلاوە))یاکۆ بێ ناڤك وبێ بەرکە[1]

---

[1] بەدەستکاریڤە ژ کتێبا (کۆمەلێك لاوكوحەیران)کۆکردنەوەی مامۆستا محمدی مەلا کەریم وەرگیراوە .

وشه		مانا
چۆدلی وحەژێکر	:	عاشقی بوو
ئەڤینی	:	خۆشەویستی
پسمام	:	ئامۆزا
مەدڤێت	:	دەمانەوێت
دخوە ڕانەدیتن	:	نەیان توانی، لەخۆیان ڕانەدیت
ب ساناهی	:	بەئاسانی
ژبەر هەندێ	:	لەبەر ئەوە
نێچیر	:	ڕاو
مژویل	:	خەریك
تێری تژی	:	زۆرو پڕ
کۆن	:	ڕەشماڵ
دار ب ناڤـ	:	دارێکی زۆر جوانو ساغە لە داری ساج دەکا،دار بناو،داربناو
تاڤـ	:	هەتاو
گاڤەکی	:	نەختێ ،تاوێك
بسەکنم	:	ڕاوەستم
سەلەفەك	:	تاقمێك
ڕامووسان	:	ماچکردن
فەریتۆ	:	فوڕات
جەلیتۆ	:	جەلاد ،زەلام سەربڕ
گەڕا دیلانێ	:	کۆڕی شایی

لحاويا گۆڤەندێ	:	لەمەیدانی هەڵ پەڕکێ
لحوبیا شاهیێ	:	لەناو گرمێنی شایی
مەیتێ	:	جەنازە
زیارە	:	قەبرستان ،گۆڕستان
کیکانو میللی	:	دووعەشیرەتی کوردن

بەنداڤا دوكان

بۆ پێشكەڤتنا وەلاتی و گوهورینا باریێ ئابووریێ و گەشەدانا جۆرا چاندنێ مل ب ملێ پیشەسازی و بازرگانیێڤە، گەلەك تشت یێن هەین ب هیڤیا حكومەتو گەلیڤەنە، ژوان: ساناهیكرن و بەرهەڤكرن و بجهینانا ئاڤو ئاڤدێریا وان دەڤەران ئەوێن چاندن لێ دهێتە كرنو، هاندان و هاریكاریا خەلكی، نەخاسمە جووتیاران ژلایێ زانستا چاندن و ئاڤدان و بەرهەڤكرنا ماكینەو تۆڤ و گەلەك تشتێن دی ڤە.

هەروەكی ئەم دزانین ئاڤدێری و ئاڤدان شادەمارا چاندنێیەو دبیتە ئەگەرا پێشڤەچوونو چەند جاركرنا بەرهەمێ زەڤی و زاران.

وەلاتێ مە... گەلەك ڕوبارو زیێێن پڕ ناڤ تێرا دبوورن، كۆ وەكی دەمارێن لەشێ مرۆڤی زەڤیو زارێن كوردستانا خۆشتڤی تێر ئاڤو بەراڤ دكەن.

كەڤندا جووتیارو ڕەزڤانێن مەلدیڤە پێڤە هاتنا خۆ جۆك و دەراڤك بۆ ئاڤدانێ چێكرینە، بەلێ ئەو هەمی ئاڤا ڕوبارێن مە شۆردبیتە خرێ و بەرەڤ دەشتێ دچیت و درژێتە دیجلێدا، ژبەر كۆ هاڤینان رویێ ئاڤێ نزم دبیتو جووتیار ل گەلەك جهان نەشێن ڤێ ئاڤێ بگەهێننە زەڤیێن خۆ، زڤستانان ژی ئاڤا زێدە دبوورینو مفای ژێ وەرناگرن، ژبلی كۆ ترساهندێ ژی هەیە بازێرێن ناڤەڕاستا عیراقێ بە تایبەتی (بەغدا) ڤبەر لێفانێ (لەهیێ) بكەڤن.

حكومەتێ هزرا هندێ كر بەنداڤەكی لسەر زێیا بچوویك دروست بكەت دا ئاڤا زێدە بپەنگینیتو ل دەمێ پێدڤیێ مفای ژێ وەربگریت، ئەڤ هزرە سالا (١٩٥٤)ێ بجە هات ول پشت چیایێن دەڤەرا (پیرە مەگروون) ل جهەكێ كۆ دبێژنێ (دۆكان) بەنداڤەك ب ڤی ناڤی هاتە دانان گۆمەكا مەزن ژێ چێبوو

کۆنێزیکی (٦/٨ ملیار مێترێن سێجا) ژ ئاڤێ تێدا پەنگاندنو چەند دەرگەهەك بۆ چێکرن دا ئاڤا وێ کۆنترۆل بکەتو لدویڤ پێداڤیا خۆ بەردەتو بگریت.
بەنداڤا دۆکان، ژبلی ئاڤدانیێو، پاراستنا بازێڕێ بەغداو بنێن دەشتان ژ لێفانا دیجلەو، پەنگاندا ئاڤێ بۆ وەرزێ هاڤینێ، چەند مەفایەکێن دی ژی هەنە، وەکی: ئەڤ بەنداڤا یا بوویە سەیرانگەهەکا خۆشو، حوکمەتا هەرێما کوردستانێ لبەرا بکەتە ماکا بخودانکرا ماسییان، رێکا هاتنو چوونێو گەشت کرنا ب بەلەمانە. ئەڤە ژبلی کۆ ژێدەرەکا مەزنە بۆ کارەبایێ، ئەڤ بەنداڤە دگەل بەنداڤە زێیا سیروان ل دەڤەرا سلێمانییێ کۆ دبێژنێ دەربەندیخان هەوایێ وێ دەڤەرێ ل هاڤینێ خۆشو هێن دکەنو هەلما ئاڤێو شەهێ ل زڤستانێ پەیدا دکەن.

ووشە	مانا
مل بە مل	شان بەشان
سانا	ئاسان ، ساناهی
بەرهەڤکرن	ئامادەکردن
لەهی	لەی ، لێفان ، لافاو
نەخاسمە	بەتایبەتی
تۆڤ	تۆو
ئەگەر	هۆ
تێڕابوورن	پێدا تێپەڕدەبن
تێڤە هاتن	دەستهەلات
بەرەڤ	بەرەو

پێدڤی	پێویست
لێفانه	لافاو
پەنگاندنێ	گلدانەوه ، پونگاندنەوه
مفا	سوود ، فایده
دی ژی	دیش ، تریش – دیکه
لبەره	نیازیەتی ، لەبەردایه
ماك	دایك
هین	فێنك
شه	شێ

دارستان و پاراستنا وان

دارستان ل کوردستانێ جهەکێ بەر فرەھ ژ دۆلو شیڤێن کوردستانێ ڤە دگریت و شینی و کەسکاتیا وان شەرێ دگەل ئاسمانێ ساهیێ و تەراتیا بهارێ دکەن، گەرچی ماوێ ڤان سیھ چل سالێن بۆری هندە گرنگیو پیتە نەهاتیەدان ب دارستاناو ئەڤ دارستانە بەرەڤ سووتن و نەمان دچن، ئەگەر یاسایێ پارستانا نەهاتبا گۆڕێ، دارستانێن مەکۆ دپرن ژ دارو تراشێن بەردار یان بێ بەر، ژ بەروی و کەزان و هنار و گویز و مازی و کاژ و سەرو گەلەکێن دی، ئەڤ هەمی سامانێ وەلاتێ پێکدئینن ئەڤ دارستانە ژبلی جوانی گەلەك مفایێن خۆ هەنە، ئەگەر ب ئاوایەکێ باش ول پەی یاسایێ مفا ژێ بهێنە وەرگرتن. ژبلی ڤێ چەندێ دارستانێن مەجهێ حەواندنا بالنداو گیانەوەرێن کیڤینە، کو ئەو ژی پشکەکن ژ سامانێ لە هاڤینێدا وهۆیێ پاراستنا ئەردی یە ژ لەهیێن ئاڤا زڤستانێ و بەهارێ داکۆ بەتەنێن چیاو جهێن بلند رانەمالیت.

ئانکۆ دارستان ژ تشتێن باش وب مفایێن وەلاتییە ژ بەرکۆ ژبلی وان مفایێن هاتینە باسکرن دبنە هۆیێ جوانیو قەشەنگی یا وەلاتێو جهێ درووست بوونا هاڤینگە ھ و سەیرانگەهایە:

وەلاتی ب رەنگەکێ وەسا پێویستی پێ هەیە کۆ نهۆ ل زۆر جهێن وێ حکومەت دەست ب درووستکرنو پەیداکرنا دارستانێن ب دەست چاندی دکەت هەروەکی هەتانهۆ ژێ کار دڤی بیاڤی دا دهێتە کرن.

ئانکۆ پێویستە ل سەر مەهەمیا بزاڤێ بکەین ژ بۆپاراستنو نەبرینا دارو تراشێن دارستانێن مەو خەلکی هاندەین ژ بۆچاندنا داروباران وەك خۆیایە دهەمی جیهانێ داو دوەلاتێ مەژی دا رۆژەك لەدەستپێکا بەهارێ هاتیە

تەرخان کرن ب ناڤێ (جەژنا داروبارا) د مەها نەورۆزێدا کوتێدا خەلك بهێتە هاندان بۆچاندنا داروبارا و پاراستنا وان ژ برین و سۆتنێ پێتڤیە ب دل وجان هەمی تشتەکی وەلاتێ خۆ بپارێزین ژوان داروبار و دارستانێن مە ژبەر هەندێ دبینین حکومەتا هەرێما کوردستانێ زۆر پویتەی ب دارستانو پتر کرنا دارستانا د دەت هەتا کوبینە جهێ جوانیو خەملاندنا وەلاتی، و ئەڤەژی تنێ ئەرکێ حکومەتی نینە بەلکی پیدڤییە هەڤوەلاتی ژی دگەل دام و دەزگەهێن حکومەتی د هەڤکاربن ژبۆ پاراستنا دارستانا و دروشمێ وان ببیتە (بچینەونەبڕە).

فەرهەنگۆك

پەیڤ	رامان
شیڤ	دۆڵ . شیو
ساهی	سامال
بویتە	گرنگی، بایەخ، ماتی پێکرن
تراش	دەوەن
مفا	سوود
هینکاتی	فێنکی
لەهی:	لێیی لافاو:لێفان
بیاڤ	بوار .مەجال
گرنگیو پیتە	گرنگیو بایەخ
ژبەرویو کەزان	لەبەرووو قەزوان
ل پەی یاسایێ	بەپێی یاسا

دروشمێ وان	نیشان و شیعاران
هەڤوەلاتی	هاو وڵاتی
ژبلی	جگە لە، بێجگە
ل پەی	بەپێی

نڤیســـین

ئەم د پشت راستین ئەگەر نهۆ ئێك بێژیتە تە: (بێ زەحمەت وێ کتێبێ بکە د وێ تەنویرێ دا بلاهشك ببیت وسۆر ببیت). دێ ب مەندە هۆشی ڤەلێ نێڕی، لێ نەکاکە گیان مەندە هۆش نەبە ، ژبەر کو بەری هزاران سالا نڤیسین ب تیرۆژکێن ڕۆژێ و ئاگری هشك و سۆر دکرن .

بابلیاو میسرییا نڤیسینێن خۆیێن تایبەت هەبوون، بۆهەرپەیڤەکێ یان ناڤەکی یان مەرەمەکێ یان پیتەکێ نیشانەیەك دانابوو، کۆ نڤیسینا وان ژنڤیسینا مەیا نهۆ زۆر گرانتر بوو ژبلی نەبوونا پێنڤیس و کاغەزا.

بابلیا هەڕی دئینا وەکی قالبەکێ ڕێکوپێك د بڕی وپاشی ب تشتەکێ سەر تیژ چ قیابا دا ل سەر وی قالبی دنڤیسن، پاشی ئەگەر تیرۆژکێن رۆژێ زۆر دگەرم بانە دا داننە بەر تاڤێ هەتا ئەو بخۆ هشك و سۆر دبوویان دتە نویرێ دا جوان سۆر دکر، مێژوو نڤیسان زۆر ژوان قالبان ڤە دیتینە کۆ هندەك ژوان پێشی دووهزار و پێنج سەد سالا ل سەر هاتینە نڤیسین.

ئەگەر تشتەك ل جەم وان زۆرێ گرنگ باوەکی (یاسا)یان(ئاینی) داب پارچە کانزایەکی ل سەر کەڤرێن مەزن کۆلن.

وەك یاسایا (حەمورابی)یێ فەرمانداریێ بابلیا کۆبەری٤٠٠٠ چارهەزار سالا دکەڤرەکی کۆلایە، نهۆژێ ئەگەر لێ نێری ئەو نڤیسین ب باشی یادیارەو شارەزا ب سانەهی دشێن بخوینن: میسرییا یاژی لەدەستپێکێ هەر ل سەر کەڤرا دنڤیسی ، پشتی هینگی بەلگێن دارێن تایبەت کۆل دۆلا (نیل)دا شین دبوون دئینان ول سەر دنڤیسین.میسری دڤی بیاڤی دا زۆر دهۆستا وشارەزا بوون، ب خامێن قامیشی ومەڕەکەبی (حبر) ل سەروان بەلگا دنڤیسی یۆنانی ژی ژمیسرییان فێری نڤیسینێ بوونو لسەرڤان بەلگا دنڤیسی دەمێ عەرەب

ل سەردەما ئیسلامیێ چووینە میسریێ ئیدی نڤیسین، ل سەروان بەلگا نەماو دەست بە نڤیسینیێ ل سەر پیستەکیێ تەنك دکر، نهۆژی بۆ هندەك مەرەمێن تایبەتی ل سەروان ڕەنگە پیستا دهێتە نڤیسین رۆمانییا ل سەر قورمێن دارا دنڤیسی، بە مەرجەکی تەخەیەکا شەمییێ د وی قورمیێ داریێ د داو پشتی هەنگی ب پارچە کانزایەکی تیپ تیێ دکولا.

هەتا نهۆژی ل وەلاتێن رۆژهەلاتیێ پێنڤیسیێ قامیشی دهێتە ب کارئینان، لێ ل ئاڤای پاش سالا ١٨٠٠ زاینی ئێکەمین نکلی کانزاییێ هاتە دروستکرنو وب کار ئینان . ل دەستپێکیێ زۆر ب قەتلازی بە دەست دکەفت هەتا سالا١٨٢٠ز کۆ(جێمس بری) دەست بە دروست کرنا نکلێن کانزایی کر، هەرچەندە هوستایەکیێ باش بوو و نکلێن چاك دروست دکرن لێ زۆر دگران بها بوون.

هند پیێ نەچوو کابرایەکیێ دی ئێنگلیز (جۆسیا ماسۆن) پەیدابوو ئامیرەکیێ دروستکرنا نکلا چێکر، خویایە بەرهەمیێ ئامیری ژبەرهەمیێ دەست زۆرترو ئەرزانترە لەورا ب زۆری کەفتنە بازاریو مشەبوون

قوتابییا ل قوتابخانێن جیهانیێ هەتا سالا ١٨٤٠ز ژی هەر ب قامیشی یان بە پەڕی بالندە(دنڤیسی) لێ نهۆ پتر ژسەد هزار جۆرێن نکلێن کانزایی بۆ نڤیسینیێ هەنە، ئەڤ نکلە ژی هەروەسا ب سانەهیو خوشنڤیس نەبوون بەلکی شازدە جارا دەستکارییا وان هاتیە کرن هەتا هوساب رێكو ڕەوانی بنڤیسن.

نکلێن زێری ژی هەنە کۆ هەتا چل جاران پتر دەستکارییا وان هاتیە کرن . پێغەمبەریێ ئیسلامی(د. خ) چەند نڤیسەرەك هەبوون دەمێن قورئان بۆ دەهاتە خواریێ داخاز ژ وان نڤیسەرا دکر بنڤیسن، هەروەها مەرجەك دانا بوو بۆ ئازاد کرنا دیلێن شەڕیێ (بەدر) کۆ هەر ئێك ژوان دیلا دەه زارۆکا فێری خاندنو نڤیسینیێ بکەت دیێ هێتە ئازاد کرن.

فەرهەنگۆك

پەیڤ	رامان
مەدەهوشی	سەرسوڕمان
هەڕی	قوڕ
تاڤـــ	خۆر ، هەتاو
ل جەم	لەکن
کەڤر	بەردی گەورە
قورمێن دارا	قەدی دار
تەختەیەکا شەمایێ	چینێکی مۆم
نکل	نووك
دم	دەنووك
مشە	زۆر
لێ نێڕی	دەینۆڕیێ، تەماشای دەکات
ترۆژکێن رۆژی	بە تیشکی هەتاو، تیشکی خۆر ، تیشکی رۆژ
دڤی بیاڤیدا	دڤی بواریدا ، لەم بوارەدا
دهۆستاو شارەزابوون	وەستاو شارەزابوون
تیپ	پیت
تێدکۆلا	دەیان کۆلا
بەقەتلازی	بەزەحمەت

هەزار مێرد

لە بەرەبەیانی مێژووەوە، مرۆڤایەتی بە گەلێ چەرخ دا تێپەڕیوە..
بۆ ئاسانی و لێ دووان، مێژوو نووسەکان کردوویانە بە دوو بەشەوە.
یەکەمیان : چەرخەکانی بەر لە مێژووە کە دێرینێکی زۆر کۆنو دوورو درێژی ئادەمیزادو مرۆڤایەتی بووە هەتاکو سەردەمی بەکارهێنانی (نوسین)
کۆنترین چەرخەکانی چاخی(بەر لە مێژوو) پێی ئەگوترا(سووڕ، یان چەرخی بەردی) ئەمانەش دابەشکراون بە چەرخی بەردی کۆن و چەرخی بەردی نوێوە، کە درێژ ئەبنەوە تا چەرخەکانی دووەمی (مێژوو)کە بە نووسینو تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مرۆڤایەتی دەست پێدەکات.....
چەرخی بەردی کۆن ماوەیەکی زۆر دوورو درێژبووە کە هەزارەها ساڵی خایاندووە..... ئادەمیزاد بە سادەییو ساکاریی تێیدا ژیاوە.
پشکێنەرو مێژوونووسەکان، بەهۆی گەڕان بەدوای پاشماوەی کۆنو دێرینو کەلوپەلی یەکەم جار لەبەرد دروست کراوە، هەڵکۆڵین و هەڵکەندنی ئەو وێنانەی کەلەسەر دیوارو بنمیچی ئەشکەوتەکاندا داتاشراوون و ماونەتەوە ......هەروەها بەهۆی دۆزینەوەی ئێسقانی ئادەمیزادو ئەو ئاژەڵانەی کە ڕاویان کردوون، مێژووی ئەو سەردەمانەو جۆری ژیانیان بۆ دەرکەوتووە.
پاشماوەی چەرخی بەردیی کۆن لەگەلێ جێگای گێتیدا دۆزراوتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەبەشی کوردستانی عیراق.....لەنزیك سلێمانیو کەرکوكو چەمچەماڵ .....
پاشماوەی ئێسكو کاسەی سەری ئادەمیزادی کۆن لە شێوەی ئێسكو کاسەسەری مرۆڤی ئێستاکە نەچووە، جیاوازییەکی زۆری هەبووە، ئێسكو پێك هاتنی لە شێوەی مەیموونددا بووە، لەبەرئەوە بەئادەمی چەرخی بەردی

کۆنیان گووتووە (چەرخی ئادەمیزادی کۆن) بەو جۆرە مرۆڤانەیان گووتـووە (نیاندرتاڵ)، بەناوی ئەو شوێنەی کەلە (ئەڵەمانیا) بۆ یەکەم جار، پەیکـەری ئێسکی ئەو جۆرە ئادەمیزادانەیان لێ دۆزیوەتەوە .....

بە دەرکەوتن کـەل و پـەل و شـتی دروسـت کـراوو هەڵکەنـدراوی سـەربەرد و دیواری پاشماوەی کۆنی ئەو ئادەمیزادانەی کەبە (نیاندرتاڵ)ناو نرابوون، لـە ئەشکەوتەکانی هـەزارمێردا دۆزراوەتـەوە کـە نزیـك گونـدی (جـێ شـانەیە)، کەواتـە (هـەزارمێرد) شـوێنێکی مێـژوویی زۆر کۆنـەو جێگـای دیـاری کـراوی ئادەمیزادی(نیاندرتاڵ) بووە کەلە چاخی بەردیی کۆندا ئەوە ئەگەیـەنێ، لـە کوردستانی عێراقدا ئادەمیزاد ژیاوە ....

ئەگـەر لـە (تاسـلوجە) بپەڕینـەوە ڕووەو سـلێمانیی، دوای کـەمێك، سـەرنج بـەلای ڕاسـتدا بـدەین بـۆ ڕیزەچـیای گڵـەزەردە، لای (بـەرانان)، دەمـی ئەشکەوتی هەزارمێرد بەدی ئەکەین، کە نزیکەی (١٣) کیلۆمەترەلە ڕۆژئاوای سلێمانییەوەیە ....ئـەتوانین لاڕێ بگـرین، لـە دامێنـی خـواروی کێڵگـەی (بەکرەجۆ)وەبە ئۆتۆمۆبێل بگەینـە گونـدی(هـەزارمێرد)، ئـەمجا بـەپێ، یـان بەسـواریی بەچـیاکەدا بـۆ مـاوەی نیـو کاتـژمێر هـەڵ بگـەڕێین ئەگەینـە ئەشکەوتەکە........

ئەم ڕێگەیە نوێیـە، لـەکاتی خۆیـدا یـەکێ لـە پـشکنەری جێمـاوە دێرینـەکان کەناوی (سپایزەڕ) بـووە، لـە سـاڵی١٩٢٦ی زاییـنـدا، لەشـاری سـلێمانییەوە چووە بۆ گوندی (جێ شانە)، لەوێوە بە ڕێچکەیەکی سەرەولێژ و پێچاوپێچدا گەیشتۆتە کەندەلانێکی گەورە، کە نزیکەی یەك میل لـە جـێ شـانەوە دوورە ...ئەم کەندەلانە ڕێبازێکی سـەرەوژوورە بـۆ ئەشـکەوتەکە، لـە دامێنـی ئـەم ڕێبازەدا قەلاکەی هەزار مێرد هەیە ......

ئەم قەلایە بریتییە لە کابەردێکی ئێجگار گەورە، پڕیەتی لە دۆڵی بەردین کەلەکاتی خۆیدا وا دەرئەکەوێت هەڵ کەندرابێت بۆ ئەوەی ببن بە ئەستێڵی ئاو، زۆرتریش لەوەدەچێ کە ئەمانە لە سەردەمی (ساسانییەکان) دا هەڵ کەندرابن ....پاش نیوەی ڕیگا ڕۆییشتن، کابرا ئەگاتە جێماوە دێرینەکان.
هەزارمێرد یان بەمەبەست هەزار پیاودێت، کەڕەنگە ئەم ئەشکەوتانە جێگای هەزارکەسی تیا بووبێتەوە، یان مەبەست لەهەزار مێرد بووبێت، کەئەگەیەنێ جێگەی سەرکردەی هەزار سەربازی سوپابووبێت لەو سەردەمەدا.
زۆرکەسیش هەیە ئەڵێن کە گوایە(زەردەشت) لە ناوچەی هەزارمێرددا لە دایك بووە، لەم شوێنەدا شەش ئەشکەوتی بە تەنیشت یەکەوە هەیە، یەکێکیان لە هەرە گەورەکەیانەو لە دوورەوە بەدی ئەکرێت، بەرزو پانە بەلام قول نییە، یەکێکی کەلە ئەشکەوتە بچووکەکان بریتییە لە کونێکی گەورە لە شاخەکەدا زۆر توون و تاریك و درێژە، هەتا بڕۆینە ناوەوە پتر تەسك دەبێتەوە، گەلێك جۆر ڕەگ و قەدی ڕووەکی کۆنی تێدایە....گەلێك وێنە و کۆلینی لەسەر بەرد و دیوار و بن میچی هەڵکەندراوە کە ئادەمیزادی نیاندەرتاڵ چوونەتە ناوی، لە سەرما و تۆف بەستەڵەکی زستان و لە ترسی ئاژەڵی دڕندەی ئەو سەردەمە خۆیان تیا پاراستووەو شاردۆتەوە. ئەو جۆرە ئادەمیزادانە دەم و چاو ناشیرینو لچ و لێو ئەستوور و چاو بە قوولا چووێ برۆ پەیوەست بوون، قاچ نوشتاوە بوونو بالا ڕێکییان ناتەواو بووە، کە نازانرێ قولاییەکەی تا کوێیە...
لە ئەنجامی ئەو پشکنینانەی کەلە ساڵی١٩٢٨ز دا لەم ئەشکەوتانەدا کراون گەلێ کەل و پەلی لە بەرد درووست کراوی خولی کۆنی چەرخی بەردی سەردەمی (ئەلمیستری) پەنجا هەزارساڵ لەمەوبەر دۆزراوەتەوە، کە هەر

لەدوای ئەمە هەمان چەشن کەلو پەلی ئەو سەردەمەیان لە ئەشکەوتەکەی (شانەدەر) دا دۆزیەوە.........

هەروەها لە ئەشکەوتەکانی هەزار مێرددا شتومەکی پاش سەردەمی (ئەلمیستری) شیان دۆزیەوە، کە شان لە شانی شتومەکەکانی ئەشکەوتەکانی زەرزێ و شانەدەر ئەدەن لە نرخو بایەخدا ....

بەلاّم لە ئەشکەوتەکانی هەزار مێرددا، هەتائێستە، هیچ قەوارەیەکی ئێسکیی ئەودوو سەردەمە نەدۆزراوەتەوە..........

ئیسماعیل بێشكچی

ئیسماعیل بێشكچی ساڵی ١٩٣٩ لە (ئیسكلیب) لە نزیك پارێزگای (كۆرم) لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لەوشارە تەواو كردووە.

بڕوانامەی لیسانسی لە زانكۆی ئەنقەرا و پلەی دكتۆراشی لە زانكۆی ئەتاتۆرك لە ئەرزرووم وەرگرتووە، بێشكچی لەكاتی خزمەتی سەربازیدا لەنێوان ساڵەكانی ١٩٦٢ — ١٩٦٤ دا لە ناوچەكانی (هەكاری) و (بەدلیس) كوردی ناسیووە، بێشكچی دەڵێت:

(كە گەیشتینە خوارووی خۆرهەلاتی توركیا بۆ تەواوكردنی خزمەتی سەربازی، بە چاوی خۆم گەلێكم دی، كە زمان و مێژوو و دابونەریتیان لە ئێمەی تورك جیاوازە ئەو گەلە ئەو ناوە هەڵناگرێت كە ئێمە لێمان ناون ئەوان بەخۆیان ناڵێن (توركی چیا) بەڵكە دەڵێن: ئێمە كوردین).

لەو دەمەوە بێشكچی هەموو توانای هزر و چالاكی زانستی خۆی تەرخان كردووە لەپێناوی گەلی كورد دا بە لێكۆڵینەوە و توێژینەوە و داكۆكیكردن لەسەر مافی نەتەوایەتی و دیموكراتیەت و تایبەتمەندیی شارستانیی كورد و هەوڵی ئەوەی داوە كە ڕۆشنبیری میللەتی تورك لەو ڕاستییە بگەیەنێت كە زۆرینە نكولی لیٚ دەكەن، وەك چۆن دەوڵەتی توركی دژی دەوەستێت، بە ئاگر و ئاسن بۆ حەفتا ساڵ دەچێت بەلاٚم بەبیٚ سوود... تا ئێستا لەو ڕێگایەدا (٣١) توێژینەوەی بلاٚوكردۆتەوە و زۆر لە كتێبەكانی لەكاتی چاپكردنیاندا دەستیان بەسەردا گیراون و قەدەغە كراون.

ئەو کتێب و توێژینەوانە، وای لە بێشکچی کردووە کە کۆنترین بەندی سیاسی ناو دەوڵەتی تورکی علمانی و دیموکراتی بێت، چونکە بەوە تاوانبار کراوە کە بە نووسینەکانی دەستدرێژی کردووەتە سەر کەرامەت و شەرەفی دەوڵەت و داکۆکی کردووە لە دۆزی کورد، کە تورکیا دۆزی کورد بە کارێك دەداتە قەڵەم کە دژ بە یاسایە و نابێت دەربارەی بدوێت، بەڵام بێشکچی دەڵێت من خەباتی ئاشتیانە دەکەم، تا رێم پێبدەن گفتوگۆی زانستی ئەو کارە نایاساییانە راپێچ بکات کە سانسۆر دایناوە لەپێناو پاراستنی شەرەفی تورکی ئەویش بە پشت بەستن بە دەربڕینی سەربەست و پاراستنی مافی مرۆڤ.

بێشکچی ئێستا لە پشت دەرگای ئاسنی بەندیخانەکانەوە ژیان دەباتەسەر، کۆی حوکمی زیندانی نزیکەی دوو سەدە و نیوە تائێستا ١٥ساڵی لێ تەواو کردووە لە زیندانی مەڵبەندی ئەنقەرەدا خەڵکانێکی زۆر لە رۆشنبیران لەناو تورکیا و وڵاتانی دەرەوەدا داکۆکی لە بێشکچی دەکەن و خۆپیشاندن و نارەزایی زۆر بەرەورووی دەوڵەتی تورکیا بەرپا دەکەن.....
بێشکچی بەهۆی نوسینەکانییەوە پاداشت و خەڵاتێکی زۆر دراوە، لەلایەن وڵاتانی دەرەوە، بەڵام زۆری ئەو پاداشت و خەڵاتانەی رەتکردۆتەوە وەك خۆی دەڵێت چونکە ئەو وڵاتانە چەك دەفرۆشن بە تورکیا و تورکیا دژی کورد بەکاریدەهێنێت، هەروەها دەڵێت باشترین رێگا بۆ کۆلۆنیاڵکردنی میللەتێك، رێگاگرتنە لەو میللەتە کە کەلەپور و زمانەکەی گەشەبکات و بەکاری بهێنێت.

لێکدانەوەی وشەکان:

نکووڵی: ئینکار کردن

لیسانس: بڕوانامەی بەکالۆریۆس کە دەدرێت بە دەرچووانی کۆلێژەکان

سانسۆر: چاودێریکردن، ڕێگەگرتن لە بڵاوکردنەوە.

علمانی: سیاسەتی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت.

دۆز: مەسەلە – پرس

کۆلۆنیال: داگیرکردن، سڕینەوەی ناسنامەی میللەتێك

چیرۆکی

((نان و کەوەری خوێناوی))

دوا فەردە گەنمی لەسەر کۆڵی خۆی، فرێدایە سەر ئەوەکانی تر پاش ئەوەی کەمێك هێنای و بردی و خستیە سەر باری ڕێکی خۆی. ئیتر کۆپانەکەی لە شانی داماڵی و بەکەمتەرخەمییەکەوە، هاویشتیە سووچێکی عەلافخانەکەوە، ئەمجا کەوتە خۆتەکاندن لەو تۆز و خۆڵەی لەسەر جلەکانی کەڵەکە بوو بوو، دەستەسڕە چارۆکەییەکەی بەر باخەڵیشی دەرهێنا و ماوەیەکی زۆر سەر و چاو و شان و ملی خۆی پێ پاك کردەوە و دواجار ئاخنیەوە بەر باخەڵی، ئەوسا بەبێدەنگ، لەبەردەم حاجی عەبدولی عەلافدا وەستا، ئەویش هەر زوو، چارەکە دینارێکی بۆ ڕەتکرد و پێی وت:

– ئادەی ... دەڕابەکانیشم بۆ دابدەرەوە.

حاجی چاکەی زۆر بەسەریەوە هەبوو، زۆر جار لەکاتی تەنگانەدا بە فریای کەوتبوو، بە خۆشحالیەوە دەڕابەکانی بۆ دادەدایەوە و قفڵەکانی بۆ تێ قایم کرد لێشی پرسی:

– قوربان فەرمایشتێکی ترت نییە؟!

حاجی لە وەڵامیا بەدڵسۆزییەوە وتی:

نەخێر کوڕم ... لەشت ساغ بێ ... فەرموو خوات لەگەڵ.

ئیتر خواحافیزی لە حاجی کرد و ڕووی کردە ناو بازاڕ، لە نانە ساردەکانی سەر سەبەتەی دەستگێڕەکان، شەش دانەی بە پەنجا فلس، لە دوکانێکی سەوزە فرۆشیش سێ دەسك کەوەری هەڵگرت و بەرەوماڵەوە، ملی ڕێگەی گرتەبەر.

(مـارف)ی کـۆڵ هـەڵگر، ئـەو ئێوارەیـە گـەڵێك دڵخـۆش و ئاسـوودە بـوو، دەسکەوتی ئەو ڕۆژەی، خۆی دابوو لە سێ چارەکە دینـار، بگـرە بەدرێژایی هەفتـەی ڕابـردووی، دەسـکەوتی هـیچ ڕۆژێکـی لـە نیـو دینـار نـەهاتبووە خـوارەوە، لەڕاسـتیا، لـەم چـەند مـانگی دواییەیـدا ئەمـەی بـە دەگمـەن بـۆ هەڵئەکەوت، وەیا لە سێ چوار پەنجایی تێپەڕی نەئەکر، کـە مـەمرە و مـەژی ژیانی پێ بەسەر ئەبرد، بۆیە ئێستا بەدەم ڕێگاوە، بەئاسوودەگییەوە لەگەڵ خۆیا ئەدوا و ئەی وت:

– بەوەی ئەمڕۆ کە پێم ماوە، ئەکاتـە سـێ دینـار و چـارەکێك، وا زسـتانیش نزیك بۆتەوە، دینـار و نیـوێکی ئـەوانی پـێ پۆشـتە ئەبنـەوە، خۆشـم بـەڵکو بتوانم، قـاپووتێکی فـەردەی لێ بکـڕم، خـوا مـاڵی ئـەو کەسـە ئـاوا بکـا، کـە جلوبـەرگی فـەردەی داهێنـا، بەڕاسـتی شـتی وەهـای تیـا هەڵدەکـەوێت، کـە ئەگـەر بـە دروسـتکردنی بـدەی، پارەیـەکی بێـشماری تـێ ئەچـێ، خـوا سەرفرازیان کـا ... سـبەینێ دینـار و نیوێـك ئـەدەم بـە (خەجـە)، بـا بـچێت بەئارەزووی خۆی کام جلوبەرگ گەرم و قایمە، بۆخۆی و مناڵەکانی هەڵگرێ، خۆشم بەم ڕۆژگارە لـەناو بـازاڕم، خـۆم ئەنێمـەوە بـۆ قاپوتێـك لـە قوماشـە ئەستوورە تووکنەکان، خۆ بەخوا بە چواردە پانزە پەنجایی، دەستیشم مـاچ ئەکەن، ئینجا ئەو حەلە، زستان با هەر زوقم و بەفر و بارانی خـۆییم بەسـەرا ببارێنێ.

ناسیاوێکی وەك خۆی حەماڵ بـوو، بـەلایا ڕابـردوو سـڵاوێکی گـەرمی لێکـرد، ئـەمیش، زنجـیرەی ئـەو خەیاڵـە خۆشـەی خـۆی پـچڕاند و گـەرمتر وەڵامـی دایـەوە، تـا وردە وردە، بـەدەم ڕۆیـشتنەوە چـووە وە سـەر هـەمان بـاس و خواز:

ئەگەر وەهابێ، من هێشتا دینارێکم لە قاپیا ئەمینێ، لام وایە ئەویش بدەم بە زەخیرە بۆ زستانەکە، لە هەموو شتێکی تر باشترە، ئەیدەم بە نیسك و نۆك، نەء ... بیدەم بە ڕبەیەك گەنم و بیهاڕم، وە لە ماڵەوە دای بنێم بۆ کاتی تەنگانە، گەڵێك باشترە، کێ چووزانێ! ... دوورنیە سبەینێ، وەزعەکە ئاڵۆزبێتەوە و هەمیسان بقڵیشێتەوە!... لە ڕاستیا، (مارف)ی کۆڵ هەڵگر لەم بەرچاو تاریکیەدا ناهەقی نەبوو، باری ناو شار، هەردەم لەسەرپێ بوو بۆ ئاڵ و گۆڕێکی ئەوتۆ، کە بەبیری هیچ مرۆڤێکا نەیەت و هیچ کەسێك نەتوانێ، خۆی لە کارەسات و بەسەرهاتی لەناکاوی بەدوور بگرێت و دواجار خۆی لە دەرد و مەینەتی و بەڵای ناگەهانی بپارێزێت، ئەو کە بە پیاچوونەوەیەکی خێرا، گشت ڕووداوەکانی پێشووی ناوشاری هێنایەوە پێش چاوی خۆی و، ئەو سزا و ئازاری نەبوونی و برسێتییەی هێنایەوە یاد، کە لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەدا چەشنی، لە دڵی خۆیا بە ڕەزامەندیەوە وتی:

– کە ڕبە ئاردەکەم لە ماڵەوە هەبوو، بەس نییە ئەم جارە خوانە خواستە ئەگەر قڵیشایەوە، لەماڵەوە خۆم مت ئەکەم و بەنانە وشکییەکەش بێت ڕۆژ بەسەرئەبەین، هەتا خوا سەرلەنوێ دەروویەکی ڕەحمەتمان لێ ئەکاتەوە.

باسی قڵێشانەوە و کارەساتی سامناکی، ڕستێك پرسیاری لەمێشکدا بزوان، لەدڵی خۆیا وتی: باشە ئەمە بۆ؟!...

ئەم گەڕە لاوژە تاکەی درێژە ئەکێشێ؟!...

من لەم کارە سەرم ئەماسێ!... هەر هێندە ئەزانی و لەناکاوێکا ئەقڵێشێتەوە!... لەناو شارا نەبێتە تاق و تۆق و بگرە و بەردەیەك، ئەوسەری دیارنەبێ!... دواییش کە گەردەلوولەکە کپ ئەبێتەوە و سەراپای ناو شار، وەك شاری مردووان خامۆش ئەبێ، سەیر ئەکەی لەم سەرجاردە، یا

لەو ناو کۆلان، لەناو فلان مالا، چەند لاشەیەکی خلتانی خوێنن و لە جەوت سالان ڕاست بوونەتەوە سەیرە!... بەڕاستی سەیرە!... ئەمە بۆچی ڕوویەدا و لەپای چی؟!.. ئینجا دوای ئەوەی کەمێك خۆی خەریك ئەکرد و بیری لێ ئەکردەوە، هەر لە دڵی خۆیا بەبێزارییەوە ئەی وت:

– ئەمە لەخۆڕایی نییە ... ئەبێ شتێك لە ئارادا هەبێ، ئەوەی ڕاستی بێت، من تێی ناگەم و سەری لێ دەرناکەم!...

کە بیری لێ کردەوە و سەری لێ دەرنەکرد، وازی لەو باسە هێنا و بیری چووەوە بۆ ماڵەوە ... بۆ ژنەکەی و منالە وردەکانی ... وتی:

بەس نییە من خوازنێکی کارامە و سێ منالی جوان و ساغ و سەلیمی داومێ، کە ژیانك ڕۆشن ئەکەنەوە و تینم ئەدەنە بەر، بۆ ئەم ڕەنجی فەرهادەی ئەیدەم!.. من چیمە بەسەر ئەم باس و خوازانەوە؟!.

وتراوە نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب... دیارە ئەوانەی لەو ڕێگای قلێشانەیەوە ئەڕۆن، ئەبێ نە ژنیان هەبێ و نە منالی ورد!. ئەی ئەگینا چۆن زات ئەکەن. ئەو ڕێگایە ئەگرنەبەر؟. ماوەیەکی تر بەدەم ئەم باس و خوازانەوە ڕۆیشت، شەش نان و سێ دەسك کەوەرەکەی لەبن دەستی توند کردبوو، بێئەوەی هەست بەخۆی بکات دەستی درێژ کرد، پارچەیەکی لە نانەکە پچڕی و نایە ناو دەمی ماوەیەك جووی ... تا زۆر بەتام و کام قووتی دا، ئەوە هەستی برسێتی لێ بزوان و لەدڵی خۆیا وتی: تۆ بلێی (خەجە)، شۆربایەکی گەرم و گوڕی نەرمەقووتی لێنەنابێ، کە ئێستا بڕۆمەوە و زۆر بەتام و کام ورگمی لێ پڕبکەم؟...

خۆزگە ئەو شۆربایەش، لەپە ساوەرێکی ئاوداری هەریسەیی دەبوو .. ئەزانم لە پەساوەر یان بە گۆشتی چەورەتوە ... ئەشزانم کە ئێمە ئەمڕۆ وەك زۆربەی ڕۆژانی تر، نە گۆشتی چەور و نەبێ چەوریمان نەبوو... بەلاّم هەر قایلم... بە ڕۆنیش بێ هەر قایلم... بە ڕۆنیش بێ هەر قایلم ... کوڕە بگرە بەبێ ڕۆنیش بێ هەر کرە ئەکەم، تەنها باش کولاّبێت و وەك کەشکەك لیقاوی دابێتەوە بەمەرجێکیش ئاوداربێت... ئای کە لەگەلّ ئەم نانە و کەوەرەی بن دەستما بەتامە ... ئای کە بەلەزەت و بەتامە ... ئای کە .....

ئا لەم ساتەدا، لەبن دەستی مارفی کۆلّ هەلگرا قلّێشایەوە ... زۆر نالّەبار قلّێشایەوە .. لەسەرەتادا، سێ تەقەی لەسەریەك شلّپەیان هات، دوایی چەن دەست ڕێژێك کرا، ئینجا خرم و هووڕ دەستی پێ کرد، ئەمە هەمووی لەچەند ساتێکدا ڕوویدا، مارفی بەسەزمان، هەر لە تەقەی یەکەمەوە وەك هەر جارێکی تری لەوەبەر، خورپەیەك دای لە دلّی و بروسکەیەك بەهەناویا ڕابورد، وەك هەموو جارەکانی تر، تەکانی دایە خۆی کە بەخێرایی هەنگاو هەلّ بێنێتەوە... هەتا هێزی تیایە، هەلّبێت و خۆی قورتار کات، تەنانەت بەبێ ئەوەی هەر هیچ سەیری دەوروپشتی خۆی بکات و بزانێت باس چەباسە؟.. کەچی مارفی کۆلّ هەلگری بەسەزمان، سەرەڕای ئەو هەموو وریایی و دەست و بردەی، بەفریا نەکەوت!.. کار لەکار ترازابوو!... گوللەی وێلّ، گەلێك لەو دەست و بردە تربوو ... هەر لە زووەوە بە گازەرای پشتی یا نووسا بوو، وە زۆر بێ باك ڕووی کردبووە ناو ناخی دلّی... لەوساتەدا، تەنها هێندەی هەست بەخۆی کرد، کە کسپەیەکی تیژ وەك دەمی گوێزان دلّی ئاگر دا، ئیتر دوای ئەوە، هەستی بە هیچ شتێك نەکرد ... تەنانەت تۆزقالّێکیش ئازاری نەچەشت، لەپە و ڕوو بەدەما هات، بەبێ پەلە قاژەکردن

و لنگە فرتێ، لەجێی خۆی خپ بوو ... مرد .. نان و کەوەرەکەی بن دەستیشی، خوێنێکی گەشی ئاڵ چۆڕاوگەی تێ بەست و شێوە و ڕەزای گەڵێك گران کرد.

لە ماڵیشەوە، وەك مارف بەسزمان بەئاواتەوە بوو، ژنە دڵسۆزەکەی لەپە ساوەرێکی گەڵێك بەتامی بۆ لێنابوو... سێ منداڵە وردیلە جوانەکانی، پەیتا پەیتا بەدەوری مەنجەڵەکەدا ئەسووڕانەوە و پەلەی تێ کردنیان لێ ئەکرد، دایکەش دەمێك بە خەڵەتاندن و دەمێکیش بەهەڕەشە لێکردن و ڕاونانیان تەفرەی ئەدان، بەو نیازەی ها ئێستا ها ساتێکی تر باوکیان بێتەوە و ئەوسا گشتیان پێکەوە، بەوپەڕی شادمانییەوە بچنە وێزەی مەنجەڵە لەپەساوەر.

کەچی ڕۆژ لەدەم کەلەوە چوو بەودیوا... بانگی ئێوارەی دا... دنیا تاریك داهات... باوك هەر دیارنەبوو... باوك لە مەیتخانەی سەرەوە، لاشەیەکی بێ گیانی خەڵتانی خوێن بوو، فڕێ درابوو... هێجگار بە کەمتەرخەمییەوە فڕێ درابوو.

١٩٦٩

حسین عارف

گفتوگۆ:

١- ئەو زاراوانەی کە تائێستاش ماون و گوزارشت لە ڕۆژانی کوشت و بڕی دوژمنانی نەتەوەکەمان دەکەن، زاراوەی (قڵیشایەوە)... دەکرێت لەگەڵ مامۆستا، گفتوگۆ لەسەر ئەم زاراوەیە بکرێت، بەواتا وەسفکردنی ئەو ڕۆژە خوێناویانە...

٢- (مارف)ی کوڵ هەڵگر لە هەندێك شت نەزان و ساویلکەیە، دەکرێت، باسی ئەو شتانە بکرێت...

٣- ئەمە نموونەیەکە لە چیرۆکی کورت... لەگەڵ ئەوەشا نابێت لەبیرمان بچێت کە چیرۆکی مام ناوەندیش هەیە، کە پێی دەگوترێت (نۆڤێل یان نۆڤێلا) ... هەروەها چیرۆکی درێژ و ڕۆمانیش هەیە ... ئەوەی کە ئەم جۆرە چیرۆکانە جیادەکاتەوە.

أ- ماوەی ڕووداوەکان.

ب- ژمارەی کەسەکان.

دەکرێت بەهۆی مامۆستاوە لە هەریەك لەم جۆرانەی کە باسکران، چەند نموونەیەك بهێنرێتەوە ... لە (ئەدەبیاتی تازەی کوردیماندا) ...

هەڵوێستی جوامێرانە

لێدوانەکەی سەرکردەی بەڕێز

هۆشەنگ: مەعەممەر قەزافی

بەڕێز ((مەعەممەر قەزافی)) لە ٢٠ / ٢ / ١٩٩٩ لەدوای گرتنی (عەبدوڵا ئۆجەلان) ئەم لێدوانەی دا: من لەم ساتەدا چەند وشەیەکی کورت ئاراستەی سێ لایەن دەکەم لەم جیهانەدا، بۆ برا تورکەکان و برا کوردەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە بەشدارییان لەم گرتنەدا هەبوو، بەنیسبەت برا تورکەکانمانەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە خۆیان نەخەڵەتێنن و لەخۆیان بایی نەبن و دڵخۆش نەبن، ئەمە ئەگەر شتێك هەبێت ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کە ئێوە لە مێژووی خۆتان نابەڵەدن و بەم سەرکەوتنە ساختەیە خۆتان لە خشتە دەبەن... چونکە (ئەستەمبووڵ) پێش ئێوە شادمان بوو کاتێك سەری (غۆمە) و (عەبدولجەلیل) و (یەحیا سویدییان) پەڕاند و بۆ (ئەستەمبووڵ) یان گواستەوە، ئەوکاتە وتیان کە چەتە و یاخی بووەکان و جودا خوازەکانی (تەرابولس) مان دەستگیر کرد و لەناومان بردن، بەم شێوەیە (لیبیا) هەتا هەتایە دەبێتە پاشکۆی (ئەستەمبووڵ) ... دیارە مێژووش بەم جۆرە عەقڵیەتە پێدەکەنێت و گاڵتەی پێدێت کە عەقڵیەتی (ئەستەمبووڵە) ... ئەوا لەبەرچاومانە کە (لیبیا) دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن دەسەڵاتە، ئەو خۆشییەش تەنها خۆتانی پێ خەڵەتێنرا، دوای ئەوەی جارێکی تر (ئەستەمبووڵ) بەوە دڵشاد بوو کە گوایا شۆڕشگێڕانی نەتەوەی عەرەب وەکو: شەهیدان (عەبدولکەریم خەلیل) و (عەبدولحەمید زەهراوی) و (شوکری عەسەلی) و (عەزم) و (شەهابی) و (سەلیمی جەزائیری) و (ئەمیر عومەر عەبدولقادری جەزائیری)، کە لە لایەن دادگای (ئەستەمبووڵ) بەوە تاوانبار

کرابوون کە گوایا ئەوانە جواد خوازن... لەچوارچێوەی ئەو دادگایی کردنەدا کە بە گەلێك بیانووی پڕوپووچەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاوانبار کران... تاوانی چی؟. تاوانی سەربەخۆیی عێراق و سوریا و فەڵەستین و تەواوی وڵاتانی عەرەب لە دەوڵەتی عوسمانی .... ئێستاش ئەوا دەوڵەتانی عەرەب سەربەخۆن دەوڵەتی عوسمانیش لەناوخۆیدا کۆتایی هات...

کەوابێت تەواوی بۆچوونەکانتان گاڵتەجاڕی لێدەرچوو. ئەوا مێژووش بە ئەستەمبووڵ پێدەکەنێت، لەناوبردنی ئەو سەرکردە شۆڕشگێڕانە نەبووە هۆی لەناوبردنی نەتەوەی عەرەب و لەدەستدانی سەربەخۆیی ئەم نەتەوەیە.

دیمەنی (عەبدوڵا ئۆجەلان) کە نایناسم و وڵاتەکەشم هیچ پەیوەندییەکی بەو پارتەوە نییە، تورکیاش ئەمە زۆر چاك دەزانێت، دەڵێم جیهان ئەم دیمەنەی تەنیا لەم یەك دوو ڕۆژەی بەر لە ئێستاوە نەبینیوە، بەڵکو پێشتر چەند جارێك پێی ئاشنا بووە، کاتێك کە شۆڕشگێڕی نەتەوەی عەرەب (نەخلە مەتران ئەلبەعلەبەکی) بەچاو بەستراوی و کەلەپچە کراوی، جەندرمە تورکەکان پەلکێشیان کرد و لەڕێگا کوشتیان... ئەوکات ئەستەمبووڵ جاڕی داو گوتی: ئەم چەتە جوداخوازە لەناوبرا و بەتەواوی بەسەر بزووتنەوەی جودا خوازیدا سەرکەوتین و تەفروتوونامان کردن... دیارە ئەمە بزاڤێکی جودا خوازی نەبوو... بەڵکو سەربەخۆیی میللەتێك بوو... لەلایەکی ترەوە قسەم بۆ برا کوردەکانم ئەوەیە کە ئێستا لەم ساتەدا پێیان ڕابگەیەنم و بۆیان ڕوون بکەمەوە کە دڵیان سارد نەبێتەوە و غەمگین نەبن، هەرکاتێك دوژمنەکانتان خوێنی ڕشتن ئەوا زیاتر شۆڕشی کوردستان کڵپە دەسێنێت، وەك ئەوە وایە کە بەنزین بکرێت بە ئاگردا... با زیاتر خوێنتان بڕێژن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کڵپەی شۆڕشی سەربەخۆیی میللەتان

زیاتر هەڵچێت... نکوولّی لە سەربەخۆیی میللەتان کارێکە کە گەمژەیی و کاڵفامی دەگەیەنێت و نەزانی لە مێژوو دەردەخات ... هەرچەندە ئەمڕۆ، ئیمپراتۆریەتە ملهوڕە دڕندەکان هێزی زوڵم و دوژمنکار و پراگماتیکی میکافیللی بێ ویژدانە و نکوولّی لە مافی میللەتان دەکەن، لەئازادی و سەربەخۆیی و ژیانێکی شیاو لەژێر خۆردا، دەڵێم هەرچەندە ئەو هێزانە کۆك بن بۆ لەناوبردنتان ئەوا ئێوە هەر سەردەکەون... ئەو ئیمپراتۆیەتانە لەناو دەچن، هەروەك ئیمپراتۆریەتەکانی پێشوو نگرۆ بوون، لەسەرووی هەموویانەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە شۆڕشگێڕانی عەرەبی دابلۆسی و وای لەقەڵەم دەدان کە ئەمانە جوداخواز و ڕێگر و چەتەن.

ئێستاش مێژوو بەو ئیمپراتۆریەتە و بەخودی ئەستەمبووڵیش پێدەکەنێت... ئەو دەوڵەتانەش کە هاوبەشیان لەو پیلانەدا کرد، کەمترین شت کە پێیان بگوترێت ئەوەیە، ئەو دەوڵەتانە خوێڕی و ترسنۆکی بێ ویژدان و بێ ڕەوشتن، ئەمانە پیلانیان لەدژی پیاوێك گێڕا لەئەنجامی ڕێکەوتنێکی ناپەسەندی خۆپەرستانەی هەمە لایەنە، ئەو دەوڵەتانە پێویستە شەرمەزار بکرێن و گەمارۆ بدرێن، ئەمە کەمترین شتە کە بەرامبەر ئەو کردەوەیە کردیان، کە بە کردەوەیەکی ترسنۆکی غەرا دەبێت، لەقەڵەم بدرێت... خەباتی ئێوەش ئەی برا کوردەکان بەبێ دوودڵی بەردەوامە تا سەرکەوتن.

بۆ زانین

١- ئەم سەرکردە بەڕێزە، گەلێك جار داوای مافی ڕەوای میللەتی ئێمەی کردووە تا دەگاتە مافی چارەنووسی تەواو، کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆبوونەوەیەکی بەر بڵاوی بزاڤەکانی ڕزگاری جیهانی کە لە (تەڕابلوس) پایتەختی (لیبیا) بەسترا، پشتیوانی خۆی ڕاگەیاند.

٢- بزاڤی جوداخوازیی و سەربەخۆیی میللەتان: لە برگەی یەکەمدامەسەلە زەوتکردن و داگیرکردنە، بەلاّم لە دووەمیاندا، ئەوا مافێکی سروشتی و ڕەوای هەموو میللەتێکە کە بە مافی چارەنووسی خۆی شاد بێت ...

لێکدانەوەی وشەکان:

نابەڵەد : نەشارەزا

بزاڤ : جوڵانەوە

پراگماتیك : پراکتیك، شێوازی عەمەلی

میکافیللی : زانایەکی ئیتاڵی بوو، مەبەست لای ئەو هەموو کارێك با مەیسەر بێت بەهەر شێوازێك بێت، ئێستاش بۆتە تیۆرێك بۆ کاری ساختە و فڕوفێڵ و لەخشتەبردن...

ناپەسەند : نارەوا - نابەجێ

خۆپەرستی : خۆویستی - ئەنانی

کاڵفام : بێ عەقل، پێ نەگیشتوو.

ئافرەتی کورد

((کەمال مەزهەر))

گەڕیدە ئەوروپاییەکان گەلێکیان بەشان و باهووی ئافرەتی کورد هەڵداوە، بەڕادەیەك جاروبار خۆمانمان لەبیردەچێتەوە، وابزانم ئەو گەڕیدانە بێ نیازی خراپ کەمێك زۆر ڕۆیشتوون، وادیارە کە لە کۆڵانە تەسکەکانی شارە داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونە ناوشاخ و داخە کراوەکانی کوردستانەوە، کەمێك سەریان لێ تێکچووە، بۆیە کە ئافرەتانی کوردیان لە ئافرەتی دەوروبەریان باشتر هاتوونەتە بەرچاو.

ڕاستە ئافرەتی کورد پێ خاوس نییە، بەڵام ئافرەتانی هەموو ناوچە شاخاوییەکانی جیهان هیچ کاتێك هیچ کامیان پێ خاوس نەبوون چونکە نە سەرما و سۆڵەی زستان و نەتەڵەزمی بەردی شاخەکان ڕێگەی پێخاوس نادەن، هەر ئافرەتێکی دەشتەکانی هیندستان بهێنینەوە ناو شاخەکانی کوردستان دەبێت نان لە دەمی خۆی و زارۆڵەکانی بگرێتەوە تا پارەی جووتێك پێڵاو بۆخۆی و بۆ ئەوان پاشەکەوت دەکات، بەهەمان دەستوور ئافرەتی لادێی کورد کەمێك لە ئافرەتی لادێی چەند شوێنێکی تر پۆشتەترن حەزیان لە ئاڵ و واڵا زۆرە، جل و بەرگیان دڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەمیشیان بەرهەمی سروشتە، ئەو ئافرەتە چاوی بە سەوزایی و شینایی و گوڵاڵە سوورەی دڵڕفێن کردۆتەوە و هەمیشە ئەو ڕەنگانە دڵ و هەستیان بزاوندووە، خۆئەگەر تەواو پۆشتەش نەبێت ئەوا بەرگەی بەفرانبارێك ناگرێت، دیسان ڕاستە ئافرەتی لادێی کورد عەبا و پەچەی نەزانیوە، بەڵام هەر ئەوەمان مابوو ئەو ئافرەتانە بە عەبا و چەپەوە نەبا و دڕك و داڵی ناو کەندەڵان و چڕەداری دارستان و لێشاوی ئاوی ناو گەلییەکاندا مەشکە و هەمانەی پڕ

بگوێزنـەوە، هـەر ئـافرەتێکی عەجـەم ڕێـی بکەوتایـە کوردسـتان دەبـوو بەرلەوەی دەست بۆ هیچ بەرێت عەبا و پەچەکەی فڕێ بدات، بڕوانە سـەیرانە تێکەڵەکانی ئەمڕۆش دەبینن باجی ڕەعنا و باجی مـرووەت وەك کنێـر و وەك ڤیان بێ عەبا و پەچە هاتوچۆ دەکەن.

مەبەستم لەو قسانە ئەوەیە بڵێم ئافرەتی کورد نە هیچی لە کەس زیاترە و نە هیچیشی لەکەس کەمترە، (بێکەس) وتەنی ((گـیرۆدەی دەسـتی زوڵـم)) بـوو ئەو ساکە وەك هەموو دەستە خوشکێکی گـیرۆدەی تـر دواکـەوتوو دەبێـت و شـەقڵی ئـەو دواکەوتنـەی پێـوە دیاردەبێـت، وابـزانم لەگـەڵمانی گـەر بڵـێم پێویستە کورد لەهەموو کەس زیاتر لە داڵغەی ڕۆمانسییەوە بەدوور بێت.

ئافرەتی کورد وەکو هەموو ئافرەتانی جیهان، بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی بـێ ماف و زۆر و ستەمی کۆمەڵ بووە، ژمارەیەك لە داب و نەریتە هەرە ناشـرینە دەستکردەکانی ژیان ڕەگ وڕیشەیان لەناوماندا داکوتاوە، لە لادێکان هێشتا ژن بـە ژن و شـیربایی هـەرماوە تەنانـەت لـە شـارەکانیش دەگمـەن کـچمان بەئارەزووی خـۆی شـوو دەکـات. مـارەیی و پـەڵپ و نـازو نـووزی ماڵـە کـچ، بوونەتـە کۆسـپێکی گـەورە لەبـەردەم ژن خواسـتندا، (قـانع) هەقییـەتی مارەبڕینی ناو ناوە ((بەپارە کڕین)) ... تا دوێنێ هـەبوون شـانازیان دەکـرد کە تەنێك لۆکە بەشێك لە نیشانەی ماڵە زاوا بـوو، هەشـبوون هـەر بـۆ ئـەوە، لیك بەلا لغاویاندا دەهاتەخوارێ، نەیاندەزانی چۆن بۆڕی ئەو بیر تیژانە بدەن لۆکەیان کردە دیاریی دەستیان.

پەیوەنـدی نێـوان بـووك و خەسـووی ئیمڕۆمـان جیاوازیـەکی ئـەوتۆی لەگەڵ ڕابردوومناندا نییە، جاری وا هەیە خراپتریش بووە، بەڵگەش ئـەو وشـە نوێیەی ناو زمانی کوردییە کە بووکەکانمان ڕێکوپێك بۆیان داتاشیوین بەوەی

(صبار)ی دڕك ژهراویی عەرەبیان كردۆتە زمانی (خەسوو) ... نەخوێندەواری باڵی ڕەشی بەسەر زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتانی كوردستاندا كێشاوە، ئەم نموونەیە لە ڕابردووی نزیكمان دێنمەوە:

ساڵی ١٩٥٢ لە هەموو پارێزگای هەولێر تەنیا ٧٥٩ و لە هەموو پارێزگای سلێمانی تەنیا ١١٣٢ كچ دەچوونە قوتابخانەی سەرەتایی، ژمارەی نەخوێندەوارانی هەردوو پارێزگاكەش هی هەولێر (١٠٧٩٤٠) هی پارێزگای سلێمانیش گەیشتبووە (١٠١٨٨٦) كەس.

نامەوێت زیاتر دڵگیرتان بكەم بۆیەكا لەو ژمارە زۆرانەی دەربارەی پێش پەنجاكان كۆم كردوونەتەوەهیچتان بۆ ناهێنمەوە، بەداخەوە تا ئەمڕۆش ڕووناكبیرانی كورد، دەستەیەك شاعیریان نەبێت، وەك پێویستە هەستیان بەم كەلێنە گەورەیەی ژیانی گەلەكەیان نەكردووە، كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردیی كۆتایی سەدەی ڕابردوو چەند جارێك لەو شوێنانەدا كە بە ناوی ئایینەوە كوردی بۆ خوێندن هانداوە ئافرەت و پیاوی تێكەڵكردووە، كەچی دوای نزیكەی نیو سەدە كون و قوژبنی ژمارەی ساڵێكی گۆڤارێكی بۆ ئافرەتی كورد تێدا بدۆزێتەوە.

لەم مەیدانەدا وەك زۆر مەیدانی تری ژیانی ڕووناكبیریمان، شاعیران بۆڕی ئەوانی تریان داوە، نێرو مێ لای حاجی قادری كۆیی فەرقیان نەبووە، مەلای گەورە چەند جارێك لە شیعرەكانیدا بە وردی هاتۆتە سەر باسی ئافرەتی كورد، بۆ چاكە هانی داون و بە توندی ڕەخنەی لەو داب و نەریتانە گرتووە كە ئافرەت گیرۆدەیانن، مەلای گەورە وەك باوكێكی دوور بین بەر لە هەمووان لە كۆیە كچەكانی خۆی خستەبەر خوێندن، (بێكەس)یش بە گەرمی ئافرەتی كوردی بۆ تێكۆشان و سەرپۆش فڕێدان هاندەدات، لە چلەكاندا

((نەسرین دەمێکە))ی (بێکەس) ببووە سروودێکی نیشتمانیی ئازادیخوازانی کورد قەڵشی کوڵمی سووتاوی کچی لادێ و ڕەنجەڕۆیی کیژی شێخ و کیژی حاجی و کیژی ئاغا، سەرنجی ((هێمن موکریانی)) یان ڕاکێشا ((گۆران)) توندو تیژ ترین دەنگی بێزاریی لەباری پڕ جەور و ستەم و دواکەوتوویی ژیانی کوردەوە دەربڕیوە.

کەسمان نییە نەزانێت کە ئافرەتی کورد بەش بەحاڵی خۆی لە کۆڕی خەباتدا درێغی نەکردووە، لێرەدا تەنیا چەند ڕاستیەکی کەم زانراو یان نەزانراو دەخەمە بەرچاو ... (حەپسەخانی نەقیب) ئافرەتێکی لێهاتوو بوو، لە بیست و سییەکاندا چەند جارێك نامەی تایبەتی ناردووە بۆ بارەگای یەکێتی نەتەوەکان لە (جنێف) و تێیدا باسی ئەو جەور و ستەمە زۆرەی کردووە کە بەسەر کورد هاتوون، ئەو نامانە ئێستە بوونەتە بەڵگەی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێی گەلەکەمان.

((میناخان))ی هاوسەری ((قازی محمد))ی نەمر لە ڕژگاری کۆماری مەهاباد دا جێگەی ((حەپسەخان))ی نەقیبی گرتبۆوە، وادیارە خەریکی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتان بوو، لەسەردەمی پاشایەتیدا کچە کوردەکانی زانکۆی بەغدا ئازایانە لە خۆپیشاندانە نیشتمانی و ئاهەنگە نهێنیەکانی نەورۆزدا بەشدار دەبوون، ئەم ناوانە بەشێکن لەوانەی بەچای خۆم دیومن و لەبیرمن:

خوالێخۆشبووان، (ڕووناك زوهدی) و (نەوزەر نووری) و (نازەنین سالح قەفتان) و (حۆری عەلی ئاگا) و (درەخشان عارف نەجیب) و (شەفیقە ئەحمەد) و (درەخشان شێخ جەلال) و (زەکێی عومەر سام ئاغا) و (سورەیا

موحەمـەد) و (نـەزیرە ڕەشـید) و (ناجیـە مـستەفا) و (گوڵـشەن رواندزی) و (ژمارەیەکی تر کە بەداخەوە نایەنەوە یادم).

هیوادارم باری ژیانی ئافرەتانی کورد و مێژووی بزووتنەوەیان زیاتر سـەرنجی نووسـەرانمان ڕابکێـشن و گـەلێك بەرهـەمی تـری وەك (ئـافرەت لـە چـیرۆکی کـوردی) ی (سـەباحی غالـب) و خـەباتی شـیعری کـوردی لـەپێناو ئـازادیی ئافرەتانداى کاکە حەمە و (ئافرەتی لادێی کورد) ی کاك بورهان قانع، بەشێك لە کەلێنەکانی کتێبخانەی کوردی پڕ بکەنەوە.

بۆ زانین:

١- کەمال مەزهەری زانا و مێـژوو نـووس ... سـاڵی ١٩٣٧ لـە (ئاغجەلـەر)ی سەر بە پارێزگای کورکووك لەدایکبووە، لە سلێمانی خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەنـدی تـەواوکردووە. پلـەی دکتـۆرا و دکتـۆرای نـاوکی لـە پەیمانگـەی ڕۆژهەڵاتناسـی سـەر بـە ئـەکادیمییای زانـستەکانی سـۆڤیەت وەرگرتووە.

کتێبەکانی:

١- کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا.

٢- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا.

٣- ئافرەت لە مێژوودا.

٤- مێژوو – کورتە باسێکی زانستی مێژووی کورد و مێژوو.

٥- چینی کرێکارانی عیراق و گەلێك کتێبی تر.

٦- چەند کتێبێکی تری هەیە کە ئامادەن بۆ چاپ

٧- گەلێك کتێبی تری هەیە بە زمانی بیانی (تورکی – فارسی – فەرەنسی).

قــەدەم خێر

لەبزووتنــەوەی ڕزگـاری کـوردا وەنــەبێ هەرخــەبات و خۆبــەخت کـردن پیـشەی پیـاو بـووبێ، بـەڵکو بەسـەدان لـەئافرەتانی کوردسـتان لـەپێناوی نیشتماندا قارەمانییـەتیان ئەگـەر لـەبراکانیان پـتر نـەبووبێ کـەمتر نـەبووە، قەدەم خێر یەکێکە لەو ئافرەتە کوردە شۆڕشـگێڕە قارەمانانـەی بەشۆڕشـی چەکداریی هەڵسا دژی ڕژێمی شـایەتیی لەئێرانـدا، لەسـەردەمی ڕەزاشـادا، کەبرا قارەمانەکەی (یوسف)خان کرا بەپەتی قەنارەدا، بەرامبەر ئەم کردەوە دڕندەییە بەدەنگ هاواری نیـشتمانەکەیەوە هـاتو ئـاڵای خـەبات و شۆڕشـی هـەڵگرت دژی زۆرداریـی وچەوسـاندنەوە، بڵێـسەی ئـەم شۆڕشـە لەهـەرێمی (هەمــەدانو لۆڕسـتان)دا بـەرزبووەوە کـەتا حـەوت سـاڵ درێـژەی کێـشاو سـووپای دوژمنــی وونجڕوونجـڕ کـرد. ئـەم سـەرکەوتنە گەورانــەی شـۆڕش گێڕەکان پاڵی بەدوژمنەوە نا لەشکرێکی گەورە ئامادە بکـات بۆلـەناو بردنـی شۆڕشــەکە بەفەرمانـدەی سـەرهەنگ(سـەقەفی)وەبەیارمـەتی (عومـەر خـانی شوکاك)و چەند ناپاکێکی کوردی تـر لەسـەرۆکی هۆزەکـان وهێرشـیان بـردە سەر شاخی (کەورکو)و گەمارۆی شـۆڕش گێـڕە قارەمانـەکانیان دا تامـاوەی سێمانگ، بەڵام ئەم شۆڕش گێڕانە، بەسەرکردایەتی قـەدەم خێـر، بەرامبـەر بەهێزی دوژمـن قارەمانانـە خۆیـان گـرتو جـەنگین تاچـەك وئازووقەیان نـەما وەناچاربوون خۆیان بـدەن بەدەسـتەوە. دوژمنـی خـوێن ڕێـژ قـەدەم خێـری ڕەوانەی تاران کرد وەلەزیندانەکانی ڕەزا شاداسیساڵ مایەوەو تابەنەخۆشی یەوەرەم لەناو زیندانەکەیدا گیانی پاکی دەرچوو. بـەم جـۆرە گیانـە شـۆڕش گێڕەکەی تێکەڵ بەگیانی هەزاران شۆڕش گێڕی تـر بـوو کـەخۆیان لـەپێناوی کوردو کوردستاندا بەخت کرد.

گوڵ و گیا لە پزیشکیدا

لەبەر ئەوەی کەپەنجەی سروشت لە بەهاراندا لاپاڵ و دەشت و گوێ ئاوەکانی کوردستانمان بەگوڵوگیای فرە چەشن بۆنەخشێنێ. باوکوباپیرانیشمان ئەم گوڵ و گیایانەیان بۆ پزیشکی بەکارهێناوە و بۆگەلێك نەخۆشی سوودیان لێ وەرگرتووە. وەبۆ نموونە هەندێکیانتان بۆباس دەکەین.

١- گوڵە بەیبوون پاش ئەمەی ئەکوڵێنرێ ڕەنگاوەکەی ئەخورێتەوە بۆژانە سك زۆر بەکەڵکە.

٢- ڕیحانە کێویلە :پاش کولاندنی ڕەنگاوەکەی ئەدرێ بەوکەسانەی کەخوێن هەڵ دێننەوەو خوێنەکە بەربەست ئەکات.

٣- گوڵە زەردە: جگە لەوەی کەئەکرێ بەحەلوا وەکو چاش ئەکوڵێنرێو بۆژانە سك دەرخواردی منالی ساوا دەدرێت.

٤- خاشخاش: بەوشکی ئەکوڵێنرێو لەگەڵ شەکردا تێکەڵ ئەکرێ ئەدرێ بەوکەسانەی کە کەم خەون.

٥- گوڵی (گاوزمان) کە وەکو وەنەوشە وایە لەگەڵ لیمۆی بەسرە ئەکوڵێنرێو ڕەنگاوەکەی ئەدرێ بەو کەسانەی کەلم لە گورچیلەکەیاندا هەیە.

٦- بنی ڕێواس: پاش ووشك کردنەوەی ئەهاڕرێتەوەو لەگەڵ شەکردا تێکەڵ ئەکرێ و دەرخواردی ئەو کەسانە ئەدرێ کەتووشی برینی (شێرپەنجە)بوون.

٧- گەلای بی: کوتراوەو ئاوەکەی دراوە بەوکەسانەی لەرزوو تایان بووە.

٨- گەلاگۆییژ: لەپاش وشك کردنەوەی کوتراوەو کراوە بەچاو دەرخواردی ئەو کەسانە دراوە کەنەخۆشی (شەکرە)یان بووە.

٩- گەلای سینەمەکی : پاش کولاندنی بۆڕەوانیی خواردراوەتەوە .

١٠- تۆوی (کەتان) : کوتراوەو خراوەتە سەر دوومەڵ بۆ دەربوونی.

١١- جـەوی بـادامی شـیرین : وەکـو نوقـڵ مـژراوە بۆتەنگەنەفەسـی بەکارهێنراوە.

١٢- گەلای دار بەڕوو: بە وشکی هاڕراوەتـەوەو ئەوانـەی کـەخوێنی لووتیـان بەربووە هەڵیان مژیوەو خوێنەکەی وەستاوەتەوە.

١٣- گوڵـە هێـرۆ: کـراوە بەچـایی و دەرخـواردی ئەوانـە دراوە کەشـەو زۆر ئەکۆکن.

١٤- گیا وەردێنە: کوتراوەو لەکاتی چاو ئێشەدا خراوەتە سەر چاو.

١٥- مازووی شینو شەکر بەیەکـەوە هـاڕراوە بۆوەسـتاندنەوەی سـك چـوون خوراوە.

١٦- گەزۆ: دراوە بەوکەسانەی کەتووشی سوورێژە بوون.

خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە

لەجیهانی ئەمڕۆ دا، خوێندنەوە بووە بەڕەوشتێکی سوود بەخش و بەکەڵك. وەنەبێت هەموو خوێندنەوەیەکیش ئەو کەڵکە ببەخشێ چونکە جۆری خوێندنەوە ئەم لایەنە دیاری ئەکات. خوێندنەوە ئەگەرهەر بۆوەخت بردنە سەربێت، ئەوا بێ گومان ئەنجامێکی واناداتەدەستەوە، بەڵکو پێویستە خوێندنەوە بەلێکدانەوەو لێکۆڵینەوەوە بێ. ئەتوانین هەر لەسەرەتاوە خۆمان بەوە ڕابێنین کەلەکاتی خوێندنەوەدا بە وردی سەرنج بدەین وەلەو زانیارییانەی لە کتێبێکایە بکۆڵینەوە، ئەو وەختە هەست بەوە ئەکەین کە ڕۆژ لە ڕۆژ زانیاریمان هەر لەفراوان بووندا ئەبێت و لێکدانەوەو بیرکردنەوەمان توانایەکی کەی ئەبێت.

لەکاتێکا، لەو جۆرە خوێندنەوەیەدا کەبۆ وەخت بردنەسەرە یا بۆ وەخت کوشتنە، ڕێی تێ ئەچێ هەر لەپاش ماوەیەکی زۆرکەم ناوی نووسەرەکەو ناوەڕۆکی کتێبەکەی لەبیر بچنەوە، لەو خوێندنەوەیەدا کەبەسەرنج و لێکۆڵینەوەوەیەهەست ئەکەین بەوەی کەبەشدارین لەگەڵ دانەرەکەدا، لەگەڵیان ڕەنج ئەدەین و مێشکمان خەریك ئەکەین. ئەو وەختە پێویستە لەتەك خوێندنەوەدا، ئەو سەرنجانەی بەدڵمانەو لامان گرنگە بینووسینەوە، یا کورتەیەکی کتێبەکە بنووسینەوە یا ڕای خۆمان دەربڕین بەرامبەر هێندێ سەرنجی دانەرەکە کەبەدڵمان نییە. لەوانەیە ئەم لایەنە بمان گەیەنێتە شتی وا نوێ، بیرمان لەشتی وابدا، کەدانەری ئەوکتێبەش بۆی نەچووە بەلایا نەهاتووە.

ئەوەی بەتەنگ ئەوەوەیە کەزانیاری خۆی پەرەپێ بستێنێ، پێویستە پاش خوێندنەوەی هەموو وتارێکی گرنگ و کتێبێکی نوێ، پرسیار

لەخۆی بکات کە چ سوودێکی وەرگرتووە لە خوێندنەوەکەی؟ ئایا ئەو کتێبە سوودی پێ بەخشیووە؟ وەیا زانیاری نوێی بەکەڵك لە چ باسێکدایە وەئایا تێکرا ئەم کتێبە یا ئەو وتارە بەکەلکە و سوودبەخشە، نووسەرەکە سەرکەوتووە تیایا خۆ ئەگەر ئەم لایەنانەی تیادا نەبێت ئەوەدیارە کە ئەو وەختەی بەسەرمان بردووە بەفیرۆ چووە. هیچ کتێبێکیش نیە لە سەروی ئەو تاقیکردنەوەیە بێت چونکە خووێندنەوەکان ئەبێ بۆ ئەوەبێ تا سوودی لێکدانەوە کەرەستەی زانیاریمان فراوان بکەین وەخۆمان بە بیری نوێو رووناكو بلیمەتانە پەروەردە بکەین، ئەگەر هەمو نووسەرێك و دانەری کتێبێك بزانێ کە کتێبەکەی بەم تاقیکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەدا تێپەڕئەبێت ئەوە، ناچار ئەبن زۆرتر بیربکەنەوەو باشتر بنووسن و ئەوەی کەڵك بەخش نەبێت نەیخەنە بازاڕی چاپەمەنییەوە.

دەبا لێکۆڵینەوە، جێی خوێندنەوەی بێ ئامانج بگرێتەوەو، ببێ بە ڕەوشتێ کە بیرو هۆشی خۆمانی پێ بەرزبکەینەوە، یا خۆمان پەروەردەکەین بە خوێندنێکی هێمنی قووڵەوە، وەئامانجێکی بۆ دابنێین بۆئەوەی زانیاریو لێکدانەوەمان هەر لە گۆڕینو دەوڵەمەندبوونو تازەکردنەوەدا بێ، پێشینان ڕاستیان وتووە، کە باشترین هاوڕێی مرۆڤ کتێبە، چونکە لەچەند لاپەڕەیەکدا جیهانێکی نوێو بەسەرهاتێکی خۆشمان بۆ ئەگێڕنەوە، بە میللەتانی بێگانەمان ئەناسێنێ یا باسی ڕابوردوویەکی دێرینمان بە شێوەیەکی دڵ ڕاکێشەر روون ئەکاتەوە. دەبا لەم هاوڕێیە بێبەش نەبین و وە هەمیشە هەوڵ بدەین کە لە ناویانا هاوڕێیەکی باش و سوودبەخش هەڵبژێرین. ئەمەش شتێکی زەحمەت نییە ئەگەر هەر لە ئێستاوە کە قوتابیت خۆتی پێ ڕابێنی، خوێندنەوەکەت بە لێکۆڵینەوەو سەرنج لێدانەوە بێت.

گەشتێك بەهاوینە هەوارەكانی كوردستاندا

كوردستانی عێراق سەراپای هاوینەهەوارێكی ڕەنگین و ڕازاوەیە بەكێكی دڵـڕفێن قەشـەنگی سروشـتییە لەچوارچـێوەی كۆمـاری عێراقـدا، میـوان و گەشـتیار و گەڕیـدە لەبـەهارا ڕووبكاتــە هەرلایــەكی ئــەم هاوینــە هــەوارە پانوبەرینە دارستانی چڕو لووتكەی بەرزی بەفرینی وچیای سـەخت دەبینـێ وتافـەتاف و هاژەهـاژی ڕووبـار چـۆم و كانیـاو ئـارەزووی بیـستنی مەسـت دەكـات، ڕووەو هـەر ڕێگەیـەك بـڕوات لەهەردووبـەری ڕێگەكـە بـستێك زەوی ڕووتەن بەدی‌ناكات، سەوزەگیاو سەدان جۆرو ڕەنگ گوڵی كێوی ئەو دەشـت و قـەدپاڵی كەژانـەیان وەك بـەرگی بـووكی لادێ ڕازاندۆتـەوە هـۆش و بـیری هەستیار دەبزوێنێ وهەزاران دڵ ئاواتە خوازی ساتێك ژیانە تیایا.

بەلأم ئەوەی جێگەی داخە ئـەم بەهەشـتە سروشـت كـردەی نەتـەوەی كـورد بێ‌دەستكاری و بێ ئارایشتە وئەوەندەی پێویست بێت بایەخی پێ نـەدراوە، ئەگەرئەم ولأتە نەخرایەتە پشت گوێ وپێ شێل نەكرایە ئەمان دی بەهەزاران گەشتیارو گەڕیدە لەهەموولایەكی ئەم جیهانەوە ڕوویان دەكردە ئـەم ولأتـەو هەمووگـەلانیش زۆرلەئێـستا باشـتر لەكێـشەی كـورد دەگەیـشتن و بەچـاوی خۆیان دەیان دی ئەم كوردستانە چ ولأتێكی جوانو بـەپیتو چ نەتەوەیـەكی دلێروئاشتی خوازو دیموكراتی پەروەر و دۆست بەگەلانی تیادەژی.

هەرچەندە ئەم ولأتەی ئێمە یـەك هاوینـە هـەواری فراوانـە، بـەلأم باگەشـتێك بكەین بەهەندێ لەو شوێنانەدا كەتاكو ئێستا گەشتیار توانیویەتی بیگاتێ.

ئەگـەر لەناوچـەی بادینانـەوە بكەوینـەڕێ، لەشـاری دهۆكـەوە كەمەڵبەنـدی پارێزگەی دهۆكەو حەفتاوسێ كیاۆمەتر لەشـاری موسـڵەوە دوورە، دەبینـین ئـەم شـارە هـەرخۆی هاوینـە هـەوارێكی خۆش‌وسـازكارو میـوەدارو خـاوەن

شوێنی دیدەنییە، ئەگەرلێرەوە ڕووبکەینە شاری (ئامێدی) تادەگەینە ئەوێ چەندان هاوینەهەوار دێتە ڕێگەمان، هەرلەشار دەرچووین پاش ماوەیەك دەگەینە (زاویتە) کە نەوەد کیلۆمەتر لەشاری موسڵەوە دوورەو پلەی گەرمای لە ٢٨ پلەی سەدی تێپەڕناکات هاوینە هەوارێکی فێنك وپڕ لەدارستانی سنەوبەرە، شوێنی حەوانەوەی میوانی تیایە.

پێرست

بابەت	لاپەڕە
بابەتەکانی بەشی ڕێزمان	٦
ئامرازی بانگکردن	٧
ئامرازی لێکدەر	١١
جێناوی لێکدەری (کە ، کو)	١٦
ڕستەی ئاوێتە	٢٠
دروست کردنی ناوی واتایی	٢٤
هاوەڵناوی ژمارەیی ١- هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی	٢٩
هاوەڵناوی ژمارەیی ٢- هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن	٣٧
هاوەڵناوی ژمارەیی ٣- هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی	٤٣
هاوەڵناوی نادیار	٤٩
جێناوی نادیار	٥٣
ئەرکی جێناوی نادیار لە ڕستەدا	٥٥
کاری داڕژاو	٥٨
کاری لێکدراو	٦٦
کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ	٧٤
گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ	٧٨
هاوەڵناوی چۆنیەتی	٨٣
کاری یاریدەدەر	٨٦
خاڵبەندی	٩٢

بابەتەكانی بەشی ئەدەب – بابەتەكانی بەشی نموونەی ئەدەب	١٠٥
قەلای دم دم	١٠٦
ڕێبازە ئەدەبیەکان	١١١
ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی لوڕی	١١٧
بابەتایەری هەمەدانی	١١٨
ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی گۆران	١٢٦
ژیان و بەرهەمی مەلا پەرێشان	١٢٧
ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی کرمانجی ژووروو	١٣٨
مەلای جزیری	١٣٩
ئەحمەدی خانی	١٤٨
ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی کرمانجی خواروو	١٥٥
نالی	١٦١
سەرەتای پەخشانی کوردی	١٧٦
مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیو پەیوەندی بە گەشەسەندنی پەخشانی کوردییەوە تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق	١٨١
بەرەوچەسپاندن لە ئەستەنبووڵ	١٨٣
ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی حوکمرانی شێخ مەحموود	١٨٤
نموونەی ئەدەب	١٩٣
مەلایێ باتەیی	١٩٤
حەسیب قەرەداغی	١٩٩
کوردی	٢٠٣
کانی	٢٠٧

مەلا تەهایێ مایی	٢١٠
کامەران موکری	٢١٥
مەلا مەحموودێ بایەزیدی	٢٢٢
پارچەك ژ چیرۆکا مەم و زینێ	٢٢٥
میر جەلادەت بەدرخان	٢٢٨
بابەتەکانی بەشی خوێندنەوە	٢٣١
لاوکێ دەروێشی عەڤدی	٢٣٢
بەنداڤا دوکان	٢٣٩
دارستان و پاراستنا وان	٢٤٣
نڤیسین	٢٤٥
هەزار مێرد	٢٤٨
ئیسماعیل بێشکچی	٢٥٢
نان و کەوەری خوێناوی	٢٥٥
هەڵوێستی جوامێرانە	٢٦٢
ئافرەتی کورد	٢٦٦
قەدەم خێر	٢٧١
گوڵ و گیا لە پزیشکیدا	٢٧٢
خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە	٢٧٤
گەشتێك بە هاوینەهەوارەکانی کوردستان	٢٧٦